# هەلاج

**عەلی میرفترووس**

عەلی میر فترووس نووسەر و لیکۆلەوەری ناسراوی ئێرانی،بۆ خوێنەرانی فارس زمان نێویکی ئاشنایە.هێندێک لە بەرهەمە کانی بۆ چەندین جار لە چاپ دراونەوە، بۆ وێنە کتێبی (هەلاج)دوای چاپی پازدە هەمی ،ئێستا نایابە. ئەو وەرگێرانەوەی ئێستا لە رووی چاپی چاردەهەمی ئەو کتێبەوە ئەنجام دراوە و لە وەرگێرانەوە دا هێندێک نێوی تایبەتی هەر بە شێوەی عەرەبی یا فارسی نووسراوەتەوە بەڵام خراونەتە نێو دوو کەوان.هەروەها هێندێک وشە کە کوردیەکەی نەبوە یا من نەم زانیوە ،هەروا بە شێوەی فارسی نووسراونەتەوە و بۆ تێگەیشتن لە مەعنای هێندێک شێعر و
ڕستەی عەرەبی کە لە کتێبەکەدابوە، بەرێزان دوکتور خەلیقی و دوکتور عێزەدین مستەفا رەسوول رێنوێنیان کردووم، بۆوەی خوێنەر ماندوو نەبێ هێندێک ڕستە و شیعری عەرەبی وژێرنووسی دووپات بووەم، لە وەرگێرانەوەکەدا نەهیناوە بەڵام ناوەرۆکەکەی بێ کەم و کووڕی هەر ئەوەیە کە لە کتێبەکەدا هەیە.
سپاسی برای خوشەویست کاک برایم فەرشی دەکەم کە بۆ ڕێک و پێک کردنی خەتەکان و کاری تکنیکی پێویست لە کامپیوتردا وەختی خوی تەرخان کرد ودەستی نیازی منی نە گێڕاوە.

**تایر عەلیار**

**سەرەتای چاپی چاردەهەم**

تازە پێم نابوە سەردەمی لاویەوە کە بیر کردنەوە لە هەلاج لە زەینم دا پشکووت. شەوێک کە بابم (حافز) ی دەخوێندەوە گوێم لەو شیعرە سەیرەی حافز بوو:

گفت آن یار کزو گشت سردار بلند     جرمش این بود که اسرار هویدا میکرد.

لەو کاتەوە چۆنیەتی ژیان و باوەڕەکانی هەلاج و دەلیلی کوژرانی دڵتەزێنانەی، ئەندێشە و هەستی منی داگرتبوو، لە خۆم دەپرسی، بە راستی ئەو پیاوە کێ یە لە شەو ڕۆژدا هەزار رەکعەتی نوێژ دەکرد[1] و پەڵاسێکی لە بنەوە لە بەردا بوو بیست ساڵ بوو دای نەکەندبوو، ڕۆژێک بە زۆر لە بەریان داکەند، ئەسپێیان تێدا دیتەوە، کێشایان نیودانگ (نیو گرەم) قورس بوو...
لە نزیک وی دووپشکیان دیتەوە، دەگەڕا، ویستیان بیکوژن. هەلاج کوتی دەستی لێ هەڵگرن دوازدە ساڵە هاونشینی ئێمەیە.
ئەو پیاوە کێ یە بە ڕۆژ لە شەقامەکانی بەغدا دا وەک شێتان دەگەڕاو شەوانە لە قەبرستانانداا لە سەر گڵکۆیان دەیناڵاندو خۆی دادەرنی و مەرگی خۆی لە خودا دەخواست؟ ئەو پیاوە کێ یە بایەخێکی بۆ ژیان دانەناوە و چارەنووسی خەڵک بە لایەوە گرنگ نەبوە، چونکە ژیان بەلایەوە گرینگ نەبوە، بۆیە مەرگی زیانی بۆ کەس نەبوە. (ئەو جۆرە مەرگە) مەرگێکی بێ بایەخە[2].
بەو حاڵەش:
ئەو پیاوە کێ یە کە لە لایەن شەریعەت پارێزەرانەوە تەکفیر کرا. بە جۆرێک بە دەستووری عولەمای ئیسلام، نووسراوەکانی کۆکرانەوە و سووتێندران.
ئەو پیاوە کێ یە؟ پارێزەرانی دیانەت و خەلافەت کەوتنە سەری، گرتیان و پاش محاکەمە کردن بێ بەزەییانە کوشتیان.
ئەو پیاوە کێ یە کە پاش کوژرانی سامناکی، پارێزەرانی شەریعەت و دەسەڵاتی سیاسی پشتیوانیان، تەنانەت لە خەڵووزەکەشی دەترسان و دەیانکوت "ئەو فیتنەیە لەوە زیاتر دەبێ کە لە زەمانی حەیاتی ئەودا بوو، بۆیە لەشی بێ گیانی یان سووتاند و خۆڵەمێشەکەیان بە ئاوی دجلەدا دا. بڵێی عەقیدە و بەرهەمەکانی ئەو چ زیانێکی بە ئیسلام دەگەیاند؟
ئەوانە ئەوپرسیارانە بوون لەوسەردەمەدا ئەمنی دەگەڵ مەسەلەی هەلاج دەست ویەخە کردبوو. دوایە لە سەردەمی خوێندکاریم لە زانکۆدا بە تایبەت لەو کاتەدا زیندانی کرابووم، فکر کردنەوە لە هەلاج و لێکۆڵینەوە لە ژیان و باوەڕەکانی ئەو، گرینگی یەکی تایبەتی پەیدا کرد. چونکە وادیار بوو ژیان و باوەرو چارەنووسی هەلاج، بە جۆرێک دەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانیاری ئەو کاتی کۆمەڵ هاودەنگی و پێوەندی هەبووە.
چۆنیەتی سەیر و سلووک دەگەڵ هەلاج و لێکۆڵینەوە لە ژیانی ئەو بۆ خۆی باسێکی دوورودرێژە لە مەیل و ئەوین و خۆش ویستن کە هێنانەگۆڕی هەموویان لەو کوورتەیەدا دەس نادا. ئەوەندە ئیشارە دەکەم کە پاش سالها خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بەو ئاکامە گەیشتم کاری لێکۆڵینەوە لە سەر هەلاج وەلانێم. چونکە هەموو نووسراوە و سەرچاوەکان بەو جۆرە لە هەلاج دوابوون کە نموونەکانیم لە سەرەوەدا هێناون. (موسوڵمانێکی شەو و ڕۆژ هەزار رەکعەتی نوێژ دەکرد.

سۆفی چلەنشین، جادووگەر، دێوانە، و...) خۆ دیارە ئەو جۆرە گێرانەوە و ریوایەتانە ئاوا هاسان زەینی گەنج و بە پرسیاری منی قانع نەدەکرد. لە کەش و هەوایەکی ئومید بڕی ئاوادا مابوومەوە کە لە یەکێک لە رۆژەکانی هاوینی ساڵی 1355لە کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای میللی لە کتێبی (تجارب الامم) نووسراوی (علی مسکویە) و (الفهرستمە ابن ندیم)دا ریوایەتێکم دیت کە روانگەیەکی تازەی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بۆ کردمەوە و بۆ درێژەدان بە کاری وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی رووداوەکان هانی دام. چونکە ریوایەتی ئەو دوو کتێبە هەمووی ئەو لێکدانەوە سۆفیانە و مەجنوونانە یەی سەرەوەی سەبارەت بە کەسایەتی هەلاج بە تەواوی دەهێنا ژێر پرسیارەوە.

خۆ گێل کردنی نووسەران و توێژە وەرانی ئێرانی و بە تایبەتی سانسوری دەوڵەتیی حاکم بەسەر کتێبی مێژوویی ـ تەحقیقاتی دا رێگای لە هێنانە گۆڕی زۆر بابەتی مێژوویی بەربەست دەکرد. ئەو بابەتانە بە تایبەت ئەگەر بۆچوونی رەخنەگرانە سەبارەت بە ریوایەتە رەسمیەکانی مێژووی ئێران و ئیسلام بایە هەر هێنانەگۆڕی، کێشەی گەورەی بۆ ساز دەکردی. چارەنووسی خوێناوی( احمد کسروی) نموونەیەکی سەرنج راکێش لەو چەشنەیە. لە هەل و مەرجی نەبوونی ئازادی ئەندێشە و بەیان و بڵاو کردنەوەدا، ئاشکرایە بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبەی ئێستاش نەیدەتوانی دوور لە تەوقیف و سانسۆرو بێ بەش لە ناڕێک و پێکی و کەم و کووڕی بێ.

کەم بوونی توانای مەعنەوی نووسەر لە کەڵک وە رگرتن لە نووسراوە و سەرچاوەی سەرەکی تر و ئاشنا نەبوون بە بەرهەمی لێکۆلە وەرانی ئورووپایی سەبارەت بە هەلاج و بە تایبەت بەرهەمی بایەخداری ئوستاد (ماسینیون) و هەروەها جۆرێک ئۆگری سیاسی و لێکدانەوەی ئێدولۆژیک لە روونکردنەوەی هێندێک بابەتی مێژوویی، بێ شک بە دەوڵەمەندی و سەقام گرتوویی لێکۆڵەوەرانە و شێوەی عیلمی ئەو کتێبە سەدەمەی گەیاندوە. لە بەر ئەو هۆیە بوو کە من پێشتر، لە هەوەڵین جاری لە چاپ دانی هەلاج دا، بۆ خۆم بە سەرەتایەک بۆ تێروانین لە ژیان و باوەڕەکانی هەلاجم لە قەڵەم دەدا چونکە بە قەوڵی حافز پێم وابوو

شرم مان باد هم از خرقەآلودە خویش گر بدین فضل و هنر نام کرامات بریم .

* * *

لە چاپ دانەوەی چەندین جاری ئەم کتێبە و رووتێکردنی بەربڵاوی خوێنەرانی بەڕێز، پێش هەموو شتێک پێویستی دووبارە خوێندنەوەی متوون و سەرچاوەی مێژوویی و دووبارە نووسینی مێژووی کۆمەلایەتی ئێران، بەتایبەت دیتنەوەی جووڵانەوەی رەسەن و سیما پێشکەوتووەکانی مێژووی ئێران دەخاتە بەرچاو.

ئێستا کە بیست ساڵ لە هەوەڵین لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی هەلاج رادەبرێ، سەد و دوو بەڵگە و سە رچاوەی زیاتر بۆ ناسینی ئەو سیما بەناو بانگەی مێژووی ئێران ئامادە کراوە. بارودۆخی سەختی ژیانی دوور لە وڵات، بەداخەوە رێک و پێک کردن و بڵاو کردنەوەی کامیل تری کتێبەکە لە نووسەر دەستێنێتەوە. لەو رۆژگارە ناپایەدار و سەختەدا کە عومری کورتی ئێمە وەکوو جۆبارێک بە دەریای نەمان پێوەست دەبێ، ئەگەر فرسەتێک بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەو کتێبە دەست بدا مەتڵەب و سەنەدی دەسکەوتوو سەبارەت بە هەلاج رۆر لەوە زیاتر دەبێ.

مێژوو باسی شەڕ و رابواردن و شکست و بێ مرادی سوڵتان و سەردارەکان نیە. مێژوو وەکوو عیلمێک ماناکەی هەڵسەنگاندن و دیتنەوە و باسکردنی پێوەندیەکان و هۆی رووداوەکان و جم و جۆڵی کۆمەڵایەتیە. لە بەر ئەوەیە کە تێگەیشتن لە مێژوو، تێگەیشتن لە بەرجەوەندیەکانی داهاتووشە. چونکە داهاتوو ئاکامی بێ پسانەوەی رابردوو و ئێستایە.
ئەگەر بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبە چکۆلەیە توانیبێتی لە وە لانانی پەردەی تاریکی و پاک کردنەوەی وەهم و خورافات لە رووی یەکێک لە فەرزانەکانی بە ناوبانگی مێژوو و زانستی ئێران یاریدەیەکی کردبێ، ئەوە نووسەر بە پاداش و دەسکەوتی خۆی گەیشتوە و چاوەڕوانی زانینی نەزەری دۆستانی بایەخدار و خوێنەرانی بەڕێزە و بە قەوڵی حافز
همتم بدرقە راە کن ای طایر قدس کە دراز است رە مقصد و من نوسفرم .

چاپی تازەی ئەو کتێبە پێشکەش بەهە مووئەو زانایانە دە کرێ کە لە شەوگاری خامۆشی و فەرامۆشیدا بە سەبرو پشوو و قەناعەت، لە ناسین و ناساندنی مێژووی فەرهەنگی ئێراندا هیمەتی گەورەیان نیشان داوە. بۆیە ئەو بەرهەمە بچووکە بە( حسین پیرنیا ، مشیرالدولە)،( علامە علی اکبر دهخدا)، ئوستاد( سعید نفیسی)، ئوستاد( ابراهیم پووررداود)، ئوستاد( عباس اقبال آشتیانی) ئوستاد( محمد معین)، ئوستاد(زبیح اللە صفا)، ئوستاد (عبدالحسین زرین کوب)، ئوستاد( احسان یارشاطر)، و ... پێشکەش دەکرێ.
لە کۆتاییدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم لەو خۆشەویستە بە قەدرانە دوکتور( شرف الدین خراسانی) دوکتور (حبیب اللە رفعت) و هەروەها دۆستی زۆر بەڕێزم( شهرام امامی) کە مەتنی هەوەڵینی کتێبەکە یان پێش بڵاو کردنەوە خوێندوتەوەو خاڵی بە قەدر و قیمەتیان پێشنیار کردوە، سپاس بکەم.

(علی میر فطروس) نوامبری 1997 پاریس

**پێش وتار**

کاتێک رۆژئاوا بە ئەندازەی پێویست دنیای مەسیحییەتی دۆشی، بۆ درێژەدان بە خەیاڵی ئیستعماری خۆی، سەرنجی فەرهەنگ و مەزهەبەکانی ڕۆژهەڵاتی دا.

داوەشانی ئیمپراتوریی عوسمانی لەشکر کێشی و هێرشی ناپلێۆن بۆ میسر، راپەڕینی دژ بە ئیستعماری خەڵکی سودان، ڕاپەڕینی خەڵکی هیندوستان و ... و زۆر رووداوی دیکە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا روویاندا و هەروەها ئاڵوگۆڕی سەرمایەداری لە نێوخۆیدا و بوونی بە ئیمپریالیسم و لە ئاکامیدا پێویستی دابەشکردنی ئابووری ـ ناوچەیی ـ دنیا لە بەینی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیدا، پارسەنگی سیاسی و هاوسەنگی قودرەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا گۆڕی و بووە هۆی ئەوە ڕۆژهەڵات ناسی لە شێوەی کلاسیکی خۆی بێتە دەرو و لە خزمەت سیاسەت کاران و دەوڵەتانی رۆژئاوادا فایدەی عەمەلی و تیئوریکی هەبێ.

هێنری برانشویک (پسپۆڕی هەڵبژاردەی فەرانسەوی لە مێژووی ئیستعماریدا) دەڵێ: کاری گەورەی سەربەخۆیی خوازی لە وڵاتانی ئیستعمار لێدراودا بە بڵاو بوونەوەی بەرهەمی بێ ئەژمار لە باری مێژووی راستەقینەی ئەو وڵاتانەدا پشتگیری کراوە. میللەتە تازە پێ گەیشتووەکان پێ یان خۆشە مێژووی خۆیان هەبێ جیا لەو شتەی داگیرکەرەکان بۆیان ئامادە کرد بوون.

فیلیپ میسون (کار پێ ئەسپێردراوی پایەبەرزی پێشوو لە هیندوستان) بە سەرنجدان بەو راستیە دەنووسێ:
کەوابوو، روونە سەرکەوتن بە سەرزە ینی ئەو خەڵکەی کە لە موستەعمەراتی پێشوودا دەژین تا چ رادەیەک بۆ هێزەکانی ڕۆژئاوا گرینگە.
بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بۆ وێنە "مەدرەسەی زمانەکانی رۆژهەڵات" لە زانستگای لەندەن یانی یەکێک لە موعتەبەرترین ناوەندەکانی رۆژهەڵاتناسی رۆژئاوا، بە بیانووی خوێندنی مێژووی نەتەوەکانی ئاسیایی، خەریکی تەعلیمدانی کاربەدەستانی ئیداری و ئیستعماری و راهێنانی پسپۆرانی فەرهەنگی بۆ ڕەخنە کردن لە وڵاتانی رۆژهەڵات دا بوو.

بەو شێوەیە "ڕۆژهەڵاتناسی" لە داوێنی ئیستعماردا گەشەی کرد و پەروەردە بوو و وەکوو ئامرازێکی سیاسی، لێکۆڵەوەرانە بۆ لاڕێ کردنی مێژووی نەتەوە دواکەوتوو ڕاگێراوەکان بە کار هێندرا و ئاوا بوو کە ڕۆژئاواییەکان موستەشرقیان بۆ ئێمە سادر کرد و مێژوویان بۆ نووسین. لە ئاکامدا ئینسانی رۆژهەڵاتی لە باری ئاگایی و ئێدئۆلۆژیەوە چەک کرا. و مێژوو و فەرهەنگی خۆی لە ئاوێنەی فکر و لێکۆڵینەوەی موستەشرقینی ڕۆژئاوادا ناسی!

بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست فەرهەنگی میللەتی عەرەب و باقی وڵاتانی داگیرکراوی موسوڵمان و یەک لەوان ئێران، لە ژێر کارکردی فێرکردنی متافیزیکی و مەزهەبی دا بوو، ئەحکامی مەزهەبی بوونە جێ نشینی فەلسەفە و کوتنەوەی عولوومی تەبیعی و ریازی وەلاندرا و مێژوو و ئەدەبیات تا رادەی باسکردن و پێ هەڵکوتنی ژیانی پێشەوایانی مەزهەبی و تاریف کردنی حاکم و خەلیفەکانی سەردەم تەنەزولی کرد. لە هەل و مەرجێکی ئاوادا کە ئەندێشە مەجالی خۆ نیشاندان و پشکووتنی نەبوو، ئیدولۆژی و باوەڕی زاڵ بە سەر کۆمەڵدا، ئیدئۆلۆژی چەوسێنەران و زاڵمانی زەمانە بوو، لەوەها دە ورەیەکدا حکوومەتەکانی فێئوداڵ رووناک بیر، مێژوونووس و نووسەری ئایبەت بە خۆیان پەروەردە دە کرد و بە هۆی ئەو کەسانەوە شەرعییەتیان بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان دەدا، بۆیە لە مێژوو و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمانەداهەلاج و بابک و باقی ئازادیخواز و خاوەن بیرەکان، بە حەرام زادە و ڕێگر و بێ دین و شێت نێودێر دەکران. و( سلطان محمود) و( المقتدربالله)، وەکوو( امیرالمؤمنین) و( ظل الله) و سولتانی سەربەدین دەناسێندرێن.

بەو جۆرە ئەو سەرچاوانەی بۆ ئاگادار بوون لە شێوازەکانی فکر و ئەندێشەی پێشکەوتوو و دووبارە ناسینەوەی سیمای رەسەن و بیرمەند و شۆڕشگێری ئێران بە دەستەوەن، لە لایەکەوە بە دەمارگرژی مەزهەبی و سیاسەتی موسوڵمان دروست کردنی خەلیفەکانی ئیسلام و درۆ و دەلەسەی کومپانیەکانی حەدیس و ریوایەت ئاخندراون و لە لایەکی دیکەوە پڕ کراون لە سیاسەتی رۆژهەڵات ناس و تێ روانینی غەیرە عیلمی رۆژهەڵاتناسانی رۆژئاوا. بۆیە لێکۆڵینەوە لە ژیان و عەقیدەی شۆڕشگێری هەڵکەوتوو و خاوەن بیری وەکوو هەلاج و دووبارە ناسینەوەی کەسایەتی مێژوویی ئەو جۆرە کەسانە، ئەو پێویستیە دەسەلمێنێ، کە هەموو سەرچاوەی مێژوویی کە بە جۆرێک نیشان دەری روانین و بیری راستەقینەی ئەو گەورە پیاوانەن بە پشت بەستن بە فەلسەفەی عیلمی و مێژوویی دووبارە هەڵسەنگێندرێنەوە و تاووتوێ بکرێن.

سەبارەت بە سەرچاوەی رسکانی تەسەوف، موستەشرقین بۆ چوون و ڕای جۆراوجۆریان هەیە. کەسانی وەکوو (مرکس ـ مک دونالد ـ آسین پالاسیو ـ نیکل سون)، رسکانی تەسەوفیان لە ناخی فەلسەفەی (نوافلاطونی) و زوهدوعورفانی مەسیحیەت دەرهێناوە،( فۆن کرێمر و دوزی ) بۆ دیتنەوەی ڕیشەی تەسەوفی ئێرانی بە فەلسەفەی (ودان تای) هیندیەکاندا گەڕاون و( ئێدواردبراون ) تە سە وف بە دژکردەوەیەکی ئاریایی بەرامبەر بە دینی وشک و رەقی سامیەکان دەزانێ.

(لویی ماسینیون و سیدنی ئێسپنسر)، تەسەوف بە رسکاوێک دەزانن کە لە زەمینەی ئیسلامدا پێک هاتوە و درێژەی رەوتی تەکامولیی ویستی زاهێدانەی هەوەڵین سەدەکانی دەسەڵاتی ئیسلامە. پێتروشفسکی دەگەڵ پشت گرتنی ئەو عەقیدەیە دەڵێ،سوفیگەری لە سەر زەمینەی ئیسلام و بە هۆی رەوتی تەکامولی سروشتی دینی ئیسلام و لە هەل و مەرجی کۆمەڵی فێئودالّی دا پەیدا بوە و باوەڕەکانی عورفانی غەیرە ئیسلامی هۆی پەیدا بوونی تەسەوف نین ئە ما دواتر هێندێک کارکردیان لە حەرەکەتی دوایی تەسەوف دا هەبوە.

سەعید نەفیسی تەسەوفی ئێرانی لە عورفانی عێراق، نێوان دوو رۆبار و ڕۆژئاوا جیا کردوەتەوە و تەسەوف بە حیکمەتێکی بە تەواوی ئاریایی دەزانێ و لە هەر چەشنە پێوەندیکی دەگەڵ فکری سامی حاشا دەکا. ناوبراو هەروە ها کارکردی فەلسەفەی (نوافلاطونی) و باوەڕی ئەسکەندەرانی، هرمسی ،ئیسرائیلی، عێبرانی و شتی لەو چەشنە لە سەر تەسەوفی ئێرانی بەرپەرچ دەداتەوە، ئەما کارکردی فەلسەفەی مانەوی لە سەر تەسەوفی ئێران وویکچوونی ئەو دوو شێوازە فکریە دەسەلمێنێ. هەروەها دەڵێ، فەلسەفەکانی یونانی، یەهوودی و مەسیحی، ناراستەوخۆ و لە ریگای دینی مانیەوە کاریان لە فەلسەفەی ئێران کردوە. ناوبراو هەروە ها کارکردی فەلسەفەی بودایی لە سەر تەسەوفی ئێران و پێوەندی موتەقابیلی ئەو دوانەی لەسەر یەک قوبووڵ کردوە و ڕێبازی تەسەوفی ئێرانی بە ڕێبازی ئێران و هیند نێودێر کردوە.

ئێمە بە قەبووڵ کردنی بەشێک لە روانگەی پێتروشفسکی پێمان وایە، سەرجەمی ئەو روانگانە بە هەموو شتی دژ بەیەک و کێشەی ناوخۆیانەوە لە یەک شت داهاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی موستەشرقین و لێکوڵەوەرەکان رسکانی تەسەوفیان بە بێ لە بەرچاو گرتنی ریشە و زەمینەی ئابووری، کومەڵایەتی سەرهەڵدانیان لێکداوەتەوە لە کاتێکدا دەزانین بەر بڵاوی و دەوامی هەر دیاردەیەکی فیکری لە کۆمەڵدا، لەگەڵ هەلو مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەمان کۆمەڵ پێوەندی راستەوخۆی هەیە و ناسینی راستەقینەی دیاردەکانی فیکری و فەرهەنگی هەر گەلێک، تەنیا لە ژێر تیشکی ناسینەوە و هەڵسەنگاندنی عیلمی هەل و مەرجی مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ئەو گەلەدا سەردەگرێ.

ئێرانیانی قەدیم خاوەنی جیهان بینی و مەشرەبی فەلسەفی تایبەت بە خۆیان بوون کە ئێمە بە نێوی فەلسەفەی (ئیشراق) دیناسین. خاوەن بیرو فیلسوفەکانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە بنەماکان و ئەسڵەکانی ئەو فەلسەفەیە لە هەوڵی روونکردنەوە و ئاشکرا کردنی مەسەلەکان و دیاردەکانی دنیا و هەموو شتی دنیایی دا بوون. عەقیدە و فکری فەلسەفەی ئیشراقی ئێران لە سەر شێوەی فکری بێگانە و سیستمەکانی دیکەی فەلسەفەش بێ کارکرد نەبووە.

فەلسەفەی (نوافلاطونی) کە لە تەسەوف و عورفانی رۆژهەڵاتدا کارکردی زۆری هەبووە، بە جۆرێک لە فەلسەفەی ئیشراقی ئێرانی کەڵکی وەرگرتوە، چونکە( فلو طین) پێشەوا و بیاتنەری فەلسەفەی( نوافلاطونی) لە سەفەرێکدا کە لە زەمانی شاپووری هەوەڵی ساسانیدا بۆ ئێرانی کرد دەگەڵ فەلسەفەی ئیشراقی ئێرانی ئاشنا یی کاملی پەیدا کرد. دوای ئەویش شاگرد و پەیرەوەکانی هاتوونە ئێران و خەریکی خوێندن و تاووتوێ کردنی فەلسەفە و عورفانی ئێرانی بوون، پاشان بۆ شوێنی خۆیان واتە( اسکندریە) ـ گەڕاونەتەوە. دیاردەکانی فەلسەفەی ـ مانی ـ و( نوافلاطونی) وەکوو دیاردەی فە نا ـ زوهد ـ سەیروسلووک ـ زیارەت و هەروەها رێوڕەسمەکانی ئەخلاقی ئەو دوو فەلسەفەیە وێکچوونێکی یەکجار زۆریان پێکەوە هەیە.

فەلسەفەی مانی کە لە ساڵی 240ی میلادی دا سەری هەڵدا لە ڕاستیدا فەلسەفەیەکی تێکەڵ لە ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و تەعلیماتی بودا و فکری ئیشراقی ئێرانیە.
مانی، رۆشنایی روحی لە تاریکی مادە بە جیا دەزانی و پێی وابوو شتێکی جیاواز و سەربەخۆیە ئەو لایەنەکانی مادی و سروشتی ژیانی بە ئەهریمەنی و لایەکانی رووحانی ژیانی بە ئەهورایی دەزانی و پێی وابوو روح لە تاریکە سەڵاتی مادە دا حەبس کراوە و دایم هەوڵ دەدا لەو زیندانە رزگاری بێ و خۆی بە سەر زەمینی هەمیشەیی ـ نوور ـ فەنا و نیروانا بگەیەنێ.

مانی بەو چەشنە لێکدانەوەیە لە بارەی رۆح و مادە دا، لە بارەی ئینساندا عەقیدەی وابوو، هەرچەندی جسم زەعیف بێ، رۆح بە هێزتر دەبێ، کەوابوو بە باوەڕی ئەو مەبەست لە ژیانی بەشەر ئەوەیە، کە لە ڕێگای رزگاری نووردا تێبکۆشێ

و له تاریکەسەڵاتی ئەهریمەن مادە رزگاری بکا و فریوی لەزەتی دوور لە حەقیقەت کە دەسکردی ئەهریمەنن نەخوا. لەسەر ئەو ئەساسە، مانی بۆ پاک کردنەوەی ئەخلاق دەستووراتێکی دەدا و پێی دادەگرت کە هەرچی لە دنیادا بۆ نەفسی حەیوانی عەزیزە و لەزیزە، لە راستیدا بێ کەڵک و ناحەزە. وەکوو زەماوەند ـ تەوالود، تەناسول ـ دارایی و باقی نیعمەتەکانی دیکە و پێویستیەکانی سروشتی. ئەو نیازانە و خاوەن بوونی ئەو نیعمەت و لەزەتە سروشتیانە، بە عەقیدەی مانی داوێکە کە نەفسی ئەهریمەنی دەیەوێ نوور یان لە نێودا حەبس و زەنجیر بکا و پێشی ئازادی و رزگاریەکەی بگرێ. بەو جۆرە بە عەقیدەی مانی دووری لە لەزەتەکانی سروشتی و پیشە کردنی ریازەت و کوشتنی نەفس، تەنیایی و بێ ئازاری و تەوەکول، بۆ هەڵکەتوەکانی کۆمەڵ لازم و پێویستە . دوای کوشتنی مانی و هەڵبڕین و ئازاری پەیرەوەکانی، هەروەها کوشتاری مەزدەکیەکان لە زەمانی ئەنەوشیرواندا، ژمارەیەکی زۆر لە مانەویەکان و مەزدەکیەکان، بەرەو چین و تورکستان و نێوان دوو روبار و میسر ئەلجەزایر و عەرەبستان هەڵاتن. لە ئاکامی ئەو مهاجەرەتە دا، بیروباوەڕی مانی کە تێکەڵێک لە فەلسەفەی ئێشراقی ئێرانی و ئایینی زەردەشتی و بودایی و مەسیحی بوو لەو شوێنانەدا بڵاو بووە و کاری لە سەر ئەندێشە و عەقیدەی خەڵکی ئەو سەرزەمینانە کرد و بە قەوڵێک جەزیرەتەلعەرەب پەناگای ئێرانیان بوو و ئێرانیەکان لە چارەنووسی جەزیرەتەلعەرەبدا خەریکی دەس تێوەردان بوون.

تەسەوف هەچەند لە زەمینەیەکی عەرەبیدا لە دایک بوو، بەڵام بە دەلیلی مەیلی عەرە بە کان بەژیانی عەمەلی، لەوێ گەشەی نەکرد، بەڵکوو لەداوێنی ئەندێشە و فکری ئێرانیدا پەروەردە بوو و لەو ڕێگایەوە دەگەڵ ئەندێشەکانی مانی و فەلسەفەکانی یونانی، هیندی تەکامولی پەیدا کرد.
سەرکەوتن و باڵادەستی فەرهەنگی غەیرە ئیسلامی وەکوو هەڵپەڕکێ، سەما ـ موسیقا و عقیدەی بە (وحدت وجود) کە هێندێک لە فیلسوفەکان بە ئەنکار کردنی بە عەدەبانەی خودای دەزانن حوزوور و حاکم بوونی لایەنی ئێرانی و دژی ئیسلامی تەسەوف بە جوانی نیشاندەدا.

تەسەوفی ئیسلامی لە سەرەتادا خاوەن جهان بینی و بنەمای فکری نووسراو نەبوو و ئەوە تەنیا بە دەست  پێ کردنی خەلافەتی عە باسیەکان و شۆڕشی فەرهەنگی ئێرانیەکان بوو کە بنەماکانی تیئوریکی تەسەوف بە کەڵک وەرگرتن لە عورفانی ئێرانی، یونانی و هیندی، نووسرا و لەوێدا عورفان و تەسەوف بوو بە دامەزراوێکی فەرهەنگی، مەزهەبی و وەکوو رەقیبێکی راستەقینە وەباڵی گەردنی فەلسەفەی ئێرانی ـ ئیسلامی بوو.

تەسەوف لە رەوتی تەکامولی خۆیدا چەندین قۆناغی پێواوە و ئێمە لە باری مێژووی کۆمەڵایەتیەوە بە سێ دەورەی دابەش دەکەین.

1. تەسەوفی تەوەکول ـ کە بە حکوومەت و ئەشرافیە تی ئەمەوی دەس پێدەکا. سۆفیەکانی ئەو دەورەیە تاڵان و بروی کۆمەڵانی خەڵکیان دە دیت، ئەما بە عەقیدە و ئیمان بە ئایەتەکانی قورعان، چوونکە هەل و مەرجی زاڵمانەی نێو کۆمەڵ و دووبەرەکیەکان و جیاوازیەکانیان بە موقەدەری خودایی دەزانی، لە باتی وە دەنگ هاتن لە ناعەداڵەتیەکان، ڕێوڕەسمی فەقرپەرستی، زەهد و پارێزیان هێناگۆڕێ و لە بەر ئەوەی زەمینەی سەرکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیان لە خۆیاندا نەدەدیت ،سەریان لە بەرۆکی خۆیان نا و خەریکی بردنەسەری پلە و پایەی روح بوون و بۆنەجاتی خەڵک تەوکولیان بە خودا کرد.

2. تەسەوفی توغیان ـ کە بە دەس پێکردنی خەڵافەتی عەباسیەکان بە تایبەت مەئموون روخسار نیشاندەدا و وردە وردە قایم دەبێ، بەسەرچوونی ئیستبدادی رەشی ئەمەوی، ڕاپەڕینی فەرهەنگیی ئێرانیەکان بە وەرگێڕان و بڵاو کردنەوەی بەرهەمی فیلسوفەکانی یونانی و هیندی و هەروەها ڕاپەڕینی عە قلیی  موعتە زیلە کە بنەماکانی جەزمی ئیسلامی لەرزاندو بوە هۆی شک کردن و ئیراد گرتن لە بەشێکی زۆر لە ئوسوول و عەقیدەی دینی و هەموو ئەوانە بوونە هۆی رسکانی قۆناغێکی نوێ لە تەسەوف دا.
پێناسەی روونی تەسەوفی ئەو دەورەیە، زاڵبوونی عارفەکان بە سەر داسەپاوەکانی فێقهی دا و مل بادان لە قەواعیدی مەزهەبی و شک کردن لە ئوسووڵ و عەقیدەی عالمەکانی دین و گەڕانەوەی نەزەری سۆفیەکان لە خوداڕا بەرەو ئینسان و پەیدا بوونی (بایزید بسطامی) و (حسین بن منصور حلاج) و توغیان لە دژی خودا سالاری.

3. تەسەوفی تەقیە ـ کە بە هێرشی مەغوول بۆ سەر ئێران و باقی وڵاتانی ئیسلامی دەس پێدەکا، لەو زەمانەدا تەسەوف بە تەجرەبە بۆی دەرکەوت کە ـ زمانی سوور سەری سەوز بە بادا دەدا. پێناسەی روونی تەسەوفی ئەو دەورەیە، پارێز کردنی سۆفیەکان لە دەستەویەخە بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕاگرتنی زاهیری دین و پەیرەوی کردن لە مەزهەبی (حقه) و زمان گرێ دانی گەورە پیاوانی تەسەوف وکوو (سعدی) (غزالی) و (شمس تبریزی) ـ دوورەپەرێزی لە خەڵک و بە ژێر لێودا کردنی حەقیقەت و لە ئاگامدا رسکانی کۆمەڵێکی کۆیلە و کۆیلەپەروەر.

له ناساندنی ئینسان خودایی حوسێن کوری مەنسووری هەلاج و سیمای زانا و شۆڕشگێری ئەودا وەکوو زۆربەی کەسایەتیە رەسەنەکانی مێژوو، پیلانی بێدەنگی بە کار هێنراوە، یا بە هۆی کومپانیەکانی حەدیس و ریوایەت و خاوە ن پلەکانی شەریعەتەوە و موستەشریقینی رۆژئاوا باوەڕەکانی راستەقینەی ئەو، جەعل، مەسخ و تەحریف کراوە چونکە:
مێژوونووسانی ئیسلامی یان لە روونکردنەوەی ریشەی فیکری (اناالحق)ی هەلاج خۆیان پاراستووە یان بە هۆی دەمارگرژی مەزهەبی هەموو فکر و ئەندێشەکانی پێشکەوتووی هەلاجیان دەست بەسەردا گرتووە و هاو هەنگاو دەگەڵ سیاسەتی موسەڵمان دروست کردنی خەڵیفەکان، کەسایەتی شۆڕشگێر و خاوەن فکری هەلاجیان تا ڕادەی سۆفیەکی سەرمەست یا عالمی رە بانی و زاهێد و عارفی چلە نشین هێناوەتە خوارێ.

هەروەها ئێران ناسان و لێکۆڵەوەران و موستەشرقینی رۆژئاواش بەهۆی نەزەرەگای ئیدئالیستی و سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتناسی خۆیانەوە، یان نەیان ویستووە لەراستیەکانی ژیان و عەقیدەکانی هەلاج بگەن یان بە هۆی لە ئاڕادانەبوونی بیری عیلمی لە تێڕوانین لە رووداو و کەسایە تیەکانی مێژوویی دا لە ئەنجامی ئەرکی خۆیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەو حاڵەش هەم بەرهەمی مێژوونووسان و تێژە وەرانی ئیسلامی و هەم لێکۆلینەوەی موستەشرقینی رۆژئاوایی، لە لێکۆلینەوەی ژیان و عەقیدەکانی هەلاج دا خاوەن یەک لایەنی هاوبەش، گرینگ و روونن، ئەویش وردبوونەوەی ئەوان لە هەل و مەرجی مێژوویی و پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی پیاوێکە کە لەسەردەمی خۆف و خودا و خەلیفە و خوێن دا و لەو پەڕی ئیستبداد و دەمارگرژی کوێری مەزهەبیدا. دەنگی هەڵێنا،( اناالحق). من خودام.
هەمووی ئەو ڕادەربرین و توێژینەوانە لەو فەرقە ئاشکرایەی کە بە ینی فکر و بەرهەمەکانی دەورەی تەسەوفی هەلاج دەگەڵ بەرهەمەکانی دەورەی کەمال و ئیلحا دی هەلاج دا هەیە غافلن. نزیک بە 600 جلد کتێب و نووسراوە لە بارەی هەلاج دا بە زمانە ئوروپاییەکان نووسراوە. لە بەینی ئەوانەدا کتێبی لویی ماسینیون بە نێوی ، موسیبەت و نارەحەتیەکانی هەلاج، شەهیدی عارفی ئیسلام، لە 4 جلددا کە بریتی لە 2000 لاپەڕەیە یەک جار زۆر بەرچاوە. کورتەیەکی ئەو کتێبە بە نێوی ،کەوانەی ژیانی مە نسووری هەلاج، بە زمانی فارسی بڵاو بۆتەوە.

کتێبی ماسینیون وەکوو سەرچاوەیەکی بەنرخ کە برێک لە لایەنەکانی تاریکی ژیانی هەلاج روون دەکاتەوە یەکجار پڕبایەخە، ئەما ماسینیون لە بەر جیهان بینی عورفانی خۆی نەیتوانیوە لە ناسینی کەسایەتی هەلاجدا سەرکەوتوو بێ، ئەو سەرنە کە وتنە، هەڵبەت لە شێوەی لێکۆڵینەوەی ئوستاد ماسینیون دا سەرچاوە دەگرێ کە لە سەر شێوەی کەسایەتی ناسینی گاڵتون و پوایە دامەزراوە.
کەسایەتی ناسی گالتون، لەسەر یەک لەسەر هۆیەکانی ئیرسی و ژنێتیکی دارێژراوە. لە بۆچوونەکانی گالتون و پوایەدا بایەخێکی زۆر بە ئینسان و تایبەتمەندیەکانی زاهیری ئەو دراوە و قەدرێکی ئەوتۆ بۆ هەل و مەرج و توانایی کۆمەڵایەتی لە شکڵ دان و بەرەوپێش چوون و گەشە کردنی کەسایەتی ئینسانەکان دانەندراوە.

بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی کەسایەتی ناسی گالتون و پوایە، ماسینیون نەیتوانی لە ناسینی راستەقینەی کەسایەتی و بیروڕای هەلاج دا سەرکەوتوو بێ. هەروەها لێکۆلینەوەکانی ماسینیون پڕ لە دیاردەی دژ بەیەک و هەڵەی مێژوویی یە و لە زۆر بابەتدا لە مەنتیقی لێکۆڵینەوە دوور دەکەوێتەوە.

ماسینیون لە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی هەلاج دەنووسێ: "بابی هەلاج لە سەردەمی منداڵیدا ئەوی بۆ شاری واسیت بردوە و لەوێ لە بەر تەعلیم وراهێنانی ناوە."  کەچی دوو لاپەڕە دواتر ئەو قسەیەی سەرێ دەگۆڕێ و دەنووسێ:  " لە بەیزاجێگای لە دایک بوونی هەلاج، مەوالی حارسیە دەگەڵ بەنی مەهلەب هاودەنگی و هاوکاریان هەبوو لە ئاکامدا ژیان بۆ هەلاج دژوار بوو ومەنسووری هەلاج بەیزای بەجێ هێشت و واستی بۆ جێگای ژیانی خۆی هەڵبژارد و لەوێ پێ گەیشت."

ئەو جۆرە ی لە کتێبەکانی مێژوو دەردەکەوێ هەلاج دەگەڵ (قەرمەتیەکان) پێوەندی هەبوە و بە نهێنی نامەی لەگەڵ گۆڕیونەوە. لە راستیدا ئەو یەکێک لە مێشکەکان و خاوەن بیرەکانی ئەو جم و جۆڵە، پێشکەوتوو ودژی ئیسلامیە بوو، سیاسەتی مەزهەبی قەرمەتیەکان تێکۆشان لە دژی دینی فێئوداڵیی حاکم بە سەر کۆمەڵگادا بوو و بە گوێرەی ئەو سیاسەتە چەندین کەرەت هێرشیان بردەسەر (کعبە) و وێرانیان کرد. بێ شک هەلاج وەک یەکێک لە خاوەن بیران و بانگەواز کەرانی قەرمەتی دروشمی (اهدم الكعبە)ی بە پەیرەوەکانی خۆیدەدا، ئەما ماسینیون چونکە ناتوانێ هۆیەکان و پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و عەقیدەتی ئەو فەرمانە بناسێ، بە جۆرێک لەو باوەرەی هەلاج ئاکام وەردەگرێ کە مەنزووری  مەنسووری هەلاج لە (اهدم الكعبە) پێشوازی کردن لە شەهید بوون بوە یانێ (کعبە)ی بۆتەکانی لەش وێران بکەن. لێکۆڵینەوەی مێژوویی کاتێک عیلمیە کە دوور لە گۆمانی خەیالاوی بێ. لێکۆڵینەوەکانی ماسینیون لە بارەی هەلاج دا پڕ لە گۆمان و لە زۆر جێگا لە باتی ئەوە نەزەری روون لە بارەی کەسایەتی و بیروڕاکانی هەلاج دەرببڕێ، دەستەو داوێنی، بەڵکوو ـ پێم وابێ ـ گۆیا و شتی لەو چەشنەی دەبێ، مەسەلەن:
الف ـ گۆیا هەلاج خۆی بە مەقامێکی رزگار بوو لە هەموو مەزهەبێک داناوە.

ب ـ گۆیا لە ڕوانگەی هەلاجەوە ڕێوڕەسمی زاهیری فرقە و دینەکان شتی بنەڕەتین.
پ ـ گۆیا هەلاج دەیوست داب و نەریتەکانی مەعتەزیلە و شیعە توندرەوەکان لە دەست رەقیبەکانی بێنێتە دەرێ.
ت ـ مانەوەی هەلاج لە نێو ڕاپەڕیوانی (زنج) رەنگە بووبێتە هۆی بەدناوی ئەو و وەکوو یاغی سە یری کرابێ.
د ـ (ابرهیم فاتک مقدسی) رەنگە دەگەڵ مەنسوور هەلاج هاوبەند بووبێ. رەنگە هەرچی بەزمانی هەلاج داهاتوون ئەو هێنابێتیە سەر کاغەز.
ج ـ بابی هەلاج وێدەچێ هەلاجی کردبێ.
و دەیان نموونەی دیکەی لەو چەشنە بەڵکوو و گۆیا... غەیرە عیلمی و ڕێ و نکەرانە.

ماسینیون لە سەرتای کارەوە هەڵویستی خۆی روون دەکاتەوە. ئەو بە دوای هەلاجی راستەقینە و سەرعەرزی دانیە، بەڵکوو بە دوای هەلاجی ئارەزوو کراو و عاسمانی دایە. ئەو خەریکی دۆزینەوەی هەلاجێکە کە بتوانێ دەگەڵ مەسیح دا هاوتەراز بێ. لە سەر بنەمای ئەو کەسایەتیە دروست کراوە و ئەوبیرە ئارەزوو کراوەیە کە ماسینیون بە راستی پێی وایە ئەگەر کەسێک خۆی بە (اولوهیەت) بگەیەنێ، ئەوە روسوایی یە. بەو هەڵویستە عەقیدەیی یەوەیە کە ماسینیون تێدەکۆشێ ئاڵ و گۆڕی فکری و فەلسەفی هەلاج بەجۆرێکی خەیاڵاوی تێ بگا بۆیە دەڵێ کاتێک مەنسوور هەلاج لە (مکە) دەگەڕاوە بەغدا، ئارەزوویەکی سەیر هەموو وجوودی داگرتبوو. دەیوست لە شەرعی ئیسلامدا خۆی بکاتە (صاحب الملامە) تا لەو ڕێگایەوە ببێتە (صاحب الفتوە) ئەوەی کە کەسایەتی کومەلایەتی و خاوەن بیری هەلاج چۆن و لە بەرچی دەیەوێ قسەی ناشیرین و سەرکۆنەی خەڵکی بە نسیبی خۆی بکا تا لەو ڕێگایەوە بە (فتوت) و جوامێری بگا؟ پرسیارێکە لە نێو لێکۆڵینەوەکانی ماسینیون دا بێ جواب دەمێنێتەوە.

لە ریوایات دا هاتوە کە لە کاتی کوشتنی هەلاج دا کۆمەڵێک لە مووچەخوران و بەکرێگیراوانی خەلیفە لە لیباسی خەڵکی ئاساییدا، هەلاجیان سەنگە سار دەکرد و لە دژی دروشمیان دەدا، شبلی ، یە کێک لە دۆستانی هەلاج کە لە هاوبیری دەگەڵ هەلاج بایدابۆوە، بۆ سەنگەسار کردن و هاودەنگی دەگەڵ بەردهاوێژەکان و هاوکات دەگەڵ ئەوە بووەی ڕێوڕەسمی دۆستایەتی ڕابردووی پاراستبێ لە باتی بەرد، گلێکی هاویشتە هەلاج. بەڵام لە لێکۆلینەوەکانی ماسینیون دا ئەو گلە کراوە بە گوڵ.
جێگای پرسیارە لە هەل و مەرجی پۆلیسی و زەبروزەنگ و سەنگ باران کردنی ئەو وەختەدا و بە لەبەرچاوگرتنی هێنانی شبلی بۆ نزیک سێدارەی هەلاج کە تەنیا بۆ رەد کردنەوەی باوەرەکانی هەلاج و سووکایەتی پێکردن بە هەلاج بوە، بەراستی هاویشتنی گوڵ بەرەو هەلاج لە لایەن شبلیەو لەو وەزعەی دا کە باسمان کرد چەندە دەتوانێ دەگەڵ ڕاستی مێژوویی یەک بگرێتەوە.

ماسینیون چونکە لە لایەکەوە ئەندێشەکانی ئیلحادی و دژی ئێسلامی لە بەرهەمەکانی هەلاج دا دیوە و لە لایەکی دیکەوە نایەوێ ئەو فکرانە قوبووڵ بکا، خۆی تووشی زەحمەت کردووە و شتی دژ بە یەک دەڵێ. ئەو ئەندێشە ئیلحادیەکانی هەلاج بە نیشانەی توندوتیژی شیعەگەری لە هەلاج دا دادەنێ، پاشان خەتێک دواتر هەلاج بە سوننی مەزهەب نێو دەبا.
ماسینون لە ئاکامدا دەڵێ:" ئایا هەلاج دەیوست بە شەرعی ئیسلام کافر بێ؟" نەخێر هەلاج تا مەرگی گیرۆدەی فەرایزی دین بوو و موسوڵمانێکە تەنانەت بەرامبەر قانوونە عورفیەکانی دەوڵەتیش سەری کڕنۆش دادەنەوێنێ.

(ڕۆژە آرنالدز) مامۆستای فەلسەفەی ئیسلامی لە زانسگای لیونی فەرانسە بەو جۆرەی لە پێش وتاری کتێبەکەیدا نووسیوە. لێکۆڵینەوەکان لە بارەی ژیان و عەقیدەکانی هەلاج، شەقڵی ئەفیونی ـ هۆش رفێنی رێنوێنیەکانی لویی ماسینیونی پێوە دیارە.

(آرنالدز) هەرچەند خۆی دەڵێ زۆری ئاگا لەو رێنوێنێ و فکر کردنەوە فەلسەفیەی هەلاج ئیرشادی کردووە نیە و بیرو عەقیدەکانی هەلاج ناکرێ لە خوێندنەوی ئەو بەر هەمانەی کە بە ئی ئەو ناسراون دەربکێشرێ، قانوون بۆ عورفان دروست دەکا و بەو ئاکامە دەگا کە هەلاج سوننی مەزهەب بوە و ڕۆژگاری خۆی بە زیکر و زوهد و نوێژ و ڕۆژوو تێپەڕ کردووە و دەگەڵ هیچ کۆمەڵێک لە کۆمەڵگای بەشەر پێوەندی نەبوە.

(آرنالدز) لە کتێبێکی دیکەی خۆیدا دەگەڵ بە هاوشاندانانی هەلاج و مەسیح، لە سەر کەسایەتی عورفانی هەلاج پێدادەگرێ.

(کارادو وو )دەگەڵ پشت گرتنی ڕای ئوستاد ماسینیون و ئارناڵدز لەسەر وێکچوونی کەسایەتی هەلاج و مەسیح، ئاماژە بۆ ناوە رۆکی سیاسی عەقیدەکانی هەلاج دەکا و لە سەر کارکردی کۆمەڵایەتی و بەربڵاوی ئەو عەقیدانە لە کۆمەڵگای موسوڵمانی ئە سەردەم دا پێ دادەگرێ و بە تایبەت نیشاندانی بێ بەزەیی بێ سنوور لە کوژرانی هەلاج دا بە نیشانەی ئەو کارکردە بەربڵاوە دەزانێ.

(فۆن کرم) پێی وایە هەلاج عارف بوە و باوەڕی بە (وحدت وجود) بوە. لە حاڵێکدا نیکلسون پێی وایە هەلاج پەیرەوی مەزهەبی (حلول) بووە و دەڵێ مەزهەبی (وحدت وجود) ماوەیەکی دورودرێژ دوای هەلاج لە تەسەوف دا خۆی نیشان داوە و بناغەدانەرەکەی (ابن عربی) بوە، بە عەقیدەی نیکلسون( اناالحق) وشەیەکی کورتی خولقاو لە مەزهەبی سوفیانە نیە، بەڵکوو ئەندێشەیە نیزامێکی کامل لە ئیلاهیاتی سوفیانەی لە خۆی دا جێ کردوتەوە و ئەوە بیرێکە هەلاج لەو وشە یەهودیە ناسراوەی وەرگرتووە کە دەڵێ (خلق الله آدم علی صورته) و بە بەستنەوەی جێ ناوی (صورته) بۆ خودا نەک بۆ (آدم) وای لێکداوەتەوە،خودا ئادەمی لە چەشنی خۆی دروست کردبەو چەشنە مەعنای ئەو گوتە یەی هەلاج (اناالحق) دەبێتە، من سیمای حەقی خالقم و بەو جۆرە مەزهەبی هەلاج (حلول)ە نەک (وحدت وجود)، نیکلسون هەروەها دەڵێ کە ئەوە هۆکاری سیاسی بوون کە بوونە سەبەبی قەتڵی هەلاج، ئە ما باسی ئەو هۆ سیاسیانە ناکات.

ئوستاد (عبدالحسین زرین کوب) و نووسەرانی مێژووی فەلسەفە لە دنیای ئیسلامدا هەروەها هەلاج بە (حلول)ی دەزانن.

هێنانە گۆڕی بنەماکانی فکری (وحدت وجود) و (حلول) و تەفاوتەکانی ئەو دوو باسە لێرەدا ناگونجێ ئەما بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی نیکلسون و ئەوانی دیکەی هەلاج بە (حلول)ی دەزانن وەبیر دەخەینەوە کە چاوخشاندنێک بە وتەکان و شیعرەکانی هەلاج بە جوانی دەری دەخا کە ئەو شیعرو بەرهەمانە هەموویان نەفی (حلول) دەکەن. هەروەها لە مەقامی (حلول)دا کوتنی( اناالحق) قسەیەکی ناردوست و بێ مەعنایە. چونکە لە (وحدت)دا دوویی وجودی نیە ئە ما لە (حلول)دا حاڵ و جێگا وەکوو دوشتی جیاواز وجودیان هەیە بە قەوڵی( شبستری):

حلول و اتحاد اینجا محال است   که در وحدت دویی عین ضلال است.

عەقیدەی بنەڕەتی ئێمە ئەوەیە کە هەلاج وەکوو خاوەن بیرێکی نوێخواز و پێشکەوتوو لە درێژایی ژیانیدا دەگەڵ دین و ئایینی جیاواز ڕووبەڕوو بوە و بە قسەی خۆی.

لە دینەکان وردبۆتەوە و فکری لێ کردوونەوە و بە هەول و تێکۆشانێکی زۆرەوە لێکی داونەوە! لەو بەرهەم و شێعرانەی لە هەلاج دەستکەوتوون ئەوە ئاشکرا دەبێ کە ئەو زەمانێک عەقیدەی بە فەلسەفەی بودا بوە هەروەها لەسەر بیروڕای (مانی) و (مەزدەکیش) ڕۆیشتووە و ماوەیەکیش ڕووی لە مەسیحیەت کردووە و دەورانێکیش بیروڕای عورفانی هەبوە. بەو حاڵەش ئەوە قسەی ئاخری ئێمە سەبارەت بە هەلاج و بیروڕای ئەو نیە، ئێمە پێمان وایە هەلاج لە ئاخری عومری دا لە عالقەی تەنگی عەقیدەی ئیسلامی و عورفانیدا قەتیس نەماوەتەوە بەڵکوو بە گوێرەی سروشتی نوێخواز و تێکۆشەرانەی خۆی دوای هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی زۆر پشتی لە مەزهەب و عورفان کردوە و گەیوەتە ئیلحاد و ئیرتێداد. بۆ چەسپاندنی ئەو بۆچوونانە دەڵێین هەلاج لە زەمانی خاوەن بیرێکی گەورەی وەکوو (ابن راوندی) دا ژیاوە. ناوبراویش لەسەرتادا یەکێک لە گەورەترین عولەمای مەزەبی زەمانی خۆی بوە کە کتێب و نووسراوەی مێژوویی بۆ بڵاو کردنەوە و چەسپاندنی دینی ئیسلام بە تایبەت مەزهەبی شیعە نووسیەوە، بەڵام دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی زۆر لە دینی ئیسلام وەگەڕا و لە دژی ئیسلام و باوەڕی مەهەبی دەستی بە نووسین کرد بە جۆرێک تەنانەت لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا هێرش دەباتە سەر پێغە مبەر و قورعان و دەڵێ:

"خودا وەکوو دوژمنێکی تووڕە وایە و بۆ نەجات بوون لە دەستی غەیری کوشتنی ڕێگای دیکە نیە." کۆ کرانەوەی بەرهەمەکانی هەلاج لە لایەن پارێزەرانی دین و دەوڵەتی ئیسلامیەوە و قەدەغە کردن لە فرۆشتنیان و ئاور تێبەردانی ئەو بەرهەمانە و کوشتنی هەلاج و بە بادادانی خۆڵەمێشکەی هەموو نیشانەی رق ئەستووری پایەبەرزانی شەریعەت و خۆفی پارێزەرانی دین و خەلافەت لە عەقیدەکانی مەنسووی هەلاجن.

و نیشاندەری ئەوەن عەقیدەکانی هەلاج چ مەترسیەکی گەورەی بۆ دینی ئیسلام پێک هێنابوو.

(ابوعلی مسکویە) دەڵێ:

"ئەو نامانەی لە هەلاج و یارانی ئەو دەستکەوتوون، هەمووی بە کەلیمەی رەمز نووسراون، بە جۆرێک غەیری نووسەر و ئەو کەسەی نامەکەی بۆ نووسرابوو، کەسی دیکە توانای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە نامەکانی نەبوو."

(ابن جوزیش) هەر دەڵێ:" نامەکانی هەلاج بۆ یارانی هەمووی بە کەلیمەی رەمز نووسرابوون."

ئەو ریوایەتانە شایەدی بۆ چ شتێک دەدەن؟ ئەگەر هەلاج سۆفیەکی سەرمەست و عارفێکی چلەنشین بوو کە لە شەو و ڕۆژدا هەزار ڕەکعەتی نوێژ دەکرد و دەگەڵ هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری پێوەندی نەبوو، کەڵک وەرگرتن لە رەمز بۆ نووسینی نامە و پەیامەکانی چ مەعنایەکی هەیە؟ ئەوە کە ئێمە لە چۆنیەتی تێکۆشانی ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکان و نهێنیەکان ئاگادارین بە هاسانی بۆمان دەردەکەوێ بۆچی هەلاج بۆ نووسینی نامە و پەیامەکانی لە رەمز کەڵکی وەرگرتوە. بۆمان روون دەبێتەوە تێکۆشانی هەلاج ناوەڕۆکی سیاسی و خەباتکارانەی هەبوە. تەنانەت هەلاج مەجبور بوە لە گەڕان بە شارەکان و وڵاتانی ئیسلامیدا لیباس وسەروسیمای خۆی بگۆڕێ بۆوەی پارێزەرانی دین و دەوڵەتی ئیسلامی نەیناسنەوە.

*   *   *

ئوستاد ماسینیون، آرنالدز، ماکس هورتن، لوئی گاردە و باقی موستەشرقینی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە کەسایەتی هەلاج یکدەنگن و هەوڵیان داوە بە وەکوویەکدانانی مەسیح و هەلاج و ناساندنی فەلسەفەی هەلاج وەکوو باوەڕێکی ئایینی، بیرە

پێشکەوتووەکانی هەلاج بێ سەمەر بکەن و بیکەن بە ئایینی دڵخوازی ئیدەئالیستەکان و خوداناسان. لە لایەکی دیکە، کەمی سەرچاوەکان و جەعل و تەحریفی هەزاران ساڵەی کەسایەتی هەلاج هێندێک لە توێژە وەرانی وەکوو پتروشفسکی تووشی هەڵە کردوە. چونکە ئە وانیش فکری هەلاجیان وەکوو پانتەئیسم عورفانی، (وحدت وجود) داناوە و نەیانتوانیوە بایەخی راستەقینەی ئینسان خودایی هەلاج بە شێوەیەکی دروست هەڵسەنگێنن.
کێتێبەکانی مێژوو شایەدی دەدەن کە هەلاج لە تەمەنی50 ساڵیدا کوتی، ئێستا هیچ مەزهەبێکم هەڵنەگرتوە. موستەشرقینی ڕۆژهەڵات بۆ خۆشیان دەڵێن هەلاج لە بەرهەم و شێعرەکانیدا قەت باسی عورفان و تایبەتمەندی حاڵەت و جەزبەی عارفانەی نەکردوە. بەو حاڵەش تەواوی ئەو موستەشرێقینە هەلاجیان بە پیاوێکی سوننی مەزهەب، سۆفی و سەرمەست و عارفی رەبانی نێودێر کردوە!

لە توێژە وەرانی ئیسلامی هاوچەرخ (دکتر شریعتی)ش لە ناسینی کەسایەتی هەلاج تووشی هەڵە بووە و بە کوتنی قسەی سووک و بێ حورمەتی کردن، کەسایەتی خاوەن بیری هەلاجی تا ڕادەی دێوانەیەک تەنەزول داوە. دوکتور شە ریعەتی پێی وایە هەلاج شێتە و هیچ بەرپرسایەتیەک ناناسێ و کۆمەڵگای ئێرانی ئەگەر 25 میلیون مەنسووری هەلاجی هەبێ، دەبێتە شێتخانەیەکی گەورە. ئەگەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵ وەکوو مەنسوور هەلاج وئە بوعە لی سینا بایەن دەبوونە هۆی بەدبەختی و بە هیلاک چوونی ئەو کۆمەڵگایە.
روونە کە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی لەو چەشنانەی باسمان کرد لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە زۆربەی ئەو توێژەوەرانە، ژیان و کەسایەتی هەلاجیان یەک لایەنە و جیاواز لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی کولتووری سەردەم هەڵسەنگاندوە. لە حاڵێکدا دەزانین هەر کەسایەتیەکی مێژوویی بەرهەمی رەوتێکی مێژوویی کۆمەڵایەتیە کە لە پروسەی پراتیک و هەڵبژاردنی بایەخەکانی کۆمەڵایەتی سەرڕاست دەکاتەوە و بۆ وڵامدانەوە بە پێویستیەکی عەینی کومەڵایەتی دەکێشرێنە مەیدانەوە.
بەرهەم و نووسراوەکانی هەلاج .بەوجۆرەی لە سەرچاوەکانی مێژوو و ئەدەبیات دەردەکەوێ هەلاج بەرهەم و نووسراوەی زۆر بوە. رەسالە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەربڵاوی لە سەر مەسەلە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و سیاسیەکاندا هەبووە تا ئەو ڕادەیەی( شیخ عطارنیشابوری) بە شێری بێشەی لێکۆڵنەوە ناوی دەبا.

(هجویری) لە بارەی بەرهەم و کتێبەکانی هەلاج دادەنووسێ: ئەمن 50 بەرهەمی هەلاجم لە بەغدا هەروەها لە خوزستان و فارس و خوراسان دیوە.(ابن ندیم) نزیک بە 50 جلد لە بەرهەم و نووسراوەکانی هەلاج نێودەبا. (شیخ عطار) دەڵێ: " تەسنیفەکانی هەلاج زۆرن وئەو کەلام و فەساحەت و بەلاغەتەی ئەو هە یبوو کەس نە یبوو و مەجلیس و نەزەر و زیرەکیەکی هەبوو کەس نەی بوو."

شێخ روزبها ن بقلی دەڵێ: " لە (قطب جاکوس کوردیم) بیستووە کە حسێن بن منسوور هەلاج هەزار نووسراوەی هەبووە بەشی زۆریان لە بەغدا سووتاند. ریوایەتی ڕۆزبهان ئەگەر راستیش نەبێ دیسان هەر مەعنای وایە هەلاج بەرهەم و نوسراوەی زۆری هەبووە."

بەرهەم و نووسراوەکانی هەلاج کە بە دەستەوەن:
1- شێعرەکانی هەلاج بریتین لە 87 شێعر کە لویی ماسینیون کۆی کردوتەوە و وەریگێراوەتە سەر زمانی فەرانسە و بەشێکیان ئاغای بیژەن ئیلاهی کردوونیە فارسی،
2- ( طاسین الازل): رەسالەیەکی عورفانیە و بە لەفزو عیبارەتی هێندێک سەخت نووسراوە و زیاتر وەکوو (مەتەل) دەچێ. ئەو کتێبە روزبهان بقلی لە عەرەبیەوە کردوویەتە فارسی و شەرحی بۆ نووسیوە و ماسینیون تەواوی ئەوەی وەرگێراوەتە سەر زمانی فەرانسە.
3- دیوانی منسوور هەلاج کە بە هۆی ئینتشاراتی سنایی یەوە چاپ و بلاو کراوەتەوە.

بایەخی مێژوویی و لێکۆڵە وەرانەی ئەو بەرهەمانە.
1- شیعرەکانی هەلاج بە عەرەبی ، ئەو شیعرانە لە باری رەوتی مەنتیقی و مێژوویی ئەندێشەی هەلاجەوە یەک پارچە و یەکدەست نین ، بەشێکیان هەلاج وەکوو خاوەن بیرێکی مولحید و بەشێکیان وەکوو عارفێکی زاهید نیشانی دەدەن. ئەو پەرێشانی و تێکەڵ پێکەڵیە بۆتە هۆی ئەوەی ئەغڵەبی توێژەوەرەکان ئاخرین شیعرەکانی هەلاج دەگەڵ شیعرەکانی ئەوەڵی ئەو کە عورفانی بوون لێک نەناسنەوە و ئاکامی نادروستیان لێ وەربگرن. کتێبی شیعرەکانی هەلاج، هە رچەند لە باری رەوتی فکریەوە بە دوای یەکدا رێک و پێک نەکراون، دیسانیش بە جوانی نیشاندەری قۆناغەکانی جیاوازی عەقیدە و ئەندێشەی هەلاجن. ئێمە شیعرەکانی هەلاج بە سێ دەورەی جیاواز دابەش دەکەین.
1- شیعرەکانی دەورەی تەسە وف (عورفان)
2- شیعرەکانی دەورەی دوودڵی
3- شیعرەکانی دەورەی توغیان

2-( طاسين الازل)- ماسينيون پێی وایە ئە رەسالەیە ئاخرین بەرهەمی هەلاجە کە لە زینداندا نووسراوە و دۆستەکەی (ابن عطا) لە ساڵی 309 هـ. دا (ساڵی شەهید کرانی) هەلاج، بە نهێنی لە زیندان خاریجی کردووە و لە لای خۆی رای گرتوە.ئەو عەقیدەیەی ماسینیون لە لایەن زۆربەی توێژە وەرانەوە، هەروەها رۆژە ئارنالندز پەسند کراوە و بە پشت بەستن بە (طاسين الازل) وەکوو دوایین بەرهەم و ئاخرین گەشەی ئەندێشەی هەلاج، ئەویان وەکوو ئینسانێکی سوننی مەزهەب، عارف و عالمی رە بانی ناساندوە، نەزەری ماسینیون بەو دەلیلانەی خوارەوە ناپەسند، نادروست و ناڕاستن.

1- بە لەبەرچاو گرتنی چاوەدێری سەختی کە لە هەلاج دەکرا، ئیمکانی نووسینی ئاخرین بەرهەم و هێنانە دەری ئەو بەرهەمە لە زیندان بە شێوەی نهێنی زۆر جێگای باوەڕ نیە. شێخ عە تا دەنووسێ دوای زیندانی کردنی هەلاج خەڵکیان لە هاتن بۆ زیندان و دیتنی هەلاج مەنع دەکرد.

2.( ابن عطا) لە سالی 308 هـ. دا گیراوە و پێش شەهید کردنی هەلاج کوژراوە. کە وابوو هێنانە دەری ئاخرین بەرهەمی هەلاج لە زیندان و بڵاو کردنەوەی بە هۆی( ابن عطا)ی کوژراو لە ساڵی 308 هـ.دا، ناکرێ دروست بێ و ناراستە.

3- شەرحی عارفانەی روزبهان بقلی لە سەر کتێبی (طاسين الازل) لە سەر هیچ بنەمایەکی راستەقینە و دروستی مێژوویی نیە. ماسینیون بۆ خۆشی دەڵێ بەشێک لە و شتانەی روزبهان بقلی بە فارسی نووسیوە و دەڵێ ئی هەلاجە هێشتا مەتنی عەرەبیەکەیان دەست نەکەوتوە، بۆیە شەرحی روزبهان و بەستنەوەی رەساڵەی( طاسين الازل) بە هەلاجەوە وەکوو ئاخرین بەرهەمی فەلسەفی ناوبراو زۆر جێگای باوەڕ نیە.

4- دوکتور( محمد معين) و هانری کوربون لەو سەرەتایەی بۆ کتێبی (عبهرالعاشقين)ی روزبهان بقلی یان نووسیوە،( طاسين الازليان) بە بەرهەمی هەلاج نەزانیوە و دەڵێن ئەو کتێبە گۆیا ئی حوسێن بن مەنسووری هەلاجە کە وابوو( طاسين الازل) ناتوانێ لە راستیدا نووسراوە و ئاخرین بەرهەمی هەلاج بێ تا لە سەر ئەو ئەساسە پیاو بتوانێ ئاخرین فکر و ئەندێشەکانی هەلاج لێک بداتەوە.

3- دیوانی مەنسووری هەلاج بە فارسی - بە گوێرەی لێکۆلینەوەکانی رەزاقولی خانی هیدایەت و دوکتور حەسە ن شە هراشووب، ئەو کتێبە بەرهەمی هەلاج نیە، بەڵکوو ساحەب و شاعیری ئەو دیوانە سۆفیەکی عارف بە نێوی (حسين بن حسن خوارزمی)یە کە لە قەرنی نۆهەمی هـ.دا ژیاوە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەموو دەسکورتیە سەبارەت بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو و جەعلی ماهیرانە و بەربڵاوی بەرهەم و عەقیدەکانی هەلاج، هەروەک کوتمان، پێمان وایە دووبارە ناسی و لێکۆلێنەوە لە سەر ژیان و باوڕەکانی هەلاج پێویستی بەوەیە کە مو و زۆر هەموو متون و سەرچاوەی مێژوویی کە بە جۆرێک نوێنەری روانگە و و فکری واقیعی ئەون، بە پشت بەستن بە شێویەکی عیلمی و مێژوویی، لە سەرڕا بدرێنەوە بەرە هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوە، بۆیە بۆ ناسینی سیمای خەباتگێرو خاوەن ئەندێشەی هەلاج، نەک لە نێو ریوایات و بەرهەمی هەڵبەستراو و جەعل کراو بەڵکوو لە نێو ئەسڵی رووداوی مێژوویی و دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری سیاسی زەمانی خۆیدا ببیندرێتەوە!

ئەو کتێبەی ئێستا هەوڵ و تێکۆشانێکی ناکاملە بۆ ناسینی ئەو خاوەن فکرە سەربەرزە.

کاری بە تەنیا لە بنەڕەتدا کەم و کۆڕی و کزی تایبەتی خۆی هەیە. نووسەر بەزانینی ئەو ئەسڵە پێی وایە کە ئەو کتێبە ئەنیا سەرەتایەکە و زەمینەیەکە بۆ روانین و لێکۆڵەینەوەی دیکە لە ژیان و عەقیدەکانی هەلاج، بۆیە بە دڵ ئاواڵەییەوە خوازیاری هەڵسەنگاندن و نەزەری ساحەبانی قەڵەم و ئەندێشەم.

* * *

عەلی میر فترووس.

---

[1]- تذكرەالاوليا،شيخ عطار.

[2]- باز شناسی هويت ايرانی اسلامی.دكتر علی شريعتی

## خەلافەتی عەباسی

هەروەک دەزانین، ئەو هەموو شەڕەی هەوەڵین خەلیفەکانی ئیسلام، وڵات گرتن و تاڵان و غەنیمەتی بێ شومار و لە ئاکامدا قایم بوونی زیاتری سیستمی فیئوداڵی و بەسترانەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی دێهاتی و وەرزێران بەو سیستمەوە لە سەراسەری دنیای بەردەستی ئیسلامدا، وردە وردە زمینەی بۆ ڕسکانی ئەشرافییەتی بڕ لە شەوکەتی (بنی امیە) و قایم بوونی فیئودالیسمی زەمانی عەباسیەکانی ئامادەکرد. لە دەورەی حکوومەتی ئەمەویدا کۆکردنەوەی خەراج ئەغلەب دەگەڵ دەستدرێژی مەعموران و بەرپرسانی کۆکردنەوەی خەراج بۆ سەر کومەڵانی خەڵک و زەخت و فشاری بێ بەزە یی یانەی ئەوان تێکەڵ بوو (قدامە بن جعفر) دەنووسێ:" مەعمورانی کۆکردنەوەی خەراج و مالیات لەو کەسانە بوون غەیری قازانج و پڕ کردنی گیرفانی خۆیان فکریان لە شتی دیکە نەدەکردەوە، چ لە ماڵی خەراج هەڵیان گرتبا و چ لە ماڵی ڕەعیەت فەرقیان پێ نەدەکرد بە دزی و فزیش دەسیتان هەڵنەدەگرت و خەڵکیان لە بەرگەرما ڕا دەرگرت و لێیان دەدا".

هیندوشاە دەڵێ، لە زیندانی حەجاج بن یوسف دا چەند هەزار کەس حەبس بوون.حەجاج دەستووری دا ئاوی تێکەڵ بە خوێ و قسڵیان دەرخواردی زیندانیە کانداوبەجێگای خوراک پیسایی و گمێزی کەریان دانێ.
(ابن اسفندیار) لە بارەی شۆڕشی خوێناوی وەرزێرانی تە بەرستان لە زەمانی (سلیمان بن عبدالملک) دا دەنووسێ یەزید بن مەهلەب سەرداری ئەمەوی لە گورگان، سوێندی خوارد بە خوێنی عەجەم ئاش بگێڕێ.
دەڵێن لە گەردنی کۆمەڵێکی زۆر لە پاڵەوان و سنووروان و سوارچاک و لاوانی دا. بەڵام خوێنەکە بەسەریەکدا دەمەیی و نەدەڕۆیشت. بۆئەوەی ئەمیری عەرەب لە کەفارەی سوێندەکە نەجات بدەن، ئاویان لەو جۆگەیە کرد خوێنە کەی تێدابوو. بەو جۆرە خوێنەکەیان گەیاندە سەر ئاشەکە و گەنم یان لێکرد و یزید بن مەهلب، لە نانی ئەو ئاردەی خوارد تا وەفای بە سوێندەکەی خۆی کردبێ.

لە دەورەی ئە مە ویدا ڕۆژ بە ڕۆژ فیئوداڵەکانی خۆ جێ یی و حاکمە داسەپاوەکانی عەرەب خەڵکی ئاواییەکانیان مەجبوور بە هەڵاتن و بەجێ هێشتنی ماڵ و ژیانی خۆیان دەکرد. حەجاج هەوڵی دا ئەو دێهاتیانە لە شارەکان وەدەرنێ و بیان گێڕێتەوە دێهات. دەستووری دا لە سەر دەستی هەر کامیان نێوو شوێنی ئە ئاواییانەی دەبێ بۆی بگەڕێنەوە نەخش کراو جەریمە و مالیاتی قورسیشیان بەسەردابڕین. ئەو فەرمانەی حەجاج، سیاسەتی داغکردنی خەڵک لە لایەن کونستانتین ئیمپراتوری ڕۆم وەبیر دەخاتەوە. لە زەمانی ئەویشدا هەر کولونێک لە شوێنی کاری خۆی هەڵاتبایە، دەیان گێراوە شوێنی خۆی و زنجیریان دەکرد. کرێکارانیش وەکوو کۆیلە لە کارگاکانی ئیمپراتووردا داغ دەکران و نیشاندار دەکران. لە تەنیشت ئەو هەموو زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیەدا، سیاسەتی موسوڵمان کردنی میللەتانی غەیرە موسڵمان بە زۆر و هەڕەشە دەچوە پێشێ و کۆمەڵگای ئیسلامی بەرەو ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی دەبردەپێش.

## ڕێبازی (شعووبیە)

کاتێک عەرەبەکان سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای سیادەتی عەرەب داڕشت، ئێرانیەکان و باقی گەلانی غەیرە عەرەبی سەرزەمینەکانی ئیسلامی تا رادەیەی کۆیلە و بەندە (مەوالی) تەنەزولیان کرد. بەنی ئومەیە زوڵمیان لێدەکردن و لە کاتی شەڕدا بە پێی پیادە وزگی برسی دیانکێشانە مەیدانی شەڕەوە و شەڕیان پێدەکردن و لە غەنیمەتی شەڕیشدا بەشیان نەدەدان.
کاری سووکیان بەمەوالی دەکرد، بێ حورمەتیان پێدەکردن و ئازاریان دەدان. لە هەر شوێنێک لە کۆڵان و شەقام، عەرەبێک باری پێ بایە و تووشی عەجەمێک هاتبا (عەجەم موسوڵمانی غەیرە عەرەب) بارەکەی خۆی پێ هەڵدەگرت و بە بێ هەق و مواجب تا ماڵی خۆی پێی دەبردەوە. ئەگەر عەرەبەکە پیادە و عەجەمەکە سواربایە، دەبا دابەزێ و عەرەبەکە سواری ئەسپەکەی خۆی بکا و بیگەیەنێتە ئەو جیگایەی بۆ خۆی دەڵێ. کاتێک (معاویە) دیتی مەوالی زۆر بوون، ویستی کەمیان کاتەوە بە کوشتن و فرۆشتنیان لە بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا.
حەجاج بن یوسف سە قە فی لە عێراق و ناو دوو ڕوبار، ژمارەیەکی زۆری لە ئێرانی و باقی گەلانی غەیرە عەرەب کوشتار کرد و دەستی مەوالی بۆ نیشانە کردن داغ دەکرد. یەکێک لە شاعیرە عەرەبەکان دەڵێ:
"ئەگەر حجاج زیندوو مابا دەستی هیچ غەیرە عەرەبێک لە داغ کردن نەجاتی نەدەبوو".

ئێرانیەکان و گەلانی دیکەی غەیرە عەرەب لەو هەموو زوڵم و زۆر و سووکایەتی پێ کردنە وە گیان هاتن و توغیانیان کرد و لە هەر بەربەرەکانیەکی لە دژی حکوومەتی ئەمەوی پێک هاتبایە بەشداریان دەکرد. ڕێبازی شعووبیە (کۆی شوعە ب بە مەعنای قەوم و میللەت) لە ڕاستیدا ڕێبازی بەربەرەکانێ ئێرانیەکان بەرامبەر زوڵم و بێدادی عەرەبەکان بوو. ئەو ڕێبازە بە زیندوو ڕاگرتن و داکۆکیکردن لە زمان و کولتووری ئێرانی و بە دژایەتی کردن دەگەڵ بیری،سەروەری نیژادی عەرەب و بۆ پێک هێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی یاریدەی زۆری بە بیری وڵات پارێزی و خەباتی ڕزگاریخوازی ئێرانیەکان کرد.

ڕێبازی شعووبیە لە سەرتادا وەکوو ڕێبازێکی ئەدەبی خۆی نیشاندا کە گەورەترین نوێنەرکەی بنەماڵەی یسارنسایی بوو. ئەوان بە ئاشکرا عەرەبیان تەحقیر دەکرد و شانازیان بە کولتوور و شارستانیەتی ئێران دەکرد. دوای سەرکوت کردن و خامۆش کردنی بڵێسەی ئاگری ئەو بەربەرەکانیە، ڕێبەرانی شعووبیە، شێوەی خەباتی خۆیان گۆڕی و خەریکی تێکۆشانی نهێنی بوون. ڕێبازی شعووبیە بە هێنانە گۆڕی دروشمی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر زوو بووبە ڕێبازێکی بەربڵاوی گەلی و وەرزێران و پێشەوەران کە زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ لە ژێر ستەم و ئازاری عەرەبدا بوون، هێزی ئەسڵی ئەو ڕاپەڕینەیان پێک هێنا، سەران و ڕێبەرانی شعووبیە لە لیباسی پێشەوەر و بازرگان لە شارەکاندادەستیان بە تەبلیغی عەقیدەکانی خۆیان کرد .

شعووبیە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری ویستەکانی خۆیان بنەمای ڕاپەڕینەکانی( بە آفرید، ابومسلم، بابک خرمدین، مقنع، قرمطیان) و باقی ڕاپەڕینە نەتەوە ییەکانی سەدەکانی دووهەم و سێهەمی کۆچی یان ئامادە کرد. هەوەڵین ڕاپەڕین و شورش لە دەروونی حکومەتی ئە مەویدا لە لایەن (ابن اشعث) ڕا دەستی پێکرد. ناوبراو لە لایەن حەجاجەوە کرابوە حاکمی زابول. حجاج نامەیەکی توندی بۆنووسی کە هەرچی زۆتر خەریکی کۆکردنەوەی مالیات بێ و هێرش بەرێتە سەر هیند و سیند. هەروەها سەری (عبداللەعامر)یش بێرێتە دەستی. (ابن اشعث) لە وڵامدا نووسی هێرش بۆ هیند و سیند دەتوانم بکەم ئەما شتی ناهەق ناستێنم و خوێنیش ناڕێژم. بە دوای ناکۆکی دەگەڵ حجاجدا (ابن اشعث) ڕاپەڕی و کۆمەڵێکی زۆری لە خەلک و رووناک بیرو مەزهەبی لە خۆی کۆکردەوە و لە زۆر شەڕدا لەشکرەکانی حەجاجی تێک شکاند. (ابن اشعث) لایەنگری لە شعووبیە و دێهاتی و ڕەنجبەرەکان دەکرد. ئاخری لە شەڕی جماجم دا دوای سەد ڕۆژ شەڕی قورس، شکستی خوارد و بە دیل گیرا و بۆ ئەوەی بە دەستی پیاوکوژانی حەجاج بە کوشت نەچێ لە بەینی ڕێگادا خۆی لە سەر بانێکی بڵیند ڕا بەرداوە و خۆی کوشت.
نورسەری( تاریخ سیستان) دەڵێ: لە دەیری (جماجم) 81 شەڕیان کرد و لە هەشتایاندا حەجاج لە شکستی بوو، لە شەڕی 81 دا عە بدورەحمان(ابن اشعث) تێک شکا، ژومارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی کوژران یان لە دەریادا خنکان یان لە بیاباندا ون بوون.

لە هەنگامەی زوڵم و بێدادی دەسەڵاتدارانی عەرەب و دەستدرێژی کار بە دەستانی ئەمەویدا خوراسان مەیدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی نەتەوەیی و گەلی بوو، چونکە مەعموورانی حکوومەتی هەموو ڕۆژێ خەرج و ماڵیاتی تازە یان بە سەرکۆمەڵانی خەڵک دادەبڕی. ئەو سەرچاوانەی بەدەستەوەن نیشانی دەدەن خەراجی خوراسان و سەواد بە تەنیا بە ئەندازەی نیوەی هەموو شوێنەکانی ژێردەسەڵانی خەلافەت بوو. هەروەها لە بەر دووربوونی خوراسان لە ناوەندی خەلافەتی ئەمەوی (دمشق) لە شکرکێشی خەلیفە بۆ ئەوشوێنە و سەرکوت کردنی خەڵک دژوارتر بوو. ئەو هۆیانە زەمینەیەکی موناسبی بۆتەبلیغاتی شعووبیە و شیعەکان لەو شوێنە ئامادە کردبوو وبووە هۆی سەرهەڵدانی کەسایەتیەکانی وەکوو ـ ئە بوومسلیم ـ بەکیر بن ماهان و خەداش و ... و لە ئاکامدا پێک هاتنی ڕێکخراوی نهێنی لایەنگری لە (بنی عباس)ی هێنا ئاراوە و سەرەتای ڕسکان و داسەپاندنی هەلومەرجێگی کەمەڵایەتی نوێی مومکین و ئامادە کرد.

ماهان تاجرێک بووکە لەدەست زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ئەمەوی وەگیان هاتبوو و بە سەرنج دان بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو دەتوانین بڵێین لە هێنانە سەرکاری بەنی عە باس دا قازانج و بەرژەوەندیەکانی چینایەتی خۆی دەویست. خەداش پێگە ی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی لە نێو لادێیەکانی خوراسان دا هەبوو و لەژێر پەردەی بانگەواز بۆ حکوومەتی بەنی عەباسدا خەریکی بڵاو کردنەوەی عقیدە، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی مەزدەک بوو. ئەو و لایەنگرانی وەعدەی دابەشینی زە وی و دارایيان بە خەڵک دەدا. حاکمی خوراسان خەداشی گرت، دەستیان بڕیەوە و چاویان میل تێ کێشا و زمانیان بڕی و پاشان کوشتیان.

(ابومسلم) هەرچەند لە نیولادێییەکانی خوراساندا پێگەیەکی گەورەی هەبوو، ئەما لە بەرنەبوونی ئاگایی پێویست و نەبوونی جهان بینی ڕاستەقینە سەبارەت بە ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، پێی وابوو ئەوە تەنیا خەلافەتی عەباسیە کە دە توانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکا. ابومسلم بەو بۆچوون و تێ ڕوانینەوە دەستی کرد بە لایەنگری لە حکوومەتی بەنی عەبباس و لە پێناوی دا سەپاندن و قایم کردنی دەسەڵاتی عەباسیدا بەداخەوە هێندێک ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی سەرکوت کرد وە کوو ڕاپەڕینی (بە آفرید) و شورشی خەڵکی (بخارا) کە بە ڕێبەرایەتی (شریک

بن شيخ المهدى) لە دژی زوڵم و بێدادی خەلیفەی عەباسی ڕاپەڕیبوون، ئەبوموسلیم خاوەنی تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی بە قازانجی کۆیلەکان نەبوو. لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەیدا، کۆیلەیەکی زۆر لە شار و دێهاتی خۆیان هەڵاتن و بۆ پشتیوانی لەو لەگەڵ لەشکرەکەی کەوتن. خاوەن کۆیلەکان هاتن و شکایەتیان لە کۆیلەکان کرد. ابومسلم دەستووریدا کۆیلەکان بگەڕێننەوە لای خاوەنەکانیان. بەڵام کۆیلەکان نەچوونە ژێربارەوە.

ئەبوموسلیم کۆیلەکانی لە ئوردووگایەکی جیاوازدا دانا و موراقیبی لە سەردانان و ڕێگای نەدان لە خەباتدا بەشدار بن. ئەبوموسلیم و سەرۆکەکانی ڕێبازەکەی لەوە دەترسان کۆیلەکان داوای ئازادی خۆیان بکەن. ئەبوموسلیم بە قایم کردنی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی عەباسیەکان لە ڕاستیدا زمینەی قەتڵی خۆی بە دەستووری مەنسووری عەباسی ئامادە کرد. قایم بوونی حکومەتی عەباسی کە بە خوێنی ئێرانی سەقامگیر بوو، ئومێد و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵکی لە مەڕ پێکهێنانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وەدی نەهێنا. سیاسەتی دژ بە ئێرانیی حکوومەتی عەباسی زۆر زوو ئەبوموسلیم و یارانی ئەوی لە هەڵەکانی خۆیان گەیاند.

لەسەرەتای خەلافەتی عەباسیدا، فیئودالیسم پنچ و ریشەی قایم تر بوو و زەوی و زاری خەلافەت بە هۆی دا گیرکردنی ملک و مەزاری وەرزێران و لادێییەکان یەک جار بەربڵاوتر بوو. لەو دەورەیەدا خەڕاج و داسەپاندنی ماڵیاتی قورس بۆە هۆی ئەوەی زۆر لە خاوەن مڵکە بچووکەکان مووچە و مەزرایان بفرۆشن و وردە وردە ببنە وەرزێری سادە یان لادێ یی و کرێکاری بێ زەوی و بۆ دابین کردنی ژیانیان روو لە شارەکان بکەن و بەو شێوەیە ژمارەی زەحمەتکێشانی شار زیاتر بوو. بەشێکیش لە خاوەن مڵکەکان بۆ رزگاری لە دەست ماڵیاتی قورس و خەراجی زۆر مڵک و مەزرای خۆیان بە نێوی حاکم و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی بە سەبت گەیاند. ئەو شێوەیە پێی دەکوترا (التجاء) کە دوای ماوەیەک بە لە دەس چوونی زەویەکان لە دەست خاوەنیان دەکەوتە دەست سوڵتان و خاوەن دەسەڵاتەکانی دەوروبەری. لە زەمانی (هارون الرشيد)دا محەمەد بن خالد بەرمەکی و براکەی مووسا کە حاکمی تەبەرستان بوون بە زۆر مڵکی خاوەن ملکەکانیان کڕی. خەڵکی قەزوێن ـ تە بە رستان و زەنجان لەبەر زوڵم و بێدادی مەعموورانی دەوڵەت، لە ترسان و بۆ نەجات بوون لە دەست ماڵیاتی قورس، مەجبوور بوون زەوی و مڵکی خۆیان بە نێوی (قاسم بن هارون الرشيد) بە سەبت بگەیەنن و مەزراو مووچەی ئەوانیش بەوجۆرە بوو بە زەوی سوڵتانی.

لەیس بن فەزل کە لە لایەن مەئموون ڕاببوە حاکمی سیستان لە تەواوی مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا مڵکەکانی کڕیەوەو لە فارسیش زوڵم و زۆری کاربەدستانی دەوڵەتی و مەئمورانی کۆ کردنەوەی خەراج خەڵکیان مەجبوور کرد زەویەکانیان بە نێوی گەورە گەورەکان و باڵادەستەکانی دەوڵەت سەبت بکەن .

(ف. انگلس) دەوڵەتە چەوسێنەرەکان بە ڕێکخراوی چینی دارا بۆ داکۆکی لە قازانجەکانیان بەرامبەر بە چینی نەدار و دەوڵەتە فیئۆداڵیەکان بە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی لادێیەکانی بەستراو بە خاوەن مڵکەکانەوە نێودێر دەکا.
دەوڵەتی عەباسی دەوڵەتێکی بەهێز بوو و چەکێکی بوڕا بوو بە دەست دەسەڵاتدارانی خاوەن زەویەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر دەبوون و زەختیان بۆ سەرلادێییەکان زیاتر دەبوو. لەو سەردەمەدا مەزهەبی رەسمی خەلیفە و دە وڵەتی ئیسلامی، سوننەت بوو و نوێنەرایەتی قازانجی فیئۆداڵەکانی دەکرد و هەرچەشنە بەربەرەکانی و دەنگ هەڵێنان بەرامبەر بەو دەوڵەتە لە چوارچێوەی رێبازی وەکوو( خرمدينان) ـ (مقنع) ـ (خوارج)،( شيعيان) ـ (فرمطيان) و... خۆی نیشان دەدا کە هەموویان (مرتد) بوون.
(ف. انگلس) دەڵێ:" شکڵی خەباتی مێژوویی زۆر جار لە لایەن شعووری سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی کۆمەڵێک و بە تایبەت ئەندیشەی مەزهەبی و تەکامولی ئەوان لە سیستمی عەقیدەی مەزهەبی دا دیاری دەکرێ. یەک لە گرینگترین مەسەلە دینی و سیاسیەکانی هەوەڵین حکومەتەکانی ئیسلامی مەسەلەی (امامت) بوو. دوای کێشە کێشی زۆر و بە دەستەوە گرتنی قودرەتی سیاسی و دینی لە بە ینی ئەبووبەکرر، عوسمان و عومەر لە لایەکەوە و عەلی و پەیرەوانی ئەو لە لایەکی دیکەوە موسوڵمانەکان بوونە چەندین دەستەی دژ بەیەک کە خەواریج، سونیەکان، شیعەکان، ناسراوترین و موهیم ترینی ئەو فرقانەن.
خەواریج کۆمارخواز بوون و دەیانکوت خەلیفە دەبێ لە بەینی شایستەترین موسوڵمانەکان بە شێوەی دێموکراسی هەڵبژێردرێ. شیعە بەرخیلافی خەواریج سەڵتەنە تتەڵەب بوون و خەلافەتیان بە هەقی موسەلەمی بنەماڵەی پێغەمبەر دەزانی. کێشە لەسەر (امامت) و دیاری کردنی خەلیفە لە سەدەکانی خیلافەتی ئیسلامیدا هەمیشە دەبوە هۆی هەڵایسانی شەڕی قورس و خوێناوی. مێژوونووسان دەڵێن لە تەواوی دەورانی ئیسلامیدا لە سەر هیچ قاعیدەیەکی دینی بە ئەندازەی مەسەلەی (امامت) واتە هەڵبژاردنی خەلیفە خوێنڕێژی نەکراوە.

دوای ئەوەی ئەبوو موسلیم لە پێکهێنانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بە دەستی عەباسیەکان نائومید بوو، بۆ هێنانە سەرکاری خەلافەتی خانەدانی عەلی و وەراست گێڕانی ئارەزووی شیعەکان، لە ریگای (ابومسلم خلال) وەزیری (سفاح) دەگەڵ (امام جعفرصادق) پێوەندی گرت ابومسلم کەسایەتیەکی ئێرانی و وڵات پارێز بوو، ئیمام جەعفەرسادقی خاترجەم کرد کە

بۆ خۆی وئەبوومۆسلیم و هەموو لەشکر و پەیرەوەکانیان پشتیوانی و لایەنگری لە خەلافەتی ئەو دەکەن. ئیمام جەعفەرسادق لە قوبووڵ کردنی بەرپرسایەتی خەلافەت خۆی پاراست و داوای لە بنەماڵەی خۆی کرد لەبەشداربوون لە تێکۆشانی سیاسی خۆبپارێزن. (ابن طقطقی) لەو بارەوە دەنووسێ: ناردرواى ئەبووسەلمە هاتە لاى جەعفەربن محەمەد و نامەکەی ئەبووسەلمەی دایە جەعفەر بن محەمەد کوتی ئەمن چ کارێکم بە ئەبووسەلمە. ئەو شیعە 1 و پەیرەوی کەسی دیکەیە. ناردراوی ئەبووسەلمە کوتی نامەکەی بخوێنەوە ئیمام جەعفەرسادق بە پێش خزمەتەکەی خۆی کوت چراکە بێ نێتە پێشی. جەعفەربن محەمەد نامەکەی بە ئاوری چراکە سووتاند ناردراوی ئەبووسەلمە کوتی جوابی بۆ نانێریەوەجەعفەربن محەمەد کوتی جوابی ئەوە بوو کە دامەوە.

دوای ماوەیەک نەخشەی ئەبووسەلمە و ئەبوومۆسلیم ئاشکرا بوو و ئەوە ریشەی ناکۆکی بەینی خەلیفەی عەباسی و ئەبو موسلیمی قووڵتر کرد.ئەبووسەلمە زور زوو بە دەستی پیاوکوژانی خەلیفە کوژرا و بە دوای ئەوەدا کوشتنی ئەبو موسلمیش بوو بەبەرنامەی کاری حکوومەتی عەباسی. دوای کوژرانی ئەبووسەلمە ،ئەبوو موسلمیش سەبارەت بە مەسەلەی خەلافەت دەگەڵ ئیمام جەعفەرسادق پێوەندی گرت. ئیمام سادق لە جوابی ئەویش دا کوتی:" نە تۆ لە یارانی منی و نەزەمان زەمانی منە." ئە بوومۆسلیم نائومید بوو.( گردیزی) دەنووسی: کاتێک ئەبوومۆسلیم ئەوکارانەی کرد مەنسوور خەلیفە ئەو شتانەی پێ ناخۆش بوو و لە خۆی ترسا. بۆیە ئەبو موسلیمی بۆ لای خۆی بانگ کرد و زۆری قسە پێ کوت و توورە بوو و فەرمانی دا ئەبوومۆسلیمیان هەر لەوێ لە پێش چاوی کوشت.

قەتڵی ئەبوومۆسلیم کە کومەڵانی خەڵکی ئێران وەکوو رزگاریدەرێک چاویان لێدەکرد کار کردنی قووڵی لە ناوچەکانی خوراسان و سیستان و ماوەرائولنەهردا کرد و توورەیی خەڵکی لە خەلافەتی عەباسی زیاتر کرد. یەکێک لە کار کردە موهیمەکانی قەتڵی ئەبوومۆسلیم لە سەر ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک ئەوە بوو کە زۆربەی ئەو ڕاپەڕینانە بە تێکەڵ کردنی برێک لە عەقایدی شیعە و زەردەشتی (عەقیدە بە حولوولی رووحی کەسێک لە کەسێکی دیکەدا) و عەقیدەی مەزدەک (لە هاوبەشی لە ماڵ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی) بە جۆرێک یەکبوون لە خەبات لە دژی خەلافەتی عەباسی گەیشتن.

(ف. انگلس) دەنووسێ:" ئەگەر خەباتی چینایەتی کۆمەڵانی خەڵک ئالای مەزهەبی هەڵ دەکرد و ئەگەر قازانج و نیاز و خواستی هەرکام لە چینەکان لە ژێر سەرپۆشی مەزهەبدا خۆی دەشاردەوە، ئەوە هیچ شتێک لە حەقیقە تی شتەکە ناگۆڕێ و بە هاسانی لە پێوەندیەکانی ئەو سەردەمەدا دەگونجێ".

لە تەواوی ڕاپەڕینەکاندا عەقیدە بە پەیدابوونی رزگاریدەرێک لە لیباسی پێغەمبەر یا خودایەک دا ئاواتی عەقیدەتی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی لادێ لە خەبات و بەربەرەکانی دژی زوڵمی فیئوداڵەکان و کاربەدەستانی زاڵمی خەلیفەکانی عەباسی بوو. لەبیرمان نەچێ کە ڕێکخستنی ناتەواو و بڵاوبوونی شۆڕشگێرەکان کە لە خەسڵەتی تایبەتی کاری وەرزێری و لە هەلومەرجی خوغرافیایی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها نەبوونی ڕێبەری کارامە و ئاگا نەبوونی لادێییەکان، زۆرجار دەبووە هۆی شکستی ئەو ڕاپەڕینانە.

شکڵی مەزهەبی ئەو ڕاپەڕینانە، لایەنی دژی فیئوداڵی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی سست کردنەوانی لە هەنگاوی تێکۆشەرانەتر لە زێدی نیزامی فیئوداڵی بێ بەش کرد. بەو حاڵەش بەشێک لە و ڕاپەڕینانە وەکوو راپەڕینی( مقنع) هەوەڵین عەقیدەی ئیلحادی و ئینسان خودایی یان لە خودا کۆ کردبۆوە و هەر ئەوەش دەلیلی بەردەوام بوونی زیاتری ئەو ڕاپەڕینە لەو دەورانانەدا بوو.

**ڕابوونی (مقنع)**
مێژوونووسانی ئیسلامی و نووسەرانی موسوڵمان هەموویان بە خراپی باسی موقەنەعیان کردووە، ئەو هەڵوێستە بە لە بەرچاوگرتنی ناوەرۆکی ئیلحادی و دژی ئیسلامی رابوونی موقەنەع، جێگای سەرنجە. ئەوەی موسەلەمە ئەوەیە کە (مقنع) ئینسانێکی شۆڕشگێر و خاوەن بیرێکی وڵاتپارێز بوە کە بۆ نەجاتی وڵاتەکەی لە ژێر یەخسیری خەلیفەی عەرەبەکان، لە دژی دین و دەوڵەتی ئیسلامی خەباتیکردوە. ڕابوونی موقەنەع گەورەترین ڕابوونی لادێیەکان لە سەردەی دووهەمی کۆچیدا بوو کە لە باری کۆمەڵایەتیەوە لە ژێر کارکردی فکرو عەقیدەکانی (مزدک) دا بوو.

(ابوریحان بیرونی) دەڵێ:" موقەنەع ئیدیعای خودایی کرد و بەلایەنگرانی خۆی کوت پەیرەوی لە هەموو قانوون و حوکمەکانی مەزدەک بکەن".
ساحەبی تاریخی بوخارا دەنووسێ: " پیشەی موقەنەع لیباس شوتن بوو دوایە دەستی بە خوێندن کرد و زۆر عیلمی خوێند بوو، زۆر زیرەک بوو و غالبی کتێبەکانی پێشنیانی خۆێندبووە. ئیدیعای پێغەمبەری کرد. (ابو جعفردوانقی) خەلیفەی عەباسی ناردی و گرتیان و لە مەروڕا بردیانە بەغدا و زیدانیان کرد. پاش چەند ساڵ زیندان گەڕاوە مرو و

خەڵکی کۆ کردوە و کوتی دەزانن ئەمن کێم؟ خەڵکەکە کوتیان ئەتۆ (هاشم بن حکیم)ی. کوتی نەتانزانی، ئەمن خودای ئێوە و خودای هەموو عالەمم. خەڵکەکە کوتیان ئەوانی دیکە داوای پێغەمبەرییان دەکرد و ئەتۆ داوای خودایی دەکەی؟ وڵامی داوە ئەوان نەفسانی بوون و ئەمن رووحانیم و لە وجودی وان دابووم و توانایی ئەوەم هەیە بە هە رسیمایەکی پێم خۆش بێ بێمەدەر. بۆ هەموو وڵاتەکان نامەی نووسی و دەیکوت دەگەڵ من کەون و بزانن کە شایەتی ئی منە و خودایی ئی منە و غەیری من خودایەکی دیکە وجوودی نیە. خەڵکێکی زۆری هێنا سەر ڕێبازی خۆی بەتایبەت لادێییەکان بوونە پەیرەوی ئەو و لە ئیسلام وەگەڕان.

موسوڵمانەکان بەدەستیەوە دامابوون و هاواریان بۆ بەغدا برد. (مهدی) کە ئەو کات خەلیفە بوو لەشکری قورسی کۆ کردەوە و ناردیە سەری و بۆ خۆشی هاتە نەیشابوور. لەو فیتنەیە ترسی رێ نیشتبوو دەترسا ئیسلام تێک چێ و رێبازی موقەنەع عالەم گیر بێ.
هەوەڵێن شۆڕشی پەیرەوانی موقەنەع لە بخارا روویدا کە لە تاریکی شەودا بەسەر مزگەوتیاندا دا و پێش نوێژی ئاوایی (نومجکت) و 15 نەفەر نوێژکەریان کوشت. مێژوونووسان ئیشارە دەکەن موقەنەع و پەیرەوانی گوێیان بە مەزهەب نەدەبزووت و لە دژی ئیسلام تێدەکۆشان. هەروەها ئیشارە دەکەن کە ئینسانی پاک و ئەمین و راستگۆ بوون.
(ابن طقطقی) دەنووسێ:" موقەنەع ئیدیعای خودایی دەکرد و عەقیدەی بە تەناسوخ هەبوو و خەڵکێکی یەکجار زۆروگومرابوون بە پەیرەوی. مێهدی خەلیفەی عەباسی لەشکری ناردە سەری و موقەنەع پەنای بردە بەر قەڵایەک و لەوێ گەمارۆدراو ماوەی گەمارۆیەکە درێژەی کێشا و موقەنەع و لایەنگرانی بڕستیان لێ بڕا. موقەنەع ئاورێکی کردوە و هەرچی چوارپێ و مەتاع و شتوومەکی لە قەڵادا بوو هەر هەمووی سووتاند. پاشان ژن و منداڵ و یارانی خۆی کۆ کردوە و داوای لێ کردن هەموویان خۆیان لە ئاورەکە هاویشت بۆوەی نەکەونە بەردەستی دوژمن. کاتێک لەشکرە کەی مێهدی درگای قەڵایان کردەوە و هاتنە ناوی، قەڵاکەیان وێران و بەتاڵ دیت ".
مێژوونووسان ژومارەی ئەو لەشکرەی خەلیفە بۆ سەر موقەنەعی کۆ کردبۆوە بە 570000 کەس بەراوەردی دەکەن.
ڕاپەڕینی موقەنەع 14 ساڵی خایاندو دەلیلی بەردوام بوونی 14 ساڵەی ئەو خەباتە لە سەریەک دەتوانین لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە.

1. خاوەن بوونی فکری ولات پارێزیی پێشکەوتوانە بۆ پێک هێنانی حکومەتێکی نەتەوەیی غەیرە عەرەب.
2. خاوەن بوونی جهان بینی غەیرە مەزهەبی کە پێک هێنانی بەهەشتی مەوعوودی لە و دنیایەدا تەبلیغ دەکرد.
3. خاوەن بوونی سیاسەتێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، گەلی، لە سەربنەمای یەکسانی و هاوبەشی (مەزدەکی).

موقەنەع بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک مانگی نەخشەبی دروست کرد کە نیشانەی توانایی و بەربڵاوی ئاگاداری عیلمی ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێرە بوو، ئەو لە نەخشەب یەکێک لە شارەکانی خوراسان چاڵێکی هەڵقەند کە هەموو شەوێ مانگێک لەوێ ڕا هەڵدەهات و خەڵک بە موعجزەیان دەزانی.
موعجزەی مانگی نەخشەب وەکوو موعجزەی محەمەد (شق القمر) دەچوو. لە ئاخریدا لە بن چاڵەکەدا کاسەیەکی پڕ لە جیوەیان دیتەوە کە هۆی ئەسڵی درەوشانەوەی تیشکی مانگەکە بوو.

سەدەی سێهەمی کۆچیش لە سەراسەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی عەباسیدا خاوەن مڵکایەتی گەورەی فیئوداڵی پەرەی سەند و فشاری زیاتر بۆ سەر لادێیی و خاوەن مڵکە بچووکەکان پەرەی گرت. گەشە کردنی ئابووری و سەرتای پێوەندیەکانی بازرگانی دەگەڵ وڵاتانی ئوروپاو دروست بوونی گەورە شارەکانی پیشەوەری و توجارەتی بوو بە هۆی پەرە گرتنی هەرچی زیاتری توجارەت و سەرهەڵدانی کۆڕ و کۆمەڵی پیشەوەر، ئەما هەروەکوو دەزانین کۆبوونەوە و پاوانی دەسەڵات لە لایەن سوڵتان و خاوەن دەسەڵاتەکانی دەزگای حاکمەوە دەگەڵ قازانج و ژیانی ئابووری توێژە پیشەوەرە تازە پێگەیشتووەکان لە دژایەتی دا بوو. لە لایەکی دیکەوە دەست بەسەردا گرتنی سوڵتان و خاوەن دەسەڵاتەکانی دیکەی حکوومەت بەسەر کانگاکانی ئاو و زەراعەت و کشت و کاڵ دا، خاوەن زەویە بچووکەکانی مەجبور دەکرد بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی کشت و کاڵی خۆیان و بۆ هەڵاتن لە دەستماڵیاتی قورس، مڵک و سامانی خۆیان بە نێوی خەلیفە یان دەسەڵاتدارێکی دیکەی حکوومەتی سەبت بکەن بۆ وێنە (مقدسی) دەنووسێ:
"لە زەمانی ئەودا لە مەرو ئاو لە کەمی دابوو و دەکیلەکەشی ئەو مڵکانەی سوڵتان بوون کە لە سەر ڕێگای ئاوەکە بوون و زەویەکانی دیکە ئیدی ئاوێکی وایان وەبەر نەدەکەوت و بەو جۆرە بە هاسانی و وردە وردە ئەوانیش دەچوونە بەر دەستی سوڵتانەوە. خاوەن مڵکە بچووکەکان سامانەکەی جۆیان بە قیمەتی نازڵ دەفرۆشت و بەرەو شارەکان کۆچیان دەکرد و بەو جۆرە کۆڕ و کۆمەڵی پێشە سازی لە جاران بەهێزتر دەبوو، لە لایەکی دیکەوە جیانەکراوەیی کاملی سەنعەت لە ئابووری لادێ، دەسەڵات و نفووزی فیئوداڵە گەورەکان لە شارەکان و نەبوونی دەسەڵاتی ناوچەیی لە ولایەتەکان وای کرد بوو پێشەوەر و وەستاکارەکان نەیاندەتوانی لە ژێر دەسەڵات و خۆداسەپاندنی ئەوان بێنە دەر.

لەسەدەی سێهەم دا کۆیلەداریش لە تەنیشت شێوەکانی دیکەی چەسانەوەی فیئۆداڵی دا وجوودی هەبوو، توجارەتی کۆیلە لەو سەردەمەدا رەواجی هەبوو و کەسێک لە نێو کاربەدەستانی دەوڵەتدا بە نێوی (قیم الرقیق) چاوەدێری بەسەرکاری

کۆیلە فرۆشەکاندا دەکرد. (ابن فضلان) لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە دەکا. ئەبولحەسەن سابی باسی بیست هەزار غولامی بەردەرگا و دە هەزار پێش خزمەت و یازدەهەزار خزمەتکار و چوارهەزار کۆیلەی ژن لە زەمانی (المکتفی)دا دەکا. هیندوشاه دەڵێ:

"لە مەجلیسێک دا کە هەزار پیاو ماقووڵی تێدا بوو هەر کام لەوان خاوەنی هەزار کۆیلە بوون. لە بەغدا بازاڕی تایبەت بۆ کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکان هەبوو و لە هێندێک ویلایات بە بازاری کۆیلەفرۆشان دوکوترا (معرض). شارەکانی (سمرقند)،( مناخ)و (قاهرە) لە پێگەکانی عومدەی کۆیلەداری و ناردنی کۆیلە بۆ وڵاتان بوون، ئەو کەسانەی خەریکی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بوون بەشێک لە کۆیلەکانیان پێش بردنە بازاڕ لە ژێر شکەنجەی سەخت و تاقەت پرووکێن دا یەختە دەکرد ".

هێندوشاه دەنووسێ:

"لە سەر سەرای (مقتدر)، خەلیفەی عەباسیدا یازدە هەزار غولامی خەساو هەبوون لە رۆمی و سۆدانی".

لە کۆیلەکان بۆ کاری کشت و کاڵ، شەڕ، دروستکردنی مزگەوت، کاخ، هەڵکەندنی کەرێز و جۆگە و جۆباری ئاو کەڵک وەردەگیرا. لە زەوی و زارەکانی دەوڵەتیدا کۆیلەکانیان لە دەستەی 500 تا 5000 نەفەریدا دابەش دەکرد و کاری قورسیان پێدەکردن. ئەو کۆیلانەی لە زەویەکاندا بێگاریان پێدەکردن، پێیان دەکوتن "قەن"و بە و مووچەیەوە بەسترابوونەوە کە کاریان لە سەردەکرد. ئەگەر ئەو زەویە کەوتبا دەست خاوەنێکی دیکە یان بە (اقطاع) درابایە کەسێک یان لە دەستاودەست کردنی وڵاتدا کەوتبا وڵاتێکی دیکە، ئەو کۆیلەیەش دەبوو بە ئی خاوەنی تازە. ئەو کۆیلانە قەت ئازاد نەدەکران و خاوەنەکانیان هەقی ئازاد کردن و فرۆشتنی ئەوانیان نەبوو هەر بەو زەویانەوە دەگەڵ هەر سەودایەکی بەو زەویانەکرابایە ئەوە دەستاو دەستیان دەکرد. لە وەها هەلومەرجێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، هەوڵی لادێییەکان بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاو و زەوی و تێکۆشانی زەحمەتکێشان لە دژی چەوساندنەوەی زاڵمانە، هێمنی و سەقامگرتوویی وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی عەباسی یەکانی بە تەواوی دەخستە مە ترسیەوە.

# ڕاپەڕینی زنج و جووڵانەوەی قەرمەتیەکان

**(ڕاپەڕینی زنج)**
لە ساڵی 256ی کۆچیدا شۆڕشی گەورە و ڕاپەڕینی خوێناوی کۆیلەکانی (بین النهرین) کە لە مێژوودا بە ڕاپەڕینی زنج ناودەبرێ دەستی پێکرد. هەزاران کۆیلەی ڕەش پێست کە بۆ کار کردن و خاوێن کردنەوەی زەوی خاوەنەکانیان تەرخان کرابوون، ڕاپەڕین. ڕاپەڕیوەکان بە ڕێبەرایەتی (علی بن محمد برقعی) لە خووزستان خاوەنەکانی خۆیان کوشت و لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی خەلیفە (معتمد)دا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بەسرە و ئەهواز و سەراسەری خووزستانیان هێنا ژێر دەسەڵاتی خۆیان و زەوی و زاری خاوەنەکانیان لە نێو خۆیاندا بەش کرد.

لە باری مێژووییەوە ڕاپەڕینی زنج وەکوو ڕاپەڕینی سپارتاکوس وایە. ئەگەر لە ڕاپەڕینی سپارتاکوسدا سەد و بیست هەزار کۆیلە بەشدار بوون لە ڕاپەڕینی زنجدا زیاتر لە پێنسەد هەزار کەس بەشدار بوە. (علی محمد برقعی) ڕێبەری شۆڕشگێڕەکان، ئێرانیەکی ڕووناکبیر و خەڵکی (ورزنین) نزیک شاری (ری) بوە کە ماوەیەک شوغلی موعەلیمی هەبوە.

هیندوشاە، بە زاتێکی عاقڵ و فازل و شاعیری سەرکەوتوو نێوی دەبا، زۆربەی سەردارەکان و ڕاوێژکەرەکانی (برقعی) ئێرانی بوون و جووڵانەوەی ئەو لە بناغەدا جوڵانەوەیەکی ئێرانی دەژمێردرێ! نێوی ڕاستی و ئێرانی برقعی بێهبوود بوو. ناوبراو زۆربەی قەبیلەکانی نێوان دوو ڕۆباری دەگەڵ خۆی هاودەست کرد. یەک لە وان قەبیلەی بەنی تە میم بوو کە حسێن بن مەنسوور هەلاج ماوەیەکی زۆر لە نێو ئەواندا ژیا.

لەو نێو و ناتورە خراپانەی بەشێک لە مێژوو نووسان وە دوای ڕێبەری ڕاپەڕینی زنج یان داوە وا دەردەکەوێ، ئەو جوڵانەوەیەش وەکوو زۆربەی ڕاپەڕینەکانی دیکەی دژ بە عەرەبیی ئێرانیەکان، هەرچەند لە ژێر پەردەی ئوسووڵ و قەواعیدی ئیسلامیدا خۆی نیشانداوە، لە ناوەڕۆکدا لە ژێر کارکردی فکری ئیشتراکیی مەزدەک دابوە. بۆ وێنە تە بەری و ئیبنی ئەسیر ڕێبەری ڕاپەڕینی زنج بە دوژمنی خودا نێو دەبەن. تەبەری هەروەها دەڵێ لە شۆڕشی ڕەشەکاندا کۆمەڵێک لە قەرمەتیە کان دەستیان تێدا بوە. هێندێک لە توێژەوەرانیش دەڵێن دوای شکستی ڕاپەرینەکە شۆرشگێڕانی زنج دەگەڵ قەرمەتیە کان کەوتن. نووسینی مێژووی جوڵانەوەی زنج و جووڵانەوەی قەرمەتیەکان بە هۆی محەمەدبن سە هل، یەکێک لە خاوەن بیرانی ڕاپەڕینی زنج، پێوەندی ڕێبەرانی ئەو دوو جووڵانەوەیە دەگەیەنێ.

عە لی محە مەد بەرقەعی پێش ڕاپەڕینی کۆیلەکان، ماوەیەک لە (لحسا ـ بحرین) بوە و وادیارە لەوێ لەگەڵ ڕێبەرانی قەرامەتە کە لە ئێرانیە توند و تیژەکان بوون پێوەندی دۆستایەتی هەبووە و کارەکانی بنەڕەتیی شۆڕشی کۆیلەکانی ڕێکخستوە و پاشان بۆ ڕێبەری و دەست پێکردنی ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ ناو دووڕۆبار. کەوابوو:
عەقیدەی (ادوارد براون و دکتر زرین کوب) کە دەڵێن ڕاپەڕینی زنج و جوڵانەوەی قەرمەتییە کان پێوەندیان پێکەوە نەبووە، دروست نیە.

ئەو توێژە وەرانەی ڕێبەری ڕاپەڕینەکە بە شیعە وجووڵانەوەی زنج بە جوڵانەوەی ئیسلامی دەزانن تووشی هەڵە و خەیاڵات بوون چونکە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ڕێبەرانی جووڵانەوەی زنج بە کردەوە سیاسەتی ئیشتراکیی مەزدەکیان بەڕێوە دەبرد و لە باری عەقیدەتیشەوە خیلافی ڕێورەسمی ئیسلامی دەجووڵانەوە.

(خواجه نظام الملک) دەنووسێ: " مەزهەبی عەلی بن محه مەد بەرقەعی (ڕێبەری ڕاپەڕینی زنج) وەکوو مەزهەبی مەزدەک و بابەک و زەکەریای ڕازی و قەرامەتە دەچوو لە هەموو بارێکەوە."
نووسەرێکی دیکە بە دروستی دەنووسێ:" محەمەد عەلی بەرقەعی بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی، جووڵانەوەی خۆی بە شێوەی مەزهەبی دەرهێنابوو. لەسەر ئەو ئەساسەیە کە ڕێبەری ڕاپەڕینی زنج لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا و بە لەبەرچاو گرتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەندین جار، هەم بنەچەک و نیژادی خۆی و هەم پەردەی مەزهەبی خۆی ئاڵوگۆڕ پێکرد. مەسعوودی دەڵێ:" زۆربەی خەڵک دەڵێن بەرقەعی نەسە بی بنەماڵەی ئەبووتالبی بە زۆر بە خۆوە بەستبوۆە ئەما بە ئاشکرا لە دژی ئیسلام و بنەماڵەی (نبوت) هەڵدەسووڕا."
توێژینەوەکان دەڵێن هەرچەند بە دوای تەواو بوونی دەورانی خەلافەتی خولەفای (راشدین) بە هۆی زوڵم و بێدادی خەلیفەکانی (بنی امیه) و (بنی عباس) فکرو نەزەری کۆمەڵانی خەڵک بەرەو (اهل بیت نبوت) بوو، ئەما (علی محمد برقعی) بەبێ ئەوەی گوێ بداتە نەزەری ئەو خەڵکە ژن و منداڵی بنەماڵەی بەنی هاشم واتە دوودمانی پێغەمبەری بە کۆیلەتی دەبرد و ئەوەی ئەو دەگەڵ لە پاش بەجێ ماوانی بنەماڵەی پێغەمبەری کرد هیچکەسی دیکە سەبارەت بە بنەماڵەی محەمەد بە جایزی نەدەزانی.
شێوەی خەباتی ڕاپەڕیوەکانی زنج لە راستیدا شێوەی خەباتی پارتیزانی بوو. تاکتیکەکانی ئەوان لە شەڕدا هوشیاری و ئاگاداری ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بە جوانی نیشاندەدا. ژنیش لە شەڕەکانی ئەواندا بەشداریان دەکرد و وەکوو بەردهاوێژ نەخشێکی گەورەیان لەو جوڵانەوەیەدا هەبوو.

خەلیفەکانی عەباسی دوای پازدە ساڵان جا توانیان ڕاپەڕینی کۆیلەکان سەرکوت بکەن و زۆربەی ئەوان بکووژن. ژمارەی ئەو کۆیلانەی لە شۆڕشی زەنج دا کۆژران یان بێ سەرو شوێن کران ئیختلافی لەسەرە.

(فیلیپ) تەنانەت ژمارەی ئەوان تا پێنسەد هەزار کەس دەنووسێ. هێندوشاه تا دوو میلیونی دەباتە سەرێ. ئەو ژمارەیە هەرچەند زۆر زیاتر لە ئەندازە نیشان دەدا، ئەما بە مەعنای بەربڵاوی بەشداری کۆیلەکان لە ڕاپەڕینەکەدایە. لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ، لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا، خەلیفە نامەی بۆ محەمەد عەلی بەرقەعی نووسی و ئەمانیدا، و داوای لێکرد تەسلیم بێ. ڕێبەری ڕاپەڕینی زنج نامەی خەلیفەی دڕاند و لە وڵامدانەوەی خۆی پاراست. ڕاپەڕینی زنج پاش 15 ساڵ خەبات و سەرکەوتنی زۆر، لە ئاکامدا شکستی خوارد، عەلی محەمەد بەرقەعی ڕێبەری ڕاپەڕینەکە گیرا و دوای شکنجەی زۆر لە بەغدا لە دار درا. پاش مەرگی ئەو کۆیلەکان چوونە پاڵ جوڵانەوی قەرمەتیە کانەوە.

ڕاپەڕینی زنج حکوومەتی پڕ لە قەیران و تەنگ و چەڵەمەی عەباسی تووشی گیروگرفتی ئابووری گەورە کرد. خەلیفەکانی عەباسی بۆ نەجات لە داڕووخانی یەک جاری، مەجبوور بوون زەمینەکانی سوڵتانی و دەوڵەتی وەکوو (اقطاع) بەشەرتی خزمەت و مەعاف بوون لە ماڵیات بدەن بە وەزیر و خاوەن دەسەڵاتەکانی دەوروبەری خەلیفە. بەو جۆرە ڕەنجبەرە لادێ ییەکان کە تا ئیستا پێوەندیان بە خەلیفەو دەوڵەتەوە بوو و بەهۆی مەئمورانی حکومەتەوە راستەوخۆ مالیاتیان دەدابە دیوان، لەوە بەولاوە لە ژێر قودرەت و دەسەڵاتی پیاوێکی خاوەن دارایی دا بوون کە زمان کولتووری بێگانەی هەبوو و لە هەموو شت زیاتر لە فکری قازانجی ئابووری و وەسەریەک نانی دارایی خۆیدا بوو.
دەسەڵات و ئیختیاری لە ڕادەبەدەری ئەو حاکمە تازانەلە دێهاتدا بوە هۆی جۆرێک لە دیکتاتۆری خۆجێ یی و دەستدرێژی و چەوسانەوەی لادێییەکان توند و تێژتر بوو. بە پەرەگرتنی خاوەن ملکایەتی بە شێوەی (اقطاع) چونیەتی کۆ کردنەوەی خەراجیش ئاڵووگۆڕی کرد و لە شێوەی ماڵیای (دیوانی) ڕا بوو بە شێوەی قازنج وەرگرتنی هەرچی زیاتری خاوەن مڵکەکان. بەجۆرە کۆی دەسەڵاتی عەباسیەکان تووشی پەرێشانی و لێک بڵاو بوون هات و بوو بە زەمینەی عەینی بۆ زۆر شۆڕش و ڕاپەڕێنی تازە لە سەراسەری وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتدا.

**جووڵانەوەی قەرمەتیەکان**
ناسینەوەی فکر و فەلسەفەی ڕاپەڕینی قەرمەتیەکان و جێ و ڕێی چینایەتی ئەوان، بۆ تێگەیشتن لە فکری حسێن بن مەنسوور هەلاج و چۆنیەتی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەویەگجار گرینگە. چونکە بەڕیوایەتی زۆربەی

مێژوونووسان و توێژە وەران، هەلاج دەگەڵ ڕێبەری قەرمەتیەکان (ابو سعید جنابی) ئاشنایی و پێوەندی نزیکی بوە و نامە گۆڕینەوەشیان لە مابەینادا بوە.
کوتمان لەگەڵ خەلافەت و دەسەڵاتی عەباسیان توجارەت و پێشەوەری پێشکەوتنی تەواوی هەبوو و دامەزراندنی پێوەندی توجارەتی دەگەڵ ئوروپا بوە هۆی گەشە کردن و پێشکەوتنی زیاتری سەنعەت. دەرهێنانی زێوو ئاسن لە خوراسان، فارس، قومس و کرمان، مس لە ئازەربایجان و دەورەبەری دەریای خەزەر، زێڕ لە خوراسان، نە فت لە فارس، گۆگرد و قەڵایی لە دەوروبەری کێوی دەماوەند و... بوە هۆی پەرەگرتنی سەنعەتی ئاسن. هەروەها دابین کردنی هێمنایەتی لە وڵاتەکانی سەربە خەلافەت بوە هۆی پەرەگرتنی سەنعەتی بچووکی دەستی وەکوو ئاوریشم و بەن کە زۆری پەرەگرت و خەڵک رووی تێکرد. سەنعەتی پارچە دروستکردن لەو زەمانەدا بناغەی ئابووری بازاڕەکانی ئیسلامی بوو. لە نەیشابوور، مەرو، کازرون، بەم و کرمان پارچەی زۆر جوان دروست دەکرا. هەروەها دیبای شووشتەر لە نیادا مەشهوور و بەناوبانگ بوو. کەتان لە کازرون و شوێنەکانی دەورووبەری دروست دەکرا و بۆ غاڵبی وڵاتانی ئیسلامی بەڕێ دەکرا. لە شاری شووش لیباسی قیمەتی و شاپە سند دەچندرا و بەوجۆرە گەشە کردنی توجارەت و سەنعەت بوە هۆی رسکانی توێژی سەوداگەر و پیشەوەر و سەنعەتکار. لە حاڵێکدا دەسەڵات و پاوانخوازی فێئوداڵەکان، خەلیفە و باڵادەستەکانی دەورووبەری دەگەڵ قازانج و ژیانی ئابووری ئەو توێژە تازە پێ گەیشتووە ناتەبایی قووڵی هەبوو.

لەو چاخەدا بەشێک لە پیشەوەران و سەنعەتگەران لە کارگاکانی خەلیفەدا کاریان دەکرد کە پێیان دەکوترا (بیت الطراز). ئەو کارگایانە لە ژێر چاوەدێری کەسێک دابوون کە پێی دەکوترا (صاحب الطراز). بەرهەمی ئەو کارگەیانە دەناردرا بارەگای خەلیفە و هەرچی لەوێ بەزیادی ماباوە لە بازاڕدا دەفرۆشرا.
بەهەریەک لە پیشەوەرو سەنعەتگەرەکان رۆژێ نیو درەم دەدرا کە یەک جار زۆر کەم بوو.
ئیبنی بەلخی شێوەیەکی دیکە لە چەوسانەوەی پیشەوەران دەگێڕێتەوە و دەڵێ لە کازرون تەنیا ئاوی کەریزی (راهبان) بۆ سپی کردنەوەی کەتان بە کەڵک دەهات. ئەو کەرێزەش ئی خەلیفە بوو. ئەو جۆڵایانەی کەڵکیان لە ئاوی ئەو کەرێزە وەردەگرت مەجبوور بوون هەرچی چنیویانە بە قیمەتی هەرزان بە موعمووری خەلیفەی بفرۆشن و ئەوان بە قازانجی خەلیفە بەگران تر بە خەڵکی دیکەیان دەفرۆشتەوە.

نووسەری (دنباله تاریخ طبری) دەنووسێ: عەلی بن ئەحمەد راسبی فەرمانداری گوندی شاپوور و شووش و هەمەکارەی ئەو ناوچەیە بوو. مڵکی بەربڵاو و داهاتی بەلێشاوی هەبوو، هەشتا کارگەی هەبوو کە لەوان دا لیباسی حەریر و شتی لەو چەشنەی تێدا دروست دەکرا. لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوەی دەسەڵات و پاوانخوازی فیئودالی بەسەر کارگاکانی ئاو و کشت و کاڵ، هەروەها وەرگرتنی ماڵیاتی قورس، وەرزێر و خاوەن مڵکەکانی مەجبوور دەکرد، زەویەکانیان بفرۆشن و بۆ پەیدا کردنی بژێوی خۆیان بەرەو شارەکان و شوێنەکانی بازرگانی باربکەن. گوێستنەوە و بارکردنی ئەوانە بۆ شارەکان، ئەوانی دەکرد بە پیشەوەر و سەنعەتکار و دەبوە هۆی بەهێز بوونی ئەو کارگایانە. هەڵاتنی لادێ یی بێ زەویش ئەوانی دەکرد بە کرێکار و رەنجبەری شارەکان.

* * *

گەشە کردنی توجارەت و سەنعەت بوە هۆی گەشە کردنی عولوومی وەکوو فیزیک، شیمی، ریازی و پزشکی و بە تایبەتی ئەستێرەناسی و جوغرافیا کە بۆ گەشە کردنی بازرگانی بەکەڵک بوون.
زانستەکانی سروشت، ئەندێشەی ئازاد و کەڵک وەرگرتن لە عەقڵ و دڵ خۆش کردن بە دنیا و ژیانی دنیایی لە داوێنێ خۆی دا پەروەردە کرد. سروشت بۆ پیشەوەر و سەنعەتکاری تازە پێ گەیشتو تێکەڵێک بوو لە ماددەی خاو، سەرچاوەی بەرهەم هێنان و دارایی، ئەوان بە گوێرەی ناوەڕۆکی چینایەتی خۆیان رووتێکردنێکی دنیایی و عەقڵانی یان سەبارەت بە بوون هەبوو وبێ شک ئەورووتێکردنە عەقڵانیە دەگەڵ دنیابینی مەزهەبی و ئیسلامی حاکم بە سەرکۆمەڵ دا بە تەواوی لە دژایەتی دابوو. کە وابوو پێناسەی توێژەکانی تازە پێ گەیشتووی کۆمەڵی فیئودالی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا دەتوانین بەو شێوەیە دەس نیشان بکەین!

1- له باری ئابووری ـ سیاسیەوە ئامانجی پیشەوەران و سەنعەتکارانی تازەپێگەیشتوو، خەبات لە دژی حکوومەتی فیئۆدالّی عەباسی بوو کە بە پاوان کردنی سەرچاوەکانی پیشەوەری و سەنعەت، ئەو چینە تازەپێ گەیشتووەی بە تەواوی لە ژێر چۆک و سەیتەرەی خۆی نابوو.
2- لە باری فیکری ـ فەلسەفیەوە هەوەڵین ئامانجی پیشەوەر و رەنجبەری شارەکان، خەبات لە دژی دینی فیئودالّیی حاکم بەسەر کۆمەڵدا بوو کە ناسینی راستەقینەی سروشت و دڵ خۆش کردن بە ژیانی دنیایی رەد دەکردەوە و حاشای لێدەکرد.
بە وجۆرە زۆر روونە کە بە قەولّی(برتلس)،( بطروشفسکی) و ئی دیکە، رێکخراوە پیشەوەرییەکان لە دەس پێک ورسکانیانەوە دەگەڵ فرقە جۆراوجۆرە مەلحیدەکان پێوەندی نزیکیان هەبوە. قەدیمترین وتەیەک کە لە بارەی ڕێکخراوە سەندیکاییەکانی ئیسلامەوە بە دەستەوەیە لە رەساڵەی هەشتەمی (اخوان لصفا) دایە کە وێدەچێ ئەوانیش هەر قەرەمەتی بووبن، هێندێک کەس رسکانی ئەو رێکخراوەیە راستەوخۆ دەگەڵ جووڵانەوەی قەرەمەتیەکان پێوەند دەدەن. جوڵانەوەی قەرەمەتیەکان، جوڵانەوەی بەربڵاوی دژی فیئۆدالّی پیشەوەر و لادێ یی سوورییە، عێراق، یەمەن و خوراسان بوو. بە باوەڕی( بطروشفسکی) ڕێکخراوی نهێنی قەرەمەتیەکان وێدەچێ پێش لە ڕاپەڕینی زەنگیەکان پێکهاتبێ و وێش دەچێ لە نێو پیشەوەراندا سەری هەڵدابێ، ڕاپەڕینی قەرەمتیەکان ساڵی 260ی کۆچی لە خوزستان روویدا. ڕاپەڕینی گەورەی دیکەش لە خوارووی عێراق لە ژێر ڕێبەرایەتی (حمدان قرمط)دا دەستی پێکرد. ناوبراو ساڵی 277 لە کووفە (دارالهیجرەیەکی) پێکەوەنا کە خەزینەی گشتی هەبوو و قەرەمتیەکان پێنج یەکی داهاتی خۆیان بۆ دەنارد. تۆێژە وەرانی وەکوو (ایوالف) قەرمەت لە وشەی قرمیسین بە مەعنای پیشەوەر و وەرزێر دەزانن، ئەما جێگای شک گومان نیە وشەی قەرمەت و قەرمەتی لە نێوی (حمدان قرمط) هەوەڵین پایەدانەری ئەو ڕێکخراوەیەوە هاتوە.

سەعید نە فیسی دەنووسێ: قرمەتیەکان مەسلەکی وەکوو مەسلەکی (اباحیە)یان هەبوە کە ڕەنگە لە مەزدەکیەکانیان وەرگرتبێ و لەوانەشە هەر مەزدەکی بووبن کە لە دەورانی ساسانیەکان ڕا لەو شوێنانە ژیابن و ئێستا بە نێوێکی دیکە سەریان هەڵێناوەتەوە! نووسەرانی (تاریخ فلسفە در جهان اسلام) پێ دادەگرن لە سەر ئەوەی لە نێوان مەزهەبی قەرمەتیەکان و شێوەی کۆمەڵایەتی مەزدەک و بابەک پێوەندیەکی قایم هەیە و عولەمای ئیسلام لە مەسلەکی (قەرمەتی) دا ئاسەواری هێرشی مەجووس و مەزدەکی و مانەوی، بۆ پرش و بڵاو کردنی کۆڵەکەی ئیسلام بە ئاشکرا دەبینن.
لویی ماسینیون و هێندێک موستەشرێق و توێژە وەری دیکە، قەرمەتیەکان و ئیسماعیلیە و فاتمیەکانیان بە یەک شت زانیوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی عەقیدە فەلسەفی سیاسیەکانی قەرمەتیەکاندا تووشی هەڵە بوون. دەبێ بزانین قەرمەتیەکان لاباڵّی ڕادیکاڵی فرقەی ئیسماعیلیە بوون کە بە خیلافی ئیسماعیلیە و فاتمیە، پابەندی ئوسووڵ و عەقیدەی دینی نەبوون، بەڵکوو لە دژی دین و دەوڵەتی ئیسلامی خەباتیان دەکرد.
(اصطخری و ابن حوقل) دەڵێن پێشەوای قەرمەتیەکان ئەبووسەعیدجەنابی ئاردفرۆش بوە.(ابن اثیر) دەڵێ بەقاڵ بوە لە حاڵێکدا نووسەری ـ( بحرالفواید) ـ بە پیاوێکی بەرگ درووی خەڵکی شاری جەنابی زانیوە و بەوجۆرە لە سەرچاوەکان دەردەکەوێ ئەبووسەعیدجەنابی خەڵکی (جنابە)، بەندەری گەناوەی دووڕگەی فارس بوە. ئەو بە -هاودەستی (حمدان قرمط) و (زکرویە) کە هەردووکیان ئێرانی و لە (شعوبیە) توندەکان بوون ڕێکخراوی سیاسی قەرمەتیەکانیان پێک هێنا.

ئەبووسەعید جەنابی ماوەیەک لە گەناوە و توز خەریکی بڵاو کردنەوەی عەقیدەی قەرمەتیەکان بوو و دوای ئەو کەوتە ژێر چاوەدێری و ڕاونانی مەعموورەکانی خەلیفە، چوە بەحرەین کە پێشتر یەکێک لە ویلایەتەکانی ئیمپراتووری ئێران بوو و زۆربەی دانیشتوانی ئێرانی وجوولەکەبوون. زۆر لە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئێستا ئیسلامیان قوبووڵ نەکردبوو جزیە و خەراجیان دەدا. بۆیە بەحرەین و شوێنەکانی دەوروبەری بوە پێگەیەکی باش بۆ قەرمەتیەکانی خواروو. خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئەبووسەعیدجەنابی کۆ بۆوە و ئەویان بە پێغەمبەر و تەنانەت بە خوداش دەزانی. زۆر زوو شارەکانی (لحسا، قطیف و بحرین) کەوتە ژێر دەسەڵاتی ناوبراو و هەوەڵین کۆماری غەیرە مەزهەبی (لائیک) یان لە لەحسا پێک هێنا کە نزیک بە 150 ساڵی خایاند. شاری لەحسا بە هۆی هەڵکەوتنی تایبەتی بەندەری و بازرگانی خۆی، لە پێوەندی دەگەڵ وڵاتەکانی هیندوستان و چین دا جێگای سەرنجی بازرگان و دەوڵەمەندان بوو و لەو ڕێگایەوە قازانجێکی زۆر وەگیر دانیشتوانی ئەو شارە دەکەوت.
هێندێک کەس کۆمەڵی (اخوان الصفا) و قەرمە تیەکان بە یەک شت دەزانن، بێ شک لە باری فەلسەفیەوە قەرمەتیەکان لە ژێر کارکردی (اخوان الصفا)دا بوون. ئەوەی کە (گلدزیهر) فەلسەفەی (اخوان الصفا)ی بە فەلسەفەیەکی دینی داناوە، هەڵەیە. ئامانجی (اخوان الصفا) ئامانجێکی سیاسی بوو و شیعەگەرییان وەکوو پەردەیەک بۆ شاردنەوەی نەزەر و

ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەخوانولسەفا پێیان وابوو فەلسەفە لە سەرەوەی شەریعەتە و فەزیلەتی فەلسەفە لە سەرەوەی فەزیلەتی شەریعەتە. هەروەها پێیان وابوو مەکتەب و مەزهەبی عەقڵی لە سەرەوەی هەموو دین و مەزهەبێکە و تەنیا بە هۆی عەقڵ و دیاردەکانی عەقڵیەوە دەبێ ژیانی ئینسان بچێتە پێش. ئەوان دەیانکوت ئەوەی خودا بەندەکانی خۆی بە ئاوری جەهەندەم شکەنجە دەدا یان ڕق و تووڕەیی خۆی بە بەندەکانی دەڕێژێ، جێگای قوبووڵی عەقڵ نیە، بەڵکوو هەرچی هەیە هەر لەو دینایەدایە و نەفسی خەتاکار دەبێ جەهەندەمی خۆی هەر لەو دونیایەدا ببینێ و بەهەشتی وەعدە دراویش هەر لەو دنیایەدا دروست بکا. ئەخوانولسەفا مەعاد و موعجزەی پێغەمبەرانیان رەد دەکردەوە و بە ڕاستی پێیان وابوو تەنیا عەقڵ دەتوانێ پێک هێنەری فەزیلەتی ڕاستەقینە بێ!

قەرمەتیەکان ئەو زانستانەی لە یونان و میسر و ئی دیکەیان وەرگرتبوو، هێنایانە سەر زمانی عەرەبی و لە نێوان لایەنگرانی خۆیاندا بڵاویان کردەوە و زۆر زوو لە نێو وڵاتانی جۆراوجۆری ئیسلامیدا و لە نێو توێژی بازرگان و ڕووناکبیراندا لایەنگری زۆریان پەیدا کرد. ئەوان پیرەوانی ئایینی ئیسلامیان بە چاوی سووک چاو لێدەکرد و هەرچی قورئان و تەورات و ئینجیل بوو هەموویان فڕێ دا و لە بەینیان برد. لە ڕوانگەی ئەوانەوە 3 کەس نفووسی دنیایان گوم ڕاکردبوو. شوانێک (مەبەستیان مووسا بوو) و دوکتورێک (مەبەستیان عیسا بوو) و وشترەوانێک (مەبەستیان محەمەد بوو) و وشترەوانەکە لەوانی دیکە کڵاوبەردارتر و تەڕدەست تربوو. بۆیە ئێمە لەگەڵ بۆچوونی (نولدکە) و دوکتور (خربوطلی) و هەروەها( پطروشفسکی) کە ڕابوونی قەرمەتیەکانیان بە شتێکی ئیسلامی و بەشێک لە غولاتی شیعە داناوە یەک ناگرینەوە. چونکە هەروەکوو دیمان عەقیدە و قسەی قەرمەتیەکان نە تەنیا دەگەڵ ڕێوڕەسمی ئیسلامی یەک نیە. بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەگەڵێ لە دژایەتیدایە. شکڵ و پەروەردەی مەزهەبی ئەو ڕابوونانە لە ڕاستیدا نوێنەری نیازی مەعنەوی ڕێبەرەکانیان بە مەزهەب نەبووە. بەڵکوو پەردەی مەزهەبی ڕابوونە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەبێ لەو عیللەتانەی خوارەوەدا ببینینەوە!

1ـ هەلومەرجی سەختی مەزهەبی و ئەو تەبلیغاتەی بۆ سەرکوتکردنی مولحید و شۆڕشگێران دەکرا دەبوە هۆی ئەوە ڕێبەرانی جووڵاەوە پێشکەوتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک لە پەردەی مەزهەب بۆ ئاشکرا کردنی عەقیدەکانیان کەڵک وەرگرن.

2ـ لە هەلومەرجی سیاسی، فەرهەنگی سەدەکانی نێوڕاستدا، وجودی حیزبی سیاسی پێشکەوتوو نەناسراوبوو و هەرشێوە ئیلحاد وئیرتێدادێک، وەکوو لادان لە دین خۆی دەنواند .بارتولد، فویرباخ وئینگلس دەڵێن لە دەورانێک دا کە کۆمەڵ غەیری دین و ئیلاهیات ناوەندێکی دیکەیان نەدەناسی، کەڵک وەرگرتنی ڕێبەرانی جووڵانەوە پێشکەوتوەکان لە نەقابی مەزهەب پێویستیەکی ناچاری بوو بۆ کە سبی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ئەو جوڵانەوانە. قەرمەتیەکان هەر چەند هێندێک جار لە نقابی مەزهەب کەڵکیان وەرگرتوە ئە ما ئەو کارە تەنیا بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ گۆڕەپانی خەبات بوە. بە تێگەیشتنی تەواو لە ناوەڕۆکی عەقیدەتی ئەو رەوتەیە کە مێژوونوسانی موعتەبەر وەکوو (ابن اثیر و طبری) قەرمەتیەکانیان بە دوژمنی خودا زانیوە و نووسیویانە قەرمەتیەکان خۆیان بە شیعە دادەنا تا بەو هۆیەوە بتوانن کاری خۆیان ئەنجام بدەن و کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

(بغدادیش) هەروەها بۆ نیشاندانی وەرگەڕانی قەرمەتیەکان لە ئیسلام و زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێرانی دەلیل و بەڵگەی زۆری نیشانداوە و دەڵێ: چونکە قەرمەتیەکان نەیاندەوێرا باوەڕە دژی ئیسلامیەکانی خۆیان بە ئاشکرا ڕابگەیەنن، باوەڕەکانی خۆیان لە لیباسی مەزهەبی (فاطمی)دا بڵاو دەکردەوە لەبەر هەلومەرجی تایبەتی، مەزهەبی ئەوزەمانە بوو کە قەرمەتیەکان حەقیقەتی مەزهەبی خۆیان بۆ لایەنگرەکانیان ئاشکرا نەدەکرد. مەگەر دوای ئامادە کردنێکی درێژخایەن و پوخت و دوای تێ پەڕ کردنی دەورەی جۆراوجۆر کە رەوشی فیثاغورسیان و مانەویان مان وەبیردەخاتەوە و هەروەها دوای ئەوەی کابرایان سوێندخۆر دەکرد کە هیچ ڕازێک نەدرکێنێ.

ڕێکخراوی نهێنی قەرمەتیەکان، بە هۆی تەبلیغاتی بەربڵاو زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە تایبەتی دەگەڵ ڕووناک بیرانی بەغدا و یەک لەوەن حسێن بن مەنسوور هەلاج و کەسایەتی وریای دیکەی وڵاتانی ئیسلامی، بە شێوەی نهێنی رەمزی خەریکی نامە نووسین و پێوەندی گرتن بوون. ئەوان لە نامەنووسین و پێوەندیەکانی خۆیاندا لە جۆرێک خەتی رەمزی کەڵکیان وەردەگرت و ئەوەش دەلیلە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی قەرمەتیەکان خاوەنی چوارچێوەیەکی ڕێک و پێکی سیاسی بوە. بەرهەم و شێعری هێندێک نووسەر و شاعیری سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی بوونی ئەو خەتە نهێنیە ئاشکرا دەکەن.( حکیم عمر خیام نیشابوری) لە شیعرێکی خۆیدا دەڵێ:

اسرار ازل را نە تو دانی و نە من     این خط قرمط نە تودانی و نەمن

ناسرخوسەرو هاوکات دەگەڵ هەڵسەنگاندنی پێگەی چینایەتی و شکڵی حکوومەتی قەرمەتیەکان، سەبارە ت بە فەرایزی دینی و سیاسەتی مەزهەبی قەرمەتیەکان دەڵێ: لە شاری لەحسا مزگەوتی جامع و شتی وانەبوو، هەر مزگەوتی لێ نەبوو و دانیشتوانی ئەو شارە نوێژیان نەدەکرد.
محەمەد حوسێن عەلەوی دەڵێ: لە باری فەلسە فیەوە قەرمەتیەکان و زەندیقەکان لەسەر رەدکردنەوەی خودای خوڵقێنەردا یەک دەنگ بوون.

بەهۆی باری ئابووری باشی قەرمەتیەکان، حکوومەتی ئەو وڵاتە دەگەڵ وڵاتانی موسوڵمان کە باری حکوومەتی و ئابووری دواکەوتوویان هەبوو، هەمیشە بەربەرەکانی دەکرد و درێژەی بە رەواج و تەبلیغی عەقیدە و شێوەی حکوومەتی خۆی دەدا.
مەسعوودی دەڵێ: تەبلیغاتی نهێنی قەرمەتیەکان لە زیدی عەباسیان بوە هۆی ئەوە وردە وردە رووناک بیران و کۆمەڵانی ناڕازی لە حکوومەتی عەباسی لەدەوریان کۆ ببنەوە و لە بەربەرەکانی پارتیزانی قەرمەتیەکان دا هاوکاری بکەن و یاریاریدەیان بدەن.
بوسورت دەنووسێ: ڕێکخراوی قەرمەتیەکان تەقریبەن لایەنی ئیشتراکی و سوسیالیستی هەبوو و مالیاتی کۆکراوە بە ئەندازەی ئیحتیاج دەدرا بە ئەندامانی کۆمەڵ. (حناالفاخوری و خلیل الجروفیلیپ حنی)ش دەنووسن: جموجۆڵی قەرمەتیەکان بە مەیلی شۆڕشگێرانەیانەوە لە دەزگای سیاسی ئیسلامدا ببوە هۆیەکی ترس هێنەر. ئەوان یەکسانی و بەرابەری ئابووری و کۆمەڵایەتیان تەبلیغ دە کرد و هەر ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆری لادێیی و پیشەوەرەکان لەدەوری کۆبوونەوە!

دوکتور (خربوطلی) دەگەڵ پشت گرتنی قەرمەتیەکان دەنووسێ (حمدان قرمط) بە گوێرەی دنیابینی خۆی پشتیوانی لە کۆمەڵێکی سوسیالیستی دەکرد و زەوی بە دارایی گشتی لە قەڵەم دەدا، ئەو خاوەن مڵکایەتی لابرد و دەیکوت چونکە ئێمە عەقیدەمان بە خاوەن مڵکایەتی فەردی نیە و زەوی بە دارایی گشتی دەزانین کە وابوو خاوەن مڵکی گشتی دەکەینە جێ نشینی خاوەن مڵکی فەردی و هەموو خەڵک هەقی کەڵک وەرگرتن و بەشدار بوون لە قازانجی کێڵگەیان هەیە.

کاری قەرمەتیەکان گەیشتە جێگایەک کە هەموویان دارایی خۆیان کردە شتێکی گشتی و لە ئیختیاری جەمیعی قەرمەتیەکانیان نا، ئێدی دارا و نەدار و لە بەینی ئەوان دانە ما و هیچکەس غەیری شمشێر و چەکەکەی داراییەکی دیکەی نەبوو.
لە باری سیاسیەوە قەرمەتیەکان عەقیدەیان بە سەقامگیر کردنی حکوومەتی کۆماری بوو بەڵام نەک بەشێوەی خەلافەتی مەورووسی و یەک بەدوای یەکدا، ئەوەش بۆ خۆی دەلیلێکی دیکەیە بۆ وەی فەلسەفەی سیاسی قەرمەتیەکان لە بنەڕەتدا ڕا دەگەڵ مەیلی سەلتەنەتخوازانەی حکوومەتی مە و رووسی شیعەکان دژایەتی هەبوو.

ساڵی 294ی کۆچی قەرمەتیەکان هێرشیان کردە سەر شاری مەکە و حاجیەکانیان کوشتار کرد، یازدە رۆژ لە مەکە مانەوە و (حجرالا سود) و هەرچی شتی قیمەتی و جواهێرات لە ژووری کەعبەدا بوو دەگەڵ خۆیان بردو گەڕانەوە بۆ بە حرەین. مێژوو نووسەکان لەو بارەوە دەڵێن: قەرمەتیەکان حەجەرلئەسوەدیان لە ماڵی خودا جیا کردەوە. هەڵیان کوتاسەربانی مە کە و پلوسکە زێرینەکەیان هەڵقەند و دەیانکوت چونکە خودای ئێوە بەرەو عاسمان رۆیوە و ماڵەکەی خۆی بەجێ هێشتووە، ماڵەکەی تاڵان و وێران دەکەین.
بۆیە ئەوپەردەی بە سەرماڵی کەعبەدا دڕابوو لێیان کردوە و بەتاڵانیان برد و بەتەشەرەوە دیانکوت ئەدی بۆ چی لە پەنای کەعبەشدا لە شمشێری ئێمە ڕزگاریتان نەهات؟ ئەگەر خودایەک هەبایە دەبا ئێوەی نجات دابا.
هێرشی قەرمەتیەکان بۆ مە کە لە لایەن گەورە پیاوان و رووناک بیرانی ئەو سەردەمەدا بە شادی و خۆشیەوە پێشوازی لێکرا.
(ابن مسکویە) دەنووسێ: بۆ سەرکوت کردن و بڵاو کردنی قەرمەتیەکان لە ناوچەکانی نێوان دوو روباردا خەزێنەی دەوڵەتی عەباسی بەتەواوی هەڵتەکابوو، چونکە دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە 706 میلیۆن دیناری زێری هەڵگرتبوو. هۆیەکانی سەرکەوتن و خۆڕاگری سەدوپەنجا ساڵەی حکوومەتی قەرمەتیەکان دەتوانین لەو خاڵانەی خوارەوەدا خولاسە کەینەوە.

1- خاوەن بوونی دنیا بینیەکی غەیرە مەزهەبی کە بابەتێکی باش و جێی متمانە بوو بۆ دروست کردنی بەهەشتی مەوعوود لە سەر ئەو دنیایە.
2- هەڵبژاردن و بە ڕێوەبردنی ئابووریەکی ئیشتراکی لە سەر ئەساسی دابەشینی عادڵانەی دارایی و بڵاو کردنەوەی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی.
ئەبوو سەعید جەنابی ڕێبەری قەرمەتیەکان بەبنیادنانی حکوومەتی دێموکراتیکی (لحسا) و بەرەوشی ئازایا نەی خۆی، ڕێوڕەسمی پێک هێنانی حکوومەتی ئازاد و نیشتمانی فێری باقی ڕێبەرانی جووڵانەوەکانی نەتە وایە تی کرد.
* * *

قەرمەتیەکان لە ئێراندا، پێگەیەکی یەک جارگەورەیان لە نێو لادێیی و کۆمەڵانی دیکەی خەڵک دا هەبوو، لە زەمانی نووحی دووهەمی سامانی جوڵانەوەی قەرمەتیەکان بە هاودەستی دەوڵەتی فیئوداڵ و رووحانیەکانی سەربەوان بە توندی سەرکوت کرا. لە زەمانی سولتان مەحموود غەزنەوی دا، ڕاونان و سەرکوتی قەرمەتیەکان بە توندی درێژەی هەبوو.

(گردیزی) دەنووسێ: مەحموود بەشی زۆریانی گرت، شکەنجەی کردن و دەستی پەڕاندن. بەشێکیان لە قەڵاکاندا زیندانی کران تا هە ر لەو جێگایانەدا فەوتیان کرد،
لە شیعری شاعیرەکانی بارەگای سولتان مەحموود غەزنەویدا، باسی کوشتاری بێ بەزەییانەی قەرمەتیەکان زۆرە.
(فرخی سیستانی) دەڵێ:

قرمطی چندان کشی کز خونشان تا چەند سال
چشمەهای خون شود دربادیە ریگ مسیل

(عنصری) لە مەدحی سولتان مەحمووددا دەڵێ:

نە قلعە ماند کە نگشاد و نە سپە کە نزد
نە قرمطی کە نکشت و نە گبرو نە کافر

## ڕەوتی ئەندیشە لە سەرەتای ئیسلامەوە ....

**کورتەیەک سەبارەت بە ڕەوتی ئەندیشە لە سەرەتای ئیسلامەوە تا کۆتایی سەدەی سێهەمی کۆچی.**

وڵاتی عەرەبوستان پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بە هۆی پێوەندی خێڵەکی و کۆیلەداری و بوونی ئابوورییەکی هەڵوارده و سروشتی، لە سەریەک لە کۆمەڵێک قەبیلە و تایفەی بڵاو و لە هێندێک واحە پێک هاتبوو.

لە هەلومەرجێکی وادا بە هۆی کزبوونی پێوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی و نەبوونی تێکەڵاوی فکرو کولتوورەکان، عیلم و نووسین نەیدەتوانی گوڵ بکا و هەڵ بدا. پاش سەرهەڵدانی ئیسلام کە بەرهەمی ڕەوتێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر بوو بە هۆی گەشە کردنی پێوەندیەکانی بازرگانی و سەرهەڵدانی پێوەندی ئابووری لە بە ینی خێڵەکان و شارە کانی( جزیرەالعرب )دا تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕی کولتووره جیاوازەکان دەستی دا. ئەما عەرەبەکان دوای ئیسلامیش سە رنجێکی وایان نەدەدا خەت و نووسینی عیلم و دانیش. تەعەسوبی فیکری و عەقیدەتی و فەرمانبەری کوێرانە لە پێشە وایانی مەزهەبی ئیسلام، بوە هۆی ئەوەی عەرەبەکان دوای قوبووڵی ئیسلامیش هیچ شتێکی غەیری قورئان بەلایقی خوێندنەوە نەزانن و دەگەڵ بەرهەمەکانی عیلمی و زەخیرەکانی کولتووری بەشەر بەچاوی دوژمنانە و دژایەتیەوە هەڵس و کەوت بکەن.

عەرەب بە ئیلهام وەرگرتن لە قسەکانی موحەمەد پێیان وابوو عیلمی هەوەڵین و ئاخرین لە قورئان دایە. پێ چەقاندن لە سە رئەو ئایەتانەی کە قورئانی وەکوو کانگای هەرچەشنە ئەندیشە و عیلم و دانێشیک دەناساند، بوە هۆی ئەوە پێشی پشکووتنی کولتوور و دانیشی عەرەب بگرێ و ئەوان غەیری قورئان و نووسراوەکانی قورئان، کتێب و کولتووری دیکە بە رەسمیەت نەناسن.

سیاسەتی خۆپاراستن لە کافران کە لە سەراسەری قورئان دا پێی لەسەر دادەگیرێ، هۆیەکی دیکە بوو بۆ ئەوەی عەرەبی موسوڵمان لە نزیکی و تێکەڵاوی دەگەڵ خەڵکی دیکە و ئەندێشەی دیکە بسەڵمێتەوە و لە ئاکامدا لە گەشە کردن و تە کامولی کولتووری بێ بەش بمێنێتەوە.

(ابن عباس) لە زمانی پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە کوتی: گومڕایی پێشینییان بە هۆی نووسینەوە بوە.

وەک دەگێڕنەوە (سعید الخدری) ئیخازەی نووسینی عولومی لە محەمەد داوا کرد، بەڵام دەگەڵ داخوازەکەی هاودەنگی نەکرا، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو ئەگەر نووسینەوەی عولووم دەست پێ بکا و بەرهەمەکانی عیلمی و فەلسەفی میللەتە خاوەن شارستانییەتەکانی دراوسێ وەرگێردرێتەوە سەر عەرەبی و بگاتە دەستی خەڵکی، کۆڵەکەکانی عەقیدەی مەزهەبی عەرەب سست و کۆلۆر دەبێ، لەبەر ئەوە بوو عەرەب دوای هێرش بۆ سەر وڵاتە خاوەن شارستانیە تەکان و داگیرکردنیان، بێ سێ و دوو لێکردن دەستیان کرد بە سووتاندن و نابوود کردنی زە خیرەکانی عیلمی و کولتووری نەتە وەکانی مەغلووب کراو.

کاتێک (عمر بن العاص) دەستی بەسەر میسرداگرت و سە بارەت بەکتێبخانە پڕ بایەخەکانی ئەسکەندەرییە ڕاوێژی دەگە ل عومەرکرد،عومەر لەجوابدابۆی نووسی: سەبارەت بەو کتێبانەی نووسیوتە ئەگەر لەواندا مەتڵەبێک موافقی کتێبی خودا هەیە ئەوە بەبوونی کتێبی خودا ئیدی بەکەڵکی ئێمە نایەن و ئەگەریش لەواندا شتێک دژی کتێبی خودا هەیە، ئەوە بۆنابوود کردنیان قۆڵ هەڵماڵە، هەر بە گەیشتنی ئەو دەستوورە، عومەر بن ئەلعاص بەرهەمی شارستانییەت و کولتووری چەندین هەزار ساڵەی میللەتێکی مێژوویی، هاویشتە توونی حەمامەکانەوە. تا ماوەی 6 مانگ حەمامەکان بە سووتاندنی ئەو کتێبانە گەرم دەکران.

دوای فەتحی ئێرانیش سەعد بن ئەبی وەقاس سەبارەت بە کتێبەکان و نووسراوەکانی کتێب خانەکانی ئێران دەستووری لە عومەر خواست. عومەر بۆی نووسی، لە ئاوریان هاوێ. عومەر پێی وابوو بە بوونی قورئان موسوڵمانەکان ئیحتیاجیان بە چ کتێبی دیکە نیە.

دەگێرنەوە، ڕۆژێک عومەر لاپەڕەیەکی کتێبی تەوراتی بەدەستەوە بوو. پێغەمبەری ئیسلام بە دیتنی ئەوە تێک چوو و کوتی: مەگەر بە جێگای تەورات کتێبێکی روون و خاوێنم نەهێناوە کە ئەگەر مووساش زیندوو بایە لە ناچاری پەیرەوی لێدەکرد؟ ئەو جۆرە تێڕوانینەی موسوڵمانان بە کتێب و کولتووری بێگانە بێ شک، سیاسەتی عەمەڵی خەلیفەکانی ئیسلامی، لە دوارۆژدا دیاری کردووە.

هەروەکوو کوتمان بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، کولتووری عەرەب و باقی وڵاتانی دیکەی داگیرکراو و موسوڵمان کراو یەک لەوان ئێران، لە ژێر کارکردی توندی تەبلیغات و تەعلیماتی مەزهەبی دا بوو. ئەحکامی مەزهەبی جێگای فە لسەفەیان گرتەوە و کوتنەوەی دەرسی عولوومی سروشت و ریازیات تەرک کرا. مێژوو و ئەدەبیاتیش تاڕادەی وەسفی پێشەوایانی مەزهەبی و تاریفاتی خولەفای ئیسلام تەنەزولی کرد. فێئودالیسمی تازە پێگەیشتووی عەرەب کە قودرەتی خۆی لە ڕێگای چەوساندنەوەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی بەسەرکۆمەڵانی زەحمەتکێش دا قورس و قایم دەکرد بە یاریدەی دەزگا دامەزراوەکانی حوقووقی و مەزهەبی ئیسلام مەشرووعیەتی قودرەتی خۆی دەسەلماند.

پارێزەرانی دین و دەوڵەت وەکوو کلیسای سەدەکانی ناوەڕاست بێ بەزەیی یانە، خاوەن بیرانی ئازاد ئەندیش و پێشکە وتوویان تاقیب و شکەنجە و کوشتار دەکرد.

( غیلان د مشقی) لە سەر ئەو قسانەی لەسەر ئیختیارو ئازادی ئینسان کردبووی بە دەستوری (هشام بن عبدالملک) دەست و پێی بڕدراوە و لە سێ دارە درا. (معبدجهنی) کە بە پەیرەوی لە ئێرانییەک بە نێوی (سنبویە) باسی ئازادی و ئیختیاری ئینسانی کردبوو بە دەستووری حەجاج بن یوسف ئێعدام کرا.

(بیان و جعدبن درهم) کە هێندێک قسەی بەرخیلافی ئوسوول و عەقایدی پایەبەرزانی مەزهەبی کوتبوو و باوەڕیان بە خە لقی قورئان هەبوو بە دەستووری هوشام و بە دەستی خالد بن عەبدولا قەسری لە ڕۆژی جێژنی قورباندا سەربڕدران.

عولەما و رووحانیەکان بە پشت بەستن بە چارەنووسی دیاریکراو، ناکۆکیە چینایەتیەکانی حاکم بەسەرکرمەڵیاندا دادە پۆشی و بە وەعدە دانی بەهەشت (وەکوو پاداش لە بەرابەر عەزابی دنیاییدا) و پێداگرتن لە سەر (سەبر) بەرامبەر بە دە سکورتی و لێقەوماوی، کەمەڵانی رەنجبەری خەڵکیان لە خەباتی ڕاستەخۆ لە دژی زاڵمەکان شل دە کردەوە. لە نیزام و فەلسەفەی ئیسلامدا، ئینسان لە ڕۆژی لەدایک بوونەوە تا مەرگ مۆری چارەنووسێکی دیاری کراوە و نەگۆڕی بە نێوچاوانەوەیە و قورئان لە زۆر بابەت دا باوەڕبوون بە (تەقدیر) دەناسێنێ و تەبلیغی دەکا وەکوو (سورە حدید- آیە 22 - سورە قمر - آیە 49، سورە آل عمران - آیە 26، سورە الذاریات آیە22 ، سورە النساء آیە 78 و ...)

کەوابوو هەموو ناکۆکی و جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی حاکم بەسەر کۆمەڵ دا بەرهەمی ویست و خواستی خودایە و ئەوە چارەنووسێکی دیاریکراوە کە لە ئەزەڵ ڕا لە دەفتەری حەیاتی ئینسانەکاندا نەخشێندراوە، بۆیە کۆمەڵانی رەنجبەر و زەحمەتکێش کە موسوڵمانی ڕاستەقینەن دەبێ تەسلیمی ئەو جەبر و تەقدیرە بن. چونکە ئیمانی ڕاستەقینە لە ئیسلامدا بە تە سیلم بوونی تەواو بە ویست و حاکمیەتی خودا دەس پێدەکا. چ دینێک دەتوانێ باش تر لە دینی ئەو کەسە بێ کە بەرامبەر بە ویستی خودا سەری تەسلیمی دانەواندوە.

تەبلیغ و پێداگرتن لە سەر چارەنووسی دیاریکراو بوە هۆی ئەوە خەڵیفەکان دەسەڵاتی سیاسی خۆیان وەکوو ویستی خودایی نیشان بدەن و هەرچەشنە ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی و ئەندێشەی پێشکەوتووی دژبەخۆیان بە نێوی ئیرتیداد و ئیلحاد سە رکوت بکەن.

هاوکات دەگەڵ ماڵ کۆکردنەوە و دارایی ئەفسانەیی خەلیفەکانی ئەمەوی و لە ئاکامدا توند و تیژی و زوڵمی زیاتر لە کۆمەڵانی شار و لادێ، ژومارەیەک لە زاهیدەکان بەو عەقیدەیەوە کە ژیانی دنیا کاڵایەکی بێ بایەخە و دنیای ئاخیرەت بۆ دینداران یەک جار باش ترە، هەروەها بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی دیکەی قورئان، چونکە هەلومەرجی زاڵمانەی کۆمە ڵایەتی و ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵیان بە موقەدەری ئیلاهی دەزانی لە باتی هەر چەشنە دەس بەیەخە بوونێک دەگەڵ حکوومەتی زاڵمی ئەمەوی و بە جێگای هەرچەشنە خەبات دەگەڵ ناکۆکیەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵ دا، دەستیان کرد بە هەڵ بژاردنی شێوازی فەقرپەرستی و روویان لە زوهد و پارێزکرد و بەهۆی ساحەب نەبوونی زەمینەی عەینی بۆ گە یشتن بە باڵا دەستی ئابووری، کۆمەڵایەتی سەریان دەبەر خۆیان نا و خەریکی پەروەردەکردن و پاڵاوتنی رووح بوون و بۆ نەجاتی کومەڵیش تەوەکوڵیان بە خودا کرد. ئەوە هەوەڵین قۆناغی رسکانی تەسەوفی ئێرانی ئیسلامی یان تەسەوفی تە وەکولە.

هەوەڵین گرووپەکانی تەسەوف بە هۆی خەسڵەتی خۆپارێزەرانەیان، پێش ئەوەی عارف بن، زاهید بوون و هیچکاتێک لە ڕێبازی حەقەی ئیسلامی پێ یان زیاتر ڕانەکێشا.

تەبلیغی فەقر و پارێز لە ماڵی دنیا لە شکڵی خۆیدا، هەرچەند دەیتوانی ئیعترازێک لە دژی ئەشرافیەتی ئەفسانەیی خولەفا بێ، ئەما بە هۆی ئەوەی نەخشێکی پێش گرانەی لە کۆ کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ مەیدانی عەمەل و خەبات هەبوو، ئیعترازێکی مەنفی و دژی شۆڕشگێری بوو.

* * *

دەگەڵ هەرەس هێنانی دەسەڵاتی ئەمەوی و سەرەتای خەلافەتی عەباسی، موتالەعەی عیلمی و باسی فەلسەفە بازاڕی گە رم بۆوە و دروست بوونی (بیت الحکمە) ماڵی فەلسەفە لە بەغدا کەبە دەستی ژومارەیەک ئێرانی شعوبیە و توندڕەوش ئیدارە دەکرا، ئەو شارەی کردە ناوەندێکی موهیمی عیلمی و کولتووری.

ڕۆژ نەبوو لە بەغدا کتێبێکی تازە نەنووسرێ. شەوقی خوێندن و خوێندنەوە والە نێو خەڵکی دا بەهێز ببوو، کە نزیک 1000 کاتیب تەنیا لە بەغدا لە ڕێگای نووسینەوەی کتێب دا خۆیان دەژیاند. وردە وردە پەرەگرتنی پێوەندی ئابووری و بە ربڵاوی دەزگا دەوڵەتیەکانی خەلیفەکانی عەباسی، کەڵک وەرگرتن لە زانایان و دەبیرانی ئێرانی کە لە سیاسەت و ئیدارە ی وڵات دا بەتەجرەبە بوون هێنا ئاراوە، نفووزی بنەماڵەی (برمکیان) لە دەزگای خەلافەتی عەباسیدا بوە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە فەلسەفەوعولوومی عەقڵی ببێتە جیگای سەرنج و پشتیوانی خەلیفەکان.

(ابن خلدون) دەنووسێ: نفووزی بەرمەکیەکان بەڕادەیەک بوو، ئەگەر هاروونەلرەشید شتێکی لە (بیت المال) بۆ خۆی ویستبایە بە هاسانی دەستی نەدەدا چونکە بەرمەکیەکان دەسەڵاتیان لە دەست خۆیاندا کۆ کردبۆوە و دەتکوت لە فەرمانرە واییدا دەگەڵی شەریک بوون.

مێژوونووسان دەنوسن: ئەگەرلەمەجلیسێکداباسی شیرک کرابایە سیمای بەرمەکیەکان دەدرەوشاوە ئەگەر ئایەتێکی قورئانیان بیستبایە حەدیسێکیان لەمەزهەب دەهێناوە. تەبەری دەڵێ: گەورەترین دەلیلی ئەوەی بەرمەکیەکان تووشی نەگبە تی هاتن ئەوە بوو مەیلیان بە لای (زندقە)دا بوو.

بنەماڵەی بەرمەکیەکان لە فێئوداڵە گەورەکانی ئێران بوون و هەوڵ و کۆششی زۆریان بۆ ژیاندنەوەی فەرهەنگی ئێران دا. بەرمەکیەکان بە نفووزی خۆیان لە دەزگای دەسەڵاتی عە باسیدا، بوونە هۆی گەشانەوەی فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێرانی.

کاری وەرگێڕانەوەی کتێب بە هیمەتی( ابن مقفع، یوحنا ابن ماسویە، ابوزید حنین و قطابن لوقا بعلبکی) دەرگای فەرهە نگ و شارستانیەتی ئێرانی، یونانی رومی و هیندی یان بەرەو کۆمەڵی عەرەب کردەوە و زۆری پێ نەچوو، لە ئێران، شام، نێوان دوو ڕۆبار، ئەندەلێس و ماوەرائولنەهر، بە هۆی تێکەڵاوی فەرهەنگ و شارستانیەتی ڕۆژهەڵات دەگەڵ فە رهەنگی یونانی، کەلەپوورێکی پزشکۆ و پێشکەتوو پەیدا بوو کە دواتر لە ئورووپای سەدەکانی ناوەڕاست و لە مەدرەسە ی زۆر لە وڵاتانی دیکەدا بوە جێگای کەڵک وەرگرتنی ئەهلی تەحقیق.

بە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی عیدەیەک، شارستانییەتی ئیسلامی بەرهەمی فکری قەومی عەرەب نیە، بەڵکوو دەسکەوت و بەرهەمی شارستانییەتی ئێرانی، یونانی، سوریانی، میسری، هیندی، چینی، ڕۆمی، کەلدانی و عیبریە کە لە ماوەی پێنج سەدەدا، زۆر سیمای درەوشاوەی لە بواری جۆراجۆردا بەوجوود هێناوە و عولومی نەزەری و عەمەلی کامل تر و پەرە گرتووتر کردوە، ئەوە شتێکە کۆمەڵناس و خاوەن بیری پێشەنگی عەرەب (ابن خلدون) کە نەزەری باشی لە سەر ئێرانیە کانیش نیە ددانی پێدا هێناوە. ناوبراو دەنووسێ: شتێکی سەیرە کە زیاتری دانیش وەرانی ئیسلام چ لە عولوومی شەرعی و چ لە دانیشی عەقلیدا غەیری چەند نموونەی کەم، ئەوی دیکە هەموو غەیرە عەرەبن. ئیبن خەلدوون هەروەها دە نووسێ غەیری ئێرانیەکان کەسی دیکە قۆڵی لە ڕاگرتن و نووسینەوەی عیلم هەڵنەماڵی. عولوومی عەقڵیش لە ئیسلامدا پە یدانە بوو مەگەر ئەوکاتەی دانیش وەر و نووسەرانی ئێرانی ناسران. عەرەب پشتیان لەو زانستانە دەکرد و خۆیان بو ورد بوونەوە لەوانە ماندوو نەدەکرد و تەنیا ئەو گەلانەی لە ئێرانیەکان نزیک بوون شانیان وەبەر ئەو شتانە دەدا و فێری دە بوون، کارکردی لێهاتوویی ئێرانی لە شارستانییەتی ئیسلامدا لە هەموو لیزگەکانی پێشکەوتن دا ئەوەندە قووڵ و پێک هێنە رە کە ئیدی ڕێگا نیە لێک هە لوەشێندرێتەوە. لە سەر ئەو ئەساسەیە کە (دی بور) و (م هورتن) لە کتێبەکانی خۆیاندا دە نووسن، ڕەوتی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی لە هەموو دەورانی ژیانی خۆیدا، ئیقتیباس بوە نەک داهێنان و لە ڕاستیدا فە لسەفەی ئیسلام لە ئێران ڕا پێی هەڵگرتوە. بۆیە سەیرە کە بڕێک لە ئیسلام ناسەکان دەنووسن، ئێران لە ڕێگای ئیسلامەوە دەگەڵ فەرهەنگی گەورەی یونانی، سوریانی و ئەسکەندەرانی و ئیسرائیلی و ڕۆمی پێوەندی بەرقەرار کردوە.

* * *

کۆتایی هاتنی دەستدرێژی و داگیرکردنی وڵاتان کە لە تەواوی دەورانی حکوومەتی خولەفای ڕاشدین و بەنی ئومەیە دا درێژەی هەبوو، بوە هۆی هێمن بوونە و سەقامگیر بوونی ژیانێکی ئاسایی لە وڵاتانی ژێر فەرمانی خەلافەتی ئیسلامیدا و زەمینەیەکی لەباری بە هۆی تێکۆشانی فیکری و کولتووری ئێرانیەکان بۆ باس و توێژینەوە لە مەسایلی عیلمی و فەلسە فی ئامادەکرد. لەدەورەی هاروونەلڕەشید دا مەجلیس و کۆڕی باس و مونازەرە یەک جار گەرم بوو، مەیلی خەلیفە بۆ لای کاروباری عیلمی و عەقڵی بە ئەندازەیەک بوو کە لە شە ڕەکانی لەگەڵ ڕۆم دا، بە پێچەوانەی عومەر و باقی خەلیفەکانی دیکە، بە جێگای سووتاندنی کتێب، دەستووری کۆکردنەوە و ڕاگواستن و وەرگێرانەوەی ئەو کتێبانەی بۆ سەرزمانی عە رەبی دا، وێدەچێ هەندەسەی (اقلیدس و المجسطی بطلمیوس) لەو زەمانەدا وە رگێردرابێتەوە سەر زمانی عەرەبی.

گەشە کردن و تەکامولی فیئودالیزم و بەرقەرار بوونی پێوەندی ئابووری دەگەڵ وڵاتەکانی ئوروپایی و بەخۆداهاتنی توجارەت و پیشەوەری و رسکانی سەنعەت، بوە هۆی بڵاو بوونەوەی عولوومی عەقڵی و سەرهەڵدانی مەکتەبی تازەی فە لسەفی، تەعلیمات و فێرکراوەکانی (جبریە) ئیدی نەیدەتوانی فکر و ئەندێشە لە چوارچێوەکانی جاران دا ڕابگرێ، بۆیە دە گەڵ ڕەواجی بیروباوەڕی فیلسوفەکانی یونان و ڕۆم و هیند، ورد بوونەوەیەکی تازە لە مەعنا و مەوزوعەکانی تەقدیر، چارەنووس، بەهەشت، ، گوناە، ئازادی و ئیختیار و باقی باسەکانی دیکەی فەلسەفە دەستی پێکرد و شک کردن لەئوسوول و باوەڕەکانی دینی بوە هۆی ئەوەی شکلی تازە لە فکر و فەلسەفەدا پێک بێنێ، زەردەشتیەکان، بودابیەکان و مەسیحیەکان کە بە هۆی لە دەس چوونی سەربەخۆیی وڵاتەکانیان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە، وردە وردە زمانیان کراوە بە باس کردن و ئیراد گرتن و گفت و گۆ سەبارەت بە بایەخ و ناوەڕۆکی قورئان، ژومارەیەک ئێرادیان لە (محکمات و متشابهات) ی قورئان دەگرت و ژومارەیەکیش قورئانی بە کتێبی عاسمانی نەدەزانی و بە دروستکراو و پوخت کراوی فکری بەشەریان دادەنا. گرینگ ترین ڕێبازی فکری و فەلسەفی لەو سەردەمەدا (معتزلە) بوو کە بە هۆی ئەو کەسانەی لە مەکتەبی (حسن بصری) جیا ببوونەوە پێک هات ڕۆژێک یەک لە شاگردەکانی بەسری بە نێوی (واصل بن عطا) کە بە ڕەچەڵەک ئێرانی بووئیعتیزال(جیابوونەوەی) لە ئوستادەکەی خۆی کرد و مەکتەبێکی تازەی هێنا گۆڕێ کە دواتر بە (معتزلە) ناوبانگی دەرکرد.

**موعتەزیلە**

موعتەزیلە هەوەڵێن کەس بوون کە دەستیان کرد بە خوێندنەوە و وەرگێڕانی بەرهەمی سروشت ناسان و فیلەسووفەکانی یونان. ئەوان پێیان وابوو ئینسان لە ڕەفتار و کردوەی خۆیدا بە تەواوی ئازاد و سەربەستە و تەنیا لە ژێر رووناکی تیشکی عەقڵ و هێزی فکردا دەتوانێ لە ڕاستی شتەکان بگا. ئەوان قورئانیان بە (حادث) دەزانی و بەوجۆرە بناغەی نزوولی وەحیان بنکۆڵ دەکرد. ژومارەیەکی زۆر لە موعتەزیلە دەیانکوت نووسینی قورئان و باش تر لەویش شتێکی نامومکین نیە و لەوەی کە دەکوترا قورئان کتێبی عاسمانیە و لە مەنبەعی وەحیەوەنازڵ بوە ، ناڕازی بوون. هەروەها

باسی ئەو موعجیزانەی لە قورئاندا هاتبوون بە دڵیان نەبوو و ئەو ئەفسانەیە ی کە دەریا بۆ پەڕینەوەی بەنی ئیسرائیل بە ڕێبەری مووسا وشک بووبێ و گۆچانی مووسا وەکوو هەژدیهای لێ هاتبێ و عیسا مردووی زیندوو کردبێتەوە، بە چاوی گومانەوە تێ یان دەڕوانی و ڕەدیان دەکردەوە. هەروەها پێغەمبەری ئیسلامیشیان دەدا بەر هێرش و ژمارەیەکیان دەیانگوت ژنەکانی پێغەمبەر زیاتر لە ئەندازەن، لە حاڵێکدا قورئان (سورە نسا آیە 3) دیاری کردوە هەر پیاوێکی موسوڵمان هەقی 4 ژنی هەیە.

(مقدسی) لە بارەی ژنەکانی محەمەد دا دەنووسێ: 17 ژنی بوە بێجگە لە کەنیزەکان.
(ابن قتیبە) لە (مختلف الحدیث)دا دەنووسێ: سەمامەئەشرەس موعتەزیلی هاوسەردەم دەگەڵ هەلاج چاوی بە خەڵکی کە وت کە ڕۆژی جومعە بەرەو مزگەوت دەچوون. بە دوستەکانی خۆی گوت ئەوانە ببینن چۆن ئەو کابرا عەرەبە سەرگە ردانی کردوون.
مەکتەبی موعتەزیلە مەکتەبی ئیلاهیاتی دامەزراوە لەسەر بۆ چوونی عەقڵ پەسندانەبوو. هەوڵی دا پشت بە عەقڵ و فەلسە فە ببەستێ. ئەوان پەیرەویان لە عەقڵ دەکرد و هەرچەشنە عەقیدەی عورفانی و باوەڕ بەدنیای ئەوبەری سروشت و ناسینی خودا لە ڕێگای ئیشراق و هەستی باتنی و ئیلهام و گەیشتنی دەستی ئادەمیزاد بە خودایان رەد دەکردەوە. ئەوان دە یانگوت رووح وێنەیەکی لەتیف لە مادەیە. بەو حاڵەش دەبێ وەبیری بێنینەوە ئەو مەکتەبە بێ بەش لە جیهان بینی عیلمی و مادی بوو، ئەوان هەرگیز عەقڵیان لەبەرابەر ئیمان و عیلمیان لە بەرابەر دین دا دانەدەنا. لە ڕاستیدا شێوەی عەقڵی موعتە زیلە لە خزمەتی ئیلاهیات و دینی فیئوداڵی حاکم بەسەر کۆمەڵدا بوو.

* * *

پەرەگرتنی باسی دینی و دەلیل هێنانەوە و ڕاوێژی عەقڵی کە بەتایبەت لە لایەن خاوەن بیرانی ئێرانیەوە دەهاتە گۆڕێ، بێ شک نەدەکرا جێگای ڕەزامەندی و پێ خۆش بوونی عولەمای سوننی و توێژەکانی سەرەوەی ئەو مەزهەبە بێت. ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە مەئموون لە بەر ئەوە دایکی ئێرانی بوو زیاتر رووی لە سیاسەتمەداران و خاوەن بیرانی ئێرانی دەکرد و لە عەرەبی سوننی دەترسا و هەوڵی دەدا هەرچی زیاتر لە نفووزی رووحانیە سونیەکان لە دەزگای خەلافەت دا بە رگری بکا. لە خۆڕا نیە کە عولەما و رووحانیە سونیەکان لە بەر ئەوەی مەئموون مەیدانی بە باسی عیلمی و ڕاوێژی عە قڵی دابوو لەقەبی ئەمیرەلکافرینیان داوەتێ.

**ئەشاعەرە**
بە هاتنە سەرکاری موتەوەکل خەلیفەی عەباسی، مەعتەزیلە پێشیان پێ گیرا لە ئاکامدا لێکۆلینەوە و باسی عیلمی و فەلسە فی بەربەست کرا و ئەوە بوە هۆی ئەوەی عولەمای مەزهەبی دەستیان کرد بە هەڵبڕین و ئازاری مورتەدەکان. بەوجۆرە ڕێگا بۆ رسکانی (ئەشاعەرە) و سەرهەڵدانی ئیسکۆلاستیکی ئیسلامی (عیلمی کەلام) ئاواڵە بوو و جارێکی دیکەش ساڵە رەشەکانی سەرکوت و بێ دەنگی لە زەمینەی لێکۆڵینەوەی عیلمی و فەلسەفیدا دەستی پێکردەوە. مەکتەبی ئەشاعەرە مە نسووب بەئەبولحەسەنی ئەشعەری ورسکانی عیلمی کەلام لە راستیدا رەنگدانەوەی فەرهەنگی تەکامولیی کۆمەڵی فیئوداڵی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا بوو کە نوێنگەی ئیلاهیات و ئوسووڵی نەگۆری دینی حاکم بەسەر کۆمەڵی ئەو سەردە م دابوو. تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵێکی ئاوا ئەوانەن.
تایبەتمەندی ئابووری.
1- زیاتر بوونی خاوەن زەویەتی فیئوداڵی
2- زیاتر بوونی خاوەن زەویەتی تیول
3- بەستنەوەی هەرچی زیاتری لادێییەکان بە زمینەکانەوە
4- کامل بوونی شاری فیئوداڵی بە ڕێکخستنی تایبەت و فەرهەنگی شارستانی تایبەت بە خۆی.
تایبەتمەندی عەقیدەتی
شتی تایبەت بەو کۆمەڵە لە ڕاستیدا کامل بوونی ئوسووڵی نەگۆر یانی فەلسەفەی سازکراو لە سەر ئیستنتاجاتی زاهیری کە مەبەستی زیاتر پشت گرتنی تەعلیماتی دینیی حاکم بەسەر کۆمەڵ دایە لە باری نەزەرییەوە.

له عیلمی کەلامداوەکوو ئیسکۆلاستیکی ئورووپای کاتولیک مەنتقی دینی نفووزی کاملّی هەیە و لە نەزەر پێشەوایان و ڕێبەرانی مەزهەبیەوە، ڕێگای مەنتقی عەقلّی بەرەوە ئیلحاد دەڕۆیشت. ئەوان دەیانکوت عەقڵ ناتوانێ لە حەقایقی ئیمان بگا. ئیمان باڵاتر لە عەقڵە و دەبێ بە ئیمانی قایمەوە بە شوێن عەقڵ دا بگەڕێی.

ئەشاعەرە لە مەیدانی عیلم و فەلسەفەدا کارکردی ڕاستەوخۆیان هەبووە وەکوو:
1- سەرکوت کردنی ئازادئەندێشان و خاوەن بیران کە بە بیرکردنەوەی ئیلحادی و ئیرتیدادی خۆیان مەترسیان بۆ دەزگای دین و دەولّەتی خەلیفە پێک هێنا.
2- ئەشاعەرە بۆ سابیت کردنی موعجیزە، دەستیان کرد بە رەد کردنەوەی قاعیدەی عیلییەت و بە هێنانە گۆڕی ئوسوولی نەگۆر و دوگماتیک چەکێکی لەباریان بۆ خراکردنی قەڵای راسیونالیسم (پشت بەستن بە عەقڵ) بە دەستەوە گرت و بەو جۆرە مانیعی گەشە کردنی فەلسەفەی عەقلّی و تەکاملی عولوومی سروشتی بوون.
3- عیلمی کەلام دواتر بە هاتنە مەیدانی غەزالی، گەیشتە ئەو پەڕی قودرەتی خۆی. غەزالی وەکوو مێشکی خاوەن بیروفکری فیئودالیسم، هاتە عالقەی خزمەتی حکوومەتی سەلجووقیەوە و عەقیدە و تەعلیماتی ئەو وەکوو چەکێک بۆ سەرکوتکردنی مەکتەبی پێشکەوتوو و ڕێبازی جەماوەری بەکار هێندرا ئەو تەعلیماتە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتین و وەکوو سەرخانێکی عەقیدەتی خزمەتی بە فیئودالیسمی ئورووپای کاتولیک کرد.

## زندیقەکان و خاوەن بیرانی مادی

زاڵ بوونی ئەندێشەکانی ئیدئالیستی و دینی بە سەر فەرهەنگی ئیسلامیدا، بە مەعنای نەبوونی ڕێبازی پێشکەوتوو و مادی نەبوو، بەڵکوو دەورەی فیئۆدالیزمیش وەکوو دەورەی کۆیلەداری، دەورانی خەباتی توندی ئیدولوژیکە. لە تەواوی ئەو دەورەیەدا فکرکردنەوەی مادی لە تەنیشت عەقیدەی ئیدەئالیستی دا گەشەی کرد و خۆی قایم کرد. ئەندێشەکانی زندیقەکان لە تەکوین و تەکاملی فکری مادی و ئیلحادی دا کارکردی یەک جار زۆریان هەبوە.
هەرچەند جوڵانەوەی مەزدەک بە هۆی ئەنەوشیرەوانەوە لە خۆێندا نوقم کرا و زۆر لە پەیرەوانی بە شێوەیەکی فەجیع قەتڵ و عام کران، ئەما ئەندێشەی مەزدەکی قەت لە بەین نەچوو بەڵکوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دواتری جەماوەریدا، بوو بە ئاڵای عەقیدەتی و ئیدولوژیکی ئازادیخوازانی وەکوو بابەک خورەمدین و موقەنەع و زۆری دیکەی لەو چەشنە.

لە باری ڕیشەی وشەی زندیقەوە نەزەری جۆراجۆر لە لایەن وشە ناسانەوە کوتراوە و باسی نەزەری لە مەڕ دیتنەوەی ریشەی ئەو وشەیە لەو کتێبەدا ناگونجێ. ئەمادەزانین کەلیمەی زندیق، موعەرەبی زندیکی فارسیە. زەند نێوی کتێبێک بوو کە مەزدەک لە شەرح و تەفسیری کتێبی ئەوێستادا نووسیبووی و چونکە ناوەڕۆکی زەند دەگەڵ ئیعتراز و موخالەفەتی رووحانیەکانی فیئوداڵی زەردەشتی بەرەوە روو بوو، لەوەبەولاوە پەیرەوانی مەزدەک و لایەنگرانی کتێبی زەندیان بە زەندیک ناودەبرد کە نوێنەری ئیرتیداد و ئیلحاد لە دینی رەسمی واتە زەردەشتی بوون، دوای پەلاماری عەرەب بۆ سەر ئێران (زندیک ـ زندیق) بە پەیرەوانی مانی و مەزدەک و بەو کەسانە دەکوترا، کە لە قەبووڵ کردنی ئیسلام خۆیان دەپاراست.

لە زەمانی خەلیفەکانی عە باسیدا زندیق ناوەرۆکی فەلسەفی بەربڵاوتری پەیدا کرد و بە کەسانێک دەکوترا کە ساحەبی ئەندێشەی مادی و مەزدەکی بوون. هەروەها بە کەسانێک دەکوترا کە بە بیرکردنەوەی مادی و عەقیدەی ئیلحادی، خودا، بەهەشت و باقی دیاردەی غەیرە عیلمی و مەزهەبیان ئینکار دەکرد.
حەسەنی ڕازی لە شەرحی عەقیدە و بۆچوونی زندیقەکاندا دەنووسێ: بزانە کە ئەوانە هەموو شەریعەت و دینی پێغەمبەرەکان و باسی گۆڕ و عەزاب و حەشر و نەشرو حیسابی تەرازوو پردی سێرات و بەهەشت و دۆزەخ و عەزاب و عەقاب و مەلایکە و مەلەکە لمەوت هەمووبە شتی محاڵ و قسەی بێ ناوەڕۆک دەزانن و دەڵێن کتێبی پێغەمبەرەکان قسەی خۆیانە و هەر کەس بەوشتانەی باسمان کرد ئیمانی هەبێ، عەقلّی سووکە. دەڵێن پێغەمبەرەکان هەموویان پیاو عاقلی زەمانی خۆیان بوون نەک شتی دیکە.

هەڵسەنگاندنی وردی ئەندێشەی زندیقەکانی ئێرانی ـ ئیسلامی  بە هۆی نەبوونی سەنەدی واقیعی یەک جار زۆر زەحمەتە. چونکە بە هۆی خەفە قان و ئیستبدادی رەشی مەزهەبیەوە و عەزیەت و ئازاری حکوومەتی فیئودالی کە قودرەتی سیاسی خۆیان بە هۆی دامەزراوەکانی حوقووقی و ئەخلاقی ئیسلامیەوە دەپاراست،زندیقەکان و خاوەن بیرانی مادی، یان

دەرەتانی بەیانی عەقیدە و ئەندیشەی خۆیان نەبوە، یان بەرهەم و رەسالەی عیلمی ئەوان، بەپیلان و دەستووری گە ورە کانی دین کۆ دەکراوە و دەسووتێندرا. ئەوە بوە هۆی ئەوەی عقیدەی زندیقەکان و خاوەن بیرانی مادی لە بەرهەم و نووسراوەی موخالیفەکانیاندا تووشی جەعل و تەحریف بێ. بۆیە دەست نەگەیشتن و ئاشنا نەبوون بە بەرهەم و فکری زندیقەکان و خاوەن بیرانی مادی ئێرانی ـ ئیسلامی، تا کات و سەردەمی سەرهەڵدانی هەلاج (ئاخر و ئۆخری سەدەی سێهەمی کۆچی). لە پێش هەموو شت دا بە هۆی بەدەستەوە نەبوونی سەنەد و بەرهەمی ڕاستەقینەیە.

تۆوی هەوەڵین بیر کردنەوەی مادی دەتوانین لە فکری دەهریەکانی دەورانی بەنی ئومەیەدا ببینینەوە. خاوەن بیرانی ئەو سەردەمە، ژیان، مەرگ و باقی دیاردەکانی سروشتیان تەنیا بە پشت بەستن بە قانوونەکانی (دەهر)، دنیای مادییان مەعنا دەکردەوە و شەرحیاندەدا.
دەهریە فرقەیەک بوون، دەهروزەمانیان هۆی نەمانی ئینسان و باعسی ئیجرای تەقدیر دەزانی و پێیان وابوو تەنیا حەیاتی ئەو دنیایە ئیعتباری هەیە و ئینسان کە مرد، ئیدی هەموو شتێک تەواو دەبێ. ئەوە ی ئینسان لە بەین دەبا گوزەشتی زەمان (دەهرە)، نەک ویست و هەڵویستی خودا. دەهریەکان وجوودیان تەنیا بە ژیانی مادی و دنیایی دەزانی. زەمانیان بە لانیهایە و ئەزەلی وئەبەدی دەزانی، نە ئەقیدەیان بە بوونی خالێق (خودا) هەبوو و نەباوەڕیان بە حەشرو قیامەت دەکرد. ئەوان ئە وەی سەبارەت بە ملایکە و جندۆکە و پەری و خەیاڵاتی دیکە، بۆ کۆمەڵانی خەڵک کوترابوو و کرابوە ئیمان و عەقیدەی خەڵک، گاڵتەیان پێ دەهات و بە خورافاتیان دەزانی.
دەهریەکان ئیمانیان بە بوونی خودای پێک هێنەری، خوڵقێنەر نەبوو و ڕوحی جیا لە بەدەن و بێ مەرگ بوونی روحیان قوبووڵ نەدەکرد و عالەمیان بە قەدیم و ئەبەدی دەزانی. دەهریەکان یەک جار زۆر بوون. ئەما ئاگامان لە خاوەن بیرانی دەس نیشانکراو و بەرهەمی بەنووسراوەی ئەوان نیە. ڕەنگە ئەو نەنووسراوانە لە دەورە و زەمانی جۆراوجۆردا سووتێندرابن. فکری دەهریەکان هەرچەندە لە سەر بناغەی مادی بوونی دنیا و ژیانی ئینسان دامەزراوە، ئەما خاوەنی نیزامێکی فەلسەفی نەبوە.

* * *

بە دەست پێکردنی خەلافەتی عە باسی و سەرنجدان بە فەلسەفە و عەمەل و عەقڵ، ڕابوونێکی گەورەی عیلمی و فەرهە نگی بەهەوڵ و هیمەتی زانایان و خاوەن بیرانی ئێرانی دەستی پێکرد و بوونی کەسانی وەکوو بەرمەکیەکان لە دەزگای خەلافەت دا، مەیدانێکی زیاتری بەو ڕەوتە فەرهەنگیەدا. لە ڕاستیدا سەردەمی هەوەڵین خەلیفەکانی عە باسی دەبێ بە سە ردەمی زێرینی عیلم و فەرهەنگ دابنرێ.
لەو دەورەیەدا هاوکات دەگەڵ زیاد بوونی بەرهەم و بازرگانی، عولومی سروشتی وەکوو عیلمی هەیئەت هەندەسە ،تیب، عیلمی میکانیک، عیلمی جەبر و موقابەلە، پێشڕەفتی زۆریان کرد. عولومی سروشتی وردە وردە ڕێگایان بۆ رووتێکردنی عەقڵانی بە واقعیەت و ناوەڕۆکی شتەکان کردەوە. دەروون ئەندێشی و زەین گەرایی بۆ لێکدانەوە و بە یانی هەستیی، جێگای خۆیان دابە تەجرەبەی حسی و پاشانیش ئینستنتاجی عەقلی، ئەو دەسکەوتە عیلمیانە لە رسکان و گە شە کردنی بنەماکانی فەلسەفەی مادیدا یاریدەی بەرچاویانکرد. دەگەڵ سەرهەڵدانی موعتەزیلە زۆر لە دوگم و عقیدە دینیە کان کەوتنە بەر شک و گومانەوە. عەقڵ گەرایی موعتەزیلە بابەتێکی پێشکەوتوو و پێش ڕەوبوو کە ڕێگای بۆ ئاشکرا کردنی ئەندێشەی مادی خۆشکرد.

مادەگەرایی لە فەلسەفەی ئێرانی ـ ئێیسلامیدا لە ڕەوتی خەبات لە دژی خورافەپەرستی و مەزهەب دا گۆچی گرت. ئەو ڕەوتە فەلسەفیە دەگەڵ کۆرە پێش ڕەوەکانی کۆمەڵ کە خوازیاری ناسینەوەیەکی تازە لە سروشت و ئینسان بوون پێوەندی قووڵی هەبوو.
سادە بوونی مادەگەرایی ئەو سەردەمە بریتیە لە حس گەرایی و بێ سەرنج بوون سەبارەت بە پێوەندی شتەکان و پەیرەوە ی لە دیالکتیکی تایبەت، ئەو حس گەراییە لە عەینی حاڵدا نیشاندەدا کە مادەگەرایی ئێرانی ـ ئیسلامی چەندە لە ژێر کارکردی خاوەن بیرانی ماددی هێند (چارواکاها) و یونانی کۆن (اپیکوریان) دابوون، مادەگەرایی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا بە پشت بەستن بە دەسکەوتەکانی عولوومی سروشتی، ئاڵای خەبات لە دژی خورافەپەرستیی مەزهەبیی هە ڵکردوە. ئەو فەلسەفەیە بۆ ڕزگاری ئینسان لە قەید و بەندی دین و یاریدە دان بۆ وەی بتوانێ بە سەر گرێ و گۆڵەکانی خۆیدا زاڵ بێ، چەکێکی عەقیدەتی یەک جار زۆر بڕا و جێگای متمانە بوو!

ئەخلاقی خۆپارێزەرانەی مەزهەبی کە هەر چەشنە جم و جۆڵی تێکۆشەرانەی لە کۆمەڵانی خەڵک دەستاندەوە و حەقیقەتی ژیانی لەگەیشتن بە (ذات مطلق) دا دەدیت. ببوە ئەخلاقی ڕەسمی کۆمەڵی فیئۆداڵی ئەو سەردەم و تەعلیماتی ماددەگەرایان لە دژی ئەو ئەخلاقە سەر ڕاست دەکاتەوە.
ماددەگەرایانی سەدەی سێهەمی کۆچی عەقیدەی کاملیان بەوە هەبووکە ئینسان توانای داڕشتنی بناغەی خۆشبە ختی خۆی لە سەر ئەو دنیایە هەیە و پێ یان وابوو مەیدانی عەقڵ حەقیقەت بینی و ڕاستیە و مەیدانی ئیلاهیات بە پارێز بوون و ئیتاعەتە.

تەعلیمات و تەبلیغاتی ئەو خاوەن بیرانە بێ شک دەگەڵ قازانجی رووحانیەکان و پارێزەرانی سیاسی ئەوان (خەلیفە) دژایەتیەکی قووڵی هەبوو. بەو هۆیەوە مێژووی فەلسەفەی مادی لە فەرهەنگی ئێرانی ـ ئیسلامیدا بە خوێنی بیرمەندانی جوامێر ڕەنگ کراوە. لەو سەروبەندەدا زندیقەکان و بیرمەندانی مادی یان لە هەرجێگایەک دیتبا زنجیریان دەکردن و دە یان بردنە بەر دەرکی خەلیفە تا بە دەستووری ئەو بکوژرێن و لە هەرجێگایەک هەستیان بە کوبوونەوەی ئەوان کردبا هە ر لە جێدا ماڵەکەیان بەسەریاندا دەرووخاندن.

تەبەری لە شەرحی رووداوەکانی ساڵی 170ی کۆچیدا دەنووسێ: هارونەلڕەشید لە هەموو ئەو کەسانەی هەڵاتبوون و خۆیان شاردبووەوە خۆش بوو مەگەر لە زندیقەکان نەبێ. (یونس بن افروە) و (بزید بن الفیض) لەو کەسانە بوون. (یونس بن افروە) لە بارەی عەیبەکان و کەم و کووڕی عەرەب و بێ ڕێ و جێ یی ئیسلامدا کتێبێکی نووسیبوو. شکەنجە و ئازاری ماددەگەرایان و زندیقەکان بۆ تۆبە کردن و نووسینی پەشیمان نامە بە درێژایی حکوومەتی خەلیفەکانی عە باسی درێژەی هەبوو.

(عطا بن مقدم واسطی) دەڵێ: کەسێکیان هێنابوە لای (مهدی). خەلیفە داوای لێکرد تۆبە بکا و بڵێ پەشیمان بۆتەوە. ئەما ئەو کەسە لە تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوە خۆی پاراست. خەلیفە دەستووری دا لە گردنیان دا و پاشان هەڵیانواسی. لە دە ورەی مێهدی دا تێکۆشانی زندیقەکان و بڵاو کردنەوەی عەقیدەی ئیلحادی پەرەی گرت. رووتێکردنی خەلیفە لە عیلمی کە لام و عولەمای فئیوداڵی مەزهەبی بوە هۆی ئەوەی دژایەتی دەگەڵ زندیق و خاوەن بیرانی مادی زیاتر پەرە بگرێ. مێهدی کەسێکی دیاری کردبوو زندیقەکان و خاوەن بیرانی مادی ببینێتەوە و بیانگرێ و سەرکوتیان بکا. ئەوکەسەیان نێو نابوو ساحەبەلزەنادەقە. مێهدی دە ساڵی خەلافەت کرد و تەواوی ئەو کاتەی بە ڕاونان و شکەنجە و کوشت و بڕی زندیق و مادەگەرایان تێ پەڕکرد. کوڕەکەشی (هادی) سوێندی خواردبوو ئەگەر زیندوو بمێنێ هەموو زندیق و خاوەن بیرانی مادی لەبەین بەرێ. دەڵێن بۆ کوشتنی زندیقەکان هەزار داری بەرپاکردبوو و ئەو ریوایەتە وادەگەیەنێ زندیقەکان و بیرمەندانی مادی ژومارەیان زۆر بووە!

(مسعودی) دەنووسێ: مهدی بۆ کوشتنی کافران و بەدفەڕان و زندیقەکان کە لەو زەماندا ژومارەیان زۆر بوو هەوڵێکی زۆریدا، چونکە لە زەمانی ئەودا عەقیدەکەیان ئاشکرا ببوو. کتێبی مانی و ئیبنی و مەرقیوون بە هۆی (عبداللە بن المقفع) و باقی ئەو کەسانەی زمانی فارسی و پە هلەویان باش دەزانی وەرگێردرابوونەوەو بڵاو کرابوونەوە.

تەبەری کە شەرحی رووداوەکانی ساڵی 169ی کۆچیدا دەنووسێ: هادی هەوڵی زۆری بۆ کوشتنی زندیقەکاندا و زۆری بۆ هێنان و ژمارەیەکی زۆریانی لە خۆێندا گەوزاند کە یەزدان بن بازان نووسەری دەزگای (یقطین) یەک لەوان بوو. هە روەهاعەلی بن یەقتینی کوشت چونکە لە کاتی حەج دا گەمەی بە زیارتکردنەکەیان کردبوو. تەبەری لە شکەنجە و کوشتاری بیرمەندان و مولحێدان دا باسی دیکەشی هەیە و دەڵێ: کاتێک یەعقووب زندیقیان هێنا لای هادی، دەستووری دا دۆشەگێکیان بەسەر یەعقووبدا دا و چەند کەسێک لە سەری دانیشتن تا یەعقووبی زندیق گیانیدا.

با دەگەڵ ناسراوترین سیماکانی بیرکردنەوەی مادی و هەڵکەوتووترین زندیقەکان تا پەیدا بوونی حسێن بن مەنسوور هە لاج ئاشنا بین.

**(ابن مقفع)**

موقەفەع لە دەس نیشان کراوترین نوێنەرانی بیرکردنەوەی عیلمی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدایە. ئەو بۆ سەرکەوتنی عیلم و ئینسان لە دژی خورافاتی مەزهەبی کە وەسیلەیەکی گرینگ بۆ دەست بەسەر کردن و دیل کردنی روحی کۆمەڵ بوو خەباتی کرد. ئەو بە چاوی شک و گومانەوە دەیڕوانیە هەموو دین و مەزهەبێک و بە هۆی ئازایەتی و لێهاتوویییەکی لە دە ربرینی عەقیدەکانی خۆیدا نیشانیدا، بە تاوانی ئیلحاد و زەندەقە بە دەستووری مەنسوور خەلیفەی عە باسی کوژرا. بیری پێشکەوتوو و عەقیدەی ئیلحادیی ئەو لە خۆێندنەوەی بەشی (برزویە طبیب) کە وادیارە بۆ خۆی لە کتێبی کلیلە و دمنەی زیاد کردوە بە جوانی دەردەکەوێ.

هێندێک بەشی کلیلە و دەمنە لە ڕاستیدا ئیدیعانامەی موقەفەع دژی زوڵم و فەسادی کەمەڵایەتی زەمانی خۆیەتی. بۆ وێنەدە ڵێ:

(بەوجورەدەستم لەپزیشکی هەڵگرت وتوانای خۆم لە تەڵەبی دین دا وەگەڕخست.ڕێگایەکی سەخت وپرلەمەترسی ودوورودرێژ و بێ پایان بوو. کێشەی لایەنگرانی مەزهەبەکان روون و ئاشکراو ناکۆکیان لەسەر چونیەتی ناسینی خالق وسەرەتای خەلقەت وپایانی کاری جهان بەرچاو وحاشاهەڵنەگرە. هەرلایەنەی ڕێبازی خۆی پێ دروست وئی ئەوی دیکە ی پێ خەتایە. هەوڵی پەرەپێدانی ئایینی خۆی دەداو رێبازەکەی خۆی هەڵدەکێشێ و لایەنی دیکە سووک دەکا پاماڵی دەکا. بۆیەدەرمانی دەردی خۆم لەوێ نەدیتەوە وبۆم دەرکەوت بیروباوەریان بەری بەهیچ کوێوەنیە.)

ناوبراو بەشێک لە عومری خۆی لە زەمانی حکوومەتی ئەمەوی دا گوزەراند و سەرەڕای ئیستبداد وتاریک فکری مە زهەبیی ئەو سەردەمە لە تەبلیغ و بڵاو کردنەوەی ئەندێشەی پێشکەوتوو وچانی نەدا و وەکوو رووناک بیرێکی تێگەیشتوو بەرپرسیارانە دەگەڵ باوەڕە هەڵە و غەیر علیمییەکانی زەمانی خۆی بەربەرەکانی کرد. ئەو لە ڕەوتی تێکۆشانی فەرهە نگیی زەمانی عەباسیەکاندا نەخشێکی گرینگ و بنەڕەتی هەبوو و بۆ ئامادەکردنی زەمینەی باس و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی،

کتێبی (مرقیون)، (ان دیصان) و (مانی) وەگێراوە سەر زمانی عەرەبی. موقەفەع لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا، دانیشتنی خودا لە سەر عەرش و ئەوەی کە پێغەمبەر لە کاتی مێعراج دا فاسیلەی دەگەڵ خودا بە ئەندازەی دوو کەوان بوە و ئەو چەشنە عەقیدانە بە گاڵتە دەگرێ و پێیان پێدەکەنێ و دەڵێ: خودا بەو هەموو هێزەی بۆیان داناوە بۆ چی بەندەکانی خۆی نە خۆش دەکا و تووشی هەزاران بەڵایان دەکا؟

خودا بۆ چی تەکلیفیان لێ دەکا بەوشتانەی عەقڵ قوبووڵیان ناکا ئیمان بێنن و چۆن شەیتان بەسەر خودادا زاڵ بوە و بە شێک لە خەڵکی کردوتە تابیعی خۆی. بەو شێوەیە موقەفەع نەک هەر لە ئیسلام بەڵکوو لە هوموو دینەکانی دیکەش ئێرادی دەگرت و عاقیبەت لەسەر عەقیدە ئیلحادیەکانی خۆی کوژرا.

(حمداله مستوفی) دەنووسێ: موقەفەع بن فارس ساحەبی کیله و دەمنە و کوڕەکەی لە زەمانی هادی خەلیفەی عە باسید لە بەر ئەوەی خیلافی قورئان شتی دەنووسی کوژران. موقەفەع لە (رساله الصحابه)دا داکۆکی لە جیایی دین لە دەوڵەت دە کا.

(جهشیاری )لە چۆنیەتی کوژرانی موقەفەع دا دەنووسێ: خەلیفە دەستووری دا تەندوورێکی پڕ لە ئاوریان کردەوە و پاشان دەستووری دا یەک یەکی ئەندامانی لەشی موقەفەعیان بڕیەوە و لە پێش چاوی خۆی لە ئاورەکەیان هاویشت، خە لیفە کوتی: ئەی زندیق زادە پێش ئەوەی بە ئاوری جەهەنم بسووتێی لە ئاوری ئەو دینایەدا دەتسووتێنم. موقەفەع لە کاتی مەرگ دا زۆر ئازا و خۆڕاگر بوو و وەکوو بیرمەندێکی ئاگا لە مەرگ نەدەترسا و بێ باکانە تێی دەڕوانی و تا ئاخرین کاتی ژیانی لە شەرە ف و کەسایەتی ئینسانی شۆڕشگێر داکۆکی کرد. لە کاتی مەرگ دا بە خەلیفەی کوت: بە کوشتنی من هەزاران نەفەرت کوشتوە، ئەما ئەگەر سەدی وەکوو تۆ بکوژرێ قیمەتی نەفەرێکی نیە.

**(ابن ابی العوجا)**

عەبدولکەریم ئیبنی ئەبی لعەوجا، بیرمەندی دەورەی عەباسی لە زیندیقە پڕ جمووجۆڵەکانی ڕۆژگاری خۆی بوە و لە دژی عەقیدەی خورافی و باوەڕی دینی خەباتی کردوە، ناوبراو چۆنیەتی بوونی سروشت لە سەربنەمای ئەفسانە و باوە ڕی مەزهەبی بە هەڵە دەزانێ و پێ وایە عالەم قەدیمە و حاشا لە بوونی سانێع و پێک هێنەر دەکا. ڕۆژێک لەبەر دەرکی کەعبە بە ئیمام جەعفەرسادقی، کوت تا کەنگێ ئەو دەشتە پامال دەکەن و پەنا بۆ ئەو بەردە ڕەشە دەبەن و ئەوماڵە کە لە بەرد و قوڕ دروست کراوە دەپەرستن، ئەوە کاری زیندەوەری ساحەب عەقڵ و ئەندێشە نیە.

(ابن العوجا) لە ڕاستیدا بە کێک لە هەوەڵینی ئەو دلێرانە بوو کە بێ دوودڵی ئەفسانە دینیەکانی خستە بەرپێ و خوداکانی پامال کردن و هەر لەبەر ئەو عەقیدە دژی مەزهەبیانە بە فەرمانی مێهدی خەلیفەی عەباسی کووژرا. پەیرەوەکانی دوای مەرگی ئەو بەنێوی عەوجانیە درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا.

**زەکەریای ڕازی**

شیمی زان و فیلسووف و بیرمەندی گەورەی سەدەی سێهەمی کۆچی، زەکریا ڕازی لە بیرمەندانی ڕاستەقینەی بیری عیلمی بوو و دەکرێ بە پێشەوای (پوزیتویسم) لە فەرهەنگی ئێرانی ـ ئیسلامی و ڕەنگە دنیاش دابندرێ. چونکە پێش (بیکن) کەڵکی تەجرەبە و دیتنی لە عولووم دا دەست نیشانکردبوو. لە باری فەلسەفیەوە بە مادەگەرای میکانیستی بە حیساب دێ و لە عەقیدەکانیدا فەلسەفەی (دمکریت) و (اپیکور) دەبیندرێ.

ڕازی، دنیا بریتی لە 5 هەیوولا(مادەی قەدیم) دەزانێ و پێی وایە هەر هەیوولایەک خاوەنی ئەجزای بەسیت (بعد)ە ولە کتێبی(فی المدة فی الزمان وفی الخلاءولملاءوهی المکان)دا دەڵێ:عەقل هەڵی ناگرێ کە مادە و مەکانی ئەو لە نەکاو بە بێ ئەوەی لە پێشدا مادە و مەکان وجوودی بۆوبێ، پێک بێ. چونکە هەمیشە هەر شتێک لە شتی دیکە بە وجوود دێ بۆیە (خەڵق) کردن محاڵە و دەڵێ: حەرەکەتی جیسم زاتیە.

تەعلیماتی ئەخلاقیی ڕازی لە فکری پێشکەوتووی ئەوڕا سەرچاوە دەگرێ، ئەوەی کە شەریعەتمەداران و ئیدەئالیستەکان هە وڵیان داوە تەعلیماتی ڕازی دژی ئەخلاق و تەنیا وەکوو لەزەت خوازی نیشان بدەن دروست نیە و ئەگەر لە سەر لەزە تی دایم پێ دادەگرێ لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئوسولە ئەخلاقیە لە بەرابەر ئایینی ئیدەئالیستەکاندا کە لەزەتی سروشتی یان بە کەم دەگرت و بۆ گەیشتن بە لەزەتی (موتلەق) لە دنیا و نیعمەتی سروشت پارێزیان دەکرد، بەرز بکاتەوە. ئەو شێوەی مورتازە هیندیەکان یا شێوەی مانەویەکان لە تەرک کردنی دنیا و ژن و مێردایەتی و خۆبرسی و تینووڕاگرتن یان شێوەی مەسیحیەکان وەکوو (رهبانیت) و خۆ تەریک کردنەوە لە سوومەعەکاندا، یان ڕێبازی بەشێک لە موسوڵمانەکان وەکوو (اعتکاف) لە مزگەوتان و تەرکی هەموو کارێک و کەم خواردن و شرەپۆشی و چاوپۆشین لە لەزەتی دنیا ڕەد دەکاتەوە و دەڵێ: دەبێ بە چاوی عەقڵەوە لەزەتەکان هەڵبژێرین و ئەوانەیان بکەینە پیشە کە دوا ڕۆژی خراپ و تاڵیان بە دواوە نەبێ.

کە وابوو عیلمی ئەخلاقی ڕازی پێشکەوتووتر لە عیلمی ئەخلاقی (اپیکورە). چونکە ئەخلاقی ئەپیکوور بە پێچەوانەی ئە خلاقی ڕازی، ئینسان بۆ گەیشتن بە خۆش بەختی هان نادا. ئەخلاقی ئەپیکوور ئەخلاقی سەبرە نەک حەرەکەت.

هە وڵی ڕازی لە نیشاندانی بناغەی دینەکاندا زۆر عیلمی یە. ڕازی ئەو نەزەرەی ئیدئالیستەکان کە دین شتێکی سروشتی ئینسانە بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە و نیشاندەدا سەرچاوەی دین و خودا پەرەستی لە کارکرد پەزیری ئینسان لە هەلوومەرجی نالەباری کۆمەڵایەتیدایە. بێ پشتیوانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئەمنیەتی گیانی و رووحی ولە ئاکامدا ترس و دوودڵی لە داهاتوو و ئاگانەبوون لە دەلیلی ڕووداوەکان، ئینسان بەرەو خودا دەکێشێ.ڕازی دەگەڵ هەموو دین و مەزهەبە

کان بەربەرەکانی دەکا. بۆیە رووحانیەکان تەکفیریانکرد و فتوایان لە سەر کۆکردنەوە و سووتاندنی بەرهەمەکانی دا. بۆیە زۆر لە بەرهەمە بایەخدارە کانی ڕازی بە دەستەوە نین. نەزەرەکانی ڕازی توندترین مەتڵەبی ئیلحادی و دژی مەزهەب بوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا هاتوونە گۆڕێ.

ڕازی پێی وابوو موعجزەی پێغەمبەران شتێک غەیری فرت وفێڵ و چاوبەستن نیە. بنەمای ئوسووڵی دین دەگەڵ حەقیقە تەکانی عیلمی دژایەتی هەیە، بۆیە لە بەینی ئەو دوو شتەدا ناکۆکی و ناتەبایی هەیە. دەلیلی پشت بەستن و عەقیدەی خەڵک بە دین و سەردانەواندن  بۆ ڕێبەرانی ئایینی تەنیا لە ترس و عادەت گرتنەوە سەرچاوە دەگرێ. دین نوێنەری دنیا بینی و فکرێکە لە نەزانی ڕا سەرچاوە دەگرێ و دەگاتە تاریک بینی .ڕازی هەروەها پێی وابوو ئەو کتێبانەی بە عاسمانی نێودێر کراون کتێبی بێ قیمەت و بێ ئیعتبارن. ئەو وەحی بە شتێکی باتڵ دەزانێ و لە راستیدا ڕازی گەورەترین موخالیفی فەلسە فەی داندراو لەسەر (وەحی) لە ئیسلامیدایە.ڕازی دەگەڵ حسین بن مەنسوور هەلاج پێوەندی هەبوو و نامەیان پێکەوە دە گۆڕیەوە و بێ شک ئەندێشەکانی ئەو لە بیر و فکری هەلاج دا بێ کارکرد نەبوە وئێمە لە باسکردنی عەقیدەکانی هە لاج دا باسی ئەو کار کردانە دەکەین.

**ئەبووشاکر**

ئەبووشاکر لە مادەگەرایان و مولحیدانی دەس نیشانکراوی دەرەوی عە باسیە کە قسەو باسی زۆری دەگەڵ ئیمام جەعفە رسادق هەبوە. ئەبوو شاکر بایەخی بە حەواسی ئینسان دەدا و لە عەقیدەی خۆی دا ئەندێشەی دیالکتیکی سەبارەت بەوەحدە تی ژیان و مەرگ لە ئاڵوگۆڕ و تەکامولی سەروشت و ئینساندا دێنێتەگۆڕێ.
تیئوریی (شناخت)ی ئەبووشاکر لە ماتریالیسمی ئەپیکوورە وە مایە وەردەگرێ کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئەدراکی حەواس داندرابوو. ئەو عەقیدەی بە پێویستیەکی سروشتی لە گۆڕانکاری هەموو سروشت و بوونەوەراندا هەبوو و تە کامولی لە هەموو پرۆسەیەکی ئەو دنیایەدا بەدی دەکرد.

ئەبوو شاکر دەڵێ: کەس دنیای دروست نەکردوە و بۆخۆی لەخۆیەوەبەوجوود هاتوە. مەگەر سەوزەلانی لە خۆیەوە شین نابێ، کێ مێروولە دروست دەکا. مەگەر بوونەوەران بۆ خۆیان لە خۆیانەوە دروست نابن؟ ئەو بە پشت بەستن بە قانورنی سروشت و ئەسڵی ئاڵوگۆڕ و تەکامولی خۆجێ یی بوونەوەران، بوونی خالق رەد دەکاتەوە.
ئەبوو شاکر لەو قسە و باسانەی دەگەڵ ئیمام جەعفەرسادق بوویەتی لە سەر بێ پایەبوونی باوەڕە مەزهەبیەکان پێ دادە گرێ ولە یەکێک لەو باسانەدا دادەڵێ: ئە تۆ بۆ چی شاگرد و گوێگرەکانی خۆت فریو دەدەی؟ ئەوەی تۆ لە بارەی خودادا دەی لێی ئەفسانەیە و دەتەوەێ خەڵک رازی بە قوبووڵی شتێک بکەی کە وجوودی نیە و بە هیچ یەک لە پێنج حەواسی خۆمان ناتوانین دەرکی بکەین. لەوانەیە تۆبڵێی ئینسان ئەگەر نەتوانێ خودا بە حەواسی پێنجێنەی خۆی دەرک بکا، ئەوە دەتوانێ بە حەواسی نهێنی دەرکی بکا.
ئەما کەڵک وەرگرتن لە حەواسی نهێنی دەگەڕێتەوە سەر کەڵک وەرگرتن لە حەواسی زاهیری مەگەر تۆ دەتوانی شتێک لە زەینی خۆت دا دروست بکەی کە لە خوڵقاندنی دا یەک یا چەند حسی زاهیری دەستی نەبێ؟ کاتێک تۆ سیمای دۆستێکی غایب لە زەینی خۆتدا دەخولقێنی، ئەگەر حسی بیناییت نەبێ ناکرێ بی بینی و ئەگەر حسی بیستنت نەبێ ناتوانی دەنگی لە نهێنی دا ببیستێ، بۆیە هەموو هەستی نهێنی تۆ لە پێوەندی دەگەڵ هەستی زاهیری تۆدایە و ئەگەر هیچ هەستی زاهیریت نەبێ ئەتۆ ناتوانی لە هیچکام لە هەستی نهێنیت کەڵک وەرگری. ئەبووشاکر پاشان دەڵێ: ئەو خودایەی ئەتۆ داوا لە خەڵک دەکەی بی پەرستن شتێک نیە غەیری ئەوەی لە قووەی وەهمی تۆ هاتۆتە دەرێ، ئەتۆ ناسینی خودای کەس نەدیوت کردوتە ئامرازێک بۆ وەی ببیە خاوەن نفووز  و دارایی و ژیانی خۆش. ئەبوو شاکر وەکوو بیرمەندێکی مادی بە جوانی پێگەی سەرهەڵدانی مێژووی دین دەناسێ و دەڵێ ئەوە ئێوەن کە خودای خۆتان دروست کردوە، خالق ئێمەین نەک خودا.

**(ابوتمار مطیب)**

ئەبووبەکر حسێن ئەلتەمار لە مادەگەرایان و بیرمەندانی گەورەی سە  دەی سێهەمی کۆچی بوو لە کتێبە مێژوویی و فەلسە فیەکانی ئیسلامیدا مەیل بە روونکردنەوەی فکر و عەقیدەکانی ئەو نابیندرێ. لە بەر ئەوە ئاگاداری ئێمە لە بارەی عەقیدەی فەلسەفی ئەو یەک جار کەمە.
ئەبوو تەمارموتەیب فیلەسووفێکی دەهری و مادی بوو و لە فەلسەفە و عولوومی سروشتیدا بالادەست بوو و هەروەک لە نێویرا دەردەکەوێ لە عیلمی پزیشکی دا زەبەر دەست بوو. فکری فەلسەفی ئەو وەک هەموو دەهریەکان و مادەگەرایانی دیکە لەسەر ئەساسی عیلم و تەجرەبە بوو، ئەو باس و روونکردنەوەی دیاردەکانی سروشتی بەیاریدەی ئامرازی دین و ئە فسانە مەزهەبیەکان بە تەواوی رەد دەکردەوە، وێدەچێ مادەگەرایی (مطیب) پێشکەوتووتر لە ئەندێشەکانی زەکریای رازی بێ چونکە (تمار) لە ئیرادگرە بە ناوبانگەکانی عەقیدەکانی ڕازی یە. تەمارموتەیب لە ساڵی 312ی کۆچیدا فەوتی کرد.

**(ابو عیسی وراق)**
ئەبووعیساوەراق هاوعەسری (ابن راوندی) بوە و لە سەرتاوە لە ژێر کارکردی بیری موعتەزێلەدا بوە و چەند کتێبی لە بارەی ئەو ڕێبازەدا نووسیوە. ناوبراو دوای باس و گفتوگۆی عەقیدەتی زۆر دەگەڵ (ابن راوندی) لە دینی ئیسلام وەرگەڕا و مورتەد بوو. (ابو علی جبایی) دەنووسێ: خەلیفە دەستووری گرتنی (ابو عیسی) و ڕاوەندی دا. راوەندی هەڵات ئەما ئە بووعیسایان زیندانی کرد و هەر لە زیندان دا مرد.

**(صالح عبدالقدوس)**
ناوبراو لە زندیقان و مولحیدانی ناسراوی دەورانی خەلیفەکانی عەباسیە و کتێبێکی بە نێوی (کتاب الشکوک) نووسی و لە وێدا ئوسووڵ و بناغەی دین و ئایەت و حەدیسی هێنا ژێر پرسیارەوە.
عەبدەلقودووس پێی وابوو هەموو کتێبە عاسمانیە کان دروستکراوی زەینی بەشەرن. ئەو بە تاوانی زندیق بوون کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەرەو دمێشق هەڵات. ئەما پاش ماوەیەک گیرا و زیندانی کرا و لە کۆتاییدا لە سەر پێداگرتن و داکۆکی کردن لە عەقیدە و باوەڕی خۆی بە فتوای گەورەکانی شەریعەت، کوژرا.

**(ابن الراوندی)**
ناوبراو خەڵکی مەرورووودی خوراسان و هاوعەسری هە لاج بوە و لە فەرهەنگی ئیسلامیدا بە یەکێک لە زندیق و مولحیدەکان دەژمێردرێ. خاڵی گرینگ لە لێکدانەوەی ژیان و عەقیدەکانی ئەو دا ئەوەیە کە وەکوو هەلاج لە سەرەتاوە عە قیدەی بە ئوسووڵی دین بوە و بە یەکێک لە عولەما گەورەکانی مەزهەب ژومێر دراوە کە لە تەبلیغ و تەشریحی ئوسوولی ئیسلامی بە تایبەت شیعەدا چەند کتێبێ نووسیوە. ئەما دوای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی دینەکان لە عەقیدەی مە زهەبی وەگەڕاو بوو بە مورتەد و لە دژایەتی ئیسلامدا چەند کتێبی نووسی. لەبەرهەمی مێژوونووسانی ئیسلامیدا هیچ مە یلێک بە ناساندنی ژیان و عەقیدەکانی راوەندی نابیندرێ و ئەوە بێ شک لەبەر رق و کینەیەکە، ساحەبانی دین و دەوڵەت سەبارە ت بە عەقیدەکانی ئەو بوویانە.

(ابن جوزی)، راوەندی بە یەکێک لە مولحیدە گەورەکان و یەک لەو 3 زیندیقە گەورەیە دەناسێ کە لە نێو عولەمای ئیسلامدا پەیدابوون. دوو نەفەرکەی دیکە یەکیان (ابوحیان توحیدی) و ئەوەی دیکەیان (ابوعلادی معری) یە. بە وتەی (ابولحسن خیاط)، راوەندی لە کتێبی (الزمرد) فەسلێکی بە نێوی (رد بر محمدیە)ی موسوڵمانان نووسیوە و لەوێدا بە تایبە ت هێرشی بەردووتە سەر پێغەمبەری ئیسلام و قورعان. لەو کتێبەدا، راوەندی رەساڵەتی پێغەمبەران و موعجزاتی ئیبرام و مووسا و عیسا و محەمەدی نەفی کردتەوە.

راوەندی لە کتێبی (نعت الحکمە) بێ مەعنابوون و بێ هوودەبوونی ئەکلیفی ئەمر و نەهی لە لایەن خوداوە بۆ سەر خە ڵکی هێناوەتەوە گۆڕێ. ناوبراو کاتێک کتێبی (الفرند)ی خۆی بۆ نووسینەوە و بڵاو کردنەوە دابە (عباس صروم) و ئە ویش دەستی بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد و بەشێکی لێ خوێندەوە، کوتی: سەرم سووڕماوە تۆ چۆن هەر زیندووی؟ راوە ندی کوتی: لە بەرچی؟ سروم جوابی داوە، لە بەر ئەوەی ئەتۆ هەرچی لەو کتێبەدا نووسیوتە کوفرە و هەر موسوڵمانێکیش ئەوە بنووسێ و بە زمانی دابێ کافرە. راوەندی کوتی: ئەوانە کفر نین بەڵکوو ڕاستیەکانی عیلمن. راوە ندی لە کتێبی (الفرند) دا قورعانی رەد کردوتەوە و هێرشی بردۆتە سەر هەموو پێغەمبەرەکان. بە تایبەت پێغەمبەری ئیسلام. ئەو هەروەها لە کتێی (الذامغ) دا دەڵێ: خودا وەکوو دوژمنێکی تووڕە وایە کە هیچ دە رمانێک غەیری کوشتنی ئەو بەکارنایا.
لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا کە بڵاو کردنەوەی فکرو عەقیدەی مادی و ئیلحادی ئازادەیەک هەبوە، هیچکەس بە ئەندازەی راوەندی لەو بوارەدا توند نە رویشتوە. ئەو باوەڕی بە قەدیم بوونی مادە هەبوو وحیکمەت و رەحمەتی خودا و بەعسەت و رەسالەتی ئەنبیای رەد دەکردەوە، ئیراد گرتنی راوەندی لە دین و خەباتی لە دژی خورافە پەرستی کە لەو زەمان دا کومە ڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی بەزنجێر کێشا بوو، سەدەمەیەکی قورسی بە دامەزراوە دینیەکانی ئەو سەردەم گەیاندو بێ شک لە سەر فکرو عقیدەی رووناک بیرانی ئەو زەمان وەکوو هە لاج کار کردی هەبوە.

راوەندی نە تەنیا لە عولوومی عەقلیدا هەڵکەوتووی زەمانی خۆی بوو، بەڵکوو لە تەواوی عولوومی سروشتیشدا وە ستابوو و ئەوەڵ کەسێکە کوتی (لەش لە تەواوی عومریدا لە لایەن دوژمنانەوە گەمارۆدراوە و دەیانەوێ لە بینی بەرن ئەما لە نێو لەشی ئێمەدا شتی وا دروست دەبن کە بەربەرەکانی ئەو دوژمنانە دەکەن و نایەڵن بە سەر ئێمەدا زاڵ بن. ئەو ئەوەڵین کەسە بە شێوەی سادە ئیشارە بە بوونی (گلبولی) سپی خوێن و ئانتی بادیز، لە دیفاع لە لەشداکردوە).
ئەوەی راوەندی لە هەزار و دووسەد ساڵ لەوە پێش دا کوتوویە زۆر جێگای پەسندی پزیشک و دانیشمەندانی ئەوڕۆیە. ئەو رسکانی سروشتی وەکوو قانوونێکی گشتی دەدیت کە لە هەموو شت و لە هەموو بوونەوەرێک داهەیە و رسکان و تە کامولی خۆ بە خۆی گیا و حەیوانی بۆ ئینسانیش بەراست دەزانی و پێی وابوو ئینسانیش بە بێ هیچ عامیلێکی دەرەکی (خودا) بۆ خۆی رسکاوە و پەروەردە بوە و گەیوەتە کەماڵ.

ڕاوەندی سەبارەت بە مەرگ نەزەری ئەپیکوور پەسند دەکات و پێی وایە تامن هەم مەرگ نیە و کاتێکیش مەرگ هات من نیم. قانوونی مەرگ و ژیان لە دەست ڕاوەندیدا چەکێکی تێئوریکە لە خەبات لە دژی مەزهەب و ئیلاهیاتدا. ئەو قانوونی ئەفسانەی (هەمیشە بوونی رووح) بە تەواوی بەرپەرچ دەداتەوە.
ڕاوەندی دوای ئیرتیداد و ئیلحاد هەمیشە لە ژێر ئازار و هەڵنانی دەسەڵاتدارانی شەریعەت و پارێزەرانی بیری تاریک و دواکەوتوودا بوو. مێژوونووسان دەنووسن ڕاوەندی 114 جلد کتێب و نووسراوەی هەبوە. هەمووی ئەو بەرهەمانە کۆ کراونەوە و سووتێندراون و ئێستا هیچمان بە دەستەوە نین.
(عبدولرحیم عباس) دەگێڕێتەوە، ڕاوەندی لە سەرەتادا یەکێک لە عولەمای گەورەی مەزهەب بوو. ئەما دوای فکرکردنە وە ولێکۆڵینەوەی زۆر لە دین وەرگەڕا و بووبە مولحید. مێژووی فەوتی ڕاوەندی بە وتەیەک ساڵی 298ی کۆچی و بە وتەیەکی دیکە ساڵی 301ی کۆچی یانی ساڵی گیرانی هە لاجە.
بێجگە لەو بیرمەندانە، کتێبی جوراجوری مێژوویی باسی زۆر (زندیق) و مادەگەرای دیکەیان کردوە کە چۆنیەتی ژیان و عەقیدە یان ئێستا بۆ ئێمە روون نیە و ئەوە ئەڵبەتە بە لەبەر چاوگرتنی سیاسەتی کتێب سووتاندنی دەورەی ئەمەوی و عە باسی چاوەروان نەکراو نیە. لەوانە نێوی : (ابو الخطاب محمد بن لبی ـ زینب مغیره ـ ان سعید صالح ـ منفذ بن زیادهلالی ـ عبداله بن داود ـ صیمری ـ عماره بن همزه ـ مطر بن ابی الغیث ـ مطیع بن ایاس ـ علی بن الخلیل ـ حماد عجره ـ لقمان بن طاغوت ـ معن بن زائده ـ حماد زبرقان ـ ابن الاعمی الحریزی و ...)

**ئینسان خودایی**

بەشەر لە درێژایی مێژوودا، خاوەنی ئەندێشەی جۆراوجۆر سەبارەت بە خۆی و جیهان بوە. چۆنیەتی ئەو تێ ڕوانینە بە گوێرەی دەورە بەندیەکانی مێژوو، جۆراوجۆر و تەنانەت دژ بە یەک بوە، چونکە ئەندێشەکان لە ڕاستیدا، چەکی ئیدئولوژیکی ئینسان لە رەوتی مێژوودا بوون. چوارچێوەی ئەندێشە و چۆنیەتی عەقیدەکان وا دەگەیەنن کە رسکان و پەل هاویشتن، هەروەها داروخانی شکڵ و ناوەڕۆکی ئەندێشەکان مەعنای مێژوویی هەیە و بە گوێرەی پێویستیەکانی مێژوویی دێنە ئاراوە. ئەندێشەکان لە رەوتی مێژوودا نەک بەهەڵکەوت بەڵکوو لە پێوەند دەگەڵ دەستکردەکانی پێشوودا شکڵ دەگرن و خۆ قایم دەکەن. قوبوول کردنی ئەو پێوەندە بەو مەعنایە نیە کە هەر شکڵێکی تازە لە ئەندێشە و شعوور، وێنەیەکی وشک لە شکڵەکەی پێش ترە. مادییەتی مێژوویی ئەندێشە وا نیشان دەدا کە رسکانی ناوەڕۆک و شکڵێکی نوێ تر لە جیهان بینی هاوکات دەگەڵ هاوپێوەندی دەگەڵ شکڵەکانی پێش تر، بۆ خۆی شتێکی تازەی دیکەیە. ئینسان لە دەورە کانی هەوەڵینی ژیانیدا، خۆی و جیهانی بە تێ ڕوانینێکی ئوستوورەییەوە لێکدەداوە.
لە واقیع دا تێ ڕوانینی ئوستوورەیی چەکی عەقیدەتی ئینسانی دەورەکانی هەوەڵینە. جەوهەری جیهان بینی ئوستوورەیی قوبوولکردنی دەخالەتی ئینسان لە رەوتەکانی سروشت و کۆمەڵایەتی دایە، ئینسان لێرە بەر خیلافی ئینسانی مەزهەب، بوونەوەرێکی داماو و بەرکەنار لە پێک هێنان و خوڵقاندن و عاجز لە سەرکەوتن بە سەرجەبرەکانی مێژوویی وسروشتیدانیە . بەڵکوو بوونەوەرێکی تێکۆشەرە کە بۆ بڵاو کردنەوەی ئەندێشەکان و باش کردنی ژیانی خۆی خەبات دە کا. ئێنسان لە جیهانی ئەساتیریدا، تەنانەت دەتوانێ بەرەنگاری خوداکانیش بێتەوە، ئاکامی ئەو بەرەنگار بوونەوەیە شکستیش بێ، دیسان جەهەری خەباتەکە، بوون و هوویەتێکی دیکە بە ئینسان دەبەخشێ. زەینی ئوستوورەیی ئینسان تا ئەو جێگایە دەچێتە پێش کە خواداکان بە تەواوی وەکوو ئینسان دەچن، شەراب دەخۆنەوە، مێگەلی پەرواریان هەیە کە وشی زێرین یان لە پێ دایە. لە سەرتەختی زێرین دادەنیشن و وەکوو ئینسان لە کاتی مەستی و عەیشدا بێ خود دەبن لە شە ڕەکانی قەبیلەیی دا بەشدار دەبن، بە غیلی دەکەن....

ئینسان خودایی نەسڵی هاوبەشی هەموو ئەندێشە ئوستوورەییەکانە. لە لای ئێرانیەکانی قەدیم و لە نیزامی عەقیدەیی زە ردەشتیدا، ئاناهیتا، ئیزەدبانوویە کە پاڵ وەبالنجی زێرین دەدا و بەلەک و باسکی سپی هەیە. بەشەر لە جیهان بینی ئوستوورەیی دا هەموو شتی وەکوو ئیسنان دەدیت و هەموو بوون و حەرەکەتێکی لەوێنەی ئینسان لێکدەداوە. لە نیزامی عەقیدەتی زەردەشتیدا، سەرکەوتنی ئەهورامەزدابە سەر ئەهریمەن دا بەوەوە بەستراوەتەوە ئینسانەکان بەیاریدەدانی ئە هورامەزدالەو تێکهەڵچوونەدا بەشداری بکەن. عیللەتی دروستکردنی ئینسان بۆ دەخاڵەت لە خەبات بۆ سەرکەوتنی ئینسان و ئەهورا مەزدایە. بۆ وێنە هورمەزد لە ئەساتیری زەردەشتیدا خودایە کە بە بێ یاریدەی ئینسان توانای سەرکە وتنی نیە. روونە کە لە تێروانینێکی ئاوادا ئینسان لە مەرتەبەیەکی عالی و (خوداگونە) دا قەرار دەگرێ، ئینسان خودایی دەتوانێ لە گۆڕەپانی لێهاتوویپدابە سەر هەموو شتێک دا خاوەن دەسەڵات بێ. لە ڕاستیدا ئینسان بۆ خۆی خودایەکە یاریدەی خوداکانی دیکە دەدا، کۆمەڵناسی ئەساتیری ڕادەگەیەنێ، جەوهەری بنەڕەتی مەزهەبە فیئودالیەکان لە بنەماکانی ئەساتیریەوە وەرگیراون و بە گوێرەی هەلومەرجی ئابووری و مێژوویی ئاڵوگۆڕیان کردوە و دەگەڵ شێوەی نوێ رێک کەوتوون و لەو رەوتەدا شتی تازەش تێکەڵ بوە کە بنەماکانی هەوەڵینەی هێندێک تووشی گۆڕان کردووە. مەزهەب هە

رچەند لە ئوستوورە کەڵک وەردەگرێ، بەتەواوی ئوستوورە نیە چونکە مەزهەب زیاتر پاڵ وە مایەی مێتافیزیکی دەدا کە تایبەتی ئینسانی فیئودالیە. خودای مەزهەب پێوەندێکی یەک جار دووری دەگەڵ خودای ئوستوورە هەیە.

* * *

بەرسکانی زەندەقە و مادەگەرایی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا بۆ هەوەڵین جار سەرنجەکان بۆ لای کەماڵی ئینسان، ئینسان سالاری و ئینسان خودایی ڕاکێشرا. زەندیقەکان و بیرمەندانی مادی بە لێکدانەوەی عیلمیی بنەماکانی دین نیشانیاندا کە دین لە سەر بناغەی ترس دانداراوە. ترس لە شتی نەناسراو، ترس لە شکست ،ترس لە مەرگ و ترس لە بێ پەنایی لەبەرابەر رووداوو سەختی دا. ئەوانە بێ ئیختیار ئینسانی بۆ لای خودا ڕاکێشا. بیرمەندانی مادی و زەندیقەکان نیشانیان دا کە سە رچاوە ی رسکانی دین، ترس و بێدادگەریە و سەیر نیە کە بێدادگەری و دین بە درێژایی مێژوو پێ بە پێی یەک تر هاتوونە پێش. بۆ وێنە کاتێک زوڵم و بێدادی زۆر بوە هۆی ئەوەی لادێییەکان و رەنجبەران پاڵ پشتی ئابووری و کۆمە ڵایەتی خۆیان لە دەس بدەن نیازی رووحی و مەعنەوی کۆمەڵانی خەڵک بە بوونی پاڵ پشت و نەجات دەرێک و خودایە کی عادڵ لە هەیئەتی موقەننەع دا خۆی نیشاندا بە جۆرێک 50000 کەس لەو لادێیی و ڕەنجبەرانە لە شوێنی ژیانی ئەو کۆبوونەوە و دەگریان و بەسەرخۆیاندا دەدا و خۆیان دەڕنیەوە و دەپڕانەوە بەڵکوو بتوانن بۆ جارێکیش بێ چاویان بە خودای خۆیان موقەننەع بکەوێت.

ئەساسی ئەنێشەکانی ماددەگەرایانی ئێرانی ـ ئیسلامی لە سەر بناغەی دیتنەوەی تواناییەکانی ئینسان دامەزرابوو ئەوان دیانکوت تا ئەو کاتەی ئینسان ئیمانی بە باوەڕە مەزهەبیەکان هەیە، هێز و توانایە سروشتیەکانی مە جاڵی خۆ نیشاندانیان نیە. ئینسانی مەزهەبی بۆ دابین کردنی ئازادی و بڵاو بوونەوەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە چاوەڕێ بوو هێزێکی غە یبی و دەرەکی ئەو کارەی بۆ بکا کە ئینسان بۆ خۆی بەرپرسی ئەنجامیەتی. بە عەقیدەی مادەگەرایان خودا نیشانەی قودرە ت و هێزی زیاتر و سەرەوەتر لە ئینسان نیە. بەڵکوو خودا وێنەیەکە لە هێزی خودی ئینسان کە بەشەر دەیەوێ لە ژیانی خۆیدا بگاتە ئەو ئاستە لە توانایی و ئینسان دەگەڵ ئەوەی دەبێ گیروگرفت و کورتیەکانی خۆی بناسێ، دەبێ لە هێزی زاتی و خوڵقێنەری خۆشی ئاگاداربێ و ئەگەر قوبوڵ بکا هیچ پاڵپشتێکی غەیری هێزەکانی خۆی نیە، بەکارهێنانی دروستی ئە وهێزانە فێر دەبێ و بە بێ ئەوەی چاوی لە عاسمان بێ لە کاتی سەغڵەتیدا دەگەڵ ئەندێشە و عەمەلی سەرعە رزی رووبەروو دەبێ. ئەندێشەی زەندیقەکان و مادەگەرایانی سەدەی سێهەمی کۆچی و هێنانە گۆڕی قودرەتی خوڵقێنە ری ئینسان، زەمینەی بۆ رسکانی ئینسان خودایی و (اناالحق) کوتنی هە لاج ئامادە کرد.

* * *

کوتمان ئیسلام زووتر لە باتی دینەکان تووشی کێشە وتەفرەقە هات. هەربەدوای فەوتی پێغەمبەردا، ئێستا کفن و دفنی تە واو نەبوو، دووبەرەکی لە نێو دەسەڵاتی ئیسلامی دا سەری هەڵدا. لە لایەکەوە ئەبووبەکر،عومەر،عوسمان و باقی ئە شراف و سەرۆکەکانی عەرەب و لە لایەکی دیکەوە عەلی خەبات و کێشەکێشی توندیان بۆ بەدەستەوە گرتنی قودرەتی سیاسی و مەزهەبی دەس پێکرد، کێشە لەسەر ئیمامەت و ڕێبەری موسوڵمانان بوە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا موسوڵمانەکان بە دەستە و فرقەی جۆراجۆر دابەش بن و هەریەکەی خۆی بە هەق و ئەوەی دیکە بە باتڵ بزانێ. خە واریج وەکوو نموونەیەکی کۆمارخوازی بۆ بەوجودهاتنی دێموکراسی و حکوومەتی هەڵبژاردە تێدەکۆشان و شیعەکان وە کوو مەیلی سەڵتەنەت خوازانە، خەلافەت و ئیمامەتیان وەکوو ئیرس و تایبەت بە بنەماڵەی پێغەمبەر و بۆ عەلی دەستەبر دەکرد. دواتر هە رکام لەو دوو فرقەیە بوونە چەندین بەش کە هەرکام ئێدیعای تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ وێنە شیعە لە رە وتی مێژوودا بوونەتە چەندین قوڵ وەکوو: کیسانیە،زەیدیە،ئیمامیە،غولات و ئیسماعیلیە.
شەڕ و پێکدادانی ئەو فرقانە کە لە سەر مەسەلەی ئیمامەت و خەلافەت کراوە، بەڕاستی هەموو مێژووی ئیسلامیان خوێناوی کردوە و بە وتەی (شهرستانی) هیچ مەسەلەیەک لە مێژوودا بە ئەندازەی مەسەلەی ئیمامەت نەبۆتە هۆی یەک تر کوشتن و خوێن رشتن و بەو حاڵە ش نەیتوانیوە ببێتە هۆی مێژوویەکی روون، بەڵکوو بۆتە هۆی پرش و بڵاوی و ئیختلافی زیاتری موسوڵمانان و دروست بوونی فرقە و مەزهەبی دیکەو دوژمن دەگەڵ یەک تر بۆیە حافز دەڵێ:

جنگ هفتاد و دو ملت همە را عذر بنە
چون ندیدند حقیقت رە افسانە زدند

بەو شێوەیە گێژاوی ڕێبەری موسوڵمانەکان لە رەوتی مێژوویی خۆیدا گەیشتە بن بەست و هیچ فرقە و دەستەیەکی ئیسلامی نەیتوانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وەدی بێنێ. لە تەنیشت ئەو شەڕ و کێشەیەدا ئەندێشەی خۆ ڕێبەری و ئینسان خودایی زەندیقەکان و مادەگەراکان زیاتر لە جاران شکڵی دەگرت و قایم دەبوو، لە جیهان بینی ئینسان سالاری و ئینسان خوداییدا ئینسان، ئامانجی ئینسانە و هیچ شتێک سەرتر و سەرەوەتر لەو نیە و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە خۆشبەختی و شەر تی گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و پشکواندنی هێزی خوڵقێنەری ئینسان لەوەدایە کە بەشەر لە قەید و زنجیری خورافاتی مەزهەبی و دەستەبەندی دینی رزگار دەبێ، ئینسانی زنجیریی مەزهەب، هەر بەو ئەندازەیە لە دیتنی رازی نە جاتی ئاگادار بوە،بەونیسبەتە لە بەند رزگاری هاتوە، برینەکانی سارێژ بۆتەوە و هێزی خودایی خۆی کەوتۆتەوە دەستی. چونکە ئاگابوون سەرەتای ئازادی و ڕزگاریە. بەوجۆرە لە رەوتێکی مێژووییدا و دەگەڵ تەکامولی ئەندێشە فەلسەفیەکان، مادەگەرایان و زەندیقەکانی سەدەی سێهەمی کۆچی لە دژی دامەزراوە دینیەکان توغیانیان کرد. دیوارەکانی ترس و تە

سليم و گوێرايەڵی بۆ مەزهەبيان داروخاند و لە ئاگا بوونەوە و بەخۆ هاتنەوەدا گەيشتنە خودای خۆيان. خودا نەک وەک هێزی باڵاتر و خاوەن دەسەڵات بەسەر ئينساندا، بەڵكوو وەكوو هێزی خوڵقێنەر و خروشانی خودی ئينسان و لەو نێوەدا حوسێن بن مەنسوور هەلاج نەک وەکوو سۆفی و عارف بەڵکوو وەکوو هەوەڵين شورشی وشەهيدکە لە تەسەوفی توغيانە وە بە باوەڕو توغيانی ئيلحادی گەيشتوە، لە مێژووی عەمەل و ئەندێشەدا جێگايەكی شەريف و پڕ شكۆی هەيە.

* * *

ئێمە لە لێكۆڵينەوەی كورتماندا، ئاڵو وگۆڕەكانی ئابووری، كۆمەڵايەتی، سياسی، فەرهەنگی، كۆمەڵی ئيسلامی تا سەدەی خەلافەتی (مقتدر) و دەركەوتنی هەلاجمان نيشاندا. خوێنەر ئێستا لە سەرەتای كتێبەكە دايە. بۆ نزيک بوونەوە لە هە لاج و تێگەيشتنی دروست لە فكر و عەقيدەی ئەو دەبێ ئاڵووگۆڕەكانی كۆمەڵايەتی و فەرهەنگی و سياسی پێش دەركەوتنی ئە و، بە پشت بەستن بە فەلسەفەی عيلمی و مێژوويی هەڵسەنگێنن.

بە پێچەوانەی عەقيدەی هێندێک لە كۆمەڵناسان كە كەسايەتی لە روانگەی فرويديسمەوە تەفسير دەكەن، هەروەها بە پێچە وانەی لێكۆڵە وەرانی ئيدئاليست كە كەسايەتی بەشتێكی خودا داو تەعبير دەكەن، كەسايەتی بەرهەمی تەكامولی مێژوويی. كۆمەڵايەتی و شەخسی و هەروەها دە ركەوتنی بايەخەكانی كۆمەڵايەتی ئينسانە. كەسايەتی بەرهەمی پێويستيەكانی مێژوويی و كۆمەڵاييەتيە كە لە پراتيک و تێگەيشتن لە بايەخە كۆمەڵايەتيەكان وەدەست دێت و شكڵ دەگرێ و قايم دەبێ و بۆ وڵامدانەوەی پێويستيەكی عەينی و كۆمەڵايەتی دەكێشرێتە مەيدانەوە، بە ئاگادار بوون لەو ئەسڵە ئێمە ژيان و عەقيدەی هەلاج لە ژێر ئەو سەردێرانەدا هەڵدەسەنگێنين:

باری ئابووری كۆمەڵايەتی زەمانی هە لاج
ژيان و لێكۆڵينەوەی عەقيدەكانی هە لاج لە 3 دەورەدا

الف ـ دورەی تەوەلود ـ تەسەوف ـ تەسليم
ب ـ دەورەی دوودڵی ـ تەحقيق ـ توغيان
ج ـ دەورەی گيران ـ محاكەمە و شەهيد كران

**هەلوومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی زەمانی هە لاج**

خەلافەتی (مقتدرباللە) هەژدەهەمین خەلیفەی عەباسی، دەگەڵ گەشەکردنی ڕەوتی هەرچی زیاتری پێوەندیەکانی فیئودالّی، چەوسانەوە و زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی خەڵک، پێشرەفتی سەودا و توجارەت و رسکانی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوو. لە ڕاستیدا موقتەدر واریسی هەموو قەیران و فەساد و تێکەڵ پێکەڵی و ئەو وەرشکستیانە بوو کە لە ساڵەها پێش ترڕا ببووە هۆی نزیک کردنەوەی خەلافەتی عەباسی لە تێک شکان و داڕووخان.

(هندوشاه) دەنووسێ: کاتێک موقتەدر دانیشتە سەر کورسیی خەلافەت، سێزدە ساڵە بوو و بیست و چوار ساڵ و مانگێک خەلیفە بوو. چونکە لە عومری منداڵیدا ببوە خەلیفە ژنان و دایکی و خزمەتکارەکانی بەسەری دا زاڵ بوون و کاری دەوڵەتەکەی لە سەر تەگبیری ئەو جەماعەتە هەڵدەسووڕا. بۆ خۆشی خەریکی لەزەت وەرگرتن لە ژیان بوو. وڵاتەکەی بەرەو خراپی دەرۆیشت و خەزێنەکەی بەرەو بەتاڵی.
نووسەری (تاریخ فخری) ش هەروەها شتێکی وا دووپات دەکاتەوە.
موقتەدر واریسی حکومەتێکی ناپەسند و پە رێشان و میرات گری ئابووریەکی پڕ لە ئاوسان بوو. دەڵێن لە سەرای موقتەدردا یازە هەزار خزمەتکاری خەساو لە رۆمی و سودانی و ... ی تێدا بوو. خەزێنەکەی پڕ بوو لە جەواهێری قیمەتی. مەقتەدر عیمارەتی ئەفسانەیی (دارالشجره)ی دروست کرد بوو کە بە بۆنەی داری دروست کراو لە زێڕ و زێو کە لە حەوزی باغچەکەدا بەرپایان کردبوو ئەو نێوەی لێ نرابوو. ئەو دارە زێڕوزێوە هەژدە شاخەی بوە، لە تەنیشت هەرکام لە لایەکانی حەوزەکە پەیکەری پازدەسوار بە لیباسی نیشاندارەوە هەبوو کە نێزەیان بە دەستەوە بوو و دەجووڵانەوە و وات دەزانی لە مەیدانی شەڕ و پێکدادان دان. دەرباری موقتەدر مەیدانی خۆنواندنی ئەو وەزیرو کاربەدەستانە بوو کە تاڵان و رووتاندنەوە و زوڵم و زۆر و بەرتیل خواردن و کوشتاری کۆمەڵانی خەڵک کاروپیشەیان بوو. ئەو خەبەرانەی لە داهاتی دەوڵەتی عە باسیەکانەوە بە دەستەوەن نیشان دەدەن هەر لە دەس پێکەوە داهاتوو و دارایی یان هێندە زۆر بوە کە ژیانی پڕ لە جەلال و ئەفسانەیی خەلیفەکانی مومکین دەکرد.
لە گوزاریشی (ابن خلدون) دا دە ردەکەوێ لە دەورەی خەلافەتی (مامون)دا خەراجی نەغدی هێندێک لە سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت بەو جۆرە بوە:

| | |
|---|---|
| سەواد، ناوچەی خوارووی عێراق و دەوری بەسرە | ٢٧٨٠٠٠٠٠ درەم |
| خوراسان | ٢٨٠٠٠٠٠٠ درەم |
| میسر | ١٩٢٠٠٠٠ دینار |
| فەلەستین | ٣١٠٠٠ دینار |
| وڵات و سەرزەمینی دیکە | ٣٣١٩٢٩٠٠٨ دینار |
| کۆی ماڵیاتی نەغد لەزەمانی مەئموون دا | ٣٠٩٥٨٠٠٠٠ درەم |

بێجگە لەوە میلیون ها دیناریش ماڵیاتی جینس لە دانیشتوانی وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت وەردەگیرا. ئەو ڕێژەیەی ئیبنی خەلدوون لە جۆراوجۆری جینسی ماڵیاتەکان نووسیویە هەروەها نیشاندەری پشکووتنی سەنعەت و پیشەوەری لەو سەردەمەدایە.

سەبارەت بە میزانی خەزێنە و چۆنیەتی موخاریجی خەلیفەکان، روون دەبێتەوە کاتێک مەنسوور فەوتی کرد خەزێنەی ئەسڵیی ئەو 600 میلیون درەم و 14 میلیون دینار بوە. دوای مەرگی هاروون خەزینە 900 میلیون دینار بوە و کاتی مەرگی (مکتفی) نەغدینە گەیوەتە 100 میلیون دینار.
لە دەورانی خەلافەتی موقتەدری عەباسیدا تەنیا لە عێراق و خووزستان و فارس و ناودوو روبار و سووریە و بەسرە خەلیفەیان بە فەرمانڕەوای موتڵەق دەزانی و لە ئازەبایجان و ئەرمەنستان زۆر بە ڕەسمیەت نەدەناسرا. لە ئاکامدا کاتێک عێراق خەراج و مالیات و موستەغەلات و عەواریزی کەشتی رانی و گومرک و پاوانەکانی دیکە ساڵانە 1547734 دینار و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات 6213283 دینار و میسرو سووریە 4746375 دیناریان دەدا، خەلیفە لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان تەنیا بە وەرگرتنی 236370 دینار قەناعەتی دەکرد. بێجگە لەوە 1768015 دینار لە داهاتی ئەوقاف و مڵکی خالیسە دەست دەکەوت.
تەبەری و ئیبنی ئەسیر دەنووسن: کاتێک دەگەڵ موقتەدر بەیعەت کرا، خەزێنە 15 میلیون دیناری زێڕ تێدابوو. ئەما ڕابواردنی ئەفسانەیی خەلیفە و خەرجی قورسی شەڕوشۆڕش و ڕاپەڕینی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک و دزی دەربارییەکان و ماڵ کۆ کردنەوەی ژنان و خواجەکانی حەرەم سەرا، بوە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کەم دا، خەزێنە تەواو بێ و تەنانەت کەم و کەسری رووی تێ بکا.
فۆن کرمر لە کتێبی (بودجه دولت عباسی) دا دەنووسێ: بوودجەی موقتەدری عەباسی لە کاتی وەزارەتی عەلی بن عیسا یانی ساڵی 306ی کۆچی دا، 2089894 دیناری کەسری بوە. لە بیرمان بێ ئەوە ئی زەمانی وەزارەتی عەلی بن عیسا

دروست کارترین وەزیری حکوومەتی موقتەدرە و بێ شک لە دەورانی وەزارەتی کەسی وەکوو حامێدبن عەباس و خاقانی دا زۆر لەوە زیاتر بوە.
لە زەمانی موقتەدردا نیهزەتی قەرەمەتیەکان کە لە ساڵی 260ی کۆچیدا هەڵایسا و ئاشکرا بوو، درێژەی هەبوو و تەنانەت زیاتریش پەرەی گرت. لەو دەورانەدا ئەبووسەعید جەنابی رێبەری قەرەمەتیەکان دوای هێرش بەرنە سەر مەکەو بردنی حەجەرلئەسوەد وشتی قیمەتی دیکەی ماڵی کەعبە دەگەل پێنسەدسوارلە لەشکرەکەی بۆشەڕی موقتەدر بەرەو بەغدا وە ڕێکەوت. موقتەدر یەک لە سەردارەکانی خۆی بە نێو (ابی ساج) دەگەڵ سەد هەزار لەشکر ناردە سەر قەرەمەتیەکان. ئە بی ساج قودرەت و لێهاتوویی قەرەمەتیەکانی بە کەم گرت و پێش ئەوەی دەگەڵیان بەشەڕ بێ، بۆ خەلیفەی نووسی: (ابو سعید) دەگرێ و بەو زوانە ڕەوانەی دەرباری خەلیفەی دەکا. نامەیەکیشی بۆ ڕێبەری قەرمەتیەکان نووسی و زۆری وە عدە و وەعید دایە و وەبیری هێناوە کە توانای شەڕ دەگەڵ هێزی خەلیفەی نیە و باش تر وایە خۆی تەسلیم بکا و لە ئەمان دابێ.
حەمدولامەستووفی لەو بارەوەیەوە دەنووسێ: ئەبووسەعید لە ناردراوەکەی ئەبی ساجی پرسی، چەندی لەشکر لەگەڵە. کوتی: سی هەزار. ئەبووسەعید کوتی هەمووی بە سێ پیاو دانانێم و بانگی کەسێکی لە لەشکرەکەی خۆی کرد و پێی کوت سەری خۆی ببڕێ و بە یەکی دیکەی کوت خۆ لە بەرزاییەوە بەرداتەوە و بە یەکی دیکەشی کوت خۆی لە ئاودا بخنێکنێ و ئەوان وایان کرد. ئەو جار کوتی کەسێکی ساحەبی لە شکری ئاوا بێ لە زۆریی لەشکری دوژمن ناترسێ. ئە من بە تۆ ئەمان دەدەم، ئەما ئەبی ساج دەئەستۆی سەگ دەخەم و پێشانت دەدەم. هەر ئەوشەوە پەلاماری بردە سەر لە شکری ئەبی ساج و شڕی کردن و هەڵی قەندن و ئەبی ساجی بە دیل گرت و لە ئەستۆی سەگی خست.
موقتەدر لە بەر منداڵی و کەم عومری هیچی لە سیاسەت و مەملەکەتداری نەدەزانی، ژنەکانی حەرەمسەرا وەکوو سە رسپی، دەگەڵ ڕێک و پێک کردنی کاری حەرەمسەرا لە کاروباری وڵاتیشدا دەستیان دەرۆیشت و بە هاودەستی وەزیران و دەرباریەکان هەرچی ویستیبایان وەریاندەگرت و وەسەر یەکیان دەنا. بۆ وێنە (ام موسی) لە زەمانی موقتەدردا هەمە کارەی وڵات بوو و بە بێ ئەو هیچ کارێکی گرینگ ڕانەدەپەڕی. دەڵێن کاتێک دایکی موقتەدر مرد و ویستیان لە گۆڕی نێن، 700000 دیناریان لە جێگای گۆرەکەدا دیتەوە. کە لە پێش مەرگیدا لەوێدا شاردبوویەوە و کەس نەیزانیبوو.
کار لێ نەهاتوویی موقتەدر بوە هۆی ئەوەی وەزیرەکان و دەرباریەکان لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و خەریکی بەرتیل خواردن و تاڵان و زوڵم و زۆری خۆیان بن. هەر وەزیرێک هەر حوکمی وەزارەتی وەردەگرت، دەستی دەکرد بە ئاڵوو گۆڕی ئێداری و دیوانیی بەربڵاو، ئەوان حکوومەتی ئەیالەت و ویلایەتەکانیان بە موزایەدە دادەنا و هەر کام لە سەرانی ئەشراف و فێئوداڵ پووڵی زیاتریان بایە حاکمی ئەو ویلایەتە دەبوون، ئەو جۆرە کارانە نێوی (مرافق الوزراء) بوو و لە حکومەتی موقتەدردا وای پەرە گرتبوو کە دەڵێن (خاقانی وزیر) لە ڕۆژێکدا لە 19 نەفەر بەوشێوەیە پووڵی وەرگرت و بۆ هەمووی ئەوان حوکمی فەرمانداری (کوفە)ی نووسیبوو و هەرکام لەوان دەگەیشتنە کووفە خۆی بە حاکمی ئەوێ دە زانی.
دەرباریەکان کەمیان بۆ دەربار خەرج دە کرد و سوورەت حیسابی زیاتریان دەنووسی. بۆ دەرامەدەکانی دەوڵەت حیسابیان دادەتاشی و لە مەعموورەکان بەرتیل یان وەردەگرت. ماڵیاتی غەیرە قانوونی و قورسیان بەسەر کاسبکار و پیشەوەران دادەبڕی، دەستیان بە سەر دارایی خەڵکدا دەگرت و بە پاوان کردنی کانگای ئاو داشتن و بەرهەم هێنان، هەروەها داسە پاندنی مالیات و خەراجی بێ ئەندازە بەسەر لادێیەکاندا، مەجبووریان دەکردن لە مڵک و زەمینی خۆیان دەست هەڵبگرن و بە نێوی ئەوانی سەبت بکەن.
ئەو هەلومەرجە ناکۆکە ئابووری و کۆمەڵایەتیە دەزگای خەلافەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵدێر دەبرد و موقتەدر بۆ نە جات لەو قەیرانە مەجبوور بوو سیستمی (مقاطعە خراج) لە جاران زیاتر پەرە پێ بدا و ئەوە بە و مەعنایە بوو ئەگەر جاران مەعمووری کۆ کردنەوەی خەراج، دەبا ئەوەی کۆی دەکردەوە بە تەواوی بیدا بە خەزێنە و پاشان حوقووقی خۆی و لەشکرەکەی ژێر فەرمانی و ئەو کاربەدەستانەی بۆ کۆ کردنەوەی خەراج یارمەتیاندابوو لە خەزێنە وەربگرێ، لەوە بە ولاوە پێوەندی دەگەڵ خەلیفە ئەوە بوو (مقاطعە)ی دیاریکراو بدا بە خەلیفە و ئیدی لە شوێنی مەئمووریەتی خۆی ساحەبی هەموو ئیختیارێک بوو، بۆ وێنە (یوسف ابی الساج) فەرمانداری ئەرمەنستان وئازەربایجان لە سەری بوو هەموو ساڵێ 120 هەزار دینار بدا بە خەزێنەی دەوڵەت و بە ڕێوەبردنی کاری وڵات وەکوو شەڕ و دین و خەراج و زەوی و زاری خەڵک و... هەموو لەسەر شانی خۆی بوو و دەستیشی بە تەواوی ئاواڵە بوو.
لە زەمانی موقتەدر دا وەزیرەکان زوو زوو دەگۆڕدران و ئەوانی لێدەکەوتن دەست بە سەر ماڵیاندا دەگیرا. بێجگە لە ماڵی ئەوان مڵک و ماڵی دەرباریەکان و دەوروبەری خەلیفەش دەستی بەسەردا دەگیرا. ڕادەی ماڵی دەست بەسەردا گیراو تا 40 میلیون دیناریش باسی لێکراوە. هۆی سەرەکی گۆڕینی وەزیرەکان ئەوە بوو کە بۆ کۆکردنەوەی پووڵی زیاتر بۆ پڕ کردنی چاوی تەماعی دەرباریەکان و فەرماندەرانی لەشکر، دەست نیشان کراوەکانی مەقامی وەزارەت لە لای دەرباریە کان و سەرسپیەکانی حەرەمسەرا و دایکی خەلیفە چاپلووسیان دەکرد تا ئەوان وەبیر خەلیفە بێننەوە و بۆ کەم کردنەوەی ئە و پارەیەی کە خەلیفە بۆ فرۆشتنی مەسنەبی وەزارەت داوای دەکرد ڕێگە خۆش بکەن چەنە لێ بدرێ و ئەگەر خوازیاری وەزارەت توانای دانی ئەو پارەیەی بە خەلیفە بایە ئەوە خەلیفە دەیکرد بە وەزیر و دەستی ئاواڵە دەکرد کە وە زیرەکەی پێشووهەڵپێچێ و ئەو داراییەی لە کاتی وەزارەت دا وەسەریەکی ناوە لێی بستێنێتەوە و تەنانەت لە ڕێگای شکە نجە و ئازارەوە بەو مەبەستە بگات. هێندەی پێ نەدەچوو دەگەڵ وەزیری تازەش هەر بەو شێوەیە رەفتار دەکرا و وەکوو

دز ولەسەر بە هەدەردانی ماڵی دەوڵەت هەڵدەپێچرا و دەست بەسەر دەکرا و نزیکان و هاوکارەکانیشی تووشی ئازار و جە زرەبە دەبوون هەر بەو شێوەیە کە ئەو بۆخۆی دەگەڵ کەسانی پێش لە خۆی ئەنجامی دابوو. هەڵکەوتوە کە هێندێک وەزیر بۆ جاری دووهەم و سێهەمیش بوونەتەوە وەزیر وەکوو (ابن الفرات و ابن مقله) و دەگەڵ گەڕانەوەی هەریەک لە وان هەموو یاران و هاوکارانیشیان بە دڵی پڕ لە ڕق و تووڕەیی و تۆڵە ئەستاندنەوە دەگەڕاوە سەرکار. بەو جۆرە تیکەو لێکەیەکی زۆر روویدەدا کە خەڵکی بێ تاوان و تاوانبار لە ئاوری زوڵم و بێدادا دەسووتا.

ئەو وەزیرانەی دووبارە دەبوونەوە وەزیر، هەوڵیاندەدا بە دەست بەسەرداگرتنی ماڵی خەڵکی و تاڵان، ئەوەی جارێ پێشوو لە کاتی لێکەوتن دا لە دەستیان دابوو وەری بگرنەوە (ابن فرات) وەزیر دەڵێ، خەلیفە 10000000 دینار ماڵی منی دەست بەسەرداگرت. ئەمنیش 10000000 دینارم لە حوسێن بن عەبدولای جەواهێرفرۆش ئەستاند. بەو جۆرە ماڵی تاجرو خاوەن داراییەکانیش ئیدی مەحفووز نەبوو. نووسەری (تاریخ عرب) دەنووسێ: موقتەدر نزیک 16000000 دینار دارایی تاجرێک بە نێوی (ابن جصاص)داگیر دەکا. شتێکی لەو دوو نموونەی سەرەوەدا سەرنج ڕاکێشە دارایی قورسی (راکفلر)ەکانی زەمانی موقتەدری عەباسین. لەو هەل و مەرجە نالەبارەدایە کە یەکێک لە نووسەران و شاعیرانی دەورەی موقتەدر دەڵێ: (عباس بن حسن) بە ئاشکرا زوڵم لە هەموو کەس دەکا و گوناحی هەموو خەڵکی لە سەرشانە.

فەسادی حکوومەتی مەقتەدر بوە هۆی سەرەکی چەوسانەوەی ڕنجبەران و فەقیر و لادێییەکان. گرانی شتوومەک و سە ختی باری ژیان بوە هۆی رسکانی حیزب و دەستەی سیاسی و مەزهەبی و بوە هۆی شۆڕش و سەرپێچی یەک لە دوای یەکی خەڵک ونیزامی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی حاکمی تووشی لەرزین و رووخانکرد. ساڵی 307 ی کۆچی خەڵکی بەغدا لە بەر گرانی کەل و پەل شۆڕشیان کرد و زۆر لە بنکەکانی دەوڵەتیان ئاورتێبەردا. زیندانەکانیان کردەوە و زیندانیەکانیان ئازاد کرد. خەلیفە سواری (طیار)، لۆتکەی توند ڕەو بوو و خەڵک بەردەبارانیان کرد. ناچار موقتەدر دەستووریدا عە مبارەکان بکەنەوە و بە هەرزان بە خەڵکی بفرۆشن. ساڵی 308ی کۆچی لە شاری مووسڵ تەعام فرۆش و کەوش دروو مانیان گرت و توغیانیان کرد و بازاڕی کەوش فرۆشان بە هەرچی تێدا بوو ئاوری تێبەردرا.

حاکمی مووسڵ هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشەی دا و ئەوانیش بەگژی دا هاتنەوە و ڕێگایان بەست و ئامادەی بەربە رەکانی بوون.

بێ سەرەوبەرەیی حکوومەتی موقتەدر بوە هۆی ئەوە تەنیا لە عێراق و خووزستان و فارس و بەینەلنەهرەین و سووریە و بەسرە خەلیفە بە فەرمانداری موتڵەق بزانن و لە عەمان و ئازەربایجان وئەرمەنستان و هێندێک جێگای دیکەی ژێر دەسە ڵاتی خەلافەت ئێدی بە ڕەسمییەتی نەناسن. هەروەها هەر لەو دەورەیەدا (عبداله) خەلیفەی (فاطمی) لە شیمالی ئەفریقا و (عبدالرحمن) سێهەم خەلیفەی (ئەمەوی) لە ئیسپانیا لەقەبی خەلافەتیان وەرگرت و بەو شێوەیە هاو کات 3 خەلیفە لە دونیای ئیسلامدا حکوومەتیان دەکرد و دەگەڵ یەکتر لە کێشەدا بوون. هەمووی ئەو ڕووداو و ناکۆکیانە بوە هۆی ئەوەی لە وەرگرتنی خەراج و مالیاتدا بێ سەرەوبەرەیی بێتە پێش و خەزێنە تووشی کەم و کەسری قوورس بێ. ئەوەشی لێ زیاد بکەین سیاسەتی موسوڵمان کردنی گەلان و لە ئاکامدا کەم بوونەوەی دانی (جزیه) بە خەزێنەی خەلیفە، ئەوەندەی دیکەش خەزێنەی دەوەڵەتی عەباسی دەگەڵ کەم و کووڕی بەرەو رووکرد. سیاسەتی دژی گەلی حکوومەتی موقتەدر، چەوسانەوە ، فەقیری، پەرێشانی یەکجار زۆری کۆمەڵانی خەڵک، قات و قڕی و گرانی باری ژیان، دروست بوونی دەسەڵاتی خودموختار لە هێندێک ناوچە و ویلایەتی سەر بە خەلافەت، بە تایبەت ڕاپەڕینی بە کۆمەڵی قەرمەتیەکان کە بەرابەری و یەکسانی ئابووری و عەدالەتی کۆمەڵایەتیان بڵاو دەکردەوە، هەموویان لە سە ریەک، لە ئاڕادابوونی ئاڵوگۆڕێکی کومە ڵایەتی و پێویستی دامەزرانی حکوومەتی عەدل و ئینساف لە سەر زەویان هێنابوە گۆڕێ و هەموو ئەوانە دەروشانەوەی نەجات دەرێکی گەورە یان لەزەین و باوەڕی کۆمەڵانی ڕەنجبەردا بە دی هێنابوو.

حۆسێن بن مەنسووری هەلاج راست لەو کاتەدا و لە کۆمەڵێکدا کە دین و دەوڵەت بەرێک کەوتن دەگەڵ یەک تر بەرامبە ر بە کۆمەڵانی خەڵک ڕاوەستابوون زهووری کرد. لە کۆمەڵێکی ئاوادا کە رووناکبیران، قازیەکان، شاعیرەکان و عولە مای دین، لە مەجلیسی سپاس و شوکوردا تەمکین یان بەو بارە نالەبارە دەکرد و دە هەوڵ دا بوون جوغرافیای دەسەڵاتی جەورروو جینایەتی خەلیفە بەرفراوانتر کەن، هەلاج هاواری سە رپێچی و ئیعترازی بەرز کردەوە .هاواری هەلاج هاواری ڕاپەڕین بووبەرامبەر بەدەست بەیەک کردنی  دەسەڵاتداران و چارە ڕەشی کۆمەڵانی ڕەنجبەر. هاواری هەلاج هاواری عەداڵەت خوازی ئینسانی بە خەبەر و ئاگادار بوو کە لە بەرە هووتی تاریکی مێژوودا دەنگی دایەوە.

## ژیان و عەقیدەکانی هەلاج

(اناالحق من خودام)
ژیان و عەقیدەکانی هەلاج
دەورەی ئەوەڵ
تەوەلود ـ تەسەوف ـ تەسلیم
(243- 269)

ئەوەی لە سەرچاوە مۆدێرنەکانەوە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە حوسێن بن مەنسوور هەلاج لە ساڵی 244ی کۆچی 858ی میلادی لە توور لە دایک بووە و لە بنەچەکەی ئێرانیەکی زەردەشتی بە نێوی (ابوایوب شهاب)ە. توور لە شوێنەکانی سەر بە بەیزایە و بە هۆی نزیکی لە شیراز و بەندەرەکانی دووڕگەی فارس شوێنێکی ئابووری گرینگ بوە. خەڵکی شیراز لە نەفت و کەل و پەلی ئەو شوێنە کەڵکیان وەر دەگرت.
بەیزا هەروەها شوێنێکی سەربازی گەورە بوو و بەشێک لە لەشکرەکانی خەلیفە لەوێ پۆڕ درابوون و هەر بەو هۆیە زمانی عەرەبی لەوێ پەرەی گرتبوو (سیبویە نحوی) ئوستادی قەواعیدی زمانی عەرەبی لەوێ گەورە ببوو.
سەنعەتی نەساجی لەمەنتەقەی بەیزا و کازروون رەواجی هەبوو و گەشەی پێوەندیەکانی ئابووری و پێوەندی خەڵکی جوراوجۆر و کولتوری جیاواز لەوپەڕی خۆیدا بوو. بابی هەلاج لۆکە فرۆش بوو و بە هۆی شوغلەکەیەوە هاتووچۆی مە نتەقەی خووزستانی دەکرد کە لە شوشتەرەوە تا (واسط) لە کەناری دەجلە درێژەی هەبوو. لە یەکێک لەو سەفەرانەدا حوسێنی دەگەڵ خۆی بردە" واسیت" تا لەوێ خەریکی کەسبی عیلم و کەمالات بێ. بەو جۆرە هەلاج لە دەورانی لاویەوە لە کولتوور و زمانی نەتەوەیی خۆی (فارسی) دوور کەوتەوە و ئەو دووریە لە پاشان کاتێک دەگەڵ ئێرانیە شعووبیەکان ئاشنا بوو، لە دەروونیدا بوە هۆی دژ کردەوەیەکی توند بەرامبەر بە دامەزراوە کولتووریەکانی عەرەب.

* * *

هەلاج لە (دارالحفاظ)ی واسیت خەریکی فێر بوونی عیلمە سەرەتاییەکان بوو، تا 12 ساڵی فێری ئوسوول و تەعلیمە ئیسلامیەکان بوو، لە تەمەنی 16 ساڵیدا بۆ فێربوونی زیاتر چوە بەسرە.
ساڵی 260ی کۆچی لە مێژووی ئیسلام و عە باسیەکان دا لە چەند بارەوە جێگای سەرنجە
1ـ لەو ساڵە دا ئیمامی یازدەهەم (حسن عسکری) وەفاتی کرد و کەسی لە پاش بەجێ نەما ئەما بەشێک لە شیعەکان کوتیان ئیمام (مهدی) لە (سامره) چۆتە بن عەرزەوە و غەیبەتی کردووە بابەتی (مهدی موعود) لەو ساڵەوە دەست پێدەکا.
2ـ ساڵی 260ی کۆچی ڕابوونی قەرمەتیەکان لە خوراسان و باقی وڵاتە ئیسلامیەکان دەستی پێکرد.
3ـ لەو ساڵەدا خەباتی سەربەخۆیی خوازی ئێرانیەکان کە لە سەرەتای هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێرانەوە درێژەی هەبوو بە ئاکام گەیشت و سامانیەکان لە خوراسان دەسەڵاتیان پەیدا کرد. هێندێک وەچەی ئێرانی دیکە وەکوو (سەفاریان) لە پێناوی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی ئێرانیدا تێدەکۆشان و دەگەڵ عەباسیەکان بەگژ یەکدا چوو بوون.
4ـ ساڵی 260 ی کۆچی دەسەڵاتی ڕەشەکان (قیام زنج) لە ئەهواز ساقامگیر بوو و محەمەد بن عیسا کەرەنبایی یەکێک لە فەرماندەرانی (ڕاپەڕینی ڕەشەکان) بوە حاکم لە ئەهواز.
ڕۆیشتنی هەلاج بەرەو بەسرە هاوکات بوو دەگەڵ سەر هەڵدانی (قیام زنج) و شۆڕشی کۆیلەکانی نێوان دوو روبار و پەرە گرتنی تەبلیغاتی قەرمەتیەکان. ئەو شورشانە هەر وەکوو کوتمان بە هۆی ئێرانیە توندوتیژەکانەوە ڕێبەری دە کران. بێ شک هەلاج کە گەنجێکی بەهۆش بوو و بە تایبەت ئێرانیش بوو نەیدەتوانی لەو ڕووداوانە دوور بمێنێت.
شاری بەسرە لەو سەردەمەدا بە هۆی هەڵکەوتی بەندەری و بازرگانی، گۆڕەپانی فکر و کولتووری جۆراوجۆری وەکوو فەلسەفەی یونانی ـ مەسیحییەت ـ (شک گرایی)، عەقیدەکانی بوودایی و مانەوی بوو. ئەو شارە شوێنێکی لەبار بۆ (خردگەرایی) ئیسلامی واتە (مغتزلە) بوو.
هەلاج لە بەسرە چوە کۆڕی شاگردەکانی (سهل تستری)یەوە و سەهل، هەوەڵین پیری تەسەوفی ئەو بوو و هەلاج ڕێ و ڕەسمی چلەگرتن بە شێوەی مووسا کەلیموڵلا، لەو پیاوە فێر بوو. لە باری عەقیدەتیەوە تەستەری پێی وابوو، خوداپەرە ستی ڕاستەقینە لە پێشدا دەبێ مل کەچ و فەرمان بەردار بێ. پێی وابوو گوێ لە مستی و عەبدایەتی بۆ خودا شەرتی ئە سڵی یە بۆ موسوڵمان بوونی ڕاستەقینە. تەستەری تێدەکۆشا بە بێ قیمەت کردنی وجوودی خۆی و تۆبە و نزا و پاڕانەوە

لە دەرگای خودا، داوای بەخشین و رەحمەت لە خودا بکا. ئەو وەکوو پێشەوایانی مەزهەبی (ژوزوئیت) دەیکوت موسوڵمان دەبێ وەکوو لەشی مردوو موتیع بێ وەکوو لەشێکی لەبەر دەستی (غسال)دایە کە هەرچۆنی (غسال) پێی باش بێ وەری سووڕێنێ و ئەو مەیتە حەرەکەت و تەگبیرێکی لە خۆیەوە نەبێ.

بێ شک تەعلیماتی تەستەری نەتەنیا هەلاجی لە هێزە خوڵقێنەرەکانی وجوودی خۆی دوور دەخستەوە، بەڵکوو ئەو هە ستی کۆیلە بوونە بەرامبەر بە خودا هەلاجی دەکردە شتێکی خراپ و بێ سەنگ. بۆیە زۆر زوو لە تەستەری دوور کەوتە وە و ساڵی 263 چوە بەغدا و چاوی بە عومەربن عوسمان مەکی کەوت و ماوەی 18 مانگ لە لای ئەو خەریکی فێر بوون بوو و خەرقەی تەسەوفی لە دەستی ناوبراو وەرگرت و بۆ خۆی بوو بە پیری تەسەوف. لە باری فکریەوە (عمر ومکی)ش نزیکیی زۆری لەگەڵ سەهلی تەستەری هەبوو. مەکیش سەبارەت بە تۆبە و لاڵانەوە لە دەرگای خودا زۆری پێدادەگرت و پێی وا بوو ئەوانەی تۆبە دەکەن خۆیان لە تووڕەیی و بێ بەزەیی خودا دەپارێزن. فکر و عقیدەکانی تەستە ری و مەکی لە باوەڕەکانی ئەو دەورەیەی هەلاج دا کارکردیان هەبوو و ئەو کار کردە لە شێعرەکانی ئەو دەورەیەی دا دە بیندرێ.

او نیک همی داند بر من چەبلا آمد　　　　در پنجەاو باشد هم مرگ هم احیایم

ای غایت آمالم ای ساکن اعلایم　　　　هان ای فرح روحم ای دینم و دنیایم

یا

ای نفس من بەتسلای خویش بپرداز　　　　عزت و فخردر زهد و خلوت نشینی است

بەو جۆرەتەعلیماتی عەمرۆمەکی نەیدەتوانی تەبعی خورۆشان و خوڵقێنەری هەلاج قانع بکاو سە رەڕای ئەو فێرکردنەجەبریانەیەی مەکی،هەلاج ئەندێشەوبیری گەورەی دیکەی لەسەری دابوو.

هەلاج دەگەڵ کچی ئەبوو یەعقووب ئەقتەعی کەرەنبایی زەماوەندی کردوتائاخری عومر هاو ژیانی بوو.بەرهەمی ئەو هاوژیانیەسێ کوڕ و کچێک بوو . هەلاج لەگەرەکی بەنی تەمیم لەنزیکی بەسرەو ئەهواز جێگیر بوو. قەبیلەی بەنی تەمیم لەو خێڵانەبوو کەبەشداری چالاکانەی لەڕاپەڕینی زنج داهەبوو.

ئازووقەو پێویستیەکانی دیکەیان دەگەیاندەئەو ڕاپەڕینە . بۆیە خەلیفەبۆ بەستنی ڕێگای پێویستیەکانی شوڕشی زنج هێرشی بردەسەر خێڵی بەنی تەمیم و تاڵانی کردن.

راپەڕینی زنج بەپێچەوانەی عەقیدەی بەشێکی زۆرلەمێژوونووسان و موستەشرقین،شوڕشێکی گەلی بوو کە ڕێبەرە ئێرانیەکانی عەقیدەی ئیلحادی و مەزدەکی خۆیان لەژێر پەردەی مەزهەب دا دەهێنا گۆڕێ. سەبارەت بەئاڵ و گۆڕی فکری و تێکۆشانی سیاسی کۆمەڵایەتی هەلاج لەوزەمانەدا مێژوو و تەزکەرە ڕەسمیەکان شتێکیان تێدانیەئەما لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی وردی ژیانی هەلاج نیشان دەدا کە لەو سەردەمەدادەگەڵ دوو کەسی گومانلێکراو پێوەندی هەبوەو لەژێر کارکردی ڕاپەڕینی زنج دابوە. ماسینیون ئیشارەبەپێوەندی هەلاج دەگەڵ شۆڕشی زنج و ڕاپەڕینی قەرمەتیەکان دەکا و دە نووسێ: مانەوەی هەلاج لەنێو ئەو گرووپەدا (شۆڕشی زنج) ڕەنگەبووبێتە هۆی بەدنێوی هەمیشەیی هەلاج و هەر بە هۆی پێوەندی دەگەڵ ئەو گرووپانەوە بوە کە مەنسووری هەلاج لەنووسراوەکانی خۆیدا شتی سەیری باس کردوە؟؟بەڵام ما

سینیون ناڵێ ئەو شتەسەیرانەی هەلاج کوتوونی لەڕوانگەی ئەوەوەچن.

دەبێ بزانین خێزانی هەلاج کەرەنبایی بوو. کەرەنبا شوێنێک بوو لەنزیک ئەهواز و کەرەنباییەکان لەڕاپەڕینی زنج دا بە شداریی ڕاستەوخۆیان هەبوو. محەمەدبن یەحیا کەرەنبایی فەرماندەی لێوەشاوەی شۆڕشیەکانی زنج لەناوچەی ئەهواز و شووش بوو . بێ گومان ئێرانی بوونی ڕێبەرانی زنج و بوونی جۆرێک هەستی نیشتمان پەروەری دەیتوانی هەلاج بەرە و شۆڕشی زنج ڕابکێشێ و واوێدەچێ ئەو بەهۆی ژن براکەی خۆیەوەئەبووسەعید کەرەنبایی دەگەڵ ئیدولۆژی ڕێبەرانی زنج ئاشنابوە،بۆیەبەتاوانی تێکۆشانی سیاسی و پێوەندی دەگەڵ هەڵکەوتوانی خاوەن بیری ڕاپەڕینی زنج بەتایبەتی کەرە نباییەکان لەدێرا ،شوێنی تێکۆشانی شۆڕشیەکان دەس بگیر شکەنجەو زیندانی کرا. هەر لەو دەورانەدایەکەهەلاج دەگەڵ ئوستادی خۆی عەمرۆمەکی جیاوازی عەقیدەپەیدادەکاو لێی دوور دەکەوێتەوە. ریوایاتێک هەیەکەچۆنیەتی فکری و فەلسە فی ئەو جیاوازیەو ئاڵووگۆڕی ئەندیشەی هەلاج بەجوانی نیشاندەدا.

لەقورعاندا بەکافرەکان کوتراوە: ئەگەر لەو قورعانەی بۆ محەمەدمان ناردوەدوو دڵن ،ئەوە سوورەیەکی وەکوو ئەوە دروست بکەن.(سووڕەی بەقەڕەآیەی 23)

عەمرۆمەکی ڕۆژێک دیتی هەلاج شتێک دەنووسێ . لێی پرسی ئەوەچیە؟ هەلاج کوتی خەریکم بەربەرەکانی قورعان دە کەم . مەکی نەفرینی کرد و لێی دوورکەوتەوەو کوتی دەستم بڕوا بەدەستی خۆم لەبەینت دەبەم.

ریوایەتێکی دیکەدەڵێ: مەکی کوتی ڕۆژێکی ئایەتێکی کتێبی خودام دەخوێندەوە. هەلاج کوتی دەتوانم شتی وا بنووسم. ئەو ریوایەتانە بە سەرنجدان بەو ئایەتەی لەقورعان هێنامانەوە جیاوازی فکری و شوێنەواری عەقیدەتیی هەلاج بەجوانی نیشاندەدا.
هەلاج دوای دوورکەوتنەوە لە مەکی چوە ریزی شاگردەکانی جونەیدەوە. جونەید پێی وابوو خوداناس دوای مەرگ بەئەمری خودا نیست و نابوود دەبێ بە جۆرێک تەنیا خودا دەمێنێتەوە و هیچی دیکە. لە قورعانیشدا لەو بارەیەوە چەند ئایەتێک هەیە. یانی ئینسان دوای مەرگ نابوود دەبێ ، پاشان بەفەرمانی خودا زیندوو دەبێتەوە و لە(معاد) یانی ڕۆژی حیساب و کیتاب دا بەشدار دەبێ و دوای ئەوەیا لەبەهەشت یا لەدۆزەخ دا جێگای دەدرێتێ. لەقورعان دا فەنا لەبەرابەر بەقا دا قەراری گرتوە و بوون و نەبوون دژ بەیەک و لەبەرابەر یەکتردا ڕاوەستاون. عەقیدەکانی هەلاج دەگەڵ باری عورفانی و مەزهەبی ئەو کات دژایەتی هەبوو. هەلاج پێی وابوو فەنا و بەقا بەدوای یەک دا دێن بەچەشنێک ئینسان کە مرد لەخوداو ئەبەدییەت داجاری دەبێ. بە باوەڕی هەلاج مەرگ نەمان و نابوودی موتڵەق نیە. بەڵکوو جۆرێک ئاڵووگۆر و لەڕاستیدا ئیستحالەیە. ئەو باوەڕە لە فکری هەلاج دا دواتر وەک یەک دیالکتیکی سادە ئاڵووگۆڕ و تەکامول پەیدا دەکا. عەقیدەی هەلاج سەبارەت بە فەنا و بەقا نزیکی ئەو دەگەڵ فەلسەفەی بوودا نیشاندەدا. بوودا پێی وایە مەرتەبەی وجوود و ڕسکان لە دڵبەستن بە مەرتەبەی وجوودەوە دێتە گۆڕێ و لە مەرتەبەی وجوودەوە زایین و تەوەلود دێتە ئاراوە و بە دوای تەوەلود دا، مەرگ وپیری حاسڵ دەبێ ئەو ڕەوتە پایانی نیە بەڵکوو پێوەندی درێژەدار و یەک بەدوای یەکیەوە هەیە. ئایا هەلاج شتێکی لە فەلسەفەی بوودا زانیوە؟ هیچی لێنازانین . ئەما دەزانین فەلسەفەی بوودا پێش باڵادەستیی ئیسلام چەندین سەدە لە خوراسان و فارسدا ڕەواجی بوە و دوای ئیسلامیش بەتایبەت لەزەمانی هەلاج دا لە بەسرە خاوەن بیر و موتەسەوفی ئەو زەمان خوێندوویانەتەوە و چاویان لێی بوە. وادیارە بایەزید بەستامیش ئەندێشەکانی خۆی لە ئوستادەکەی ئەبوو عەلی سندی وەرگرتبێ. ئەندێشەکانی عورفانیی جۆنەید هەرچەند لەتەعلیماتی تەستەڕی و مەکی نەرم تر بوون ئەما دیسانیش دەگەڵ زەین و فکری نوێخوازی هەلاج موافق نەبوون،بەڵام دیسانیش هەلاج دەگەڵ جونەید هاومەجلیسی هە بوو.

دەڵێن ڕۆژێک هەلاج چەند پرسیارێکی لەجونەید کرد. ئەو جوابی نەداوەو بەتەشەر کوتی زۆری نەماوەسەری سێدارە سوور کەی . هەلاجیش پێی کوت ئەو ڕوژەی ئەمن سەری سێدارەسوور دەکەم ئەتۆ لیباسی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکەی. ئەو ریوایەتەی شێخ عەتار بەهەموو کورتی خۆیەوەنیشاندەری ڕوانگەی فیکری داهاتووی هەلاج بوە.دەبێ پرسیاری هە لاج لەجونەید چ بووبێ کەئەو لەوڵام داناوەخۆی دەپارێزێ و تەشەر لەهەلاج دەدا کەڕۆژێک بەهۆی ئەو پرسیار و ئە ندێشانەوە سێدارە بە خوێنی خۆی سوور دەکا. بێ شک پرسیاری هەلاج لەجونەید ئەوەندەی دژایەتی دەگەڵ ئوسوول و باوەڕی دینی هەبوە کە تەنانەت هێنانە گۆڕیشی لە کۆمەڵگای دینیی ئەو سەردەمدا بە مەرگ و نابوود کردن سەزا دراوە. لەباری فکریەوە هەرچەند هەلاج زۆر لە سەنگ و تەرازوکانی عورفان و ئیسلامی لەژێر پێ ناوە دیسانیش جارێ هەر لەفکری خۆیدا لەتاریکخانەی مەزهەبدا بەدوای خودادا دەگەڕێ. ئەو هەروا بەدوای ئەسڵێکەوە بوو تا بتوانێ بەهۆی ئەوە وە خۆی کامڵ بکا. ئێستا تەجرەبە و موتالەعەی زۆری دەویست تا هەلاج دەگەڵ ئەو ئەسڵەی لەدەروونی خۆیدا بوو ئاشنا بکا، بۆیە هەلاج جارێ هەر دەگەڵ خودا بوو و لەفکری ئەودا بوو و سەرنجی نەگەڕابۆوە سەر خودی خۆی. لەجیهان بینی ئیسلامیدا خودا ساحەبی هەموو سیفاتوو کەماڵاتەکانە و مەخلووق و بەندەلە وەی پێی دەڵێن سیفاتی کامیلەو کەمالیە بێ بەشە، بە وتەیەکی دیکە لە بیرکردنەوەی مەزهەبیدا هەر چەندی خودا کامیلە، هەر بەو ئەندازەیە ئینسان لە کەماڵ بە دوورە. کە وابوو بەندەیەکی تا ئەو ئەندازەیە حەقیر و فەقیرە باشترین کەماڵات لەخودا دا دەبینێ و بەهێزترین و باشترین تواناییەکانی خۆی لەخودا دا موجەسەم دەکا. ئینسانی مەزهەبی لە هەلوومەرجی وەها دا وەکوو مەوجوودێکی لەخۆ بێگانەخۆی دەردەخا. ئەو ئیدی ئی خۆی نیە. تەسلیمی هێز و قودرەتێکی دیکەبوەو لەپێناوی ئەو هێزەدا لەخۆی بێگانەبوە. ئینسانی وا لە هیزە زیندوو و خوڵقێنەرەکانی خۆی جوێ بوتەوەو ئەوەی بوونی هەیە بە ئی خودای دەزانی. ئەو تەنیا بە هۆی خوداوە دەگەڵ خۆی پێوەندی هەیە. لەو حاڵەدایە کە هەلاج تێدەکۆشێ بە پەرستنی خودا دەگەڵ هێزە لە دەست چوە کانی وجوودی خۆی پێوەندی بگرێ. ئەو لەو لە خۆ بێگانەییەدا دەڵێ: عینایەت و یادی ئەو وەکوو ڕەمزێک وایە. هەر وە کوو بریسکەیەک لە نەکاو لەئاسۆی ڕەحمەتی خوداییەوە دەدرەوشێتەوەو وەکوو بریسکەیەک هەموو لایەک ڕوون دەکاتە وە. هەمووشت شایەدی ئەوەیە کە هەرچی هەیەهەرئەوە و ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەرچی هەیە هەر ئەوە. بەو جۆرە فکر و تەسەوفی هەلاج بە هەموو جیاوازیەک کە دەگەڵ تەسەوفی هاو عەسرانی خۆیدا هەیەتی لە ئاکام دا هەر بە

تەوەکول و تەسلیم خاتیمە پەیدا دەکا.  هەلاج لەهەوەڵین دەورەی تێکۆشان و فکری خۆیدا نەیتوانی خۆی لەقەیدی زنجیر و کۆتی مەزهەب و عورفان  رزگار بکا.

# توغیان

دەورەی دووهەم

دوودڵی ، لێکۆڵینەوە، توغیان 297 – 270 ی کۆچی

هەلاج هەر لەسەرەتای لاویەوەخاوەنی عەقڵێکی پڕ،ئەندێشەیەکی دلێر و تە نانەت گوستاخ بوو. بەو هۆیەوە کەوتبوە بەر ئیراد و تانەلێدانی زاهیدی بیر کورت و شەریعەتمەداری تاریک ئەندێش . دەچوە هەر جێگایەک دوای ماوەیەک بەئیلحاد و کفر تاوانبار دەکرا . ساڵی 270 ی کۆچی لەتەمەنی 26 ساڵیدا بەرەو مەکە وەڕێکەوت و شومارەیەک لەیاران و پەیرە وانی خۆی دەگەڵ خۆی برد . لەڕێگادا قسەی نەگونجاو دەگەڵ باری ڕۆژی دەکرد. کاتێک گەیشتە مەکە،یەعقووب نەهر جووری ،هەلاجی بەسیحربازی و بێ دینی تاوانبار کرد و موسوڵمانە توندەکانی لەدژی هان دا. هەلاج بەقسەکانی نەهر جووری و باقی دوژمنەکانی گوێی نەبزووت و لەگەڕانەوەی بۆ ئەهواز خەریکی تەبلیغاتی خۆی و دژایەتی کردنی سۆفی موتەعەسب و زاهێدی بەدرۆی دەکرد. هەلاج لەو سەردەمەدا بەرەو ئەوە دەچوە پێش وەکوو ڕێبەر و پێشەوا دە وری هەبێ و بەپێویستی دەزانی مەکتەبێکی پێشکەوتوو ئەندێشەیەکی نوێ بۆ وڵامدانەوە بە نیازەکانی ژیانی خەڵک پێک بێنێ و لەبەر ئەو هۆیەسەرنجی دەدا دین و فەلسەفەی جیاواز و لەو سەرنج دانەدا بێزاری خۆی لەدینی حاکم بەسەر کومە ڵی ئیسلامیدا نیشاندا.

دگر چەتدبیری ای رفیقان شکستەدر دریا این سفینه

به مذهب صلیب می بمیرم نه مکه میخواهم نه مدینه

هەلاج دوای موتالەعەی دین و مەزهەبی جۆراوجۆر گەیشتە عەقیدەیەکی تازە. ئەو لە یەکێک لەشیعرەکانی دا دەڵێ فکرم لە دینەکان کردەوە و بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆرەوە موتالەعەم کردن . بەوە گەیشتم ئەسڵێک هەیە بە لک و پۆپی زۆرەوە . لە بەر ئەوە داوا لە کەس مەکە دینێک هەڵبژێرێ چونکە لەوانەیە هەڵبژاردنی ئەو دینە ئەو لە ئەسڵی ئەسڵێک دووربخاتەوە. ئەو ئەسڵە چیە کەهەلاج بۆ گەیشتن بەو سەرئەسپاردن و تەعەسوب بە مەزهەبێک بەبێهوودە دەزانێ؟ هە لاج ئەو ئەسڵە ئیدی لەخودادا نابینێ بەڵکوو ئەو ئەسڵە و ئەو جەوهەرە خوڵقێنەرە لە وجوودی خۆیدا دەبینێ . ئەو ئیدی لەسەر ئەسپاردنی کۆیلەئاسا بەخودا ڕزگاری دێ و لە تاک پەرەستی و تەوحیدەوە دەگاتە تەردید(دوودڵی) .

پەندی من بۆتۆ ئەوەیە نە بە لوتفی خودا ئومێدوار و دڵخۆش بە، نە لە دەرگای نائومێد و بێزار ،نە بکەوە بەندی دۆستی خوداوەو نە دوژمنایەتی بکە، نە شایەدی بۆ بوونی بدە و نە قسە لە نەبوونی بکە. خۆت دوور ڕاگرە لە تەوحید و یەکتا پە رستی. ئەوە سەرەتای ئاڵوگۆڕی فکری هەلاج لە تەسلیمەوە بەرەو توغیانە. سەرەتای دەورەیەکی پێشکەوتووە. ئەو لێی حاڵی بوە دەبێ چاوپۆشی لەعاسمان بکا و ڕێگای ڕزگاری خۆی لەخۆیدا ببینێتەوە. هەلاج ئێستا لە ئەو ڕا بە من و لە خودا ڕا بەخۆ گەیشتوە.

کۆمەڵ بۆ دیتنەوەی خودا لە شەوی تاریکدا سەرگەردانن و لە ڕێگای وەهم و خەیاڵەوە بەرەو خودا دەکێشرێن و لەعەڕش و عاسمان دەپرسن کوا خودا ؟ لە حاڵێکدا خودا هەر لەناوەڕۆکی وجوودی خۆیاندایە.

لێرەوە ئیدی ڕێکخستنی فکری هەلاج دە گەڵ عارف و سۆفیەکان دەکەوێتە جیاوازیەکی قووڵەوە. هەلاج بە دوور کەوتنە وە لە تەسەوف و لە ژێر پێ نانی باوەڕەکانی پێوەندیدار بە خوداوە دەگاتە، وەخۆهاتنەوەو لەتوغیان نزیک دەبێتەوە.

هەلاج مە یلی لەفێر بوونی عیلم و زانست بوو. شیمی دەزانی و سەرەندەرێکیشی لە گیاشناسی دەکرد. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەهواز درێژەی بەموتالەعە و لێکۆڵینەوەدا . دەگەڵ زەکەریای ڕازی دانیشمەندو خاوەن بیری گەورە چاویان پێک کە وت و لە ڕێگای ئەوەوە دەگەڵ فەلسەفەی یونان ئاشنا بوو. ڕازی خاوەن بیرێکی مادی بوو.عەقیدەکانی ئەو سەبارەت بە دینەکان و زەمینەی مێژوویی،کۆمەڵایەتی ڕسکانی دینەکان لەسەر شێوەی بیر کردنەوەی هەلاج کارکردی قووڵی هە بوو. کتێب و ڕەسالەکانی ڕازی سەبارەت بەدین و مەزهەب هەروەها موتالەعەی بەرهەمەکانی فیلسووفەکانی یونان و هیند هەلاجی دەگەڵ دنیایەکی تازە لە فکر و ئەندێشە ئاشنا کرد و شکڵی پێشکەوتوانەی بە فکری پێشکەوتووی هەلاج دا.

ڕازی بە ئیعتقاد بە موساواتی ئینسان دەڵێ: هەموو ئینسانەکان موساوی و بەرامبەرن و هەرگیز قابلی قوبووڵ نیە خودا کەسێک هەڵبژێری کە وەزیفەی نبووەت و ڕێنوێنی هەموو ئینسانەکانی دیکەی پێ بسپێری. وەزیفەی نبووەت غەیری چارەڕەشی چ حاسڵێکی دیکەی هەبوە؟ غەیری شەڕی داسەپاو بەنێوی عەقیدەی بێ بناغەی مەزهەبی و باوەڕی پووچ شتێکی دیکە نەبوە. ڕازی لەئەخلاق دا عەقیدەی بە زوهدوو تەرکی دنیا و دوورەپەرێزی لە خەڵک نیە. لەسەرەتای ڕە سالەی سیرەتەلفەلسەفیەدا هێرشی کردوتە سەر ئەو کەسانەی کە ژیان و تێکەڵاوی دەگەڵ خەڵکیان سەرزەنیش کردوە.

ڕازی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بوەو هەر چەند لەژیانی شەخسیدا ڕێگای قەناعەتی هەڵبژاردوە لەهاتووچۆ دەگەڵ
کۆمەڵانی خەڵک و بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ فەرمانڕەوایان و کوتنی هەق بەشێوەی ڕوون و گەش ترس و خۆفێکی
نیشان نەداوە. وێدەچێ هەر لەو دەورانەدا و لەژێر تەئسیری ئەندێشە کۆمەڵایەتیەکانی ڕازی دا بووبێ کە هەلاج خەرقەی
سۆفیانەی وەلانا و کوتی : ئەو ڕەسمەهەمووی نیشانەی بەستراوەیی و عادەتەو مانعی سەر ڕێگایە.
محەمەد کوڕی هەلاج لەو بارەیەوە دەڵێ: بابم خەرقەی سۆفیانەی وەلا ناو دەستی کرد بەتێکەڵاوی دەگەڵ کۆمەڵانی خە
ڵک. بەو جۆرە لە حاڵێکدا دروشمی هەموو موتەسەوفین دووری کردن لە جەماوەر و چلەنشینی بوو، هەلاج هەمووی ئە
و قەیدو بەندانەی کە لە خەڵکی دوور دەخستەوە لە ژێر پێ نا و بۆ ڕوونکردنەوەی جەماوەر خۆی گەیاندە نێویان . ئەو
عەقیدەیە بەرهەمی فکری پێشکەوتووی ئەوە، چونکە لە بیرکردنەوەیەکی وادا ئینسان تەنیا بەعەمەل و لەعەمەل دایە کە
واقعیەت پەیدا دەکا . دەست بەعەمەل کردن سەرەتای ئازادیە.

لە باری پێگەی چینایەتیەوە هەلاج لە ساحێب پیشەکانی شاری بوو کە دوای فەراغەت لە مەدرەسە شوغڵی بابی، لۆکە
فرۆشی پیشەکرد . سەفەرە زۆرەکانی ئەو بۆ ئەو شارانەی پارچەیان لێ دروست دەکردن وەکوو ئەهواز ، شووشتەر،
کشمیر ، خوراسان ، توورفان ، هەروەها پێوەندی ئەو بە پیشەوەر وسەنعەتکارەکانەوە بە هۆی شوغڵ و پیشەکەیەوە بوە.
ئەو لەزۆر شارو وڵاتاندا بە مەیلەوە دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک تێکەڵ دەبوو و وتووویژی دەگەڵ دەکردن. هەروەها دەگەڵ
بەشێکی زۆر لەپیشەوەر و بازرگان و ئەهلی قەڵەم و ئەندێشە هەڵسووکەوتی دەکرد . لە قسەکردن و تەبلیغاتدا شارەزا و
بەتین و گوڕ بوو بۆیە خەڵکێکی زۆر لە دەوری دەهاڵان و ئەوەش بوە هۆی ئەوەی سەرنجی نیهزەتی قەرمەتیەکانیش بۆ
لای ڕابکێشرێ. تەقریبەن هەموو مێژوونووسەکان و توێژەوەرەکان نووسیویانە هەلاج دەگەڵ ڕێبەری قەرمەتیەکان ،ئە
بووسەعیدجەنابی ، پێوەندی نهێنی و نامەگۆڕینەوەی رەمزییان هەبوە چۆنیەتی تاوانبار کردن و محاکەمەکردنی هەلاج
پێوەندی ئەو دەگەڵ قەرمەتیەکان دەگەیەنێ و وێدەچێ ئێرانی بوون و خەڵکی ناوچەی فارس بوونی هەلاج و ئەبووسەعید
هەروەها جۆرێک وڵات دۆستی مەسبەت لە هەردووکیاندا لە پێک هێنانی ئەو دۆستی و هاوکاریەدا بێ کارکرد نەبوە. هە
لاج ماوەیەک لەشارەکانی خوراسان و تالەقان لە بەینی هەڕات و بەلخ دا خەریکی تەبلیغ و وەخەبەر هێنانی کۆمەڵانی خە
ڵک بوو. سەبارەت بەچۆنیەتی تەبلیغاتی هەلاج لەوناوچانە
مێژوونووسە ڕەسمیەکان دیسان بێ دەنگن ئەما ئەگەر بزانین لەو زەمانیدا تەعلیم و عەقیدەی قەڕامەتە لە خوراسان و دە
ورووبەری زۆر بەنفووز و بەربڵاو بوە دەگەڵ ناوەڕۆکی تەبلیغاتی هەلاج ئاشنا دەبین. بە سەرنج دان بە نامەگۆڕینەوەی
ڕەمزی و پێوەندی نهێنی هەلاج دەگەڵ ڕێبەری قەرامەتە دەتوانین بڵێین هەلاج وەکوو بڵاو کەرەوەی ئیدولۆژی قەرمەتیە
کان لەخوراسان و ناوچەکانی دیکەدا تێکۆشانی بوە. ئەو دوای پێنج ساڵ تەبلیغ و تێکۆشان لەخوراسان و تالەقاندا گەڕاوە
ئەهوازو پاشان بۆ لێکۆڵینەوەو تەبلیغ چوە هیندووستان و چین و مولتان و کشمیر. ماسینیون و هێندیک لە لیکۆڵەوەرانی
دیکە سەفەرەکانی هەلاج بۆ هیندووستان و چین یان، بۆ تەبلیغی دینی ئیسلام و بەجێ هێنانی ئەرکی ڕووحانی زانیوە هە
رچەند کە دەزانین لەهەوەڵین ساڵەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە هیندووستان و ناوچەکانی دەورووبەری لە ڕەوتی سیاسە
تی موسوڵمان کردنی میللەتە مەغلووبەکان دا دینی ئیسلام ڕەواجی کامیلی هەبوە. هۆی سەفەرەکانی هەلاج بۆ
هیندووستان و چین دەبێ لە ئامانجە سیاسی و ئیدۆلۆژیکەکانی ئەو دا بەدی بکەین. هەلاج دەیزانی
هەر عەقیدە و فەلسەفەیەک کە بیەوێ ببێتە مە ڕامی جووڵانەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕ دەبێ لەبەر خەڵکی عەوام ، عە
وامانەو لەبەر خەڵکی لێهاتوو زانایانە بێ.

هەلاج وەکوو پێشەنگ و پێشەوایەک هەڵدەسووڕا و لێی ڕوون بوو کەعەقیدەی پێشکەوتوو و مەکتەبی ئینسان خودایی ئە
و بەبێ کەڵک وەرگرتن لەزەمینەی مەزهەبی ناتوانێ لەنێو کۆمەڵدا پەرەگرتوو بێ و بەسەرنج دان بەساختاری زەینی
کۆمەڵانی خەڵک ڕاگەیاندنی بێ پەردەی ئایینی ئیلحادی و ئینسان خودایی وەکوو خۆ بەهیلاک دانێکی کۆمەڵایەتی وایە
بۆیە بە سیاسەت و دوورئەندێشیەوە هەنگاو بەهەنگاو دەستی بە تەبلیغی ئایینی خۆی کرد. ئەو دەیزانی کۆمەڵانی خەڵک
لەهەوەڵین هەنگاودا تەوەقوعی کەرامات و مەعجیزەیان لە پێشەوای خۆیان هەیە. تەجرەبەی پیغەمبەران و ڕێبەرانی
پێشووی لەبەر چاو بوو و دەیزانی کاتیک پێغەمبەر دەستی دایە بانگەواز کردنی جەماوەر بۆ ئایینی خۆی خەڵک
پێیانکوت دەگەڵت

نابین مەگەر ئەوەی کانیەکمان بۆ لەعەرز هەڵکەنی یان خودا و مەلاکەمان پێشان دەی یان پچیە عاسمان و نووسراوەیە کمان بۆ بێنی ئێمە بی خوێنینەوە. پێغەمبەریش هێندێک موعجیزەی هێنا،بەو حاڵەش بەشێکی زۆر موعجیزەکەیان قوبووڵ نەکردو پێغەمبەریان بەسیحرباز و جادووگەر شوبهاند.
لەمیژووی سەرهەڵدانی پێغەمبەران و ڕێبەرانی کۆمەڵایەتیدا بەدرێژایی چەرخەکانی ناوەڕاست ، دەستپێکی بانگەوازی ئایین وئیدیعای ڕێبەرایەتی هەمیشە بە نیشاندانی جۆرێک لە موعجیزە هاتوتە ئاراوە، یانی شەرتی سەرەکی ئیدیعای ره سالەت و ڕێبەری و دەگەڵ کەوتنی کۆمەڵانی خەڵک هەمیشەنیشاندانی کاری سەرسووڕ هێنەر یانی نیشاندانی موعجیزه بوە. وەکوو نیهزەتەکانی مانی، مەزدەک، بێهافەرید و موقەنەع.
هەلاج بەئاگاداری لەو سوننەتەمیژوویی مەزهەبیە،بۆ دەست پیکردن بەبانگەوازەکەی خۆی و عەقیدە ئیلحادیەکەی فیر بوونی کەرامەت و موعجیزەی بە پیویست دەزانی وئەوە یەکیک لە هۆیەکانی ئەسڵیی سەفەری هەلاج بۆ هیندووستان و چین بوو.
ئەحمەد مەحاسب دەڵێ: موعتەزید خەلیفەی عەباسی بۆ هیندی ناردم. کەسێک دەگەڵ من لە گەمیەکەدا بوو نێوی حوسێن بن مەنسوور هە لاج بوو لە کاتی دابەزین لەپاپۆڕەکەدا لێم پرسی بۆ هاتوویە ئیرە؟ لە وڵام دا کوتی بۆ ئەوەی فیری جادووبم و خەڵکی بۆ لای خودا ، ئیشارە بە خۆی ، بانگەواز بکەم.
مەحاسب لەجێگایەکی دیکەدا دە ڵێ: کاتێک لەپاپۆڕەکە دابەزین و لە لێواری ئاوەکە دانیشتین، پیرێکم دی لەسەر لیواری ئاوەکە. حوسێن بن مەنسوور هەلاج لێی پرسی لێرە کەسێک هەیە جادوو بزانێ؟ ئەو پیرە لەهەگبەکەی گوریسێکی دەرێنا و بڵاوی کردەوە و بەرو حەوای هاویشت و بۆ خۆی گوریسەکەی گرت و بەگوریسەکەوە بەرەو حەوا هەلکشا و پاشان لە هەلاجی پرسی ،شتی ئاوات دەوێ؟ هەلاج کوتی بەڵێ. پیرەکە کوتی لەوڵاتی هیند شتی ئاوا یەگجار زۆرە. هەلاج ڕووی لەمن کرد و کوتی: بۆ جادووی ئاوا هاتوومەئیرە. لەوێ لە هەلاج جیا بوومەوە و کاتێک هاتبوومەوە بەغدا دەم بیست شتی سەیر لە هەلاج دەگێڕنەوە و ئیدیعای کاری سەیر دەکا .
هەلاج لەهیندووستان و چین دەگەڵ پەیرەوانی مانی،مەزدەک و بوودا چاو پێکەوتنی ببوو و وتوو وێژی کردبوو. خوێندنه وە و تێگەیشتن لە بەرهەمی مادەگەرایان و مولحیدانی هیندی قەدیم لەقایم تر بوونی ئەندێشەی ئینسان خودایی هەلاج دا ده وری گرینگ و ڕۆشنی هەبوو. کارکردی فەلسەفەی مانی و مەزدەک ولقی پێشکەوتووی بوودابیسم(زێن) هەروەها ئه ندێشەی مادی ئیلحادی (چارواکا) و (یانک چو) لەبەرهەمەکان و ئەندێشەی هەلاج دا ڕوون و ئاشکرایە. ئەندێشەکانی (چارواکا) سەبارەت بە ناسینی کەیهان و ئاڵووگۆڕەکانی لە قەدیمترین بەشەکانی ئەدراکی سروشتیی جیهانە. بەگوێرەی ئه و زانستە هەموو شتێکی گیاندار و بێ گیان لەچوار شتی هەوەڵینی ئاو ، هەوا، ئاور، خاک تێکەڵاو بوە و بەوجوود هاتوە. هەلاجیش لەشیعرەکانیدا
جیهان و بوون بە بەرهەمی تێکەڵی شتی مادی ئاو، ئاور، خاک و هەوا دەزانێ .
جمع اجزایم کنید ازجسوم نیرات   از هوا وانگه ز آتش آنگه از آب فرات
پس بکاریدش بەخاکی خاک آن خاک موات   پس چو هفتم روز آید میدمد خیر النبات
ئەو شیعرەهەروەها تەکامول و دیالکتیکی وجوود نیشان دەدا.
لەناوەڕاستی ئایینی ئەخلاقی هیندی باستاندا ئینسان قەراری گرتوە نەک هێزەعاسمانیەکان. ئەو ئایینە لە ئینسانی ناوێ نوێژ بکا و خەریکی پاڕانەوە و دوعا و نزا بێ و دەگەڵ خودای خۆی ببێ بە یەک ،بەلکوو عێزەت و سەر بەخۆیی ئینسان دەخاتە بەر چاو. عەقیدەی چارواکا پڕەلە، ئاتەئیسم و نەفی کردنی باوەڕی دینی و متولو ژیکی . بەعەقیدەی ئەوان پاڕانەوە و دوعا و نزای مەلەکووتی بە مانای ئومێدی بێهوودەی ئینسانی بێ توانا و بێ هێز و داماوە.
چارواکا بایەخ و دەستووراتی کتێبی مەزهەبی نەفی دەکەنەوە. بەعەقیدەی ئەوان نووسەرانی (ودا) کان کتیبی موقەدەسی هیندووەکان درۆزن، گوستاخ و شەیتانن کەهێندێک درۆیان پێکەوەناوەو خەلکیان پێ فریوداوە. هەلاج لەژێر کارکردی ئەو ئەندێشانەداو بەئاگاداری لەعەقایدی مادەگەرایان و زەندیقە ئێرانیەکان عەقیدەی ئیلحادی و ئینسان خودایی خۆی ڕێکخست و لە ڕەوتی ئەو پرۆسەیە دا ئەنێشەی پێشکەوتووی خۆی سەبارەت بە ئەسالەتی ئینسان هێنا ئاراوە. بەئینسان خودایی و(انالحق)ی خۆی شۆڕشێکی فەلسەفی لەڕۆژ هەڵات دا هەڵایساند . ڕوونە کە هەلاج فەلسەفەی وەکوو ئامانج نەدەویست بەڵکوو وەکوو وەسیلەیەک بۆ بەیان کردن و ڕوونکردنەوەی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەڵکی لێ وەرده گرت. بۆیە تەبلیغاتی پێشکەوتوو و ئینسان خودایی هەلاج بەپێچەوانەی تەبلیغاتی زۆربەی مادەگەرایان و زەندیقەکانی سه ردەم لەئاستی ئاکادمیک ڕا بەرەو کۆڕی جەماوەر کێشرا. لە ژێر کارکردی ئەو جۆرەفکرەدا هەلاج بەرگری لەپەیرە وانی خۆی دەکرد نێوی خودا بەکار بینن و دەیکوت (لاالەالی الله) قەدەغەیە. ئەو لە تەبلیغات و تەعلیماتی خۆیدا بە پەیرە

وەکانی خۆی دەکوت : تۆ نووحی تۆ مووسای تۆ محەممەدی و بەوجۆرە پێ ی لەسەر کەسایەتی دان بە جەماوەر دادەگرت کە هەر ئینسانێک پێغەمبەر و ئیمامی زەمانی سەردەمی خۆیەتی و دەبێ بە بەرپرسایەتی و ڕەسالەتی خۆی عەمەل بکا.
هەروەک کوتمان هەلاج لەژێر کار کردی ئەندێشەکانی مانی و مەزدەکیش دابوە و نەزەرییەی نوور و زولمەتی مانەویە کان ئاوا بەیان دەکا.
"جمح اجزایم کنید از جسوم نیرات" یا "هیکلی الجسم نوری الصمیم".
هەروەها هێندێک بەرهەم و نووسراوەی هەلاج نیشاندەری ئەو تەئسیر وەرگرتنانەن. ئیبنی نەدیم باسی ئەو کتێبانەدەکا
1.حمل النوروالحیات والارواح 2.نورالنور 3. شخص الظلمات
ئەما نوور کە سەرچاوەی باشیە و زولمەت کە دایکی خراپەیە لە نیزامی فکری هەلاج دا لە قالبی مێتافیزیکی دێتەدەری و جۆرێک دیالکتیکی سادە و فەلسەفەیەکی دنیایی پێشکەش دەکا. گرینگ ئەوەیەهەلاج لەکتێبی (شخص الظلمات) دا بە پێچەوانەی مانی و مەزدەک ،شەخسی بە زولمەتەوە لکاندوەو ئەوە نیشاندەری بیرکردنەوەی مادی ئەوە و پێ دادەگرێ کە زولمەت لەو دنیایەدا شتێکی مادی و ئی سەر زەویە کە نوور کەوتۆتە داویەوە و هەمیشە لە خەبات دایە لە دەستی ڕزگار بێ . هەلاج هەروەها نوور و ڕۆشنایی بە پێچەوانەی مانی بە شتی مێتافیزیکی و رووحی نازانێ بەڵکوو بەلکاندنی جسووم بەنەیراتەوە لەسەر جیسم بوون و مادییەتی نوور پێ دادەگرێ . ئەو شیعرانەی ئەندێشە پێشکەوتوەکانی هەلاجیان نیشان دەدا
هەرچەند سووتێندراون دیسانیش هێندێک بەرهەم و شیعری ئەو کە بەدەستەوەن زەخیرەیەکی گەورە لە ئەندێشەی ئیلحادی و دیالکتیکی ئەون. ئەو بەرهەمانە لە سەر وەحدەت و پێوەندی موتەقابیلی شت ،تەبدیل و تەحەولی شت بە یەکترە وەو پەیدا و نا پەیدابوونی شتەکان پێ دادەگرێ.

| | |
|---|---|
| نابینایی بینایم،نادانی دانایم | یا |
| من همان شیخ کبیرم پایەای دارم بلند | پس شدم طفلی ،مرا این دایگان گهوارەبند |
| مآمنم زیر لحدها ،درمیان شورەزاران | مادرم زایید آری، والد خویش این عجب دان |
| دخترانم نیز گشتند آە یکسر خواهرانم | نیست این کار زمانە،نیست این کار زنا هم |

یا

| | |
|---|---|
| روانەایم و روانید پیش ما چەعیان | ولیک جملەنهانیم از شما یکسر |
| روانەاید و روانیم و نیک می بینیم | کەسایەسایەفرو ماندەاید پشت اندر |

لە دینامیسمی دیالکتیکی دا ،بوونی هەر شتێکی بێ پایان بریتیە لە خاوەن بوونی تووی نابوودی کاتی ڕسکان و کاتی مە رگ لەوجوودی ئەو شتەدا،کەوابوو هەر مەوجوودێک ،هەر ئەندێشەیەک و هەر دامەزراوەیەک لەدەروونی خۆیدا تووی ەک لەمەرگ و تووی ەک لە تەزادی دەروونی خۆیدا دەگەڵە کە وردە وردە هۆی نابوودی خۆی پیک دێنێ ئەما بێدرەنگ لایەنێکی دیکەی ژیان بەو ئالووگۆڕانەوە دەلکێ بە چەشنێک دووبارە لە مەرگ ژینێکی نوێ وەدی دێ. کە وابوو رە مزی تەرەقی و تەکامول لەوەدایەکەمەرگ خۆلقێنەر و پێک هێنەرە.
ئەو ئەسڵە کە لە شکڵی سادەی خۆیدا لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتدا بە شکلی تەناسۆخ خۆی نیشان دەدا ئەسڵێکی بنەڕەتیی دیالکتیکی مادیە. قەقنووس لە ئاورێکی دا بۆخۆی کردوویەتەوە بە تەواوی نابوود نابێ بەڵکوو لەخۆڵەمێشی ئەو قە قنووسی دیکە بە وجوود دێ و ئەو تەناسول و تەناسوخە تەنیا ڕێگای عەمەلیی بەرپەرچدانەوەی نەزەرییەی خەڵقەتە. بۆ دنیایەکی بۆخۆی خۆی خەڵق دەکا ئیدی نیازێک بەخالق نیە.

**پیکار با خودا نکردن دیوانگی است      ودل بەآشتی او خوش داشتن نا فرزانگی**

هەروەک کوتمان لەلای هەلاج مەرگ نەمان و نابوودی موتڵەق نیە و ئەو شتەی خۆی نەقز دەکا بەمانای ئەوە نیە خۆی بە تەواوی پرش و بڵاو دەکا، یانی نەفی شتێک بەمانای نەفی هەموو و تەواوی ئەو شتە نیە.
هەلاج بە ئیمان بەو ئەسڵە دیالکتیکیەیە کە پێی وایە گۆڕی هەر دامەزراوەیەک ،لانکەی دامەزراوەیەکی سەرەوەتر و سە رەوەترە.
اقتلونی،یاثقاتم   چیست در قتلم ، حیاتم      ومماتم درحیاتم         وحیاتم در مماتم
مەولەوی بێشک چەند سەدە دواتر لەو ئەندێشە دیالکتیکیە کەڵکی وەرگرتوەو دەڵێ:
اقتلونی یا ثقاتی لا یما         إن فی قتلی حیاتی دایما       إن موتی فی حیاتی یا فتی     کم افارق موطنی حتی متی
پیش من این تن ندارد قیمتی            بی تن خویشم فتی ابن الفتی
خنجر و شمشیر شد ریحان من             مرگ من شد بزم و نرگستان من

بەو جۆرە فکر و فەلسەفەی هەلاج نەزەرییەی مێتا فیزیکی (هۆی دەرەکی)بەتەواوی وەلا دەنێ و لەو پێگە فکری و فەلسەفیەوە دامەزراوە دینی و عورفیەکان وەبەر پلار دەدا . ئینسان خودایی هەلاج و توغیانی وی لەدژی خودا و جێگری خودا (خەلیفە) لەبیری پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕانەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ.
لە باری ئەخلاقیشەوەمەکتەبی هەلاج پێشکەوتووتر لە ئەخلاقی عورفانی و مەزهەبیە،هەروەها پێشکەوتووتر لە تە علیماتی ئەخلاقیی مانەوی مەزدەکیە. لە ئەخلاقی عورفانی مەزهەبیدا بۆ گەیشتن بە هەق دەبێ نەفس و دڵی خۆت بکووژی و لە ئەخلاقی مانەویش دا بۆ وەی ڕەوان نەجاتی بێ و دەگەڵ تاریکی تێکەڵ نەبێ دەبێ نەفسی بکووژێ و زوهد پیشەبکا و لە نیعمەتی سروشتی و مادی ژیان پارێز بکا. هەلاج بە پێچەوانە نە تەنیا عەقیدەی بە فەنا و نابوودکردن و کوشتنی نەفس و زوهد و پارێز نیە بەڵکوو زیندوو کردنەوەو حەیاتی دووبارەی دڵ و نەفسی ئینسانی دەوێ. ئەو ڕاستیە تەنانەت لە لایەن ماسینیون و هێندێک موستەشرقی دیکەش ڕا ددانی پێدا هێندراوە.
هەلاج بایەخ و ئیعتبار بۆ عەقلی ئینسان دادەنێ و دەڵێ ئەوەی دەیڵێم بەچاوی عەقڵەوە تێی بڕوانەو پێیوایە تەنیا عەقڵ و ئە ندێشەی ئازاد دەتوانێ پێک هێنەری فەزیلەتی ڕاستەقینە بێ نەک دین و ئیعتقاد بەخودا. بەو پێ یە هەلاج لەو کەسانە ئیراد دەگرێ کە لە پێناوی دیتنەوە و گەیشتن بەخودا عەقڵ و ئەندێشەی خۆیان لە دەست داوەو زۆر ئاگایانە وجوودی خودا رەد دەکاتەوە.
آنکه افسار عقل داد از دست          جز پریشانی خود چەطرفی بست ؟
هریک از رازها فریبی است تازە     تا بەحیرانی دم زند : او هست؟
خەبات لەدژی خورافاتی مەزهەبی دەکرێ بە دوو شێوە بێ
1.بەهۆی  پێگەی کۆمەڵایەتی فەرد و چۆنیەتی بەشداری  دین لە کێشەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە دەبێتە هۆی ناسینی یەک لایەنەی دین و نابێتە ناسینێکی مێژوویی.
2.بەهۆی ناسینی ڕێ و شوێنی مێژوویی دین و مەزهەب کە هەمیشە کۆسپێک لەسەر ڕێگای خەباتی چینایەتی کۆمەڵانی خەڵک بوەو وەکوو تریاکەلقولووب هۆیەک بوە بۆ ڕاگرتنی نفووزی ئەشراف و داراکان لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا و درێژە دەری ڕەوتی  کۆتوو زنجیری زەحمەتکێشان بوە. هەلاج خاوەنی شناختی جۆری دووهەم بوە و دوای لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەیەکی زۆر و خۆ تەیارکردن بە فەلسەفەیەکی پێشکەوتوو بە جوانی بۆی ڕوون بۆوە کە ئینسان دروستکەری دینە نەک دین دروستکەری ئینسان.
هەلاج دوای گەڕانەوەی لەهیندووستان و هاتنەوەی بۆ بەغدا چوە دیداری دۆستی دێرینی، شبلی و پێی کوت:
یا ئەبابەکر دەستم دەگەڵ بدەیە کە خە یاڵی کارێکی گەورەم هەیە. کارێکی وا کە سەرمی لە سەر دادەنێم .
ئەو ریوایەتە کورتە ئامانج و باوەڕە شوڕشگێریەکانی هەلاج لە دوای گەڕانەوەی لەهیند بە وردی نیشان دەدا و نەزەری هەموو ئەو لێکۆڵەوەرانەی پێیان وایەعەقیدە توندو و دژە مەزهەبەکانی هەلاج قسەی شێتووکە و لە سەر خۆچوونی عارفانەیە، بە توندی بەر پەرچ دەداتەوە. هەلاج بە ئاگاداری لەچارەنووسی خوێناوی زەندیقەکان و مادە گەرایان ،خاوەنی زانستێکی تێکەڵ دەگەڵ تەجرەبە و دیتنی داهاتوو بوو و دەڵێ:

بمكووژن و هەڵم واسن و بم سووتێنن و خۆڵەمێشەکەم کۆکەنەوە،هەر زەڕەیەکم وەکوو بایەکی توند وایە و لەهەر ئاوێکم هاوێن هەر زەڕەیەکم کە لە ئاو دێتە دەر ل مكۆ سارەکان گەورەترە.
هەلاج دوا ڕۆژی دەدیت ئەما ئەو زانست و تێ گەیشتنە بە هیچ جۆرێک قازانج پارێز نەبوو و خۆ ڕێکخەر نە بوو. پێویستیی زانست و تێڕوانینی وەکوو ئەو ئەویندارى بۆ گەل و خۆ لەمەترسی هاویشتن و نەترسان بوو.
عشق تا نهفتەاست　　　　　درمعرض هلاکت و نابودی است
عشق وقتی به امن و امان رسد　　　که با خطری روبرو گردد
ئەوین لە نەزەر هەلاجەوە تێکۆشانە نەک دامان،خۆ ڕاگریە نەک ئەسارەت ،ئەوینی ئەو بۆ گەل ئەوینی خۆ بەخت کردنە، بۆیە کاتێک لەحاڵی مەرگ دا لێیان پرسی ئەوین چیە؟ کوتی: ئەوڕۆ دەی بینی و سبەینی دەیبینی و دووسبەیش.....ئەو ڕۆژە کوشتیان و ڕۆژی دواتر سووتاندیان و ڕۆژی سێهەم خۆڵەمێشەکەیان بە بادادا . ئەوین ئەوەیە.
بەو جۆرەهەلاج بە خاوەن بوونی زانست و ئاگاییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەستی دایە تەبلیغ و ڕوونکردنەوی کۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی بیری ئیلحادی و ئەندێشەی ئینسان خودایی. ئیبن تەقتەقی لەبارەی هەلاج دا دەنووسێ : ئەوجار فەسادی ئەندێشە وئاڵووگۆڕی ڕەوشی ئەو ئاشکرابوو و لەمەزهەبێکەوە بۆ مەزهەبێکی دیکە رۆیشت . ئەبوو ریحانی بیروونی لە بارەی ئێرتیدادو ئیلحادی هەلاجەوەدەنووسێ :پاشان ئیدیعای کرد کەڕووحە لقودس لە وجوودی ئەودا حولوولی کردوەو خۆی بەخودا دانا. ئیبنی نەدیم کە لە ئەبووریحان بە زەمانی هەلاج نزیکترە دەگەل بیروونی یەک دەنگە کە هەلاج مولحید بوە.
عەیبی گەورەی ئیلحاد و مادەگەرایی سەدەی سێهەمی کۆچی ئەوە بوو کە خەبات دژی خوداپەرەستی و دین پیوەندی دەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی سەردەم نەبوو. مادەگەرایی لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا وەکوو جووڵانەوەیەک لەخەباتی سیاسی دوور بوو و خەباتی ئیلحادی لە چوارچێوەی ئاکادمیک دا دەوردرابوو. خەبات لە دژی دین کە باشترین وەسیلە بۆ ئەسیر کردنی روحی کۆمەڵ بوو هەرچەند سەدەمەی زۆری بە دامەزراوەکانی دینیی گەیاند ئەما بەهۆی کزی پێوەندیەکانی دەگەڵ کۆمەڵ لە خەباتی سیاسی و مەسەلە گرینگەکانی کۆمەڵ بۆ دابین کردنی نیزامێکی کۆمەڵایەتی تازە بە تەواوی بێگانە بوو. هەلاج وەکوو ئینسانێکی پێشکەوتوو و بە توانا و وەکوو خاوەن بیرێکی بەرپرس بە جوانی دەیزانی کە خەباتی ئیلحادی و دژ بە دین دەبێ لە دەستپێکەوەخەباتی کۆمەڵایەتی سیاسی بێ. چونکە کاتێک پێوە ندیەکانی چەوسێنەرانەو دامەزراوەکانی فاسیدی سیاسی لە بەین چوون ،خوداپەرستی مەزهەبیش دەی پێچێتەوە. هەلاج بە وەها بیریکەوە لە زۆربەی ڕاپەڕین و خەباتە کۆمەڵایەتیەکانی زەمانی خۆیدابەشدار بوو.

ئیبنی نەدیم دەنووسێ: هەلاج برامبەر بە پادشاکان جەسوور و بۆ ڕووخاندنی حکوومەت و دەسەڵاتیان لە ئەنجامی هیچ گوناحێکی گەورەنە دە پرینگاوە. عەبدەلقادر بەغدادی دەنووسێ: هەلاج پیاوێکی شۆڕشگێر و خەباتگێرێکی بێ باک بوو تا ئەو جێگایەی دەزگای خەلافەت لەترسی شۆڕش دەستی بەدوژمنایەتی ئەو کرد ولەزیندانی کرد . موستەشرقین دەڵێن : هەلاجیان زیاتر لە بەر هۆی سیاسی کوشت کە وابوو وەختێک هێندێک لە موستەشرقین و ئیسلام ناسانی هاوچرخ دەڵێن هەلاج پیاوێکی دێوانە بوو کە پێوەندی دەگەڵ هیچ کۆمەڵگایەکی ئینسانی نەبوە مەبەستیان تەنیا هەوڵدان بۆ بێ ناوەرۆک کردنی سیمای بیرمەند و لێ براوەی هەلاجە. هەلاج خاوەن بیرێکی هەڵکەوتوو، ویجدانێکی بەخەبەر و شێری مێشەی لێکۆڵینەوەو سیاسەتمەدارێکی بەئەندێش بوو. لەعیلمی سیاسەت دا باڵا دەست زانا بوو . زۆر ڕەسالەی لە بارەی سیاسەت و وەزارەت دا نووسیوە کە چەند جڵدیانی پێشکەش بەحوسێن بن حەمدان پێک هێنەری کۆدەتای ساڵی 296 ی کۆچی لەدژی خەلیفەکردبوو. نبووغی سیاسی هەلاج وابوو کە قوبووڵ کردنی خەلافەتیان پێ پێشنیار کردبوو و ئەوە نیشان دەدا کەفەلسەفەو جیهان بینی هەلاج ، چوار چێوەی سیاسی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو و بە بڵاوی هەبوە. نابوود کردنی سەدان نووسراوەو رەسالە کارێکی هاسان نیە بەڵکوو کەرەسەی زۆرو ئیجازەی تایبەتی پێویستە ئەوە لە بنەڕەت دا پاککردنەوەیە نەک تەعسوب و کەلەویشکیی سیاسی . پاککەدنەوەو تواندنەوەی هەلاج کە زۆر ساڵان دوای مەرگتشی دەوامی هەبوە، نیشانەی بایەخی مادی و سیاسی کۆمەڵایەتی عەقیدەکانی هەلاجە.

ئیبنی مسکویەدەڵێ: بڵاو کەرەوەو کتێب فرۆش و کتێب سازەکان یان بانگ کرد و قەولیان لێ ئەستاندن ئیدی کتێبی هەلاج نەفرۆشن و بڵاوی نەکەنەوە.
دەگەڵ قایم بوون و بەربڵاو بوونی زیاتری پێوەندیەکانی فێئودالی و توند بوونی چەوسانەوەو زوڵم کردن لە کۆمەڵانی زە حمەتکێش تەعلیمی زۆرە ملی ئیسلامیش بوو بە ئەخلاقی ڕەسمی شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت . چینە چەوسێنەرە

کان بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان و قایم کردنی نیزامی فیئودالی و دریژەدان بە لە کۆت و زنجیر کردنی کۆمەڵ ، قانوون و ئایاتی ئیلاهیان زیاتر لەجاران تەبلیغ دەکرد و بڵاویان دەکردەوە. ڕووحانی و عولەمای مەزهەب دەیانکوت : بزانە کە دنیا مەتاعێکی بێ بایەخەو دنیای ئاخیرەت بۆ ئەوانەی پارێزکارن زۆر باشترە. یا ، خودا هێندێک ئینسانی بە سە ر هێندێک ئینسانی دیکەدا سەروەری داوە تا جەماعەتێک بەهۆی داراییەوە جەماعەتێکی دیکە بێننە ژێر ڕکێفی خۆیان و بە قازانجی خۆیان بەکاریان بێنن. سەرۆکەکانی دین و دەوڵەت بەو جۆرە دەسەڵاتی ئەشڕاف و باڵادەستەکانیان بە ویستێکی خودایی دادەناو بەگوێی زەحمەتکێشانیان هەڵدینا بەڕەزای خودا ڕازی بن.

هەلاج لەوەها سەردەمێکدا شێلگیرانە بەشداری لەتێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەکرد و پێی وابوو ئەو کاتەی کۆمەڵ بە سەر خودا و خەلیفەدا سەرکەون ئەوە بە سەر مێژوو و خۆیاندا دەبنەساحەب دەسەڵات . لە تێئوری و پراکتیک دا هە لاج لە دژی ئەو دوانە توغیانی کرد .

پیکار با خودا نکردن دیوانگی است          ودل بەآشتی او خوش داشتن نا فرزانگی

یا:

کافرم بەدین خدا          کفران نزد من هنر بودو          بر مسلمانان زشت

**ئینسانی خودایی**

بۆ ناسینی ئینسان خودایی و چۆنیەتی تەبلیغ و ڕەواج دانی عەقیدەکانی هەلاج و لێکۆبوونەوەی خەڵک لەدەوری فکری ئە و دەبێ چند هۆی بنەڕەتی لەنەزەر بگرین . لەڕاستیدا هەلاج بەزانست و هۆشیاری سیاسی کۆمەڵایەتی خۆی بۆ ڕەواج دان و بڵاوکردنەوەی ئینسان خودایی بەشێوەیەکی زۆر شایستە هەڵسووکەوتی کرد. نەبوونی ئاگاداری پێویست لەشکڵ شناسی نیهزەتی هەلاج هەموو لێکۆڵەوەرەکانی ژیانی ئەوی تووشی بریاردان و بەئاکام گەیشتنی نادروست کردوە. بۆ وێنە دوکتور ساحەبەلزەمانی هەرچەند بە گۆشەیەکی ڕوون لە حەقیقەتی (انالحق) ی هەلاج ئیشارە دەکا ئەما لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگا ئەگەر ئەنەلحەق کوتنی هەلاج بەمانای داوای خودایی کردنە؟ کۆمەڵانی موتەعەسیب زیاتر لە هەر کە سی دیکە لەو زمان درێژیە ی ئەو تووڕە دەبوون. بەڵام لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێک خەلیفە هە لاج لەزیندان دەکا دیسانیش جەماوەری خەڵک هەر هەوڵی چوونە زیندان و دیتنی هەلاج دەدەن . بێ گۆمان هۆی ئەو چە شنە بریاردانە بە زاهیر مەنتقییەهەر وەکوو کوتمان نەبوونی ئاگاداری تەواو لە شکڵ شناسی نیهزەتی هەلاجە.
ئێمە هەلوومەرجی ئابووری کۆمەڵایەتی و زەمینە کولتووریەکانی سەرهەڵدانی هەلاجمان نیشانداوەو ئەوەشی لێ زیاد دە کەین کەهەلاج بۆ ڕاگەیاندنی عەقیدەو تەبلیغی ئینسان خودایی و ئیدیعای ئەنەلحەق کردنی خۆی لە زەمینەیەکی زەینی زۆر گرینگ و هەڵکەوتوو کەڵکی وەرگرتوە کە لەو زەماندا لە تایبەتمەندیەکانی ناسراوی مەزهەبی حەنبەلی بوە. ئەو زە مینە لەبارە زەینیە عەقیدەی کۆمەڵانی مەزهەبی بە وەک یەک چوونی خودا و ئینسان بوە کە لە مەکتەبی ئەسحابی تەشبیە یا موجە سەمەدا شکڵی گرتوە.
بناغەدانەری مەزهەبی حەنبەلی ئیمام ئەحمەد حەنبەڵ بوو . ئەو مەزهەبە دوای تەواو بوونی سەردەمی زێڕینی فەرهە نگی ئیسلامی ئێرانی زەمانی (مامون)و سەرەتای سەردەمی ئیسکولاستیکی ئیسلامی (عیلمی کەلام) لەسەراسەری ولاتانی ئیسلامیدا بڵاو ببۆوە و لایەنگری زۆری هەبوو. بێجگە لە حەنبەلیەکان فرقەی دیکە ش وەکوو کەرامییە عقیدەیان بە تەشبیەو تەجەسومی خودا بوە. پەیرەوانی تە شبیە و پەیرەوانی مەکتەبی موجەسەمە عەقیدەیان وابوو خودا لەشێوەی ئینسانەو خاوەنی چاو دەست و گوێ و لووتە.
عەقیدە بە وەک یەک چوونی خودا وئینسان ل ەقورئاندا بەڕوونی هاتوە. قورئان دەڵێ خودا لە سەر تەختێک دانیشتوە، دە ستی هەیە، چاوی هەیە، گوێچکەو دەمووچاوی هەیە.
محەمەد بن کەرام پێک هێنەری فرقەی کرامییە دەیکوت: خودا لەش و ئەندامی هەیە. دادەنیشێ و حەڕەکەت دەکا. هوشام بن حەکەم کە یەکێک لە موتەکەلمینی ناسراو بوو کوتی : حەزرەتی موقەدەسی مەعبوودی تەعالا، لە شەو ئەندامی هەیە. کە وابوو لە باوەڕ و زەینی ئەو جەماوەرەی کە عەقیدەیان بەمەزهەبی حەنبەلی و وەیەک چوونی خودا و ئینسان بوە، ئەنە لحەق و ئینسان خودایی هەلاج دەکرێ زۆر زوو و بە هاسانی وەرگیرابێ بە بێ ئەوەی بووبێتە هۆی تووڕەیی مەزهەبیە دەمار گرژەکان. هەلاج کە مێژووی سەرکەوتنی نیهزەتەکانی خەڵکی بە جوانی موتالەعە کردبوو و ژیرانە لە زۆر ڕاپە ڕینی شۆڕشگێرانەی دەورانی خۆیدا بەشداری کردبوو لەو زەمینە پانو بەرینەمەزهەبیە بۆ تەبلیغات و ڕاکێشانی سە رنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی کەڵکی وەرگرتو زۆری پێ نەچوو کۆمەڵێکی زۆر لە حەنبەلیەکان بۆ لای ئەو ڕاکێشران. سەرچاوە مێژوویەکان لە هەموو جێگایەک باسی لایەنگری و پشت گری کردنی حەنبەلیەکان و پەیرەوانی تە شبیە لە هەلاج دەکەن.
هەوەڵین دەستەی کە کەوتنە پاڵ هەلاجەوە حەنبەلیەکان و تەشبیهیەکان بوون.

بازرگان و پیشەوەرەکانی لایەنگری حەنبەل بۆ دابین کردنی پێویستی ماڵی ڕاپەڕینی هەلاج کۆمەگیان دەکرد یارمەتیان دەدا.

سیاسەتمەدارە حەنبەلیەکان وەکوو ئیبنی حەمدان و نەسر قوشووری لە دەخالەت کردنی هەلاج لەسیاسەت و خەلافەت دا لایەنگریان دەکرد.

هەلاج دوای هەڵنانوو هەڵاتن بۆ شووش لە گەڕەکی حەنبەلیەکان پەنا درا و خۆی شاردەوە.

شۆڕشی ساڵی 301 ی کۆچی لە بەغدا بە پشتگیری و بەشداری شێلگیرانەی حەنبەلیەکان دەستی پێکرد کە لەو ڕاپەڕینەدا جەماوەر داوای ئازاد کردنی هەلاجیان دەکرد.

شۆڕشی بەرینی ساڵی 308 ی کۆچی لە بەغدا بۆ نەجاتی هەلاج و بەدەست تیدابوونی ڕێبەری حەنبەلیەکان و پەیڕەوانی مەکتەبی تەشبیە، ئیبنی عەتار و ئەوانی دیکە ڕێکخرابوو.

مەرگی ئیمامی یازدەهەم حەسەنی عەسکەری و غایب بوونی کوڕەکەی مێهدی وئیدیعا کانی براکەی جەعفەر کە شیعەی ئیمامیە بە جەعفەر کەزاب نێوی دەبەن هەرا و هوریایەکی زۆری لە کۆڕو کۆمەڵی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی دا بە دواوە بوو و بوە هۆی ئەوەی دەگەڵ باس و خواسی موعتەزیلە، زەیدیە و پەیڕەوانی حەدیس و جەماعەتی سوننی و دژایەتی تێگرایان دەگەڵ شیعەی ئیمامیە،پەیڕەوانی ئیمامیە بۆخۆشیان بە چەند دەستەی دژبە یەک دابەش بوون و بوونە14 فرقە. عیدەیەکیان دەیانکوت ئیمامی یازدەهەم ئەولادی نەبوە و عیدەیەکیان لەوبارەیەوە دوو دڵ بوون ،عیدەیەک عەقیدەیان بەخەتمی ئیمامەت بوو و جەماعەتێکیش باوەڕیان بەغەیبەتی ئیمامی دوازدەهەم و گەڕانەوەی دووبارەی بوو. کێشە و چەندبەرەکی ئیمامیە لەو زەمانەدا لە مەوزووعی ئیمامەت و غەیبەت دا گەیشتبوە جێگایەک تەنانەت لەشومارەی ئیمامەکانیش دا یەک دەنگ نەبوون. لەکاتی ئەو کێشەو هەڵایانەدا کە لە دەورانی موعتەمەدی عەباسی تا دەورانی موقتەدری عەباسی درێژەی هەبوو خانەدانی ئیمامیی نەوبەختی بەهۆی خاوەن بوونی مڵک و دارایی و ئیعتباری شەخسی و پێگەو نفووزیان لەدەربار دا ئومێدی شیعەی ئیمامیە بوون بۆ بەرپەرچ دانەوەی نەیارانی خۆیان . سەرۆکی خانەدانی نەوبەخت و ڕێبەری فرقەی ئیمامیە لە ماوەیەکی درێژخایەنی ئەو سەردەمەدا یانی دەورەی موقتەدر و زەمانی سەرهەڵدانی هەلاج بەئەستۆی موتەکەلیم و فەقیهی بە ناوبانگ ئەبووسەهل نەوبەختی بوو.

ناکۆکی و دەست بە یەخەبوونی توندی موسوڵمانانی شیعەو سوننی سەبارەت بە ئیمامەت و سەرهەڵدانی مێهدی مەوعوود و قەیرانی ڕێبەری کردنی موسوڵمانان، هەروەها سیاسەتی دژی گەلی حکوومەتی موقتەدر ، چەوسانەوەو فەقیری یەک جار زۆری کۆمەڵانی خەڵک ، قات وقری سەختی باری ژیان و پێک هاتنی دەسەڵاتی خودموختار لە هێندێک لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت بەتایبەت بەربڵاوی ڕاپەڕینی گەلیی قەرمەتیەکان کە بەرابەری ئابووری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیان تەبلیغ دەکرد ، هەمووی ئەوانە پێویستی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و دابین بوونی عەداڵەتی لە سەر زەوی هێنابوە گۆڕی و هەمووی ئەو هۆیانە پەیدابوونی پێشەوایەکی نەجاتدەری لە باوەڕ و عەقیدەی خەڵکدا پێک هێنابوو . لە وەدەمەدا هەلاج لەسەراسەری دنیای ئیسلامدا تا لەهیندو چینەوە یارو پەیڕەوی یەگجار زۆری هەبوو. کۆمەڵانی خەڵک لە نامەو پەیامەکانی خۆیاندا ئەویان بەفریادڕەس ، شۆڕشگێر و ئیسلاح تەڵەب نێو دێر دەکرد. ورد بوونەوە لەو نێوو لەقەبانە نیشاندەری کەسایەتی شۆڕشگێروخۆشەویستی هەلاج لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکە. گەورەپیاو سیاسەتمەداری زۆر لایەنگری بوون وەکوو نوعمان دۆلابی،حۆسێن بن حەمدان، نەسر قشووری،ئبی بەکر مازرایی،حەمد فەنایی،محەمەدبن عەبدەلحەمیدو.... هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە پشتیوانیان لە دەخالەتی هەلاج لە سیاسەت و حکوومەت دا دەکرد تەنانەت پێشنیاری خەلافەتیان بەهەلاج کرد و یارانی هەلاج تەمادار بوون ئەو مقامی خەلافەت قوبووڵ بکاو ئەوە مەعنای وایەفەلسەفەی سیاسی هەلاج لایەنی پێشکەوتوو و کۆمەڵایەتی بەرینی هەبوە. هەلاج لەو دەرفەتەدا ڕەسالەو کتێبی لەدژی خورافەپەرستی و مەزهەبو بێ بناغەبوونی نبوەت نووسی و لەزۆر کۆبوونەوەی جەماوەریدا خەریکی شەرحدانی ئینسان خودایی خۆی بوو. لەکتێبەکانیدا ئیدیعای خودایی دەکرد و دژایەتی قورئانی دەکرد و لەهێندێک لەکتێبەکانیدا کوتبووی : ئەمن قەومی نووحوو عادوو سەموود قڕ دەکەم.

نووسەران دەنووسن : نەیارێک بەربینگی بەحۆسێن بن مەنسوور هەلاج گرت و کوتی ئیدیعای پێغەمبەری دەکەی ؟ هەلاج لەوڵامدا کوتی خراپ حاڵی بووی ئەو قسەیە زۆر لەقەدری من کەم دەکاتەوە. ئەمن داوای خودایەتی دەکەم و ئەتۆ نێوی نبوەتدێنی.

موستەشرقین پێ دادەگرن تێکۆشانی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و قسەکردن بۆ جەماوەر هەلاجی بەرەورووی زۆر ترسی گەورە کردبۆوە و بۆ خۆ بواردن لەو مەترسیانە بوو کەهەلاج لەسەفەرەکانیدا و لەتێکۆشانی سیاسی دا ئەغڵەب لیباسی دەگۆری ولەسەر وسیمای خۆیدا ئاڵووگۆری دەکرد،جاری وابوو لیباسی سۆفیانەو جاری وابوو لیباسی ئاسایی و لەشوێنە سنووریەکان لیباسی سەربازی لەبەردەکرد و هەموو ئەوانە لە بەر ئەوەبوو خۆی لەپێش چاوی مووچەخۆران و سیخورەکانی دەزگای جاسووسی خەلیفە ون بکا. هەلاج خەریکی ئامادەکردنی نیهزەتێکی گەلی و شۆڕشێکی یەگجار گەورە بوو و خەڵکێکی زۆری لەخۆی هاڵاندبوو و جووڵانەوە خەباتگێڕەکان وەکوو جووڵانەوەی قەرمەتیەکان لەو هێزەی ئەو کەڵکیان وەردەگرت. تەبلیغاتی بەربڵاوی هەلاج دەگەڵ پەرەگرتن و نفووزی نیهزەتی قەرمەتیەکان هاوزەمان بوو. تەبلیغی ئینسان خودایی و نووسینی ڕەسالەی ئیلحادی و بڵاوکردنەوەی پڕووپاگەندەی بەتینی سیاسی لە لایەن هەلاجەوە ڕێک کەوت و گونجاو دەگەڵ کاروو تێکۆشانی قەرمەتیەکان بوو. ساڵی 294 ی کۆچی قەرمەتیەکان پەلاماری مەکەیان دا و ڕێ و ڕەسمی حەجیان تێکدا و شتوومەکی بەقیمەتی نێو ماڵی کەعبەیان دەگەڵ خۆ برد.

ئیبنی جزار دەنووسێ: قەرمەتیەک بەسواری ئەسپ چوە نێو ماڵی خوداوەو بەو خەڵکەی لەوێ بوونی کوت بێ عەقڵیە ئێوە سوجدەی ئەو ماڵەبەردینەیە دەکەن و بە دەوری دا دەسووڕێن و لەخۆشی و حورمەتی ئەو هەڵدەپەڕن و سەرو کەلە تان بەدیوارەکانیەوە دەنێن. پێشەوایان و ڕێبەرانی ئێوە شتێکی لەوەباشترتان فێر ناکەن . بۆ پاشەکشە پێکردن بەو هەموو خورافاتە ڕێگایەکی دیکە غەیری دەست بردن بۆ شمشیر نەماوەتەوە.

لەو سەرو بەندەدا هەلاج بڕیاریدا ئەبوو سەهل نەو بەختی بێنێتە ڕیزی پەیڕەوانی خۆیەوەو بەو جۆرەهەزاران شیعەی ئیمامیە کە پەیڕەویان لێدەکرد بێنێتە ڕیزی هاوسەنگەرانی خۆیەوە. هەلاج لەسەفەرەکانی خۆی بۆ شوێنی ژیانی شیعەکان بە تایبەت قوم و بەغدا تەبلیغی عەقیدەی خۆی دەکرد . ئەو لەپێشدا خۆی بەناردراوی ئیمامی غایب دەناساند و هەر دیتی پەیڕەوەکانی زیادیان کردوە ئیدیعای کرد ئیمامی دوازدەهەم میهدی وەفاتی کردوە و ئیدی هیچ ئیمامێک سەر هەڵنادا .

ئیدیعای هەلاج لەبارەی مەرگی ئیمامی زەماندا لەڕاستیدا بانگەوازی دوژمنایەتی بەئاشکرا لەگەڵ بنەماڵەی نەوبەختی بوو کە لە ڕێگای نوێنەرایەتی میهدی غایبەوە مڵک و داراییەکی زۆریان کۆ کردبۆوە. تەبلیغاتی هەلاج و عەقیدەکانی ئەو بەتوندی قازانجی کۆمەڵایەتی و نفووزی مەزهەبی ئەو خانەدانەی خستبوە مەترسیەوە.

سەهلی بنی نەوبەخت کەپیرێکی دنیادیدەو زیرەک بوو دەستیکرد بەوڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی ئیدیعاکانی هەلاج و شیعەکانی ئیمامیەی لە دژی هارووژاند. ئەما لایەنگری کردن لەهەلاج ڕۆژبەرۆژ پەرەی دەستاند. سەهلی بنی نەوبەخت کە پێگەی دینی و کۆمەڵایەتی خۆی لەمەترسیدا دەدیت بەڕێککەوتن دەگەڵ محەمەدبن داوود، ئیمامی فرقەی زاهریە کە ئیدیعای دەکرد هەر حوکمێکی بیەوێ دەتوانێ لەنێو ناوەرۆکی قورئاندا پەیدای بکا، هەروەها بە پشتگیری بەشێک لەدە رباریەکان و عولەمای فێئودال توانی لەساڵی 296 ی کۆچیدا فتوایەک لەسەر واجب بوونی قەتڵی هەلاج بڵاو بکاتەوەو مووچەخۆرانی حکوومەتی وەشوێن هەلاج بکەون بۆ گرتن و سەزادانی . بەوجۆرەهەلاج کە بە تەبلیغاتی خۆی خەریک بوو باوەڕی مەعنەوی جەماوەر بکاتە هێزێکی مادی بۆ بزاوتنی شۆڕشی ڕەنجبەران بە یاریدەو ویستی پەیڕەوانی خۆی دەگەڵ کەرەنبایی لەڕێبەرانی زیندووماوی ڕاپەڕینی زنج لە ژێر ناوی نهێنی محەمەد بن ئەحمەد فارسی لەشاری شووش خۆی شاردەوە.

حوکمی هەڵنان و فتوای قەتڵی هەلاج ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لەنێو کۆمەڵ و ڕووناک بیران و سیاسەتمەدارانی بە غدادا بوو. ساڵی 296 کۆدەتایەک لەدژی خەلیفە کرا کەهێندێک لەئیسلاح تەڵەب و لایەنگران و پەیڕەوانی هەلاج وەکوو بەدرئەعجەمی و حوسێن بن حەمدان و ژومارەیەک لە قەرمەتیەکان دەستیان تێدابوو. سیاسەتمەداران، سەرداران، قازیە کان و فەرماندەرانی بەغدا موقتەدر خەلیفەی عەباسیان وەلانا و عەبدولا بن موعتەز کە پیاوێکی شاعیروو ڕووناک بیربوو لەجێگای داندرا.

تەبەری و ئیبنی ئەسیر دەنووسن: خەڵک هیواداربوون کاری ئیبنی موعتەز سەربگرێ چونکە خاوەن ڕایان لە هینانە سە رکاری ئەودا ڕێک کەوتبوون. تەنیا مووساخادم و غەریبەلحال لەکاخی موقتەدر دا مابوونەوە ولایەنگریان لێدەکرد.

حوسێن بن حەمدان و بەدرئەعجەمی ، ئەو دوو کەسەی دەستیان لەکۆدەتاکەدا بوو دۆستی نزیکی هەلاج بوون کە عەباس بن هاشمی وەزیریان کوشت و بۆ لەنێوبردنی موقتەدریش هێرشیان کردە ئەو جێگایەی ئەوی لێ دەژیا. سەربازەکانی حە مدان و پارێزەرانی کاخی خەلیفە بەتوندی تێکهەڵچوون و شەڕ تا کاتی شەو درێژەی هەبوو. لەو نێوەدا دژەکۆدەتا کە بریتی بوون لەبەشێک لە فێئوداڵ و دەسەڵاتدارانی دواکەوتووی بەغدا بەڕێک کەوتنوو هاوکاری ژومارەیەک لەیهوودی دەوڵەمەندوو تەماع وەبەرنانی بەشێک لەسەردارو سەڕافەکان هاتنە نێو شەڕەکەوەو وەکوو

ئیبنی ئەسیر دەنووسێ: لەبەغدا فیتنەو بەلوایەکی قورس دەستی پێکردو کوشتارێکی زۆرکرا و بەرەلا و بێ قیمەت ماڵی خەڵکیان تاڵانکرد . ئیبنی عەمرۆیە سەرۆکی شارەوانی کەپێشتر دەگەڵ ئیبنی موعتەز بەیعەتی کردبوو هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و بەقازانجی موقتەدر هاتە مەیدانەوە. خەڵک پەلاماریاندا و سووکایەتیان پێکردوو دەگەڵی بەشەڕ هاتن. لە کۆتاییدا کۆدەتاکە شکستی خوارد . ئیبنی موعتەز خەلیفەی تازەگیراو کوژرا و موقتەدر دووبارە بۆوە بەخەلیفە. حوسێن بن حەمدان کاربەدەستی گەورەی کۆدەتا و دۆستی نزیکی هەلاج هەڵاتوو خۆی شاردەوە.

موقتەدر دوای گەیشتنەوەی بەدەسەڵات موونسی کردەسەرۆکی شارەوانی و بەلەشکرێکی زۆرەوەدەستیکرد بە هەڵنان و ڕاونانی کۆدەتاچیەکان. وەسیف بنی سوارتەکین یەک لەکارگێڕانی کۆدەتا و ژومارەیەکی دیکەگیران و کوژران . قازی موسەنا بنی یەعقووب یان گرتوو سەریان بڕی چونکە دەگەڵ ئیبنی موعتەز بەیعەتی کردبوو و کوتبووی قەت دەگەڵ منداڵی وەک موقتەدر بەیعەت ناکەم.

موقتەدر دوای شکست دانی کۆدەتا ئیبنی فەراتی کرد بە وەزیرو کردیە بەرپرسی دیتنەوەو گرتنی حوسێن بن حەمدان و باقی هاودەستەکانیان . ئیبنی فەرات وەزیرێکی سووک ، تاڵانچی ، عەیاش و فاسید بوو. سوولی دەڵێ: کەسم نەدی ببێتە وەزیرو وەکوو ئیبنی فەڕات ببێتەخاوەنی ئەو هەموو ماڵ و دارایی و زێڕوو زێوە. ئیبنی فەڕات سێ جار بوو بەوەزیر . جاری هەوەڵ 7000000 دیناری پێکەوەنا . جاری دووهەم و سێهەم لەسەریەک سێ ساڵ وەزیر بوو و لەوماوەکورتەدا 1000000 دینار پووڵی نەغد و ئەملاکی زۆری وەسەریەک نا . ئیبنی فەرات سیخوڕو مووچەخۆری زۆری دیاری کردبوو تا لەهەموو وڵات شوێنی حوسێن بن حەمدان و باقی کۆدەتاچیەکانی دیکەببیننەوە.

## تا قلم دردست غداری بود          عاقبت منصور بر داری بود

کارگێڕانی ئەو شۆڕشە شومارەیەک لە قەرمەتیەکان و لایەنگرانی هەلاج بوون و دەرباری موقتەدریان تووشی ترس و خۆفێکی زۆر کرد. پێداگری ڕووحانیە فیئودالەکان و پشتگری حامدی وەزیر بوو بەهۆی ئەوەی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی خەلیفە محاکەمەی سەرسەری هەلاج زوو کۆتایی بێ و سەزای مەرگی بەسەردا بسەپێنن. لەبارەی دووهەمین محاکەمەی هەلاج و داکۆکیەکانی ئەو لە دادگادا ئاگاداری زۆر ڕۆشنمان بە دەستەوە نیە ئەوەندە دەزانین دوای ئیرتیدادو ئیلحادی عولەمای بە ناوبانگی مەزهەبی وەکوو ئیبنی ڕاوەندی پایەبەرزانی شەریعەت و دین و دەوڵەت بەڕاستی ئیدی تاقەتی ئیرتیداد و ئیلحادی کەسایەتی بەناوبانگی وەکوو هەلاجیان نەبوو بۆیە داکۆکیەکانی هەلاج لە دادگادا بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی پاسدارانی دین و دەوڵەت یا بڵاو نەبوونەتەوە یا بەهۆی مێژوونووسانی دەمار گرژی ئیسلامی بەجەعل و تەحریف و ئەفسانە لێڵ کراون. لەهێندێک سەرچاوەی مێژوویی دا دەردەکەوێ هەلاج لە ئاخرین داکۆکیەکانی خۆیدا بە رامبەر بەزوڵمی بێ وێنەی دەرباریەکان و کارگێڕانی دەوڵەتی دەنگی هەڵێناوەو لەبیروو بۆچوونەکانی خۆی داکۆکی شایستەی کردوە.

هیندووشاە دەنووسێ: حامدبن عەباسی وەزیر بەهەلاجی کوت دەڵێن ئەتۆ کوتووتە قورئان چیە؟ هەلاج کوتی ئەوە لە هێندێک ڕەسالەدا هاتوە کە ئەمن نووسیومن. وەزیر پرسیاری دیکەی لێکرد و هەلاج وڵامی داوە و پرسیار و وڵام درێژەی کێشاو کار گەیشتە ئەو جێگایەی عولەما فتوایاندا بەهۆی ئەو نەزەرانەوە دەبێ بکووژرێ . قازی عەمرۆ نامەیەکی پێشان هەلاج دا کە بە خەتی هەلاج نووسرابوو و داوای کردبوو 'کەعبەوێران کەن" قازی کوتی ئەتو ئەو نامەیە بۆ دۆست و هاو بیری خۆت،شاکرت نووسیوەو ئەوە دروشمی قەرمەتی و زندیقانە. ئەتو نووسینی ئەو نامەو ئەو خەتە قوبووڵ دەکەی ؟ هەلاج کوتی بەڵێ ئەوەنامەو خەتی منە.

غەریب بنی سەعدی قەرتەبی کە لە زەمانی نیهزەت و محاکەمەی هەلاج دا دەژیا دەنووسێ: هەلاج داوای خودایی دەکرد و قسەی لەحولوول کرد و درۆی گەورەی بەخوداو پێغەمبەرەکانەوە هەڵبەست و کتێبەکانیشی پڕ بوون لەکفر. راستیەکەی ئەوەیە هەلاج بە تەبلیغات و تەعلیماتی خوڵقێنەری خۆی دەیویست چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵک لە ئیمامی زەمان و نەجاتدەری وەعدەدراو خاتیمە پێ بێنێ و شێوەی ئیعترازی ئارام و بێ کێشەی خەڵک بێ نێتەسەر رێبازی راپەڕینێکی چەکدارانە. ئەو بەعەقیدە بە ئینسان خودایی و بایەخ دانان بۆ هێزی نهێنی و خوڵقێنەری کۆمەڵ پێی لەسەر ئەوە داگرت کە خودا غەیری وێنەیەکی دڵخوازانە لەخودی ئینسان نیە و هەر جەوهەری ئینسانە. سەردەمی گرینگی مێژوو ئەو کاتەیە بەشەر ئاگادار بێ تەنیا خودای ئینسان خودی ئینسانە. کورتی ببڕینەوەعولەمای مەزهەبی و پشتیوانەکانی ئەوان لەنێو حکوومەت دا هەلاجیان بەو تاوانانەی خوارەوەبەئیعدام مەحکووم کرد .

داوای خودایی کردن و بەرپەرچدانەوەی فکرو عەقیدەی ئیسلامی.

ئەندام بوون لەرێکخراوی نهێنی پێوەنددار بە ڕاپەڕینی قەرمەتیەکانەوەو تەبلیغات بۆ عەقیدەکانی ئەوان .

بێ حورمەتی بەبنەماکانی مەزهەبی و بەربەرەکانی دەگەڵ قورئان و هاندانی خەڵک بۆ وێرانکردنی کەعبە

تێکۆشانی دژ بە دەوڵەت و بەربەرەکانی و دژایەتی دەگەڵ حکوومەتی عەباسی .

ئاخرین قسەکانی هەلاج لەدادگای پایەبەرزانی شە ریعەت و پاسدارانی تاریک ئەندێشی دا یەکێک لەبەنرخ ترین نموونەکانی ئازایەتی ئەندێشەی ئینسان بەرامبەر بەسەرکوتکەرانی ئازادی عەقڵ و هۆشە.

لەریوایەتەکاندا هاتوە،هێندێک لەلایەنگرانی هەلاج و هێندێک لەدەرباریەکان داوایان لێکرد حاشا لەفکرو عەقیدەکانی خۆی بکا و داوای لێبووردن لەخەلیفە بکا ئەما هەلاج شێلگیرانە لە سەر بیروڕاکانی خۆی ڕاوەستا و کوتی ئەگەر لەقسەی خۆمدا دوودڵی نیشان بدەم و عەقیدەکانی خۆم بەرپەرچ بدەمەوە، لەسیفەتی شانازی و شەرافەت خۆم بێ نەسیب کردوە. ئەگەر بمکووژن و هەڵم واسن یان دەست و پێم ببڕن ئیستا لە قسەی خۆم بانادەمەوە. بۆیەحامدی وەزیر سەبارەت بەهۆی کوشتنی هەلاج کوتی : ئەو لەسەر سەرکێشی و پێ چەقاندنی خۆی کوژرا.

هیندێک لەدۆستانی سیاسی هەلاج کە لە خەلیفە نزیک بوون هەوڵیان دا پێشی بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی هەلاج بگرن . هێندێک سەرچاوە دەڵێن موقتەدر خەلیفەی عەباسیش زۆر مەیلی لەسەر کوشتنی هەلاج نەبوو چونکە کەوتبوە ژێر کارکردی کەسایەتی ئینسان خودایی هەلاج و لەنفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو لەنێو جەماوەری خەڵکیشدا دەترسا. ئەما کۆنەپەرستانی وەک حامد بن عەباسی وەزیر و عەلی بنی سەهلی نەوبەختی بۆ هەرچی زووتر ئیعدام کردنی هەلاج بێوچان هەوڵیان دەدا. لەسەرچاوە مێژووییەکاندا دەر دەکەوێ کاتێک حامدی وەزیر لەبێ مەیلی خەلیفە بۆ کوشتنی هەلاج ئاگادار بوو بە خەلیفەی کوت، ئەگەر هەلاج نەکووژین شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەبێ . لەکۆتاییدا رووحانی فێئودال و دەرباریەکان لەرازیکردنی خەلیفەو وەرگرتنی دەست نووسی ئەو بۆ لەناوبردنی هەلاج سەرکەوتن.

تا قلم دردست غداری بود          عاقبت منصور بر داری بود

حامدی وەزیر سەرۆک و فەرماندەی نیگابانەکانی بانگ کرد و فەرمانی خەلیفەی پێشان دا و باسی ئیعدام کردنی هەلاجی دەگەڵ هێنا گورێ . ناوبراو کوتی ترسم هەیە خەڵک هەلاجم لەدەست دەربێنن، بۆیە ڕێک کەوتن دوای هاتنی تاریکایی دەست بەکار بن.

ریوایەتەکان دەڵێن : ماوەیەک پێش لە داردانی هەلاج هەموو دەزگاکانی هێمنایەتی و ئاسایشی بەغدایان کۆکردبۆوە لە ترسی ئەوەی نە وەک شۆڕش و بەلوایەک رووبدا هەروەها جاسووسی زۆریان بەلیباسی ئاساییەوە لە نێو خەڵکدا بڵاو کردبۆوە کە لە دژی هەلاج درووشمیان دەدا و دنەی خەڵکیان دەدا تا لەکاتی هەڵاوەسینی هەلاج دا بەردەبارانی کەن .
هەلاج لەکاتی مەرگدا ئازاو سە ربەرز و قایم بوو و دلێرانە بەرەوپیری مەرگ چوو. ئەو ئینسانەکانی فێر کرد نابێ لە مە رگ بترسن . کەسێک پێی وابێ مەرگ هەروەکوو ژیان نیشانەی پێویستی سروشتەو ژیان لەدنیای دیکەدا حەقیقەتی نیە هەرگیز لەمەرگ ناترسێ .
هەلاجیان بردە شوێنی لە داردان خلکێکی بێ شومار کۆ ببوونەوە. دەستووریان دا جەلاد هەزار تازیانە لە هەلاج بدا و ئە ویش لێیدا. هەلاج وزەی لێ نەهات و هاواری نەکرد . عەتارلەچۆنیەتی شەهیدکردنی هەلاج دا ئاوا بەسۆزەوەدەنووسێ: کاتێک حۆسێن یان برد بەرەو کوشتن هەزاران کەس کۆ ببوونەوە، ئەو چاوی بە خەڵکەکەدا دەگێڕاو دەیکوت: هەق،هە ق،هەق، انالحق و بەهەیبەتەوە دەرۆیشت لەحالێکدا سێزدەبەندی گرانی پێوەبوو . کوتیان ئەو شێوە ڕۆیشتنەت لەچیە، کوتی بەرەو قەتڵگا دەڕۆم .
هەلاج تا دواهەناسەی ژیان لەسەر حەقانییەتی عەقیدەو باوەڕی خۆی پێی داگرت ئەو گاڵتەی بەمیعراجی ئیلاهی دەهات و میعراجی پیاوانی بەچوونە سەر دار دەزانی. کاتێک بردیانەژێر تاقی دارەکەوە لە بازاری (الطاق) پێی نا سەر نە ردیوانەکەو دەستی کرد بەسەرکەوتن ،کوتیان حال چیە؟
کۆتی میعراجی پیاوان لەسەر دارە.

مسیح کجاست،مسیح کجاست      تا کە صادقانە ببیند      ما از ستیغ و تیغ گذشتیم
بی آنکەرحمتی را      یا کمترین نگاهی را حتی      از هیج ناخدا و خدایی
چشم امید داشتەباشیم
عیسی نبودەایم آری      عیسی نبودەایم      اما،ما      معراج را ایمان خویش ساختەبودیم
معراج را بر ارتفاع دار      ما از ستیغ و تیغ گذشتیم      باری بی هیچ ناخدا و خدایی حتی.

توزری دەڵێ: شومارەیەک لە گەورە پیاوانی دین یان کۆ کردبۆوە تا بەنێوی نوێنەرایەتی هەڵکەوتووی ئیسلامی لەنزیک سێدارەکە لە دەوری ،ئیبنی ئەکرەم، هاڵین و بەدەنگی بەرز بڵێن کوشتنی هەلاج بەقازانجی موسولمانانە ، بیکووژن،خوێنی لەئەستۆی ئێمەیە. دەڵێن شبلی دوستی رابردووی هەلاجیان کاتی کوشتنی ئەو لەپای دارەکە حازر کردبوو تا عەقیدەکانی هەلاج بەر پەرج داتەوەو ناوبراو بەکفروو بێ دینی تۆمەتبار بکا.

به ما مناز هان      اینک انگشتی      کەخضاب کردەایم      بەخون عاشقان

شبلی کە زەمانێک والی دەماوەند و خاوەنی دارایی و سامانێکی زۆر بوو بەهۆی شکەنجەو هەڕەشەوە ڕێگای پەشیمانی و سازانی گرتبوە بەر دەستی بە بەرپەرچدانەوەی عەقیدەکانی هەلاج کرد . هەرکەس بەردێکی داویشتەهەلاج ، شبلی خۆلێکی پێدادا . هەلاج ئاهێکی هەڵکێشا،کوتیان بۆ لەو هەموو بەردە ئاهت هەڵنەکێشا ، ئاهەڵکێشان لەخۆلێک ج مە عنایەکی هەیە. هەلاج کوتی ئەوان نازانن و مەعزوورن ، ئی ئەوەم پێ ناخۆشە کە دەزانێ نابێ وابکاو دەیکا .
برتولت برێشت ئەو دەنگی حەقیقەتەی ئینسانی هاو چەرخ ، دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە هەر دەڵێی ئەو قسەیەی هە لاج دووپات دەکاتەوەکەدەڵێ: ئەوەی لەڕاستی ناگا نەزانە ئەما ئەوەی دەزانێ وحاشای لێ دەکا تاوانبارە.
هەلاج شارەزای مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی خۆی بوو و رێزی تایبەتی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەران و هەڵکە وتوانی ئەو شۆڕشانە هەبوو ئەما وێدەچی لەنێو هەمووی ئەوانەدا ئیمان و مەیلی، زیاتر بەرەو بابەک خوڕەمدین راکێشرابێ. هەلاج لەئاخرین دەرفەتەکانی ژیانیدا یادو بیرەوەری بابەکی بەکردەوەیەکی شایستەرێز لێگرت. ئەو بە وردی هەر ئەو کەلیمەو ڕستانەی بەکار هێنا کە بابەک لەکاتی کوژرانی خۆیدا کوتبووی.
دەستیان پەراند .هەلاج بزەی هاتێ ،کوتیان ئەوەچیە؟ کوتی پەڕاندنی دەستی پیاوێکی دەست بەستراو هاسانە، ئەوجار دە ستی خوێناوی بەسەرو چاوی خۆی داهێنا و سووری کرد ، کوتیان بۆ وادەکەی ؟ لەوڵامدا کوتی خوێنی زۆرم لەبەر رویوەو لەوانەیە ڕەنگی دم و چاوم زەردبووبێ و ئێوە پێتان وابێ رەنگی زەردم لەترسانە خوێنم تێ هەڵسوو تا لەپێش چاوی ئێوە ڕەنگم هەر سوور بێ . چونکەرووسووری پیاوان خوێنی ئەوانە.

گفت چون گلگونە مرداست خون      روی خود گلگونەتر کردم کنون
تا نباشم زرد در چشم کسی      سرخ رویی بایدم اینجا بسی
هرکە را من زردآیم در نظر      ظن برد کاینجا بترسیدم مگر
چون مرا از ترس یک سر موی نیست      جز چنین گلگونە اینجا روی نیست
مرد خونی چون نهد سر سوی دار      شیر مردیش آنزمان آید بەکار

پاشان چاویان دەرهێنا ،قیامەتێک لەنیو خەڵکدا هەڵگیرسا و هەڵڵایەکی گەورەساز بوو . هێندێک دووکان و ماڵ و بازار ئاور تێ بەردراو توغیانێکی گەورەدەستی پێکرد. پاشان زمانیان بڕی ولە ئێوارەدا سەریان بڕی . لە کاتی سەربڕینیش دا هەلاج هەر بزەی لەسەر لێوان بوو و ئیدی گیانیدا. ڕۆژی دواتر دەکوترا ئەو بەلوایە لەوە بەولاوە لەوە زیاتر دەبێ کە لەزەمانی حەیاتی دابوو. لەشی هەلاجیان ئاور تێ بەردا و خۆ ڵە مێشەکەیان بەدیجلەدادا.

کارادۆ دەنووسێ: بێ ڕەحمی و دڵڕەقی بێ بەزەییانە کە لە کوشتنی هەلاج دا نیشانیان دا ڕوونی دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک مەڕام و مەسلەکی هەلاج لە کۆمەڵگای ئەو سەردەم دا کار کردی بوە و عەقیدەکانی چەندە مەترسی بۆ ئیسلام بوە. ئەوە شی دەبێ لێ زیادکەین دوای ئیرتیداد و ئیلحادی هەلاج عولەمای مەزهەبیی نیو بەدەرەوەی وەکوو ڕاوەندی و باقی پاسدارەکانی دین و دەوڵەت بەڕاستی ئیدی تەحەمولی ئیرتیداد و ئیلحادی هەلاجیان نەبوو و ئەو دڵڕەقیەی بەکاریان هێنا لەکوشتن و سووتاندنی ئەو دا نیشانەی دوژمنایەتی قووڵ و ڕقی بێ وێنەی ئەوان سەبارەت بەهەلاجە.
سەرهەڵدانی هەلاج لەڕاستیدا وڵام دانەوە بە نیازێکی گرینگی کۆمەڵ بوو و لەبەر ئەو هۆیەیە کە هەلاج لە مێژووە وەبە رەو ئوستوورەرۆیشتوەو دوای چەندین سەدە ئێستاش حوزوور و دەسەڵاتی لەسەر زەین و فکری کۆمەڵ قورسایی دەکا .
هەلاج لەمێژووەوەتێکەڵ دەگەڵ ئوستوورەبوەو دەزانین کە ئوستوورە سیمای خوازراوی داهاتووەو شکلێکە لە ئاگاداری ئینسان سەبارەت بەو شتەی ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی دا نیەو هەوڵی بۆ دەدا لەسروشت یا لە کۆمەڵدا وەدەستی بێنێ . ئەگەر مەدینەی فازیلە داخوازی فکری خەڵکی ڕووناکبیرە، ئوستوورە ویستی چینەکانی ژێر دەستی کۆمەڵ ئاشکرادەکا.
بەو شێوەیە بوو کە هەلاجیش دەگەڵ کاروانی شەهیدان کەوت ئەما ئاوابوونی ئەو ڕۆژهەڵاتنی ڕۆژی دیکەی بەدواوەیە کە تاریکیەکان ڕادەماڵێ و ڕاستی و ڕۆشنایی دێنێتە بەر چاوی کۆمەڵ . لە دنیابینی ئوستوورەدا ئەگەر ڕایەڵی عومری کەسێک زاڵمانە هەڵپسێندرێ ، ئەو لە شکلێکی دیکەدا دەگەڕێتەوە ژیان و دەست پێدەکاتەوەو لەڕاستیدا تەناسوخ شێوەیە کی دیکە لە بێ مەرگی سروشت و ئینسانە.
تەناسوخ شکڵی عامیانەی دیالکتیک و ڕەوتی مێژووە. دوای کوژرانی هەلاج کۆمەڵانی خەڵک کردیانە دەنگۆ کەهەلاج لەکاتی کوژرانیدا کوتوویە لەو ڕووداوە مەترسێن ، چونکە دوای مانگێک دەگەڕێمەوە لای ئێوە.
ئەو کاتەی پیاوێک بەقیمەتی گیانی خۆی ڕاستیەکانی سەردەم دەخاتە بەر چاو ئیدی مەرگ سەرچاوەی نابوودی نیە، جۆگەلەیەکە خەڵکی دیکە پاراو دەکا بەتایبەت ئەگەر مەرگ دیاری ستەمکاران بێ. یانی ئەو کوژراوە شەهید بێ و بۆ حە قیقەت و ڕاستیەکان گیانی دابێ.
أقتلونی یا ثقاتم چیست در قتلم ، حیاتم ومماتم درحیاتم وحیاتم در مماتم.
کارکردی هەلاج لەسەر ڕاپەڕینەپێشکەوتووەکانی نەتەوەیی
خاکستر مرا بادسحرگاهان هرجا کەبرد مردی ز خاک رویید

# کارکردی  هەلاج لەسەر ڕاپەڕینەپێشکەوتووەکانی نەتەوەیی

خاکستر مرا     بادسحرگهان       هرجا کەبرد            مردی ز خاک رویید
قەتڵی فەجیعی هەلاج و شکەنجەو  ئیعدام و لەناوبردنی پەیڕەوانی ئەو نە تەنیا خاتیمەو کۆتایی فکری ئینسان خودایی نە بوو بەڵکوو خەڵکی ئێمەو نەتەوەکانی دیکەی وڵاتانی ئیسلامیش سەرەڕای بارودۆخی سەختی مەزهەبی بەهۆندنەوەی سروودو هەڵبەست لەسەر حەقانییەت و ڕاست بوونی ئەندێشەکانی هەلاج پێیان  داگرتوە. چیرۆلی ئیتالیایی لەشاری ڕە شت هۆنراوەیەکی دیوە  کە لەوێدا بەرێزو حورمەتەوە باسی هەلاج کراوە. کار کردی هەلاج لەسەر ئەدەبیاتی ئێران زۆر قووڵ و بەرچاوە بە چەشنێک بەڕاستی هیچ شاعیر و بیرمەندێک نیەیاد و نێوی ئەو گەورەپیاوەی ڕێز لێ نەگرتبێ . لە کولتووری عامیانەش دا کارکردی هەلاج بەباشی بەرچاو دوکەوێ هەروەکوو ئێستاش کاتێک باسی قورس و قایمی کە سێک لەکاتی تەنگانەدا دەکرێ دەڵێن: چەند مەردە هەلاجی. یانی بزانین تین و توانات چەندەیە.
خەڵکی ئاوایی سەرجیری کوردستان سروودێکیان هەیە کە دایکەکان وەکوو لایەلایەبۆ منداڵانی دەخوێننەوەئەو سرووده نێوی حەلەجی یا هەلاجیە. دوای قەتڵی هەلاج لایەنگران و پەیڕەوانی ئەو بێدەنگ دانەنیشتن بەڵکوو بەتەبلیغ و پەرە پێدانی عەقیدەکانی هەلاج  و خەبات لەدژی ئیسلام و پاسدارانی تاریک ئەندێشی زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی دیکەخۆش کرد.
شاکر، دۆست و هاوخەباتی هەلاج دوای ئەوەی ڕاپەڕین و عەداڵەت خوازی کۆمەڵی دیت لەتالقان ڕاپەڕی و بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوی نهێنیی خەباتگێڕ گەڕاوە بەغدا . ئەما لەوێ گیراو هەر لەوێ وەکوو هەلاج بەشێوەیەکی فەجیع لە نێو برا.
لە ڕووداوەکانی ساڵی 312 ی کۆچی ئەوە بوو کە نازوک بوو بەفەرماندەی پولیسی بەغدا . سێ کەس لە یارانی هە لاجیان هێنا لای کەنێویان حەیدەر، شەعرانی و ئیبنی مەنسوور بوو. نازوک داوای لێکردن لەمەسلەکی هەلاج دەست هە ڵگرن و عەقیدەکانی هەلاج بەرپەرچ بدەنەوە. ئەوان نەچوونەژێر باری ئەو داخوازەوە، بۆیە هەرسێکیان کوژران و لە شیان بەسێدارەوە هەڵاوەسین و سەریان لەسەر دیواری زیندان دانان . هێندێکیش لە یارانی هەلاج لە دەوری فارس دینەوە ری کەخەڵکی خوراسان بوو کۆبوونەوەو فرقەی فارسییەیان پێک هێنا.
هەجویری دەنووسێ : ئەمن ئەبووجەعفەر سەیدەلانیم دیت کەدەگەڵ چوار هەزار کەس لەعێراق دا بڵاو ببوونەوەو لە هە لاجیەکان بوون ، هەروەها هێندێکم مەلاحەدەلەبەغداو دەورووبەری دیت کەئیدیعای نزیکی و خۆشەویستی هەلاجیان دە کرد و کەلامی ئەویان کردبوە حوجەت بۆ زەندەقەی خۆیان و نێوی هەلاجی یان لەخۆیان نابوو.
قەتڵی عەینەلقوزاتی هەمەدانی ، محەمەد بنی علی شەلمەغانی ، فەزلوڵا نەعیمی ،عیمادەدین نەسیمی، تەمەنایی، ئەحمەد کاشی، نەسری گیلانی، مەحموود پسیخانی، خوسرەو قەزوێنی و کوشتاری دەیان بیرمەند و خاوەن ئەندێشەی دیکە بە تاوانی ئیلحادو زەندەقەو بەهۆی ئیمانیان بەئینسان خودایی نیشان دەدا کە لە درێژایی ئەو هەموو ساڵانەدا ڕۆژگار بۆ ئینسانی بیرمەند و ئازادیخواز نەگۆڕاوەو ڕۆحی بەغدا بەبوون و نەبوونی خەلیفە هەر وەکوو پێشوو لەهەموو جێگایەک خاوەن دەسەڵاتەو ناسیاوی مێژوو بەخوێنی فیداییەکانی شۆڕش و ئەندیشەدەگەڕێ. فکری پێشکەوتوو و ئینسان خودایی هەلاج نە تەنیا لەتوغیانی ڕووناکبیر و خاوەن فکری گەورەدا ڕەنگی داوەتەوەلەهەڵایساندنی چەندین ڕاپەڕینی گەورەی دیکەش دا کارکردی خۆی هەبوە، لەوانە ڕاپەڕینی عەزارەقە، حرووفیە، شۆڕشی شێخ  بەدرەدینی سیماوی و جووڵانەوە ی گەورەو گرینگی پسیخانیان.

**عەزارەقە**

لە ئوسووڵ و بنەماکانی  عەقیدەی عەزارەقە ئاگاداریەکی زۆرمان نیە چونکە زوربەی بەرهەم و ڕەسالەکانی شەلمەغانی ڕێبەری ئەو فرقەیە دوای گیران و ئیعدام کردنی کۆکراونەوەو سووتێندراون و ئەوەی کە نەیارانی ئەویش نووسیویانە زۆر کەم ونارێک و پێک و تێکەڵ دەگەڵ تاوانبارکردنی بێ بەڵگەو دەمارگرژی توندی مەزهەبیە. زوربەی عولەمای گە ورەو زانایانی شیعەوەکوو حوسێن بنی ڕووح نەوبەختی شەلمەغانیان بەلایەنگری هەلاج داناوە لە حاڵێکدا ماسینیون شە لمەغانی بەپیاوێکی بەگرێ و گۆڵ و تاریک فکرو زاڵم نێودەبا.
دوای کوژرانی موقتەدر ولەزەمانی خەلافەتی کوڕەکەی ئەلرازی بیللا دا محەمەدبنی عەلی شەلمەغانی ناسراو بە ئیبنی ئەبیلعەزاقر لە دینی ئیسلام وەرگەڕاو بوو بەمولحید. ئەو کە لە پێشدا وەکوو ڕاوەندی و هەلاج کەسایەتیەکی مەزهەبی

بوو لە درێژەی ئینسان خودایی هەلاج دا مەکتەبێکی تازەی دروست کرد کەبەعەزاقەرە ناسراوە. شەلمەغانی خۆی بە خودا دەزانی و کتێبێکی بۆ پەیڕەوانی خۆی نووسی بە نێوی حەساسەتەلسادسە کە لەوێدا بەئاشکرا دین و ئایینی وەلا ناو رەدی کردەوە. ناوبراو پێش مورتەدبوون و پێک هێنانی ئایینی تازە یەکێک لەعولەمای گەورەی شیعەی ئیمامیەو خاوەنی جێ و ڕییەکی بەرز لەو ڕێبازەدابوو و نووسراوەکانی جێگای رێزو حورمەتی شیعەکان بوو و لە ماڵی موسوڵمانانداا لەهەموو جێگایەک دەبیندرا . ئامانجی ئەو لەدەستپێکدا گەیشتن بەجێ ورێی حۆسێن بنی ڕووح بوو . ئەما دوایە کارەکەی گەورەکردەوەو داوای خودایی کرد.

عەزارەقە نوێژو ڕۆژوو و باقی ئوسوولی دین یان رەددەکردەوەو پاڕانەوەو پەنابردن بۆ شتی خەیاڵیان بەنیشانەی کزی و بێ هێزی ئینسانەکان دادەنا کەناتوانن بەسەر دوودڵی و ترسی خۆیان دا زاڵ بن. شەلمەغانی لەکتێبی حەساسەتەلسادسەدا تەواوی دین و مەزهەبەکانی پێشووی ڕەددەکردەوە.

ڕسکانی عەزارەقەو تەبلیغاتی ئینسان خودایی و ئیلحادی ئەوان پاسدارانی دین و دەوڵەتیان وەمەترسی خست.ئەوان کەتا ئێستا سیاسەتی لەناوبردنی هەمەلایەنەی فکری هەلاجیان لەناو کۆمەڵدا بەتەواوی بۆ نەچووبوە سەر هەرکە حوکمی کافربوون و فتوای کوشتنی شەلمەغانیان پێ گەیشت دەسبەجێ شەلمەغانی و پەیڕەوەکانیان گرت. هێندێک لەگیراوەکان وەکوو حوسێن بن قاسم وەهەب ، ئەبووعمران ئیبراهیم بن مونەجم ، ئیبنی شەبیب زەیات ، ئەحمەد بن عەبدووس و ئیبراهیم ئەبی عەوەن ، ڕووبەڕووی عولەمای مەزهەب ددانیان بەوەداهێنا کەشەلمەغانی بەخودادەزانن. خەلیفەدە ستووریدا شەلمەغانی و لایەنگرانی بنێردرێنە زیندان، ئەما پێداگرتنی یەگجار زۆری عولەمای مەزهەب بوە هۆی ئەوەی ئەلرازی خەلیفەی عەباسی بۆچاوترسێن کردنی خەڵک دەستووری لەناوبردنی شەلمەغانی و پەیڕەوانی بدا. شەلمەغانی و ئیبنی عەونیان هەڵاوەسی و وەکوو هەلاج ئاوریان لەلەشیان بەردا و خوڵەمێشەکەیان کردەدەجلەوەو حوسین بن قاسمیان لەشاری رقەکوشت و سەریان هیناوەبە غدا. مورتەدبوون و ئیرادگرتنی شەلمەغانی لەئیسلام کەلەو سەردەم دا گەورە ترین کۆت و زنجیری رووحیی کۆمەڵانی خەلک بوو سەدەمەیەکی قورسی گەیاندەهەموو دامەزراوەکانی مەزهەب و باوەرە ئایینیەکان.

ئەو دڵڕەقییەی لەکاتی کوشتنی ئەو و لایەنگرانی دا بەکار هێندرا نیشانەی ڕق و تووڕەیی قووڵی ڕێبەرانی مەزهەبی سە بارەت بەعەزارەقەیە.

عەزارەقە دوای کوژرانی شەلمەغانی دەستیان لەعەقیدەکانی خۆیان هەڵنەگرت بەڵکوو بەبڵاو کردنەوەی بیری ئینسان خودایی هەموو ئەفسانەکانی خودایان بەناقابل و بێ کەلک لەقەڵەم دا . دوای شەلمەغانی کەسێک بەنێوی بەسری و دواتر ئەبوو محەمەد شەریعەتی ئیدعای خودایەتیان کرد . مێژوونووسان دەڵێن : ئەوان وەکوو هەلاج داوای سەیرووسەمەرەیان دەکرد و ڕوویان لەکفروو ئیلحاد بوو.

**حوڕووفیە**

ئابووری کشت وکاڵی کە لە زەمانی ئیلخانانداڕووی لەکزی کردبوو بەهێرشی تەیموور بۆ ئێران کزتربوو. تەیموور بۆوە ی کۆڵەکەکانی قودرەتی سیاسی ، کۆمەڵایەتی خۆی قایم تر بکا و لەپشتیوانی موسوڵمانان کە ڵک وەرگرێ لەئەنجامدانی وەزایفی مەزهەبی و تەنانەت خۆران بەموسوڵمان بوون هەوڵێکی زۆری داو پشتیوانی عولەمای مەزهەبیی بەنفووزی بۆ لای خۆی ڕاکێشا . لایەنگری شێخ شەمسەدین کەلار پێشەوای موسوڵمانانی ناوچەی کەش هەروەها پشتیوانی زۆر لە پێشەوایانی دیکەی مەزهەبی، زەمینەی ئیعتباری سیاسی و مەزهەبی تەیمووری ئامادەکرد. مەزهەب بۆ تەیموور باشترین وەسیلەبوو بوو تا بەهۆی ئەوەوەبتوانێ هێزەکانی مەعنەوی کۆمەڵ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ . ئەو هەرچەند لە خۆران بەئیسلامەوەهیچ هەلێکی لەدەست نەدەدا لەهیچ عەیاشی و کوشت و کوشتاریش نەدەپرینگاوە. لەدەرباری ئەودا خواردنەوەی مەی و خۆشگوزەرانی تا ڕادەیەک چووبوە پێش کەهێندێک لەدەرباریەکان لەحوزووری خانمی گەورەژنی تەیمووردا مەست دەبوون و لەسەرخۆ دەچوون و دەکەوتن.

هێندێک لەمێژوونووسان هۆی مەرگی تەیموریان زیادەڕەوی لەخواردنەوەی مەی وئیفرات لەخۆشگوزەرانیدا زانیوە.

پاول هرن دەنووسێ: تەیموور هەرچەند ببوە موسوڵمان لە دڵرەقیدا دەگەڵ چەنگیز فەرقی نەبوو . ئەوەی لەتیغی مەغوول نەجاتی ببوو تەیموورقڕی کردن . کزی و لاوازی ئابووری لادێ و لەئاکامدا کەمو کووڕی لەنیزامی ماڵیاتیدا و بەتاڵ بوونی خەزێنەی دەوڵەت بوەهۆی ئەوەی تەیموور بۆ ڕێکخستنی حکوومەتێکی بەدەسەڵات، سەرنجی تایبەتی بداتەشوێنە بازرگانیەکان . ئەو بەیاریدەدانی بەشی بازرگانی و توجارەت هەوڵیدا ئابووری تێک ڕماوو حکوومەتی تازە پێ گرتووی خۆی لەمەترسی ڕووخان و لێک بڵاوبوون نەجات بدا . ئەو پێی وابوو توجارەت وبازرگانی دەگەڵ وڵاتەکانی دراوسێ دەبێتە هۆی ئاوەدانی و بەرهەم هێنان و زیادبوونی دارایی و گەشەکردنی ئابووری. دروشمی دنیا بەتاجرەکانەوە ئاوەدانە، بوە هۆی گەشەکردنی ئابووری و پێوەندی بازرگانی. بەندەری هورموزلە دەوەرەی تەیمووردابوە یەک لەب ەندەرگا هە رەگرینگەکانی نێو نەتەوەیی ئەو سەردەم . بازرگانەکانی وڵاتانی میسروو شام و ڕۆم و ئازەربایجان و عێراق و فارس و خوراسان و هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات ڕوویان لەو بەندەرە کردبوو. بەهۆی کرانەوەی ڕێگای توجارەتی بەینی هیندووستان و مەغوولستانوو عێراقوو باقی ولاتانی دیکەی ڕۆژهەلات، هەموو چەشنە مەتاعێکی توجارەتی ئێران لەو شوێنە معامەلەو ئاڵووگۆڕی پێدەکرا.

لیباسە بەزێر چندراوەکانی دەورەی تەیموور و هەموو چەشنە شت وەکی ئاوریشم و کەتان و لۆکەو هەموو چەشنەبەرهە می دەستکرد وەکوو چەک و شتی دیکەی دارین لەگرینگترین سەنعەتەکان و بەنێوترین بەرهەمەکانی توجارەتی ئەو سە ردەمەدەژمێردرێن.

کرانەوەی ڕێگای ترابوزان و پێوەندی ئابووری بەینی تاجرەکانی ونیزی و ئیسپانیایی و فەرانسەیی بوە هۆی گەشەکردنی ئابووری شارو کرانەوەی بازاڕەکانی توجارەت لەشارەکاندا . ڕێگای تەورێز بۆ ترابوزان لەڕێگا گرینگەکانی توجارەتی ناوخۆیی و دەرەوەبوو. سەنعەتی زەریفەش زۆر بایەخی پێ دەدرابەچەشنێک دوکتور مارتین یە کێک لەزانایانی هونەروو سەنعەت دەنووسێ: ئەو جمووجۆڵەی بەهۆی تەیمووریەکانەوەلەعالەمی سەنعەت دا پێک هات بەئەندازەیەک بەهێز بوو کەتا کۆتایی سەدەی 16ی میلادی لەئێراندا باقی و بەردەوام بوو. لەئاکامدا گەشەکردنی ئابووری شاری و ڕەواجی سەنعەتە دەستیەکان بوە هۆی رسکانی کۆڕی ئەسناف و کۆمەڵی خاوەن پیشەو تکنیک. سەرهەڵدان و تەکامولی پیشەوەری و سەنعەت لەباری ئابووری سیاسیەوە لەو دەوەرەیەدا دەگەڵ مانعێکی گەورەی مێژوویی ڕووبەڕوو بوو ، ئەویش فێئودالیسمی خانەکان و سەردارەکانی تەیمووری بوو کەخاوەنی سەرچاوە و شتوومەکی پێویستی سەنعەت و پیشەوەری بوون و دەستیان بەسەر دا گرتبوو.

تەیموور بۆ سازکردنی پێتەختێکی مودێرن و ئاوەدان غالبی سەنعەتکارانی شارەکانی مەجبوور بەتەرکی وڵاتی خویان بەرەو سەمەرقەند کرد، بۆ وێنەساڵی 788ی کۆچی، دوای داگیر کردنی تەورێز و بەسەرداپڕینی ماڵیاتی قورس بەسەر خەڵکدا سەنعەتکارانی شاری بەرەو سەمەرقەند بەرێ کرد. لەساڵی790ی کۆچی دا دوای گرتنی ئیسفەهان ماڵیاتی قورسی بەسەرسەنعەتکارانی ئەوشارەدا بڕی و پووڵێکی قورسی بەنێوی ماڵی ئەمانەت لەخەڵکی شارەکە داواکرد .خە ڵکی شاری لەزەبرووزەنگی مەعموورانی کۆکردنەوەی ماڵیات وەجان هاتن و شوڕشیان کرد. سپای تەیموور کەوتنە گیانی خەڵک و کوشتاری گەورەیان لەدانیشتوانی شار کرد و جۆباری خوێن لەشەقامەکانی ئیسفەهاندا وەرێکەوت.

لەسەری خەلکی ئیسفەهان کەڵلە منارەیان درووستکرد .

پیشەوەر و سەنعاتکاری شاری بەگوێرەی خەسلەتی چینایەتی خویان چاویان بەقازانج و بەرھەمەکانی دنیاییەوە بوو و سروشت بۆ ئەوان سەرچاوەکانی مادی و بەرەو پێش چوونی ئابووری دەژمێردرا،بەو چەشنە بەرێشەگرتن و پەل ھاویشتنی نفووزی ئابووری سەنعەتکاران و پیشەوەران ئەوچینە تازەیە دنیابینی تازەی سەبارەت بەناسینی دووبارەی سر وشت و ئینسان تەلەب دەکرد.

روزوشب فکرکنم این همه آثارازچیست　　　گنبد چرخ فلک گردش دوار از چیست

قرص خورشید چرا نورفشاند بەزمین　　　بازهم پرسش نو ، نورچەو نار از چیست

بێ شک سەنعەتکاران و پیشەوەران ئەو ناسینەوەیەی دووبارەی سروشت و ئینسان یان لەئاموزیشەکانی مەزھەبیدا نەدە دیتەوە چونکە بە گوێرەی ئەو ئامووزیشانە سروشت و ئینسان بەھۆی ھێزی نەناسراوەوە رێبەری دەکرێن کە ڕیشەیان لە خودادایە، کە وابوو ناسینەوەی راستەقینەی سروشت و ئینسان مومکین نیە. بۆیە ھەوەڵین خەباتی مەعنەوی سەنعە تکارانی تازەو خاوەنەکانی کارو پیشە، لەدژی دنیابینی مەزھەبی و تەعلیمی ئیسلامی حاکم بەسەر کومەڵ دابوو. ئێمە کریستالیزەبوونی ئەو خەباتەفکری و کولتووریە لەعەقیدەکانی ڕێبەرانی ڤووڵانەوەی حورووفیەدا دەبینینەوە.

لە باری سیاسیەوە ئامانجی سەرەکی حوڕووفیە خەبات لەدژی حکوومەتی فێئوداڵی تەیمووری یانی بەھێزترین حکوومە تی سەدەی ھەشتەمی کۆچی بوو. لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە حوڕووفیە بەرابەری و یەکسانی و لابردنی ھەموو چەشنە زوڵم و زورێکیان تەبلیغ دەکرد. لە کتێبی حوڕووفیەدا ھاتوە کە قانوونی ڕاستەقینە،بەرابەری خەڵک و لاچوونی زوڵموو زۆری و نەمانی دەستدرێژی زورداران بۆ سەر بێ ھێزانە.

فەزلوللانەعیمی ڕێبەر و پێک ھێنەری جووڵانەوەی حورووفیە بۆ خوی پیشەوەرێکی ڕووناک بیر بوو کەلەرێگای کڵاو دروونەوە دەژیا . نابراو لەئەستەرابادی مازەندەران لەدایک بوو و شیعری زۆری بەراوێژی ئەستەرابادی کوتوە. نە عیمی لەسەردەمی لاویدا سەفەری زۆری بۆ شارو ناوچەکانی رۆژھەڵات کرد . سەرەتای پێوەندیەکانی توجارەتی و بازرگانی دەگەڵ ولاتانی دەرەوە ھەروەھا گەشەکردنی پیشەوەری و سەنعەت لەزەمانی تەیمووردا سەفەرو گەشتوگوزارە کانی نەعیمی زیاتر کرد لەوسەفەرانەدا دەگەڵ زۆر کولتوورو زانست و عەقیدەی جوراوجور ئاشنابوو . نەعیمی دوای دیدار لەزۆر شاری گەورەی توجارەتی و بنکەی بازرگانی ئاخریەکەی چوە باکۆ و ھاوکات دەگەڵ پەرەگرتنی نارەزایە تی پیشەوەر و سەنعەتکارانی بچووکی شاری ، بەرێکخستنی کۆری حوڕووفیە لەباکۆ ئەو شارەی کردەبنکەی کردەوەو تەعلیماتی خوی و لەیارانی خوی بەیعەتی وەرگرت کەلەکاتی پێویست داڕاپەرینی چەکدارانە بکاو دوای ماوەیەکی کورت ئیدیعای پێغەمبەری و خودایی کرد . شاری باکۆ بەھۆی ھەڵکەوتی تایبەتی توجارەتی و سەنعەتی یەکێک لەبنکە کانی عومدەی سەنعەت و توجارەت و لەناوەندەکانی موھیمی پێکەوەلکانی فکروو کولتووری جوراوجور بوو. ئەو شارە سەر بەناوچەی شیروا ن بوو و وەکوو بەندەرێکی توجارەتی و کانگایەکی بەپیتی نەفت لەباری ئابووریەوە یەگ جار زۆر گرینگ بوو. بەرێکخستنی ڕێکخراوی نھێنی و خەباتگێری حوڕووفیە لە باکۆ ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە لەوشارە وە بۆ تەبلیغی عەقیدەکانی خویان بەرەو وڵاتانی رۆژھەڵات دەرویشتن . لەباری فەلسەفیەوە بناغەی فکری حوڕووفیە لە سەر ڕێزدانان بۆ ئینسان و ناسینەوەی ھێزە بەرھەم ھێنەرەکانی ئینسان داندرابوو. لەراستیدا درێژەدەری ھەر ئەو ئینسان خوداییەبوو کە ھەلاجیش پەیرەوی لێدەکرد، حوڕووفیە پێ یان وابوو فەزلوللای نەعیمی خدای موجەسسەمە.

ئیسحاق ئەفەندی دەگەڵ وەبیرھێنانەوەی جووڵانەوەی قەرمەتیەکان و باقی فرقەئیلحادیەکان باسی ژیانو عەقیدەکانی نە عیمی و چونیەتی کوژرانی بەدەست میرانشا دەکا و دەنووسێ: حوڕووفیە کتێبێکیان ھەیە بە نێوی (جاودانە) و لەو دا کفر وو زەندەقە ئاشکرا دەبێ. ئەو فرقەیە ئەو کتێبە بە نھێنی دەخوێننەوەو ناوەرۆکەکەی بە دزی تەبلیغ دەکەن . بنەماکانی فکریی حوڕووفیە لە بەرھەمەکان و شێعرەکانی ڕێبەرانی ئەوان بەتایبەت لەشێعرەکانی فەزلولا نەعیمی و عیمادەدین نە سیمی دا بەجوانی دەبیندرێ . شێعرەکانی نە سیمی پڕلەعەقیدەکانی ئینسان خودایی مەنسووری ھەلاجە.

همچو منصور انالحق زدەاز غایت شوق　　　برسرداربلا نعرەزنان می آیم

یا

تا سر انالحق نکند فاش نعیمی　　　بردارسیاست کشش ازدار چو منصور

نەعیمی بیرمەندێکی شوڕشگێر و نوێ خواز بوو . لە بەرھەمەکانیەوە دەردەکەوێ کە دەگەڵ کارکرد وەرگرتنی قووڵ لە ئەندیشەکانی ھەلاج ، دەگەل فەلسەفەی بووداش ئاشنا بوەو بەرھەمەکانی فیلسووفە مادیەکانی خوێندوتەوە. ھەروەک دە زانین ناسینەوەی عیلمی وعەقڵی ھەمووکاتێک دەگەڵ واقعییاتی دەرەکی سەروکاری ھەیە، واقعییەتیش دوو جۆرە، ئەوەڵ واقعییاتی سروشتی (کائینات و سروشت) دووھەم واقعییاتی ئینسانی.

بەگوێرەی فەلسەفەی حورووفیەش واقعییەت دووجورە،یەکیان سروشت کەئێمە دەیبینین و ئەوی دیکەیان ئینسان . لە واقعییەتی ئەوەلدا کائینات و سروشت ، مانگ ، ئەستێرەو هەموو بوونەوەری سەر زەوی جێگایان هەیە. لەواقعییەتی دووهەم دا ئینسان و تەواوی بوونەوەرەکانی عەینی و سروشتی گونجێندراوە. کەوابوو حوڕووفیە تەواوی ڕازی کائینات و سروشت لەڕێگای ناسینەوەی ئینسانەوە تەوزیح دەدەن و دەڵێن هەر کەس بتوانێ خۆی بناسێ دەگاتە مقامی خودایی . بە وجورە حورووفیە،سروشت لەئینسان جیا ناکەنەوە بەڵکوو ئەو دوانە لە پێوەندی دیالکتیکی دەگەڵ یەکتردا لێک دەدەنەوە. وەکوو هەر بیرمەندێکی ئازاد نەعیمیش تێدەکۆشێ کە لەپێشدا عەقڵ و ئەندیشە لە زنجیری خورافەپەرستی کە سەدان ساڵە ئینسانیان ئەسیر کردوە ئازاد بکا و پەردەی تاریک ئەندێشی لەپێش چاوی ئینسان لا بدا.

اگر مردان راهت را حجاب از پیش برخیزد هزاران انی اناالله گو زهرسو پیش برخیزد

دنیای دەرەکی لەچاوی نەعیمی ڕا واقعییەتێکی سەربەخۆ لەزەین و ڕەدنەکراوەیە. ئەوەی بۆ ئەو قابیلی ناسینەوەو جێگای دەست پێ ڕاگەیشتن بێ مادین . ئەو بەڕەدکردنەوەی هەموو چەشنە پەنابردنێک بۆ خودا وەکوو عیللەتی هەوەڵینی هەموو شتێک ، تێکۆشاوە کە دنیا لەسەر بناغەی خودی دنیا لێک بداتەوە

خدارا دراشیا طلب روزوشب طلب کردەجز عین دانا نبود

بەڕاستی ئەو جۆرەشیعرەو ئەو شێوەفکر کردنەوەیە وەکوو موستەشرقینی رۆژاوا دەڵێن نیشانەی لایەنی عورفانی فەلسەفەی فەزلولای نەعیمیە؟ دەبێ بڵێم بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو لێکولەوەرانە فکرو فەلسەفەی نەعیمی بەهەموو کە موکووڕی و خەسلەتی ئیدەئالیستی کەتێیدایە، عورفانی نیە، چونکە نەزەرەکانی فەلسەفی نەعیمی ئاخری ئەو بۆ لایەک دە کێشن کەبوونی شتێکی خارجی و سەر بەخۆ بە نێوی خودا ڕەددەکاتەوە.

زدانش چرا دم زند نفس کل کەپیش از من آن نفس دانا نبود

یا

بیرون ز وجود خود خدارا زینهار مگو کەگفتمت فاش

گویی کەبەغیر ما کسی هست ازخویش تو این حدیث متراش

یا

ماییم و بەغیر ما کسی نیست درشیب و فراز و زیر و بالا

نەعیمی بیر مەندێکی ئازاد بوو کە بە تێگەیشتنی شورشگێرانەی خوی لە بەرابەر قەیسەرەکانی زەمانەدا سەری هەڵدا . ئەو بەگوێرەی پێگەی چینایەتی خوی نەیدەتوانی هاورێ و هاودەنگ دەگەڵ هێزی کونەپەرست و بەرەو نەمانی مێژوو بێ ، بۆیە بە سەر بارەگای قەیسەرەکانی زەمانی خۆیدا دەرشێتەوە

من کوکویی دیوانەام صد شهر ویران کردەام برتاج قیصرقی کنم برقصر خاقان قو زنم

بڵاو بوونەوەی نفووزی حوڕووفیەو تەبلیغاتی ئیلحادی و خەباتی سیاسی ئەوان بێ شک دەگەڵ بەرژەوەندیی فێئودالەکان و کاربەدەستانی تەیمووری و عولەمای مەزهەبیی سەربەوان لەدژایەتی دابوو لەبەر ئەوە لە دژی حوڕووفیەیەکیان گرت و خەباتێکی توندو تیژیان بۆ سەرکوتکردنی ڕێبەرانی حوڕووفیە دەست پێکرد. لەو کاتەدا نەعیمی لەشیروان دەژیا . تە یموور کوڕی سێهەمی خوی میرانشا کە حاکمی ئازەربایجان بوو کردە مەعمووری گرتن و کوشتنی نەعیمی و پەیڕەوانی . میرانشا حاکمێکی عەیاش و فاسید بوو و بەهۆی زەربەیەکی لەشەڕدا وەسەری کەوتبوو تێک چووبوو و ئەقڵی زۆر لە سەر یەک نەبوو و جینایەتو کاری ناپەسندی زۆر دەکرد. ناوبراو ساڵی 801ی کۆچی شوڕشی خەڵکی خوراسانی وە حشیانەسەرکوت کرد. بەتایبەت لەشاری تووس هەزاران کەسی قەتڵ و عام کرد و لەسەری ئەوان منارەی دروست کرد.

میرانشا، نەعیمی و هێندێکی دیکە لە ڕێبەران و بیرمەندانی حورووفی گرت و لە قەڵای ئالنجا زیندانی کردن و دوای ماوەیەک بە فتوای عولەمای مەزهەب، پەتی لە لاقی نەعیمی خست و بە کووچە و بازاڕدا گێڕایان و بە شێوەیەکی زۆر فەجیع کوشتیان.

نەعیمی بیرمەندێکی ئاگا و دورئەندێش بوو و بە دروستی دەیزانی لە کومەڵێکدا کە پاسدارانی تاریک ئەندێش و واعیزە کانی خورافەپەرست حاکمن، بیری پێشکەوتوو و فکری ئینسان خودایی ئەو شەهیدبوون و مەرگی بە دواوەیە

گرزانکەبەحق زدیم اناالحق دادیم بەخون خود گواهی

میراتی فکریی نەعیمی بە هەموو ئەو کەسانە بڕاوە کە لە ڕێگای ڕزگاری ئینسان لە کۆت و بەندی تاریک فکری و خورافاتدا تێدەکۆشن و بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشکەوتووی مێژوو خەبات دەکەن.

* * *

نەعیمی لە کاتی زیندانی بوونی دا وەسیەت نامەی خۆی دەنووسێ و بە نهێنی بۆ باکۆی بەرێ دەکا. لەوێدا داوادەکا پەیرەوانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی هەرچی زووتر باکۆ بەجێ بێڵن، ئەوانێش دەگەڵ زۆری دیکە لە رووناک بیرانی نێو رێکخراوەکەیان وەکوو رەفیعی و تە مەننایی و نەسیمی لە شیروان و باکۆ وەدەر دەکەون و بەرەو ئاسیای بچووک دەرۆن، لەو کاتەوە تا زەمانی شایەتی شاهروخ کوڕی تەیموور، رێبەرایەتی حورووفییە لە ئێراق، سەرقاڵی خۆڕێکستنەوە و تێکۆشانی نهێنی بوون.

نەسیمی و باقی بیرمەندانی حوروفییە دوای دەرکەوتن لە باکۆ ماوەیەک لە ئاناتۆلی مانەوە و خەریکی بڵاو کردنەوەی عەقیدەکانی حوروفییە بوون. ئەوان بەدوای وەدەست خستنی پێگەیەکی قایم تر لە شارە سەنعەتیەکاندا ئاقیبەت لە شاری حەلەب گیرسانەوە. ئەو شارە لەو سەردەمەدا بە یەکێک لە شارە گرینگەکانی پیشەسازی ڕۆژهەڵات و ئوروپا و جێگای تێکهەڵگلانی کاروانی توجارەتی هیندوستان و شیروان بوو. توجارەتی ئاوریشم و گەشەداربوونی سەنعەتی چەرم و پارچە و لە ئاکامدا بوونی کۆڕی ئەسنافی جۆراوجۆر و پیشەی جیاواز لە حەلەب دا ئەو شارەی کردبووە یەکێک لە بنکەکانی عومدەی سەنعەت و بازرگانی.

نەسیمی شاعیری ئازادیخواز و یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی حووورفیە لە شاری حەلەب دەستی بە بڵاوکردنەوەی عەقیدەی حورووفیە کرد. بوونی ژمارەیەکی بەرچاو تورکی دووروڵات لەو شارە و هەروەها بوونی جەماوەرێکی بەرچاو لە سەنعەتکارانی شیروان لەو شارەدا بووە هۆی ئەوەی زۆر زوو ژمارەیەکی زۆر بەرەوە پەیرەوی کردن لە نەسیمی و جوڵانەوەی حورووفیە بکێشرێن. بنەماکانی فکری و فەلسەفی حورووفیە زیاتر لە هەموو جێگایەک لە بەرهەم و شیعرەکانی نەسیمی دا دەبیندرێن. ناوبراو لە دسپێکی تێکۆشانی ئەدەبی خۆیدا مەیلی بەرەو عورفانی مەزهەبی بوو و سەیر نیە لە بەرهەمەکانیدا دەگەڵ ئەو فکر و عەقیدانە رووبەڕوو بین، بەڵام دوای ماوەیەک لێکۆڵینەوە و ئاشنا بوون دەگەڵ فەلسەفەی جۆربەجۆر گەیشتە بۆچوونێکی نوێ یانی ئێنسان خودایی هەلاج. فکرو شێعری نەسیمی بە جوانی دەری دەخەن کە ئەو لایەنگری فەلسەفەی پێشکەوتوو و ئینسان خودایی هەلاج بوە و بە شانازی ئەو هەستەی بۆ هەلاج بووی، ناس ناوی (حوسێنی) بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. نەسیمی ئینسان بە بوونەوەرێکی ئەزەلی و ئەبەدی و خوڵقێنەری جیهان دەزانێ و پێدادەگرێ کە فکرو بیری ئینسان دەبێ لە دەست مۆتەی تاریک ئەندێشی و خورافات پەرستی ڕزگار بێت. بە عەقیدەی ئەو ئینسان دەبێ لە قودرەتی بێ وێنەی خۆی ئاگادار بێ و بە بێ چاوەڕێ کردنی هێزی مەوهوومی عاسمانی، بۆ خۆی خەریکی داڕشتنی ژیان و بەختەوەری خۆی بێ. ئەو دەڵێ: ئەی ئینسان هێزی تۆ لەدانا یی تۆدا شاردراوەتەوە.

نەسیمی فە رمان دانی قاعیدەکانی مەزهەب لە ژیانی ئینساندا بەرپەرچ دەداتەوە و لە ڕێ و ڕەسمی سوفیانە و زاهیدی بە درۆ ئیراد دەگرێ و عەقیدەی خۆی بە توانایی ئینسان لە سەرکەوتن بەسەر پێشامەدەکانی فەردی و کەمەڵایەتیدا دەردەبڕێ.

نەسیمی رسکانی جیهان لە ڕوانگەی عیلمی و عەقڵانیەوە دێنێتە گۆڕێ. بۆ ئەو تەنیا شتێکی واقعییەتی هەیە (مادەیە) کە وابوو ئەوەی ئیمە رووح یان تەزاهوراتی رووحی پێ دەڵێین شتێک نیە غەیری شکڵی گوناکون لە تێکۆشانی مادە. نەسیمی پێی وایە مادە هەرگیز مەحو نابێتەوە و حەیاتی ئەبەدی وجوودی هەیە. لێرەدا بنەماکانی دیالکتیکیی فیکری ئەو بە جوانی ئاشکرا دەبێ. جیهانی هەستی لەکوللیەتی خویدا شتێکی بێ پایانە، مەرکەزی لە هیچ کوێ نیە و لە هەموو جێگایەک هەیە.

زحرف کاف و نون کن نە امروز آمدی بیرون نداری اول و آخر برو فارغ ز فردا شو

بەو جۆرە نەسیمی ئینسان لە خۆرپەی ڕۆژی مەحشەر ڕزگار دەکا و قەڵەم بە سەر باوەڕی مەزهەبی و ئەفسانەدا دێنێ و وەکوو باقی بیرمەندانی حورووفیە، سروشت و عالەم بەقەدیم دەزانێ کە لە ئەزەلەوە هەمیشە لە بزووتن دابوون و ئاڵووگۆڕێکی لەسروشت و عالەم دا دەبیندرێ بەرهەمی ئەو جووڵانەوەیە. ئیمان بەو حەقیقەتە، هەوەڵین خۆ نیشاندانەکانی فەلسەفەی عیلمی سەبارەت بە تەکامولی جیهان و سروشتی تێدایە. بە گوێرەی ئەو فەلسەفەیە، ئاڵووگۆڕەکانی پێکهاتوو لە سروشتدا، پێوەندی بە خودی سروشت (مادە)وە هەیە و نیشاندەدا کە سروشت خۆی عیللەتی هەموو ئاڵووگۆڕەکانە. کە وابوو وەختێک سروشت (مادە) خۆی عیللەتی هەموو ئاڵوگۆڕێک بێ، چ جێگایەک بۆ خودای خوڵقێنەر و هۆی هەوەڵین دەمێنێتەوە؟

نەسیمی بناغەی بۆچوونی عورفانی و مەزهەبی، کە قایل بە دابەش بوونی جیهان و ئینسان بە دوو جەوهەری سەربەخۆ لە یەک واتە جەوهەری جیسم و رووحە رەد دەکاتەوە.

طریق رسم دوبینی رهاکن ای احوال کە یک حقیقت و ماهیت است روح و بدن

نەسیمی، مەلا و سوفی و زاهید و ئاخوند وەکوو نوێنەری هێزی کۆنەپەرست لە نێو کومەڵ دا دەبینێ و ئیرادیان لێ دە گرێ و بە چاوبەست و گوێرایەڵی شەیتان و ڕێگریان دەزانێ.
ای شغل تو در خرقه همه شعبدەبازی                زین تخم که کشتی چه کرامات بر آمد
یا
ای زاهدبی یقین وابله بنگر                کاین سان شده تابع و مطیع شیطان
یا
ای خرقه پوش، زاهد، سالوس، راهزن
لە تەنیشت داپڵۆسین و تاڵان و زوڵمێکی حوکمڕانەکانی تەیمووری لە ئێراندا دەیانکرد، عولەمای مەزهەب و ڕێبەرانی مەتەسەوفە لە باتی بەربەرەکانی دەگەڵ زوڵم و بێدادی بێگانە، سیاسەتی ئاشتی و سازانیان گرتبوە بەر و کێشە یان تەنیا بۆ خاتیمەدان بە نفوز و سەرکوتی فرقەکانی رەقیب دەکرد و دەستیان دەبەرۆکی یەک تر نابوو بۆ بەدەست هێنانی نفووزی زیاتر لە دەرباری تەیموورردا، وەباڵیان بۆ حکوومەتی تاڵان چیانەی ئەوان ڕادەکێشا و ئەو ڕەقابەتە مەزهەبیە هە موو کێشە توندە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خستبوە دواوە و کۆمەڵی تووشی ماندوویی و غافڵ بوون کردبوو و ببوە ئەوە ێ هەلوومەرجێکی وا پێک بێ کاربەدەستانی حکوومەتی تەیمووری باشتر بتوانن قودرەتی سیاسی و پێگەی نیزامی خۆیان قایم بکەن.
طرارردگرهمەرا هست روا چون        یک مرد از این قافله بیدار نباشد
بەرامبەر بەو قەیرانی سیاسی و کێشەی مەزهەبیەکە نەسیمی دروشمی (وەحدەت) و یەک گرتوویی هێز دێنێتە گۆڕێ و پاڵەوانەکانی تاریک فکریی مەزهەبی کە ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەکانی نێوان خۆیان قووڵتر دەکەنەوە و هێزەکانی نەتەوایەتی و پێشکەوتوو هەل بڕ هەل بڕ دەکەن، بە مندال و نابالغ نێویان دەبا.
آنکس که بین کعبه و بتخانه فرق دید        نابالغ است و کودک، باشد اگر چه پیر
نەسیمی بیرمەندێکی لێوەشاوە بوو و بۆ گەیشتن بە ئارەزوەکانی ئینسانی و شۆڕشگێرانەی خۆی، ڕێگای سەخت و ڕە نجی خەباتی بە جوانی دەزانی. بەو حاڵەش پێی دادەگرت و دەیکوت:
مشتاق گل از سرزنش خار نترسد        جویای رخ یار ز اغیار نترسد
عیار دلاور که کند ترک سرخویش        از خنجر خونریز و سردار نترسد
ئاشکرایە رووتێکردنی عیلمی و عەقلانی حورووفیە لە سروشت و ئینسان و شێوەی شۆڕشگێرانەی ئەوان لە خەباتدا لە دژی فیئودالیزم و کۆنەپەرستی مەزهەبیی حاکم بەسەر کۆمەڵدا. قازانجی ئابووری خانەکانی تەیمووری و سەروەری رووحانیەکانی بەستراوە بەوانیەوە، دەگەڵ مەترسی جیدی ڕووبەڕوو دەکرد. بۆیە گرتن و سەرکوتکردنی پەیرەوانی حورووفیە دیسانیش بوو بە باوی ڕۆژی چینەکانی بە دەسەڵاتی ئەو سەردەم. عیمادەدین نەسیمی و هیندێکی دیکە لە خاوە ن بیرانی حورووفی دەگیرێن و لە دادگای دەستکردی عولەماو فوقەهای شاری (حەلەب)دا بە ئیلحاد و ئیرتیداد مەحکووم دەکرێن و فتوای چەرم کردنی نەسیمی دەدەن. ئەو حوکمە بۆ ئیمزاکردن دەنێردرێتە میسر بۆ لای خەلیفەی وەخت و نە سیمی لەو ماوەیەدا لە زیندان ڕادەگیرێ. لەو شێعرانەی نەسیمی لە زینداندا هۆنیویەتیەوە، دەنگی دلێر و بانگی پڕ لر غورووری ئینسانی شۆڕشگێر و بە فیکر دەبیسترێ، ئەو وەکوو هەلاج بە جوانی لە چارەنووسی خوێناوی خۆی ئاگادارە، بەڵام لە مەرگ ناترسێ.
هرچه آید ز تو جانا به جگر باکم نیست
بهر یک نوش ز صد نیش و ضرر باکم نیست
پوست کنندند بەافسانه زاهداز من
ناحق وداند این، اهل بصر، باکم نیست
خەلیفەی میسر دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی محاکمەی نەسیمی دەستووریدا پێستی لە لەشی بکەنەوە و حەوت شەو و ڕۆژ لە پێش چاوی خەڵک دای بنێن. دەست ولاقێکی بۆ براکەی نەسیرەدین و دەست ولاقێکی بۆ (عوسمان قارایەکی) بنێرن چونکە نەسیمی ئەوانیشی گومڕا کردوە. ئەو فەرمانە نیشاندەدا کوشتنی نەسیمی تەنیا لە بەر بیری پێشکەوتوو و ئیلحادی ئەو نەبوە بەڵکو کوژرانەکەی دەلیلی سیاسیشی هەبوە و سولتانی میسر دەگەڵ دەستووری قەتڵی نەسیمی و ناردنی دەست و پێ یەکانی بۆ دوژمنانی سیاسی خۆی، ویستویە حاڵییان بکا کە ڕێک کەوتنیان بۆ سەرنخون کردنی دەسە ڵاتی خەلیفە سەری نەگرتوە.

نەسیمی وەکوو هەلاج لە کاتی مەرگیشدا دەست لە ئارەزوو و عەقیدەی شۆڕشگێرانەی خۆی هەڵناگرێ و هەر (انالحق) دەڵێ. زاهیدی تاریک فکر کە ئەو هەموو قایم بوونە دەبینن تووشی سەرسووڕمان دێن و بە تەشەرەوە لێی دەپرسن، تۆ کە خۆت هەقی بۆچی وەختێک خوێنت دەڕێژرێ ڕەنگت زەردە دەبێ. ئەویش هەر وەکوو هەلاج بە غیرەتەوە جواب دە داتەوە.
ئەمن تاوی عاسمانی عیشق و خوشەویستیم کە لە بەرەبەیانی ئە بەدبیەتدا دەدرەوشێتەوە، ڕۆژ کاتێک ئاوا دەبێ، دەبینین زەرد هەڵدەگەڕێ.

* * *

بە دوای مەرگی تەیموردا (808) ی کۆچی، ئیمپراتووریی بەربڵاوی تەیمووری کە لە نەتەوەو وڵاتی جۆراوجۆر پێک هاتبوو تووشی هەڵوەشان هات. شەڕە ناوخۆیی یە کانی جێ نیشینەکانی تەیموور، قودرەت و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوە ندی تووشی کزی و زەبوونیکرد. دەگەڵ سەڵتەنەتی شاهروخ بێ ڕێ و جێ یی و بەرهەڵستکاری ناوخۆیی حکوومەت ئاشکراتر بوو. ئەمیران و شازادەکان لێک ڕاست بوونەوە و هەرکامیان هە رچی توانیان لە گەنج و لە لەشکەر هەڵیان گرت و هە ریەکەی رووی لە وڵاتێک کرد و دەستی بەسەر داگرت و زوڵم و زۆر و قەتڵ و عام کرا بە پیشە. تەماعیان لە ماڵی تاجر و رەعیەت و جووتیاران کرد. وڵات رووی لە وێرانی نا وخەڵک بڵاوەیان کرد. لە هەموو ئێراندا قاتی و قڕی و وەبا سەری هەڵدا. چەوسانەوەی بێ رەحمانەی فێئوداڵی و زوڵم و ستەمی خانەکانی تەیمووری لەو زەمانەدا بوو بەهۆی شۆڕشی چەندین جارەی لادێیەکان. لە ساڵی 808 ی کۆچی دا شۆڕشی سەربەدارانی خوراسان لەلایەن شاهروخە وە سەرکوت کرا. ئەماساڵێک دواترشوڕشێکی دیکەی لەو چەشنەلەمازەندەران سەری هەڵدا. لەتەنیشت ئەو شوڕشانەدا جوڵانەوەی حورووفیە جارێکی دیکە خۆی ڕێکخستەوە و لە دژی فێئودالیسمی حاکم و ورووکێشی عەقیدەتیەکەی واتە ئیسلام خەباتی دەکرد.
شەمسەدین محەمەد بن سەخاوی دەنووسێ: فرقەی حورووفیە پەیرەوی یەک جار زۆری هەبوو کە لە ژمارە نەدەهاتن و چونکە تێکۆشانی پڕ لە فەسادی ئەوان لە هەرات و دەورووبەری پەرەی گرت، شاهروخ دەستووریدا سەرکوت و نابوودیان کەن. بە دوای ئەو فەرمانەدا ڕێکخراوی نهێنی حورووفی لە ئێراندا بڕیایدا سولتان شاهروخ بکووژێ و لەو ڕێگایەوە قودرەتی سیاسی خۆی ئاشکرا بکات. بۆیە ساڵی 830 ی کۆچی یەک لە فیداییەکانی حورووفیە بە بیانووی پێشکەش کردنی عەریزەیەک بە سولتان شاهروخ لە مزگەوتی جامیعی هەراتدا، خۆی لە شاهروخ نزیک کردەوە و وەبە ر خنجەریدا. شاهروخ بریندار بوو و فیدایی حورووفیە بە هۆی گاردی شاهروخەوە کوژرا و ئەوە بوە هۆی ئەوەی کاری لێکۆڵینەوە بۆ دیتنەوەی سە رچاوەی ئەو دەست درێژیە و پەیدا کردنی ڕێبەرانی کارەکە تووشی بن بەست بێ. لە کاتی پشکنینی بەدەنی فیداییەکەدا کلیلێکیان لە گیرفانی دادەیتەوە و بە هۆی ئەوەوە ئەو ماڵ و سەرایەی فیداییەکە بە کرێی گرتبوو دیتراوە و بەو شێوەیە فیداییەکەیان ناسی کە نێوی ئەحمەد لور و یەکێک لە حورووفییە و لە لایەنگران و پەیرە وانی فەزلوللا نەعیمی بوو. دوای لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوەی زۆر دەرکەوت ڕێکخراوێکی نهێنی و ڕێک و پێک لە حورووفیە هەیە کە بەشی زۆری رووناک بیران و خاوەن پیشەکان لەوێدا ئەندامن.
دەستدرێژی بۆسەر گیانی سوڵتان شاهروخ بوە هۆی ئەوە حکوومەتی تەیمووری بۆ سەرکوت کردنی نێهزەتی حورووفییە و باقی نێهزەتە پێشکەوتووەکانی دیک ەسیاسەتێکی سەخت بگرێتە بەر. شومارەیەک لەحوڕووفیەو یەک لە وان خواجە عەزودەدین کچەزای فەزەلوللای نەعیمی دەستگیر و زیندانی کرا. گیراوەکان سەرەڕای جەزرەبە و ئازاری زۆر ڕێکخراو و ڕێبەرەکانی خۆیان ئاشکرا نەکرد و ئەوە بڵیسەی ئاوری تووڕەیی شاهروخی توندترکرد.
محە مەد تووسی مێژوو نووسی فیئودال دەنووسێ: جەللادەکان لە مەیدانی دارەلخلافە و لە گۆڕە پانی داروسەلتەنەدا رووحی ناپاکی ئەو فاسیقە زیندیقانە واتە حورووفییە و سێبەری ئەو کافرە فاجرانەیان بە شمشیر لە ناو برد و لەشی پڕ لە سە رپێچی ئەو یاغیە سە رکێشانەیان ئاورتێ بەردا و سەری ئەو مەلعوونانەیان لە چوارکۆشەی دەوری مەیدانەکە هەڵاوە سی.
مەولانا خوشنویس و قاسم ئەنواریان بە تاوانی پێوەندی گرتن دەگەڵ حورووفییە گرت و بە زیندانی کردن لە بورجی قە ڵای ئیختیارە دین دا حکووم کران. بەشی زۆری حورووفییەیان کوشت و جەنازەکانیان ئاور تێ بەردان.

* * *

گرتن و کوشتنی پەیرەوانی حورووفییە نەبوە هۆی کووژانەوەی ئەو جووڵانەوەیە. بەڵکوو زۆر لە ڕێکخستنی نهێنی حورووفییە کە لەو کوشتارەدا وەبەر نەهاتن هەروا درێژەیان بە خەباتدا. کچی فە زلوللا ئەستەرا بادی و یوسف نامی لە

زەمانی جهانشاخاندا، دووبارە ئاڵای حورووفییەیان لە تەوریز هەڵکردەوە ئە ما ئەو جاریش کۆمەڵێکی نزیک بە پێنسەد کەسیان لێ کوژرا و سووتێندران.

ظالم اند کشتزار خویش خواهد کاشت ظلم — ظلم و شر در مزرەعەالبتەعصیان پرورد

جوولانەوەی حورووفییە دواتر دەگەڵ نیهزەتی شێخ بە درەدین سیماوی و لەزەمانی سەفەوییەدا لە شکڵێکی نوێدا بە نێوی پسیخانیان یان نوقتەویانسەری هەڵداوە و لە دژی فیئوداڵیسم و سەرخانی عەقیدەتیەکەی (ئیسلام) خەباتی دەست پێ کردە وە.

## نێهزەتی پسیخانیان

داوای یاریدە لە خۆت بکە، چونکە غەیری تۆ هێزێک و خودایەک نیە
مەحموود پسیخانی

لە بارەی پسیخانیانەوە شتێکی ئەوتۆ نازانین و ئەوەش بە سیاسەتی کتێب سووتاندن و قەتڵ و عامی ڕێبەران و پەیرەوانی ئەو نیهزەتە، ئاسایی دێتە بەرچاو. لێکۆڵەوەرانی ئورووپایی وەکوو ئێدوارد بڕاون و ریتر لە لێکۆڵینەوەی خۆیاندا لە باسی دەورانی تەیمووری و سەفەویدا زۆر بە کورتی و بێ مەیلی یەوە باسی پسیخانیانیان کردوە. کوششەکانی دوکتور سادق کیا هەرچەند دەتوانێ سەرچاوەیەکی بە نرخ بێ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پسیخانیان، ئە ما لە هەر چەشنە لێکدانەوەیە کی مێژوویی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە رسکان و سەرکوتکردنی ئەو نهیزەتە بە تەواوی بێ بەهرەیە. لە بەرهەمی مێژوو نووسانی فیئودالی سەردەمی تەیمووریدا هیچ مەیلێک بۆ روونکردنەوەی ژیان و عەقیدەکانی مەحموود پسیخانی دامەزرێنەری پسیخانیان بەرچاو ناکەوێ و ئەوەش بێ شک لە بەر ئەو بوغز و غەرەزەیە کە لەو سەردەمەدا لە لایەن پاسدارەکانی دین و دەوڵەتەوە سەبارەت بەو بیرمەندە نیشاندەدرا.

لەو سەرچاوە و زانیاریانەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە دەردەکەوێ، مەحموود پسیخانی خەڵکی پسیخان یەکێک لە دێیە کانی بەشی ناوەندیی ڕەشتە. ئاوایی پسیخان لە مێژووی شۆڕشەکانی لادێیەکانی گیلان دا لە سە دەی نۆ هەم تا یازدەهەمی کۆچی بە هۆی هەڵکەوتی تایبەتی خۆی هەمیشە مەیدانی شەڕ و تێک هەڵچوونی حکوومەتی فیئودالی ناوەندی دەگەڵ حاکمەکانی بیە پیش واتە لاهیجان و لەنگروود و بیەپەس واتە گیلانی غەرب و رەشت وفوومەن بوو. بۆیە مەحموود پسیخانی لە هەوەڵی منداڵیەوە دەگەڵ چەوسانەوە و زوڵمی فیئوداڵەکان ئاشنا بوو.

مەحموود پسیخانی لە سەرتاوە لە هاوفکران و یارانی (نەعیمی) ڕێبەری حوروفیە بوو. ئە ما دوای ماوەیەک لەو دوور کەوتەوە و بۆ خۆی فرقە و ڕێکخراوێکی دیکەی ڕێکخست. مێژوو نووسەکان دەڵێن هۆی ئەو جیا بوونەوەیە خۆپەسندی مەحموود پسیخانی بوە و هەر بەو هۆیەوە جاروبارە نێوی مەحمود مەترووديشیان لێناوە. ئە ما بە باوەڕی من هۆی جیایی و لێکدابڕانی مەحموود پسیخانی لە حورووفیە، فەرق و جیاوازی لە بوچوونەکانی ئەواندا بوە. بۆ وێنە تەقیەدین ئەو حە دی لە هەڵسەنگاندنی فکری نەعیمی، ڕێبەری حورووفیە و عەقیدەکانی مەحموودی پسیخانی دادە نووسێ: قسەی پڕ بایە خ و پڕ قیمەتی نەعیمی پێوەندیەکی بەپڕووپووچ کوتنی مەحموود پسیخانیەوە نیە.

* * *

لادێ ییەکان لە دەورانی تەیمووردا یە کێک لە رەش ترین و ناخۆش ترین دەورانەکانی ژیانی خۆیان تێ پەردەکرد. تە یموور لە ڕێگای دابەشینی زەوی بەسەر سەرکردەکانی سوپای خۆی و فێئودالەکانی خۆ جێ یی ئێرانی کە پشتیوانیان لێدە کرد، هەوڵیدا قودرەت و حوکومەتێکی ناوەندیی بە هێز پێک بێنێ. ئەو شێوە دابەشینی زەویە کە پێیی دەکوترا (سیورغال) چەوسانەوەی بێ رەحمانەی فیئودالی و بەسترانەوەی هەرچی زیاتری لادێ ییەکانی دەگەڵ بوو. شێوەی سیورغال ئیختیاراتی بێ سنووری دەدا بە خاوەن زەوی. بە گوێرەی ئەو شێوەیە فێئوداڵەکان و حاکمانی خۆجێ یی تەنیا وەزیفەیان بوو کە سەرباز و هێزی سوپایی بۆ حکوومەتی ناوەندی جێ بە جێ بکەن ولە بەرابەرئەو خزمەتەدا لە ویلایات و دێهاتە کاندا چ لە باری دادەپەروەری و چ لە باری زەوی و بەرهەمی ئابووریەوە خاوەن ئیختیارات و حاکمی موتڵەق بوون. شێوەی سیورغال دەبوە هۆی ئەوە فێئوداڵەکان و حاکمەکانی خۆجێ یی بۆ وەدەست خستنی قازانجی زیاتر لادێ ییەکان بخەنە ژێر توندترین فشار و بەرهەم کێشیان لێ بکەن.

لە و سەنەد و فەرمانانەی لە زەمانی تەیموورەوە ماونەتەوە ئیشارە بە شازدە تا سی فەقەرە ماڵیات و عەواریزی تازەکراوە کە جیا لە بەهرەی مالیکانەی فێئودالی خرابوە ئەستۆی لادێ ییەکان. حەقی وسووڵی ئەو ماڵیاتە تازانە بە هۆی هێندێک فە رمانەوە لە حکوومەتی ناوەندی وەرگیرابوو و خرابوە دەستی حاکم و فێئوداڵەکانی خۆجێ یی یەوە. بەرهەم کێشی بێ رە حمانەی فیئوداڵی و ئەسیر بوون و پەرێشان بوونی لادێیەکان بووە هۆی شۆڕش و راپەڕینی چەندین جارەی ئەوان. شۆڕشی شێخ داوودی سەبزواری لەخوراسان بۆ زیندووکردنەوەی حکوومەتی سەربەداران ، شوڕشی گودەرز لە سیرجان شۆڕشی خوێناوی لادێ ییەکانی گورگان و شۆڕشی بالول لە نهاوەند و باقی شۆڕشەکانی لادێ ییەکان لە سەرە تای حکوومەتی ئەیموورردا نیشاندەری ئەو پەڕی چەوسانەوە و بەرهەم کێشی بێ رەحمانە و نیشاندە ری دوایین دەورە کانی فیئودالیسمە. شەرەفەدین عەلی یەزدی لە بارەی ئەو شۆرشانەدا دەنووسێ: لە شۆڕشی سەبزوار دوو هەزار نەفە ریان بە دیل گرت و بە زیندوویی لە نێو دیواری بورجیان نان و زیندە بەگۆڕیان کردن و لە سەری ئەسیرەکان کەڵە منارە

یان درووستکرد. لە شۆڕشی سیرجان و نهاوەندیش زۆربەی لادێ ییە شۆڕشگێرەکانیان سەربڕی و بالوول ڕێبەری شۆڕشیانی نهاوەندیان بە زیندوویی لە ئاور هاویشت.
لەو هەلوومەرجەدا مەحموود پسیخانی ساڵی 800 ی کۆچی لە حورووفیە جیا بۆتەوە و ڕێکخراوی سیاسی، کولتووری پسیخانیانی ڕێکخستوە. ئەو پێی وابوو خاک ئەسڵ و نوقتەی هەموو شتێکە. بۆیە پەیرەوەکانی بەنوقتەوی ناسراون.
مێژوو نووسان مەحموود پسیخانی بە خاوەنی 17 کتێب و زیاتر لە 1000 رەساڵە دەزانن. بەو حاڵەش هیچکام لەو بەرهە مانەی لەبەردە ستدا نین و وێدەچێ لەگەڵ ئەویش هەروەک هەلاج سیاسەتی پاک کردنەوە و کتێب سووتاندن بەرێوە براوە . لەو ئاگاداریە کەمانەی بە دەستەوەیە دەر دەکەوێ مەحموود پسیخانی بیرمەند و خاوەن فکر بوە و بۆ درووستکردنی ئایینێکی پێشکەوتوو لە سەر ئەساسی ئینسان خودایی هەلاج هەوڵی داوە.
ئیبراهیم بن قازی نوور محەمەد دەنووسێ: مەحموود پسیخانی لە رەساڵەی میزاندا عالەم بە قەدیم دەزانێ هەروەها دەڵێ دینی محەمەد نە ماوە و ئێستا دین دینی مەحموودە.
رسید نوبت رندان عاقبت، محمود
گذشت آنکه عرب طعنه برعجم می زد
لێکۆڵەوەران دەڵێن پەیرەوانی مەحموود پسیخانی لە شوێنی جۆراجۆر لە ئێراندا بڵاو بوونەوە و لەڕوبعی مەسکووندا هە ن.
لە مەرکەزی ئایینی پسیخانیدا ئینسان قەراری گرتوە نەک هێزی مەوهووم و مەلەکووتی. ئەو ئایینە لە ئینسان داوا ناکا چۆک دابدا، دووعا بکا و ئیتاعەت و پارێز بکاتە پیشەی خۆی. بەڵکوو مەکتەبی پسیخانی داوای عێزەت و سەربەخۆیی ئینسان دەکا. ئایینی پسیخانی لە بەرابەر تەعلیماتی مەزهەبیی حاکم بە سەر کۆمەڵدا ڕاست دەبێتەوە و عەقیدەی فەقیهەکان رەد دەکاتەوە کە دەڵێن چارەنووسی ئینسان لە لایەن هێزێکی دەرەکیەوە (خودا) ڕێبە ری دەکرێ، مەحموود پسیخانی ئیمانی بە ئینسان و هێزی نهێنی ئینسان هەیە و بۆ بناغەدانانی سەعادەت و بەختەوەری بەشەر دە لێ بە جێگای داوای یاریدە لە خودا لە خۆت داوای یاریدە بکە چونکە غەیری خۆت خودایەک نیە ، بەو جۆرە بەعەقیدەی مەحموود پسیخانی خودا وێنەی قودرەت و هێزێکی سەرەوەتر لەئینسان نیە بەڵکوو خودا وێنەی هێزەکانی خودی ئینسانە کە بەشەر هەول دە دا لە ژیانی خۆیدا بە دەستیان بێنێ.
مەحموود دێهداری کە لە دوژمنانی سەرسەختی پسیخانیانە دەنووسێ: تایفەی دووهەم کە مونکیرانی وجوودی واجب (خودا) ن مەلاحەدەی تەناسوخییەن کە نێوی خۆیان ناوە نوقتەویە و خۆیان بە خودا دەزانن و دەڵێن ئینسان تا خۆی نە ناسیوە بەندەیە و کە خۆی ناسی خودایە.
بیری مادی و پێشکەوتووی فەلسەفەی پسیخانی لەوەڕا دەردەکەوێ کە ئەویش وەکوو هەلاج، زاتی بوون و جەوهەری سروشت لە چوار شتی مادی ئاو، ئاور، خاک و با دادەبینێ و ئەو چوارشتە بە زاتی مورەبەع نێو دەبا. شتی گرینگی فکری مەحموودی پسیخانی نەزەرییەی شناختی ئەوە. شناخت لە باوەڕی ئەودا لە پێش هەموو شتێکدا لەسەر ئەساسی حیسی یە. ئاخرین سەرچاوەی ناسین بە باوەڕی پسیخانی نەک زەین بەڵکوو واقعییەتی عەینی و مەحسووسە.
دێهداری دەڵێ: یە کێک لە ئوسوولی پسیخانیان ئەوەیە کە دەڵێن هیچ شتێک وجوودی نیە مەگەر ئەوەی مەحسووس بێ ئە وان مونکری وەحدەتن و تەسەور بە درۆ دەزانن. مادەگەرایی مەحموود پسیخانی هەرچەند لە سەر ئەساسی دابەش نە کرانی شتی هەوەڵین (ئاو، ئاور، خاک و با) داندراوە بەو حاڵەش پڕ بوو لە رەدکردنەوەی عەقیدە و باوەڕی مەزهەبی و مێتافیزیکی. بێ شک ئەو سەرنج نەدانە بە دابەشبوونی شتەکان لەوەڕا هاتووە کە عولوومی سروشت لەو سەردەمەدا پێشرەفتێکی وای نەبوو. هەروەها ئەوان ئەخلاق و عەقیدەی ئیلاهیونیان کە قایل بە دوو جەوهەری سەربەخۆ لە یەک واتە جەوهەری جیسم و جەوهەری رووح بوون بە تەواوی رەد دەکردەوە و تەنیا عەقیدەیان بە وجودی سروشت و ئینسان (زاتی مورەکەب) هەبوو.
مەحموود پسیخانی بە فیکرێکی پێشکەوتوو و بە پشت بەستن بە ئینسان خودایی هەلاج عەقیدەی وابوو کە هەرچی هەیەلە و دنیایە دایە و ئینسان دەبێ سەزا و پاداشی عەمەلی خۆی لەو دنیایەدا ببینێ. روونە کە مەحموود پسیخانی بە خەبات لە دژی خورافە پەرستی و مەزهەب و وەدرۆخستنەوەی ئەفسانەکانی ئەو دنیا، زەحمەتکێشان و لادێ ییەکانی بۆوەدەست خستنی مافی خۆیان و دروست کردنی بەهەشتی وەعدە دراو لە سەر ئەو دنیایە ئامادە دەکرد و هەر لە بەر ئەوە عولەمای مەزهەبی و پشتیوانانی حکوومەتیی ئەوان، هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی پسیخانیانەوە ئەوانیان وەکوو دوژمنی مە ترسیداری خۆیان چاو لێ دەکرد.

دەکتور سادق کیا دەنووسێ: موسوڵمانان پسیخانیانیان بە مەلاحەدە نێو بردوە چونکە خودا و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ و ئەو دنیایان ئینکار دەکرد و ئینسانیان دەپەرست.
خەباتی کومەڵایەتی خەڵک لە دژی فێئودالّەکانی تەیمووری و نفووزی عەقایدی ئینسان خودایی حورووفیە و پسیخانیان لە نێو کۆمەڵدا و هەروەها قەسدی کوشتنی شاهروخ لەلایەن ئەحمەدلوری حورووفیە وە، بەهانەیەکی باش بوو بۆ وەی پسیخانی و حورووفیە کومەڵ کوژ بکرێن. دوای ڕاونان و کوشتاری ڕێبەران و پەیرەوانی حورووفیە ژمارەیەکی زۆر لە پسیخانیان گیران و کوژران. لە چۆنیەتی مەرگی مەحموود پسیخانی ئاگاریەکی وامان نیە. هێندێک لە مێژوو نووسان دەڵێن مەحموود پسیخانی خۆی لە دێزەی پڕ لە تێژاو هاویشتوە و خۆی کوشتوە. ئە ما وێدەچێ خۆ کوشتنی پسیخانی ڕاست نەبێ و تەنیا بۆ بەد نێو کردنی ئەو باسێکی وایان هێنابێتە گۆڕێ بە تایبەت کە پەیرەوانی مەحموود پسیخانی قسەیە کی وا بەرپەرچ دەدەنەوە. ئەگەر لە مێژووی دەستدرێژی بۆ گیانی سوڵتان شاهروخ و ساڵی مەرگی مەحموود پسیخانی ورد بێنەوە وێدەچێ کە دوای دەستدرێژی بۆ گیانی شاهروخ و هەڵنان و نابوود کردنی ڕێبەران و پەیرەوانی حورووفیە، مەحموود پسیخانیان وەکوو ڕێبەری ئەو روداوانە گرتبێ و دوای ئازار و جەزرەبە و کوشتن لەشیان لە دیزەی تێژاو هاویشتبێ.
زۆربەی سە رکردە و پەیرەوانی پسیخانی دوای مەرگی مەحموود یان خۆیان شاردەوە یان بەرەو هیندوستان ڕۆیشتن و لە وێ خەریکی ڕێکخستنەوەی دووبارەی تەشکیلات و کادری ڕێبەرایەتی خۆیان بوون. لەو کاتە بە دواوە شوێنەوارێک لە پسیخانیان لە مێژووی ئێراندا نیە و تەنیا لە سەرەتای سەڵتەنەتی شا تەهماسبی سەفەویدا دایە کە جارێکی دیکە پسیخانیان لە مەیدانی خەباتی ئیلحادی و کۆمەڵایەتیدا خۆیان دە ردەخەن و تەبلیغات و تەعلیمات و خەباتی ئەوان تا کۆتایی سەڵتەنە تی شا عە باسی سەفەوی درێژەی هەیە.
*   *   *
پسیخانیەکان لە زە مانی حکوومەتی سەفەویدا زیاتر لە لادێ ییەکان و پێشەوەری بچووکی شاری بوون، چونکە دوای سە رکوتکردنی نیهزەتی حورووفیە و کوشتاری ڕێبەرەکانیان زۆربەی پیشەوەری شارەکان روویان لە نیهزەتی پسیخانیان کرد، هەروەها زۆر شاعیر و رووناکبیری ئەو سەردەمەش لە دەوری کۆبوونەوە. پیلانی داپۆشین و بەرد لە سەردانان کە لە بارەی فکرو عەقیدەی پسیخانی لە زەمانی تەیموورەوە دەستی پێ کردبوو لە زەمانی حکوومەتی سەفەویش دا هەروا درێژەی هەبوو و مێژوونووسانی ئەو سەردەمە سیمایەکی ڕۆشن لە عەقیدەی ڕێبەران و خاوەن بیرانی ئەو نیهزەتە نادەنە دەست، تەنانەت نووسەرانی هاوچەرخیش وەکوو ئەبولقاسم تاهری کە لێکۆڵینەوەکەیان نێوی لێکدانەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران لە مەرگی تەیموورەوە تا مەرگی شا عە باسی لێنراوە، هیچ ئاماژەیەک بەو نیهزەتە سیاسی، کۆمە ڵایەتیە گرینگە ناکەن، هەروا بزانە نیهزەتی پسیخانی لە زەمانی تەیموور و سەفەویدا هەر نەبوە یان نیهزەتێکی واهەر لە بناغەوە وجوودی نەبوە.
*   *   *
شەڕەکانی چەندین جارەی شا ئیسماعیل دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و داڕووخانی ئابووری، کە بەرهەمی شکست لەو شە ڕانەدا بوو و لە ئاکامدا داسەپاندنیماڵیاتی قورس بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی شارولادێ دا بوە هۆی ئەوە شا تەهماسب ببێتە خاوەنی حکوومەتێکی پەرێشان و میرات گری ئابووریەکی نەخۆش و داوەشاو. شاتەهمانسب لە تەمەنی دە ساڵی دا بوو بە شا. سەرانی قزڵباش و خان و ئەمیرەکانی رووملو و ئەستاجلوو و ئەوانی دیکەش بۆ وەدەست خستنی تیوولی زیاتر و پلەی بەرزتری دەسەڵات، دەگەڵ یەکتر ڕەقابەت و بەربەرەکانیان دەکرد. خەڵک ئەو شایەیان خۆش نەدەویست و هەر لە بەر ئەو ناخۆشەویستیە بوو کە دەڵێن یازدە ساڵ لە کۆشکی سەڵتەنەتی نەهاتە دەرێ و بۆ ماوەی بیست ساڵیش سواری ئەسپ نەبوو. شاتەهماسب بۆ نەجات لە داوەشان و قەیرانی ئابووری و بۆ دانی مواجب و هەقدەستی سەرکردە کانی سپا و سەربازەکانی، لە پێشدا بڕیاری دا داهاتی هێندێک لە ویلایەتەکان و دوایی خودی ئەو ویلایەتانە وەکوو تیول بدا بەسەردارانی لەشکر، بە چەشنێک لە زەمانی ئەودا بەشی زۆری وڵات بەبێ چاوەدێری ڕاستەوخۆی حکوومەتی ناوە ندی ئیدارە دەکرا. ئەو حکوومەتە ناوچەیی یانە وەکوو ئیقتاعاتی دیوانیی دورەی سەلجووقی بوون و حاکمی هەر ویلایە تێک لە وەرگرتنی ماڵیات و عەواریز و باقی شتە داسەپاوەکانی دیکەدا دەسەڵاتی بێ سنووری هەبوو.
(شاردێن) ئەو حاکمە ناوچەیی یانە بە شای بچووک نێودەبا کە بە مەیلی خۆیان دەگەڵ لادێ ییەکان ڕەفتاریان دەکرد زوڵم و زۆر و دەستدرێژی ئەو شاچکۆلانە لە گیلان گەیشتبووە ڕادەیەک کە بە قەولی عەبدەلفەتاح فومەنی لە ناوچەی بیەپەس کەس خاوەنی خان و مان و ژن و منداڵی خۆی نەبوو و منداڵی لادێ ییەکانیان وەکوو دیل خەرید و فروش دەکرد. لە دێهاتی گیلان نێوی شاتەهماسب وەکوو هیچ و پووچی و نەزانی بەحیساب دەهات. ئیستاش کاتێک گیلانیەکان دەڵێن فلان

کەس شاتەهماسبە، مەبەستیان ئەوەیە بێ عەقڵ و ناتەواوە و شتێکی وا حاڵی نابێ، بەرهەم کێشی بێ رەحمانەی فیئودالی و زوڵم و زۆری حاکمی ویلایەت و داسەپاندنی مالیاتی قورس بە سەر لادێ ییەکاندا بوە هۆی ژومارەیەکی زۆر لە شۆڕش و ڕاپەڕینی لادێ ییەکان. ساڵی 977 ی کۆچی لە گیلان شۆڕشی گەورەی لادێ ییەکان دەستی پێکرد ئە ما ئەو شۆڕشە بە هۆی سپای فیئودالەکانەوە بێ بەزەییانە سەرکوتکرا.
ساڵی 978 ی کۆچی، زەمانی شاتەهماسب ئەمیرەدوباج لە لەشت نیشا ڕاپەڕی و حاکمی ئەوێی کوشت، ژمارەیەکی زۆر لە لادێی و زەحمەتکێشانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و نەقارەی بە نێوی خۆی لێدا و لە هێندێک تێکهەڵچووندا لەشکرە کانی شاتەهماسبی شکاند و لاهیجان و دەورەبەری لەشت نیشای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەو ڕاپەڕینەش پاش دوو ساڵ بە هۆی سەرکردە و سوپای فیئودالەوە تێک شکێندرا. لەو کاتەدا شۆڕشێکی لادێیی دیکە لە گیلان بە ڕێبەرایەتی شێرزاد ماکلوانی دەستی پێکرد. کە لەودا زیاتر لە دە هەزار تفەنگچی و کەماندار بەشدار بوون شۆڕشگێرەکان لە دوای خۆکۆکردنەوەیەکی کورت لە پسیخان بۆ شەڕ دەگەڵ سوپای شا وەڕێکەوتن و لە چەند شەڕی قورسدا لە شکری شاتە هماسبیان تێک شکاند. شۆڕشی لادێ ییەکان لە زەمانی شاتەهماسبدا دەگەڵ ڕاپەڕینی پیشەوەران و زەحمەتکێشانی شار شان بە شان بوو. ساڵی 979 لە زەمانی شاتەهماسب دا شۆڕشی بەربڵاوی پشەوەرەکان لە تەورێز دەستی پێکرد. ڕیشەی ئەو ڕاپەڕینەش هەر لە پێوەندی زاڵمانەی فیئودالیەوە سەری هەڵدابوو کە سەرچاوەکانی هەوڵێنی سەنعەت و پیشەوەریان لە پاوانی خۆیاندا ڕاگرتبوو. حەسەن بیگ روملوو مێژوونووسی فیئودال کە نیهزەتە گەلیەکان بە ئەجامر و ئوباش و ئە جلاف نێودێر دەکا لە بارەی شۆڕشی پیشەوەرانی تەورێزەوە دەڵێ: سادات و قازیەکان و گەورە پیاوان و ئەشراف وەها لە ترسی شۆڕشیەکان زراویان چووبوو کە باسکردنی بە قسە و نووسین مومکین نیە. نووسەری ئاریخی ئەلفی لە باسی ڕووداوەکانی 982 ی کۆچیداباسی کوشتاری بەربڵاوی پسیخانیان لە ئاوابییەکانی ئەنجە وان و روستاقی کاشان دەکا.
مێژوونووسانی فیئودال باسی شۆڕشەکان و گیران و ئەشکەنجە و جەزرەبەدان و کوشتاری پسیخانیان لە زەمانی شاتە هماسب دا دەکەن.
مەحموود نەتەنزی دەنووسێ: لە زەمانی شاتەهماسب دا لە ناوچەکانی ساوە و قەزوین و دەوروبەری کاشان و ئیسفەان وکوەپایە و نایین هێندێک لە مولحیدان (پسیخانیان) ی بێ دین سەریان هەڵدا بوو و زۆر بە گەرمی خەریکی هەڵخەڵە تاندان و مولحید کردنی خەڵکی عەوام بوون و تەنانەت نفووزیان لە داکۆکیکەرانی شەرعی ئیسلامیش دا کردبوو و هێندێک لە سەرۆک و نێوبەدەروە کانی ئەو جەماعەتەشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو وەکوو محەمەد قازی بیدگولی و مولانا قاسم کوپالی و هی دیکەش کە دەستووری گیران و لێکۆڵینەوەیان لەسەر درا و زنجیر کران و دوای ماوەیەک شاتەهماسب چاوی هێندێکیانی دەرهێنا و بەشێکیشیان بە شکەنجە و جەزرەبەی سەخت نابوود کران. هەروەها لە زەمانی شاتەهماسب دا یەکێک لە ڕێبەرانی پسیخانی بە نێوی ئەبولقاسم ئەمریان گرت و شکەنجەیان کرد و کوێریان کرد.
پسیخانیان لە نێو دێهاتیەکاندا پێگەیەکی قایمیان هەبوو. لە شیعرەکانی میرزا عەلی هەمدەمی دا دەردەکەوێ خەڵکی دێهاتە کانی کاشان وەکوو ئاواییەکانی ئەران و فین هەموویان پسیخانی بوون تەنانەت ئاوایی فین نێوی قەرییە تەلمولحدینی لێ نراوبوو. دوای فەوتی شاتەهماسب لە ساڵی 944 ی کۆچی دا شەڕێکی خۆێناوی لە بەینی سپای محەمەدشا بابی شاعە باس و ژمارەیەکی زۆر لە پسیخانیان دا قەوما. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە پسیخانیان کوژران کە ئەفزەل دوتاری و میر بێ غەمی، لە ناسراوانی پسیخانی لە نێو کوژراوەکاندا بوون. زەمانی سەلتەنەتی شاعە باس، زەمانی گەشە کردنی فیئودالیسم و گوڵ کردنی توجارەت و بازرگانی و هاتنی بورژوازی دەرەکی بۆ ناوخۆی ئێرانە. لەو زەمانەشدا عولەمای مەزهەبی لە لایە کەوە جێ و ڕێی سولتانیان تارادەی خودابردە سەر و لە لایەکی دیکەوە بە پشتیوانی دەزگای پولیس خە ریکی ڕاونان و سەرکەوتکردنی خاوەن بیرو ئازادیخوازان بوون. سیاسەتی دەست بە سەردا گرتنی مال و زەوی لادێ ییەکان ، فەقیر ی و چەوسانەوەی یەک جارزۆری زەحمەتکێشان، داسەپاندنی ماڵیاتی قورس و ئیستبدادی بێ سنووری حاکمان، پال وەدانی عولەمای گەورە و رووحانی فیئودالْ وەدەرباری سەفەوی و ... هەمووی ئەوانە، گیانی رەنجبەر و زەحمەتکێشانی هێناوە سەر لێوان و زەمینەی شۆڕش و ڕاپەڕینی بەرنیان ئامادە کردبوو. لە هەل و مەرجێکی ئاوادا، ڕێکخراوە نهێنیەکانی پسیخانیان لە شار و لادێ دا هەڵدەسووڕان و ئەغلەب خانە قاکانیان کربووە سەنگەری تەبلیغات و هەڵسووڕانی خۆیان.
سولحی داسەپاوی ساڵی 999 دەگەڵ عوسمانی کە لەودا گورجستانی ڕۆژهەڵات و کوردستان و هەموو ئازەربایجان و بە شێک لە لورستان درا بە دەوڵەتی عوسمانی، بوە هۆی ئەوەی شاعە باس هێندێک لە مالیاتەکان تا پێنج بەرابەر زیاد بکا. ئەو سیاسەتە مالیاتیە تازەیە ئاوری تووڕەیی خەڵکی توند کرد.

سالّی 999 ی کۆچی، ئەبولقاسم نەمری یەکێک لە ڕێبەرانی پسیخانیان کە لە زەمانی شاتەهماسب دا لەسەر ئیلحاد چاویان دەرهێنابوو، بە یارەیدەی هێندێک لە مریدان و پەیرەوانی خۆی شۆڕشێکی گەورە و بەربڵاوی هەڵایساند. تە قیەدین ئە وحەدی مێژوو نووسی فیئودال لەو بارەیەوە دەنووسێ: مەولانا ئەمری و هێدنێک لە فەقیر و رەبەنی دیکە ڕێک کەوتن و هێندێک خەڵکی سەرشناسیش پاڵیان وێدان و شۆڕش و فیتنەیەکی گەورەیان لە فارس هەڵایساند کە چونکە داوای نان و ئاویان بۆ خاس و عام کرد، کەوتنە سەر زمانان و قسەو نووسراوەیان بووبە باسی کۆڕ و مەجلیسان، پەرەگرتنی ئەو شۆڕشەتا ڕادەیەک بوو کە شاعە باس و حاکمی فارس تووشی مەترسی بوون و بە لەشکری زۆرەوە ئەو شۆڕشەی پسیخانیەکانیان سەرکوت کرد. ئەبولقاسم ئەمری ڕێبەر و مێشکی خاوەن بیری شوڕشیان گرت و لەزیندانیان کرد. ناوە رۆکی دژی حکوومەتیی ئەو شوڕشە لە لایەکەوەو عەقایدی ئیلحادی و ئینسان خودایی ئەبولقاسمی ئەمری لەلایەکی دیکە وە بوە هۆی ئەوەی  پاسدارەکانی دین و دەوڵەت حوکمی قەتڵی ئەبولقاسم ئەمری یان داو بە تاوانی ئیلحاد و بێ دێنی مە حکوومیان بە مەرگ کرد و دوای وەرگرتنی فتوا، پیاوی ئازا و بیرمەندی پسیخانی یان لە زینداندا بە کێرد و قەلەم تراش ئەنجن ئەنجن کرد.
شۆڕشی گەورەی پسیخانی لە فارس و کارکردی لە سەر شارو ویلایەتەکانی دیکە، شاعە باسی وەخۆخست هە رچی زووتر ئایینی پسیخانی کە لە شار و لادێدا پەیرەوانی زۆری پەیدا کردبوو و ببوە هێزێکی گەورەی سیاسی و کولتووری سەرکوت بکا.
جەلالەدین مەحەمەد یەزدی لە باسی ڕووداوەکانی سالّی 1000ی کۆچیدا، باسی کوشتنی ڕێبەرانی پسیخانی و کوشتاری وەحشیانەی مولحیدەکان لە ئاوایی شەمسابادی میبود دەکا و بە حەجی ئەکبەری نێو دەبا. شاعە باس بێجگە لە جاسووس و خەبەر بێژی زۆری کە بوویەتی، بۆ خۆشی بە لیباسی سوفیانەوە سەری خانەقاکانی دەدا کە سەنگەر و ڕێکخراوی نهێنی پسیخانیان بوون بووەی لە چۆنیەتی تەبلیغات و ناوەڕۆکی تەعلیماتی پسیخانی ئاگاداربێت. یەک لە ڕێکخراوە نهێنیەکانی پسیخانیان خانەقایەک لە شاری قەزوین پێ تەختی حکوومەتی سەفەوی بوو کە چەند کەسێک لە خاوەن بیرانی پسیخانیان وەکوو خوسرەونامی، کووچک قەلەندەر و یوسف تەرکەش دووز لە لیباس و پەردەی سوفیگەریدا لەوێدا تێدەکۆشان. لە کتێبی عالەمارای عە باسیدا وادردەکەوێ کە شاعە باس سالّی 1002ی کۆچی لە لیباسی دەروێشیدا دەچێتە خانەقای دە روێش خوسرەو و لە لیباس و کەڵامی دەروێشیدا دەگەڵ ڕێبەرانی پسیخانیان گفتوگۆ دەکا. دەروێش خوسرەو پیاوێکی وریابوە و حاڵی بوە دەگەڵ کێ تووشی قسەوباس بوە بۆیە هیچ نادرکێنێ. ئە ما دووکەسەکەی دیکە (دەروێش قەلەندەر و یوسف تە رکەشدووز) بێ پەردە باس و خواسی ئیلحادی و دژی حکوومەتی خۆیان ئاشکرا دەکەن و بەو شێوەیە: (ئیلحادی ئەو جەماعەتە، بێ هەڵە تیشک دەخاتە سەر ئاوێنەی خاترەی شاعە باسەوە و پاک کردنەوەی ئەوانە، بۆ داکۆکی لە شەرعی نوورانی کەوتە ئەستۆی پادشای شەریعەت پەروەرەوە.)
مێژوونووسان لە بارەی دەروێش خوسرەوی پسیخانیەوە دەنووسن: خوسرەو خەڵکی محەﷲیەک لە کوشکی قەزوێن بوو و باب و باپیرانی کەرێزکەن بوون. ئەو شوغلی بنەماڵەیی تەرک کرد و لیباسی قەلەندەری دەبەر کرد و خۆی کرد بە دروێش. دوای ماوەیەکی زۆر گەڕان و سیاحەت و هەستان و دانیشتن دەگەڵ خەڵکی وڵاتان کەوتەعالقەی  فیکری پیاوێکی نوقتەوی تا وای لێهات هێدێک خەڵکی دیکە لە مەجلیسی خوشیدا کۆ دەبوونەوە و خەڵکێکی زۆر کەوتنە عالّقەی فیکری ئەوەوە. عولەمای زانا و بەرپرسانی لێهاتوو، ئەتواری دروێش خوسرەویان دژ بەرێ و ڕەسمی دەروێشی دە دیت و کردەوەکانیان دژ بە شەریعەت زانی. ماوەی دە ساڵ کارەکەی گرتی و ئاوری ئیلحادی بڵێسەی دەدا. خەڵکێک لە تورک و تاجیک و خاوەن پیشە، عالقە بە گوێی بوون و وردە وردە لە ئایینی ئیلحادی دا پلەوپایەی چوەسەرێ. ئەنبیای لەبەر چاو سووک بوو و بە هەوەس بازی دەزانین و کاری ئەولیاشی بە درۆ و دەلەسە دادەنا و عارفیشی هەروە درۆ دەخستەوە. دە روێش خوسرەو و باقی یاران و پەیرەوانی بە دەستووری شاعە باس گیران و بە شێوەیەکی فەجیع کوژران. دەڵێن ئە وانیان لە جیهازی وەشترەوە بەگەروو هەڵاوەسیبوون  و بە هەموو شاری قەزوێن دا گێڕایانن.
بە دوای گیران و قەتڵی خوسرەوی قەزوێنی و یارانیدا، فەرمان بۆ کاشان و ئیسفەهانیش ناردرا تا پسیخانیانی ئەو ناوچانە ش بگیرێن و دوای پرس و جۆی زۆر لە کاشان چەند کەسیان لێ دیتنەوە و گرتیانن کە لە نێو ئەواندا یەکێک لە ناسراوانی پسیخانی بە نێوی ئەحمەد کاشی دەبیندرا. ناوبراو عەقیدەی بە قەدیم بوونی عالەم هەبوو و خە لقەتی جیهان بە دەستی خودای بە ئەفسانە دەزانی.
ئەسکەندەر بیگ مونشی دەنووسێ: لە کتێبەکانی میر ئەحمەد کاشیدا ئاشکرا بوو کە ئەوانە عەلەم بە قەدیم دەزانن و ئەسڵە ن عەقیدەیان بە ڕۆژی حەشر و قیامەت نیە و دەڵێن موکافاتی چاک و خراپی کردەوە هەر لەسەر ئەو دنیایەیە و بەهەشت

و دۆزەخیش هەر ئەو دنیایەیە. کاتێک ئەحمەد کاشیان بردە لای شاعە باس، شا هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، بەڵکوو بترسێ و بەسەری پیری تۆبە بکا. ئە ما ناوبراو لە وەڵامی شاعە باسدا کوتی ئێمە لە کوژران ناترسین.
ئەسکەندەر مونشی لە بارەی چۆنیەتی قەتڵی ئەحمەد کاشیدا دەنووسێ:
پادشای سیفەت نیژادی پاک ئیعتقاد، شاعە باس لە نەسرابادی کاشان بە دەستی خۆی بە شمشێر کردیە دوو لەت.
هەر وەک نووسیمان، پسیخانیان، خاوەن ڕێکخراوێکی ڕێک و پێک و نهێنی بوون، مێژوونووسان دەنووسن دوای کوشتنی ئەحمەد کاشی، مەرام نامەی پەیرەوەکانی ئەویان وەدەست خست و بە هۆی ئەو نامەیەوە، ژمارەیەک لە پسیخانیانیان ناسی و گرتیانن کە بە دەستی شاعە باس یان جەلادەکانی کوژران، ژومارەیەکی دیکە لە پسیخانیان لە ئیستهباناتی فارس گیران و بە دەستووری شاعە باس کوژران، هەروەها سولەیمان ساوجی کە عالمی پزیشکی بوو، ماوە یەک هەر بەو تاوانە گیرا تا شاعە باس لەبەر دادگەری و شەریعەت پەروەری دەستووری قەتڵی دا و وەکوو باقی یارانی پسیخانیان نابوود کرا. نەکوتراو نەیهێڵینەوە کە دەگەڵ هەموو شێوەیەکی شکەنجە و جەزرەبە و قەتڵی فەجیع، شاعە باس ژومارەیەک جەللادی تایبەتی هەبوو کە (چیگیین) یان پیاوخوریان پێدەگوتن. کاری ئەوەانە ئەوە بوو کە خەباتگێرانی پسیخانی و باقی بیرمەندانی دژی مەزهەبیان بە زیندوویی دەخوارد. سە رکردەی ئەو دەستەیە نەفەرێک بوو بە نێوی مە لیک عەلی سولتان جارچی باشی.
لەتایبەتمەندیەکانی نێهزەتی پسیخانیان بەشداری و تێکۆشانی ژومارەیەکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی پێشکەوتوو بوو، ئەو شاعیر و رووناک بیرانە، وەکوو خەباتگێرانی کوولتوری عەقیدەی پێشکەوتوو و ئینسان خودایی پسیخانیانیان تەبلیغ دەکرد، شیعر و بەرهەمی ئەو بیرمەندانە لە زەمانێکدا کە خورافاتی مەزهەبی باشترین وەسیلەی زنجیر کردنی زە حمەتکێشان و ڕەنجبەران بوو، ، زەبەتێکی قورس بوو لە دامەزراوەکانی سیاسی، مەزهەبی کۆمەڵگا دەکەوت.
بەداخەوە شیعر یان بەرهەمی فکرو ئەندێشەی ئەو شاعیر و نووسەرانە بە دەستەوە نیە و ئەوەش بە هۆی سیاسەتی پاک کردنەوە و کتێب سووتاندنە کە لەو سەردەمە رەواجی هەبوو. نووسەرەکان لەو جێگایانەی ناعیلاجن یادێک لەو شاعیر و نووسەرانە بکەنەوە، تەنیا هێندێک شیعر و بەرهەمی دەست چین کراوی ئەوان ئاشکرا دەکەن. (سادقی کتێب دار) لە باسی توانایی نووسەری و خۆش بێژی نەسری گیلانیدا دەڵێ:
نەسری یەک جار بەد عەقیدە بوو و قسەی مولحیدانەی دەکرد و بەو هۆیەوە بە دەستی کوڕی سوڵتان شەرەفەدین کوژرا.
زۆر لە شاعیر و خاوەن بیرانی پسیخانی بە هۆی ڕاونان و شکەنجەی پاسدارەکانی دین و دەوڵەتەوە هە ڵوەدای شوێنە کانی هەندەران و بەتایبەت هیندوستان بوون.
لە مەئاسرەلئەمەرادا هاتووە، کاتێک شاعە باس زۆربەی ئەو پیاوخراپانەی سەربەنیست کرد، لە هەموو شارێکی هەر شکیان دەکەوتە سەر کەسێک دەگەڵ خاک یەکسانیان دەکرد. زۆریان وڵاتیان بەجێ هێشت و ژومارەیەکیشیان بە نهێنی و خۆ حەشاردان دەژیان. لەو شاعیر و خاوەن بیرانەی پسیخانی کە لە ئێران هەڵاتن دەتوانین ئەوانە نێو بەرین. مەحمەد شە ریف وقووعی نەیشابووری، عەلی ئەکبەرتە شبیهی، مەحەمەد سەفایی ئامولی، حەکیم عیبادەللا کاشانی، عەبدەلغەنی یە زدی، میرشەریف ئامولی. هەر لەو کتێبەدا هاتوە، میرشەریف ئامولی پیاوێکی ئازادیخواز بوو کە خاوەنی فکرێکی عیلمی بوو و ئینسانی بە خودا دەزانی.
عەبدولقادر بدائونی لە بارەی عەلی ئەکبەر تەشبیهی دا دەڵێ:
تەشبیهی چەندین جار هاتوچۆی ئیسفەهانی کردوە و ئیستا دیسان هاتوتەوە و خەڵک بەرەو ئیلحاد ڕادەکێشێ و بەرەو ئاییینی پسیخانی بانگەوازیان بۆ دەکا. ناوبراو دەڵێ: لەو ڕەسالەی تەشبیهی داویە بە من دەردەکەوێ مەحموود پسیخانی بە خودادەزانێ و بە جێگای ئەوە بە نێوخوداوە دەست پێ بکا، دەڵێ مەدەد لە خۆت بخوازە، چونکە غەیری خۆت هێزو خودایەکی تر وجوودی نیە. شیعرەکانی تەشبیهی ئاوێنەی توورەیی و نەفرەتێکە خەڵکی ئەو زەمانە لە شاعە باسیان بوە
گربەتاج و علم پادشاه می نازد
بگو چە فرق میان تو و میان خروس
وگربە دبد بە پر باد میکند خود را
چە بانگ تنبک طفلان چە غرنبش کوس
وگر بەسکەبود مفتخر چە فایدە نیز
از آنکەنام کسی را کنند نقش فلوس
تەشبیهی، ئینسانێکی شۆڕشگێر و شاعیرێکی ئازادیخواز بوو ئەو بە ئیمان بە ئینسان خودایی، پێی دادەگرت کە بۆ خۆی خودای خۆیەتی و سوجدە بردن و پەرستنی خودای ئەفسانە و مەزهەبی رەد دەکردوە.

بحرکرمم، منت جود که برم؟
محو عدمم، نام وجود که برم
گویند سجود پیش حق باید کرد
چون من همه حق شدم سجود کەبرم

*   *   *

سەرکوت کردن و کۆتایی هاتنی نێهزەتی پسیخانیان، بە مەعنای کۆتایی هاتنی ئەندێشەی ئیلحادی و ئینسان خودایی نەبوە بەڵکوو کووژاندنەوەی ئەو ئەستێرانەی شۆڕش و ئەندێشە بۆ خۆی زەمینە خۆشکەری هەڵاتنی ڕۆژێکی روون بوو. بە باوەڕ کردن بەو عەقیدەیە یە کە تەشبیهی مەرگ بە حامیلە بوونی تەوەلودێکی دیکە دەزانرێ و بە حەرەکەت و ئاڵووگۆڕی مێژوو ئیمان دەهێنرێ
مارا چو آفتاب مساوی است مر گ و زیست...
گر شام مردەایم، سحر زندە گشتەایم

**تەواو**